# دیوان

سەرنووسەر
سمکۆ عەبدولکەریم

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
مەسعودی مەلا هەمزە

سەرپەرشتیاری گشتی
بێکەس حەمە قادر

بەڕێوەبەری نووسین
محەمەد گۆران

ژمارە (١٦) ئەیلوولی ٢٠٢٢ زایینی - ڕەزبەری ٢٧٢٢ کوردی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## وەڵامی نووسین هەر نووسینە

جاران قسەکردن و نووسین و ڕادەربڕین لەسەر بابەتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەسەرووی ئازادی بیروڕاوە بوون، ئەوکات بواری نووسین هێندە بەرتەسک بوو، ڕەخنەگرتن لە بواری ئەدەبیش ئاسان نەبوو، هەن لەسەر نووسین، نەک هەر دووچاری هەڕەشە و گوڕەشە بوونەتەوە، بەڵکو زۆر نووسەر هەن سەریشیان لە ڕێی داناوە.

شوکور ئێستە، تا ئاستێکی باش تێگەیشتنەکان گۆڕاون، بەڵام بەومانایەش نا، دونیا شامی شەریف بێت.

لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە ژمارەی ڕابردووی گۆڤاری دیوان، دەربارەی (بەرەی نیشتمانی نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعس) ڕووبەڕووی گلەیی و گازەندەی چەند هاوڕێیەک بووینەوە، بەباشم زانی هەروا تێنەپەڕێ و دووقسانی لەبارەوە بکەین، وەکو وەڵامێک نا بۆ قسەکانیان، بەڵکو بۆ ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی هەندێک لایەن و شێوازی کارکردنمان و تێگەیشتنمان لەمەڕ هەندێک شت.

(دیوان) گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە، پێم وابێت، پێویست بە ڕوونکردنەوەی ناکات، هەموو بوارەکانی ژیان بە تێکڕایی دەگرێتەوە، ئەوەشی ئێمە بڵاومانکردووەتەوە، بەدەر نییە لە ڕۆشنبیریی گشتی.

بەڵام، ئەگەر پرسیارەکە ئەوەبێت بۆ ئەو بابەتەمان بڵاوکردووەتەوە، دەڵێم ئەو بابەتەشمان وەکو هەر بابەتێکی دیکەی شایان بە بڵاوکردنەوە، بڵاوکردووەتەوە، چونکە دەمێکە ئەو تێگەیشتنەمان لا گەڵاڵە بووە، کە ئێستە لە قۆناغێکی پێشکەوتووترین، بە بەراوورد بە ڕابردوو، تا ئاستێکی باشیش بەربەستەکانی بەردەم بڵاوکردنەوەی زۆر بابەت وەلانراون، کەم بابەتی پەیوەندیدار بە مێژووی ڕابردوومانەوە ماوە قسەیان لێوە نەکرابێت، یان لەسەریان نەنووسرابێت، بەڵام پێمان وابوو، ئەو بابەتە مێژووییە سیاسییە، کە وەکو توێژینەوەیەکی توانستی، بۆ بەدەستهێنانی ماستەر لە لایەن نووسەرەوە نووسرابوو، کەمترینی لەسەر نووسراوە، بەتایبەتی بە کوردی.

دەبێت ئەوەش بڵێم، هەندێک ڕووداو لە مێژووی ئێمەدا هەن، پێمان خۆش بێت، یان ناخۆش، ڕووداوگەلێکن، هەرگیز ناتوانین شانازییان پێوە بکەین، ڕاستە هۆکار و دەرنجام هەن، بەڵام داد نادات. ئێمە لەوگۆشەنیگایەوە لەو بابەتەمان ڕوانی، کە بۆمان نێردرابوو، نەک ئێمە بەدوایدا گەڕابین.

کاتێک وەکوو سەرنووسەر بابەتەکەم خوێندەوە، هەستم کرد زۆر شتی تێدا باسکراوە، ڕەنگە بۆ هاوڕێیان جێگەی دڵگرانی بێت، بەڵام کە بینیم نووسەر بۆ زانیارییەکانی جگە لە خودی کارەکتەرەکانی نێو حزبی شیوعی، پشتی بەهیچ سەرچاوە و زانیارییەکی دیکە نەبەستوە، جێگەی ڕەزامەندیم بوو. بۆیە باشترین جۆری نارەزایەتی، تەنیا وەڵامدانەوەیە بە نووسین، واتە بەدیلی نووسین، هەر نووسینە.

سەرنووسەر

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)

هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (دلـــدار)**

١. دلّدار و چەند وردە سەرنج و ڕوونکردنەوەیەک / سمکۆ عەبدولکەریم ........ ٤
٢. لە خادم ئەلسەجادەوە، تا مارشی ئەی ڕەقیب / د. کەمال غەمبار ........ ٧
٣. ئەی ڕەقیب، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟ / قادر وریا ........ ٢٠
٤. لەبارەی سروودی ئەی ڕەقیب-ەوە / ئەسعەد قەرەداغی ........ ٢٦
٥. بەشداری دلّدار لە پارت و کۆمەڵە سیاسییە کوردیەکاندا / پ.ی.د. قارەمان نادر محەمەد ........ ٢٩
٦. ڕوونکردنەویەک لە لیژنەی بالّای فەتوا دەربارەی سروودی (ئەی ڕەقیب) ........ ٤٤
٧. کۆمەڵێک زانای ئایینی وەڵامی لیژنەی بالّای فتوا دەدەنەوە ........ ٤٦
٨. دلّدار و خەندەکەی بایی / هۆمەری دزەیی ........ ٤٧
٩. عەبدولڕەحمان بێلاف: هەرچی کەلوپەلی دلّدار هەیە لەلایەن زەینەب خانی خوشکییەوە پارێزراوە ........ ٤٩
١٠. ئەمەل سەعدی خادم سەجادە : دلّدار کەسێک بووە، شانازی بە بنەماڵەکەیەوە کردووە ........ ٥١

*** مێژوویی:**

١. سەرهەڵدانی شیعری کوردیی گۆران / د. زرار صدیق ........ ٥٦

*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**

١. خوێندنەوەیێک بۆ دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین)ی کەژاڵ ئەحمەد / نالە حەسەن ........ ٥٢
٢. بونیادی زمان لە کۆشیعری .. (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن) / عەبدوللّا سلێمان(مەشخەڵ) ........ ٦٥

*** دەق: (چیرۆک - شیعر)**

١. سندووقی هاوسەرگیری / وەرگێڕانی: مستەفا ڕابەر ........ ٧٦
٢. ماتەم / موحسین تەها ........ ٧٩
٣. دەڕۆیت و پایـــز دێ / ئیبراهیم هەورامانی ........ ٨٠
٣. غەریبستان! / سەعدوڵلا نوری ........ ٨٢

*** ڕۆشنبیریی گشتی:**

١. بەراوردیی نێوان دیرۆکی شاماران و مێدوسا (بەشی یەکەم) / ن: مێهری ئەسەدی و شایستە مورادی ........ ٨٤

*** دیدار:**

١. دیداری سامالّ مانیی / دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم ........ ٩٢

*** هونەریی:**

١. بۆچی داهێنان لە هەولێر دەمرێت؟ / حەمەسوار عەزیز ........ ١٠٤
٢. با جەستەی هونەر لەهەولێر زامدارتر نەکەین / کەریمۆک غەفوور ........ ١٠٩
٣. قسەیەک دەربارەی شانۆی کوردی / نازم دڵبەند ........ ١١٢

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. لە بەهاری کورد منی پێشمەرگە گیانم دەبەخشم / نازەنین عوسمان ........ ١١٦
٢. چاوشینەکەی دەرسیم .. هەڵکۆڵینی حەقیقەت ... / مەسعوودی مەلا هەمزە ........ ١١٨

*** لەبری بیرەوەری:**

١. شەو لەکێوان (بەشی١٠) / د. ئەرسەلان بایز ........ ١٢٢

*** وێستگەی دیوان:**

١. (١) پرسیار (مەسعوود پەرێشان) ........ ١٣٠
٢. یەکەم بابەت (هێمن موکریانی) ........ ١٣٤
٣. گۆشەی دیوان (کتێبخانەکانی هەولێر لە ڕێی گۆڤاری گەلاوێژەوە) ........ ١٣٦
٤. حەیرانبێژ محەمەد پیرڕەشی / هاشم حاجی علی شەناغەیی ........ ١٣٧
٥. شاباڵەکەی بەخشندەیی ئاغا واحد بەگ هیرانی / کۆسرەت خۆشناو ........ ١٣٩
٦. سەبارەت بەنازناوی بەختیار / ڕەسوڵ بەختیار ........ ١٤٢
٧. سالۆنی لاپەرە (٩) ........ ١٤٣


*** لاپەرە ١٤٤:**

١- ماوە، یان نەماوە / محەمەد گۆران ........ ١٤٤



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# دۆسیە

# دڵـــــدار

## ١٩١٨ - ١٩٤٨

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان
نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناویە ڕابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

# دڵدار
# و چەند وردە سەرنج و ڕوونکردنەوەیەک



سمکۆ عەبدولکەریم

دوای چەند مانگێک لەخۆ ئامادەکردن، بۆ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی دۆسیەیێک لەسەر دڵداری شاعیری هەڵکەوتووی گەلەکەمان، سەرەنجام حازرابییەکە تەواو بوو.

لە ئەنجامدا چەند شتێک بۆ من بوونە جێی سەرنج و بە پێویستم زانی لەم نووسیندا تیشکیان بخەمەسەر.

دوای خوێندنەوەی فتواکەی لیژنەی باڵای فتوای کوردستان، کە لە ٢٠١٣/١١/١٩ ڕاگەیێنراوە و لەم دۆسیەیەشدا جارێکی دی بڵاومانکردووەتەوە، لەگەڵیشیدا ئەو وەڵامەمان بڵاوکردووەتەوە، کە بەناوی ژمارەیەک زانای ئایینی لەبەرانبەر ئەو فتوایەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش تەنیا بەمەبەستی بەدیکۆمێنت کردنیان.



دگەلاوێژ

گوڤاریکی ئەدەبی و ئەقافی مانگی کوردیە

ژمارە — ٩ سالی — ٤ ئەیلول ١٩٤٣

لاپەرەیك دبەرگی دوەمی (شعروادبیانی کوردی)

دلدار

(یونس رؤف)

بەقەلەمی مامۆستا رفیق حلمی

دلدار ناوی یونس رؤفە . لە ٢٠ ی شباط ی ١٩١٧ ی میلادی لە کوبی هاتوەتە دنیا . بەم اعتبارە بە عوص بچوکترینی هەمو ئەو شاعرانەیە کە تا ایستە باسمان کردوون . هیشتا یەك سالان بوە کە باوکی هیناویەتە هەولیر . لە دوای ئەوە چوونە رانیە و لەوی ئاصنفی ٢ ی ابتدائی خویندوە . بەینیکیش گەراوەتەوە کوبی و لەوی خویندنی ابتدائی ، دوای ئەوە لە هەولیر و کرکوك خویندنی متوسطە و ثانوی تەواو کردوە . ایستە لە صنفی دوەمی حقوق بەغدا

لاپەڕەیەک لە نووسینی ڕەفیق حلمی لەگۆڤاری گەلاوێژ

سەرەتا ئەمە وایکرد بگەڕێمەوە سەر هەردوو چاپی دیوانەکەی (دڵدار) ئەوەی ساڵی ١٩٦١ و ساڵی ١٩٧١-ی چاپی چاپخانەکەی (گیو موکریانی)

دیارە لەچاپی یەکەمی دیوانەکەدا شیعری (ئەی ڕەقیب)ی تێدا نییە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش مامۆستا گیو لە پەراوێزی لاپەڕە (١٥)دا نووسیویەتی: (داخەکەم ڕقابە ڕێگای چاپکردنی ئەو دوو هەڵبەستانەی نەدا: ١- ئەی ڕەقیب ٢- لێرە گەرچی ئەمرۆ) لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیشدا ئەوەمان لەگەڵ دکتۆرە کوردستان موکریانی باس کردەوە و هەمان شتی دووبارە کردەوە.

لە چاپی دووەمی دیوانەکەدا شیعری (ئەی ڕەقیب) بڵاوکراوەتەوە، دەکرێت بڵێین ئەو دەقەی لەو چاپەدا بڵاوکراوەتەوە یەکەم دەقی سروودەکەیە، کە بڵاوکرابێتەوە، بۆیە بە تاکە سەرچاوە دادەنرێت بۆی بگەڕێنەوە، بەڵام سەبارەت بە شیعری (لێرە گەرچی ئەمرۆ) هەم چاوم بە چاپی دووەمی دیوانەکەی دڵدار و هەم بە کتێبی (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد)گێرا، کەچی شیعرێکم بەو ناوونیشانە بەرچاو نەکەوت.

بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە و سەرنجدانی شیعری ئەی ڕەقیب، بەتایبەتی ئەو تێبینی و سەرنجەی لیژنەی فتوا ئاماژەی بۆ کردووە و ڕوونیکردووەتەوە، سەبارەت بە تێئاخنینی وشەی (هەر) لە دووەم نیوە دێڕی کۆپلەی سێیەمی شیعرەکە، دەرکەوت لە بنچینەدا وشەی (هەر) لە خودی شیعرەکەدا نییە:

***ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسروین***

***دینمان ئایینمانە نیشتمان***

***نەک: دینمان ئایینمانە (هەر) نیشتمان***

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەم بابەتی (هەر)ە زۆر ڕوونە و پێویست بەهیچ لێکدانەوە و مشتومڕێک ناکات، شتێکە کەسانێک هەر بە میزاج

**"وشەی (نیشتمان) لە دووەم نیوە دێڕی هەمان کۆپلە شیعری (ئەی ڕەقیب)دا دەستکاری کراوە. وشەکە لە ئەسڵدا (کوردستان)ە و کراوەتە نیشتمان"**


بۆ شیعرەکەیان زیاد کردووە.

دکتۆرە (کوردستان موکریانی)ش ئەوەی پشتڕاست کردەوە و ئاماژەشی بۆ بابەتێکی دیکە کرد، کە تا ئێستە باوەڕناکەم باس کرابێت.

ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆرجار (گیو موکریانی) باوکی باسی ئەوەی بۆ کردووە کە وشەی (نیشتمان) لە دووەم نیوە دێری هەمان کۆپلە شیعری (ئەی ڕەقیب)دا دەستکاری کراوە. وشەکە لە ئەسڵدا (کوردستان)ە و کراوەتە نیشتمان، بۆیە وەک چۆن لە چاپی یەکەمی دیوانەکەدا، ڕقابە ڕێگەی نەداوە شیعری ئەی ڕەقیب بڵاوبێتەوە، بەهەمان شێوە ڕێگەشی نەداوە وشەی (کوردستان) بڵاوبکرێتەوە، وەک کوردستان موکریانی گوتی: بە ناچاری تەنیا لە پێناو ئەوەی شیعرەکە بڵاوبکرێتەوە، باوکم بەمە ڕازی بوو. باسی ئەوەشی کرد (حەمەبۆر) کە دۆستێکی نزیکی باوکی بووە و ئیشوکارەکانی ڕقابەی بۆ ڕاهی دەکرد، ناوبراو کەسیکی جێی متمانەی ڕقابەکە بووە وەک لەو دەستنووسەشدا دەردەکەوێت، کە مەجیدی برای دڵدار لە مانگی ٨ ساڵی ١٩٦١ دەستنووسەکانی دڵداری خستووەتە بەردەستی گیو موکریانی، ئەمەش ئەو کاتەیە کە بارودۆخی سیاسی و پەیوەندی نێوان کورد و عێراق بەرەو خراپی دەچێت، واش پێدەچێت چاپکردنی دیوانەکەی دڵداریش کەوتبێتە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢.

لە وەڵامی ژمارەیەک لە زانایانی ئایینیش بۆ فتواکەی لیژنەی باڵای فتوا، کە وێڕای ئەوەی سەرلەبەری فتواکەیان ڕەتکردووەتەوە، ددان نانیشیان بە سروودی (ئەی ڕەقیب) بە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام داناوە و ئاماژەشیان بەنیوە دێرێکی دیکەی شیعرێکی دڵدار کردووە، بەمەبەستی زیاتر سەلماندنی بۆچوونەکانیان و بێ ئیمان نیشاندانی (دڵدار)ی شاعیر.


ئەم نیوە دێرەیان لە کۆتایی شیعری (کوردستان) بە نموونە هێناوەتەوە (قیبلەمی دینمی خوامی بێگومان) ئەگەرچی ئەم نیوە دێرە لەچاپی یەکەم و دووەمی دیوانی دڵداردا لە لاپەڕە(٣٥) دا وانووسراوە: (تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان) هەمان نیوە دێر لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەشدا بەم شێوەیە هاتووە (تۆ قیبلەگاهی منی بێ



گومان) ئەوان ئەو نیوەدێرەیان لەکتێبی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد) نووسینی عەبدولخالق عەلائەدین چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨٥ گواستووەتەوە، کە بەوشێوەیە نووسراوە، کە ئەوان بە نموونە هێناویانەتەوە.

بەڵام کە گەڕامەوە بۆ چاپی دووەمی کتێبەکەی عەبدولخالق عەلائەدین، کە ساڵی ٢٠١٩ چاپکراوەتەوە، ئەم نیوە دێرە شیعرەی جارێکی دیکە بەمشێوەیە داڕشتۆتەوە: (قیبلەمی ژینمی خواستمی بێگومان)

لە پەراوێزی ئەم شیعرەی (کوردستان)دا نووسراوە، کە لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی ژمارە و ساڵی بڵاوکردنەوەکەی دیاری کرابێت، بەڵام کاتێک گەڕامەوە سەر ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ کە دەزگای ژین چاپ و بڵاویان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بزانم لەوێندەرێ ئەم نیوەدێرە چۆن بڵاوکراوەتەوە، دەرکەوت ئەم شیعرەی (کوردستان) وەکو شیعر لەوێ بڵاونەبووەتەوە، بەڵکو ڕەفیق حیلمی لە دووتوێی بابەتێکیدا، کە لە ژمارە (٩)ی ساڵی چوارەمی ئەیلولی ١٩٤٣ی گۆڤاری گەلاوێژ


ئەی ڕەقیب


« لە کەرکوك داینا‌وە »

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نای ڕمێنی دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوی یە ڕابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئاینمانە هەر نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕدە شێر
بوون بە قوربانی و هەموویان ژێر ران
لاوی ئێستاش حاضر و ئامادەنە
گیانفیدانە، گیانفیدانە، گیانفیدان
لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەك دلێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان

١٧

**دەقی شیعری ئەی ڕەقیب لەدیوانی دڵدار چاپی دووەم، کە بەقەڵەم (هەر)ی بۆ زیادکراوە، نوسخەی کتێبخانەی گشتی هەولێر**

**"ئەو نووسینەی ڕەفیق حێلمی بە یەکەم نووسین و یەکەم ناساندن و ئاشکراکردنی دڵدار دادەنرێت، کە تا ئەودەم هیچ شیعرێکی بڵاونەکردبووەوە و وەکو شاعیر دەرنەکەوتبوو"**



لەسەر دڵداری نووسیوە شیعرەکەی بە نموونە هێناوەتەوە.

شیعرەکە لەوێ هیچ ناوونیشانێکی نییە، هەر لە دێری یەکەم بەمشێوەیە دەست پێدەکات:

***کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان***

***تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان***

لە کۆتای شیعرەکەدا ئەم دێرە دووبارە دەبێتەوە و نیوە دێری دووەم وای لێدێت:

***(تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان)***

لەو سۆراخەی کە کردم دەرکەوت، عەبدولخالق عەلائەدین لە هەردوو چاپی کتێبەکەیدا (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێری کورد) هەرجارێک بە جۆرێک ئەو نیوەدێرەی دارشتووەتەوە، ئەو هیچ پەراوێزێکی نەنووسیوە، دیاریش نییە بۆ وای کردووە و پشتی بەچی سەرچاوەیەک بەستووە؟ بۆیە دەکرێت دەقی شیعرەکەی ڕەفیق

**تا ئەوکاتەی ڕەفیق حیلمی ئەو بابەتەی لەسەر دڵدار نەنووسیبوو، ئەو هیچ بابەتێکی لە گۆڤاری گەلاوێژ بەناوی دڵدار بڵاونەکردبووەوە**

حیلمی کە ساڵی ١٩٤٣ لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوی کردووەتەوە، بە دەقی ئەسڵی وەربگرین.


ئەو نووسینەی ڕەفیق حیلمی بە یەکەم نووسین و یەکەم ناساندن و ئاشکراکردنی دڵدار دادەنرێت، کە تا ئەودەم هیچ شیعرێکی بڵاونەکردبووەوە و وەکو شاعیر دەرنەکەوتبوو. ئەو هێشتە خوێندکاری زانکۆ بووە، نزیکەی ساڵێک دوای ئەم نووسینە لە بەغداوە و بۆ یەکەم جار بەناوی دڵدار شیعری (خەندەکەی بایی) لە ژمارە (٥)ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٤ بڵاودەکاتەوە، کە تا ئەوکاتە، لەساڵی ١٩٤٢-وە ئەو تەنیا شەش گوتاری بە ناوی (یونس رؤف) لەو گۆڤارە بڵاوکردووەتەوە.

ئەم نووسینەی ڕەفیق حیلمی وادەکات کەسێک بەناوی (جیم) لە ژمارە (١)ی ساڵی پێنجەمی ١٩٤٤ی گۆڤاری گەلاوێژ وەڵامی بداتەوە و ڕەخنەی لێبگرێت، لەوەی کە گوتویەتی (جێگەی شک نییە، کە دڵدار شاعیری عصری و ناوداری دواڕۆژ ئەبێ) دواتریش ڕەمزی قەزاز وەڵامی ئەو (جیم) ناوە دەداتەوە، ئەویش جارێکی دیکە بەدەنگەوە دێت و تا دواجار (دڵدار)یش بەناوونیشانی (بۆ کاکە جیم) لە ژمارە (٨)ی ساڵی پێنجەمی ١٩٤٤ لەسەرخۆی بەجواب دێت.


تا ئەوکاتەی ڕەفیق حیلمی ئەو بابەتەی لەسەر دڵدار نەنووسیبوو، ئەو هیچ بابەتێکی لە گۆڤاری گەلاوێژ بەناوی دڵدار بڵاونەکردبووەوە، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی شیعری (خەندەکەی بایی) کە ئەویش دوای نووسینەکەی مامۆستا حیلمی بوو، ئیدی هەموو ئەو بابەتانەی لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاویان دەکاتەوە، نازناوی (دڵدار)یان بەسەرەوەیە، جا هۆکار چی بووە، کە تا ئەم کاتە نازناوی (دڵدار)ی بەکارنەهێناوە؟ دیار نییە، ئەگەرچی ڕەفیق حیلمی لە بابەتەکەی لەسەر دڵدار لە ساڵی ١٩٤٣ وای نووسیوە ( لاپەڕەیک لە بەرگی دووەمی «شعر و ادبیاتی کوردی» دلدار «یونس رؤف» بە قەڵەمی ماموستا رفیق حلمی)

خاڵێکی دیکە، کە جێگەی سەرنجە، ڕەفیق حیلمی بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ شیعری (ئەی ڕەقیب) نەکردووە و لەهیچ کام لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژیش، ئەم شیعرە بڵاونەبووەتەوە، لە کاتێکدا باسی ئەوە دەکرێت، کە ئەم شیعرە لەساڵی ١٩٤٠ نووسراوە، بۆیە یان ئەوەتا ئەم شیعرە لەم کاتەدا نەنووسراوە و زۆر درەنگتر نووسراوە، یان ئەوەتا هەتا ئەوکاتەی لە کۆماری کوردستان لە مهاباد وەکو مارش نەگوتراوە، هیچ سەدایەکی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر نووسینەکەی ڕەفیق حیلمی، لە برگەیەکی نووسینەکەیدا ئاماژەیەک هەیە، دەکرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کە دەڵێت: (ئێمە ناتوانین لێرەدا هەندێ شیعری دڵدار بنووسین کە زادەی بیرێکی زۆر قووڵ و زەکایەکی ئێجگار تیژن و بە لایشمانەوە ئەو شیعرانە وینەێکی ڕوون و ڕەوانی تەفکیری عصرییە. بەڵام زۆر جێی ئەسەفە، کە پێوەندی گرانی (تقالید) ئیمڕۆ مانعی بڵاوکردنەوەیانە)

بۆیە پێدەچێت شیعری (ئەی ڕەقیب) یەکێک بووبێت لەو شیعرانەی مامۆستا حیلمی ئاماژەی بۆ کردوون.



# له خادم ئەلسەجادەوە تا مارشی ئەی ڕەقیب



د. کەمال غەمبار

تەمەنم دەساڵان بوو کەڕۆژانە هاتووچوی گۆڕەپانەکەی لای مزگەوتی خادم ئەلسەجادەم دەکرد، تا تەمەنێکی هەڵکشاو ئاشنایەتیم لەگەڵ خەڵکە گەورە و بچووکەکەی پەیداکردبوو، کەمالی ڕەئووفە ئەفەندیش لەوێ بوو، مامۆستاکەشم خوالێخۆشبوو ئیسماعیل سابیر تەنانەت ماڵی براکەشی کەیفی، سمکۆ، ئاسەف، حەمیدەفەندی و مامۆستام قادرەفەندی و ژمارەیەکی دیش هەر لەوێ بوون، لەجەژنانیش گۆڕەپانەکە مورکێکی تایبەت بەخۆی وەردەگرت جۆلانە و لەیلوک هەڵدەخران، شتی هەمەجۆر، کە منداڵان حەزیان لێدەکرد، بەشێوەیەک هونەری ڕازاوە لەوێدا هەبوو، لەجەژنەدا منداڵانی هەموو گەڕەکەکانی کۆیە دەهاتنە گۆڕەپانەکە، لەوێدا لەناو کچەکاندا چاوم بە نەرمین و پەروین کەوت، کە خوشکی سمکۆ بوون، هەر لەو ناوچەیەدا شاعیری شۆڕشگێڕی کورد خاوەنی مارشی (ئەی ڕەقیب) یونس- دڵدار-م ناسی، کە لە کۆلێژی ماف دەرچووبوو، لە قسەکردندا زوبانی دەگیرا، ساڵی ١٩٤٨ کە ڕاپەڕینەکەی کانوون بەرپابوو، کۆیە بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورەی بە خۆوە دی، ئەوکاتی پاسی بۆدی تەختەدار هەبوو، لە خۆنیشاندانەکەدا دڵدار بە سەر پاسەکە کەوت، بەدەنگێکی بە جۆشوخرۆش گوتارێکی بێ وەستانی داو جەماوەرەکەی سەرسامکرد، ساڵان هاتن و ساڵان ڕۆیشتن، خادم سەجادە وەکو مزگەوت و وەکو بنەماڵە لەگوێم دەزرینگانەوە، لەو ماوەیەدا زۆر لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیم ئەزبەر کردبوو، کە شیعری داشۆرینی دەنووسی، زوبانێکی ئەوەندە تیژی هەبوو مرۆڤ خۆی لەبەر ڕانەدەگرت، ئەگەر بۆ گاڵتە و گەپیش با، جنێوی خۆی هەر دەدا، گوێی بەهیچ کەس نەدەدا، یەک لە کورتە شیعرەکانی ئەمەبوو:

***خادیمی سوججادەیی پێغەمبەری***
***کەشتی جوود و سەخارا لەنگەری***
***سینی شەکراو و پڵاو دوو لەنگەری***
***ئەوکەسەی خوانی لەبۆ دێ سوبح و شام***
***چیی لە ئێمە زیاترە غەیرز کەری!***

کە سەیری دوو دێری سەرەتا دەکەین، دەبینین پیاهەڵدانێکی پیاوانەیە، کە خاوەن بەرماڵەکەی پێغەمبەر دەستکراوە و بەخشندەیە لەبۆنەی خۆشیی دۆستان و ئازیزان چێشت بە لەنگەری دەنێرێت، کە داب و نەریتی کوردەواریی کۆنە و کۆتاییەکەی بەوشەی (کەری) دەهێنێت، خۆی دەخاتە ناکۆکییەکی تەواو، ئەگەر مرۆڤ عەقڵ و لۆژیک بەکاربێنێت، دەگاتە ئەو ئاستەی کە شێخ ڕەزا و برادەرەکەی هی ئەوەنین، بەوجۆرە خواردنیان لەسەر سینی بۆ بنێرن، وشەیەکی ناکۆک لەو شایستە خوانییە لەنرخ و بەهای ڕێزلێنانەکە کەم ناکاتەوە، وشەکەش لەجێی خۆیدا نییە، وشەیەکی دی هەیە، کە جێگەی شیاوی وشە دزێوەکەیە کە دەبووایە بڵێت:


***چیت لە ئێمە زیاتری غەیری ڕابەری***

**بەدواداچوون:**

بۆ زیاتر زانیاری کۆکردنە لەسەر بنەماڵەی خادم ئەلسەجادە، کەوتمە سۆراغ و گەڕان و پشکنین، ئەوەبوو گەڕامەوە سەر کتێبی شاری کەرکووک، کە پوختەیەک لە مێژووی مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان و گەورە پیاوانی ناوداری تێدایە و کردوومەتە کوردی و پێشەکیم بۆ نووسیوە و ساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە٢

لەبنەماڵەی خادمی سوجادە کەناویان دەرکردبوو:

محەمەد ڕەفیق خادم ئەلسەجادە ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوو، لە خولی یەکەمیدا کە لە ١٦ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٥دا دەستی بەکارەکانی



کرد و نوێنەری شاری کەرکووک بوو لەتەک هەریەک لە سەعید حوسێن و شێخ حەبیب تاڵەبانی، کە هەردووکیان کوردبوون، لەگەڵ نەشئەت ئیبراهیم کە تورکمان بوو٣

هەندێک تورکمان (ڕەفیقە فەندی) خادم ئەلسەجادە بە تورکمان لە قەڵەم دەدەن، ئەمە خۆی لەخۆیدا مێژوونووسی گەورەی عێراقی بە ڕەگەزجوو (میر بەسراوی) تووشی هەڵەی کرد، کە لە نووسینەکەیدا ڕەفیق خادم ئەلسەجادەی بە تورکمان لەقەڵەم داوە٤

محەمەد ڕەفیق کوڕی حاجی ئەمینتی خادم ئەلسەجادەیە، خۆی لەبنەماڵەیێکی دێرینی کەرکووکییە، لە کۆیەوە هاتووەتە کەرکووک و تەکیە و خانەقای خادم ئەلسەجادەیان دروستکردووە، کە بە تەکیەکی کۆنی شاری کەرکووک لە قەڵەم دەدرێت.

(محەمەد ڕەفیق یەکێک بوو لەزانایانی کەرکووک، ئەوان ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕێننەوە سەر ئابانی کوڕی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان، وەکو عەبدولمونعم ئەلغولامی لەکتێبی (الانتساب و الاسر) باسی دەکات٥

نیزامەددین ئۆغلۆ، کە نووسەرێکی تورکمانی کەرکووکە نووسیویەتی و دەڵێت: (محەمەد ڕەفیق ساڵی ١٨٦٩ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣٦ کۆچی دوایی کردووە، زانیارییە ئاینییەکانی لەسەر دەستی عەلی حیمەت قازی کەرکووک و زانایانی دی لە کەرکووک خوێندووە، لە سەردەمی عوسمانیدا وەکو ئەندامی یەدەگ لە دادگەی کەرکووک بەر لەهاتنی ئینگلیز دامەزراوە، ڕەفیق خادم ئەلسەجادە ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوو بەنوێنەرایەتیی شاری کەرکووک لەساڵی ١٩٢٥ەوە تا ساڵی ١٩٢٨، شیعری هەیە بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی٦

قەیس قەرەداغی لەبارەی ئەندامانی سەردەمی پاشایەتی نووسیویەتی و دەڵێت: (لەخولی دوانزەمینی پەرلەمانی عێراق کە کارەکانی لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دەستیان پێکرد ئەندامانی کەرکووک بەم شێوە بوون: داود بەگی جاف، ئەمین ئاغای هەمەوەند، شێخ عەبدولوەهاب تاڵەبانی، محەمەد حاجی نوعمان، عەلی ڕەفیق خادم السجاد کە کورد بوو، ناجی الهورمزی و

**“ (دڵدار) سوودی لە فەرموودەیەک وەرگرتووە کە دەڵێت: خوشەویستیی نیشتمان لە بڕواوەیە ”**


ئەحمەد الیعقوبی لە تورکمان ئەندامێکی دی هەبوو کە عەبدوڵڵا سلێمان بوو شتێک لەبارەیەوە نازانم) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لەبارەی شێخێکی ناودار لەبنەماڵەی خادم ئەلسەجادە نووسیویەتی و دەڵێت: (شێخ سەعدی کوڕی مەلا خدرە و ئەوان لەنەوەی عوسمانی کوڕی عەففانن وەچەکانی پیر میکایلی دودانن، شێخ سەعدی ساڵی ١١٥ی کۆچی لەشاری کۆیە لەدایک بووە بەرماڵی پیرۆز هی ئەوانە شێخ سەعدی زانیارییەکانی ئایینی لای زانایانی ناودار خوێندووە و چەندین کتێب و بەرهەمی بەنرخی بەردەوامی بەقەد مانەوەی نووسیوە، یەک لەوانە لەبارەی ئەو دۆزانەیە کە لە قورئانا هاتوون، کە زانایانی بەغدا سەپاندوویانە وەکو: محمد تەبەقچەلی و هی دی کە ددانیان پێدا نا، کە بلیمەتی زەمانی خۆی بوو، شێخ سەعدی ساڵی ١٢٦٠ کۆچی دوایی کردووە، کە تەمەنی دەقە پینرا بە ١١٠ ساڵ٧

هەرچەندە من هەرگیز لەگەڵ بۆچوونەکەی عەبدولکەریم مودەریس نیم، چونکە تائێستا هیچ کەس لەبنەماڵەی خادم ئەلسەجادە لەبچووکیانەوە تا گەورەیان بە زوبانیدا نەهاتووە بڵێت: من بەڕەچەڵەک دەگەڕێمەوە سەر فلان خەلیفە، یان فلان سەحابە، لە دواییدا مەسەلەی دەست شووشتنی مرۆڤ لە نەژاد و نەتەوەی خۆی شتێکی ئەوەندە سانا نییە واز لە قەوم و خوێشی خۆی بێنێ و بوێرانە پێ لە جەرگی خۆی بنێت و بڵێ من کورد نیم و عەرەبم، لە دواییدا ئێمە دەبێت بە وردی لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە و جیاوازی بکەین لەنێوان لایەنگری و بە توخم بوون، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە، نێوان شێخ سەعدی و خەلیفە عوسمان سەدان ساڵە و هەتا دوای خەلیفەکانی ڕاشدینیش لە (گاوان) زیاتر کەیەکێک بوو لە برادەرانی پێغەمبەر(د) کەسی دی ناوی نییە، خاڵێکی دی ئاشکرایە بەدەگمەن هەڵدەکەوێت عەرەبێک شیعر بە کوردی دابنێت، لە سەردەمی زۆر کونی ئیسلامی، نەتەوە گۆڕین هەبووە، بۆ نموونە ئیبن ئەسیری جەزراوی، کە مێژوونووسێکی ناوداری سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبی بوو کورد بوو، بەڵام لایەنگیری نورەدین زەنگی تورک بوو، دژی سەلاحەدین، لەوەش خراپتر، خۆی دابووە پاڵ عەشیرەتی شەیبانی دەینووسی: (ابن الاثیر الجزری الشیبانی)

هەروەها کوڕەکەی سەلاحەدین، کە والی بوو جلی تورکی لەبەر کردبوو، سەلاحەدین بەتوندی سەرکۆنەی کرد و پێیگوت: شەرم ناکەی مامت کە ناوی شێرکۆ بوو چی پێدەڵێن، هەروەها کوڕەکەی مەشتووب هەکاری، کە لە یەمەندا والی بوو، ئەویش جلی تورکی لەبەرکردبوو، ئەوە لەکاتێکدا مەشتووب هەکاری گەورەترین سەرکردەی سوپای سەلاحەدین بوو، ئەویش سەرکۆنەی کوڕەکەی کرد بوو، پێیگوتبوو: شەرم ناکەی تۆ کوڕی کێت پێدەڵێن، ئەم حاڵەتە تووشی خۆم هات، چەند ساڵێک لەمەوبەر لە کەناڵی Dtv لەگەڵ برادەریکدا مێزگردێکمان هەبوو لەپڕ یەکێک لە ئەڵمانیاوە تەلەفۆنی کرد و بێ شەرمانە گوتی: ئێمە شانازی بەناوی منداڵەکانمان دەکەین کە بە عەرەبین، یەکسەر بەرپەرچم دایەوەو پێمگوت: من هەرگیز شانازی ناکەم منداڵەکانم ناویان عەرەبی بێت، من پێش ئەوەی موسڵمان بم کوردم و زمانم بەکوردی پژاوە.

**مەلا ڕەئووف کوڕی مەلا مەحموود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادیم ئەلسەجادە**

مەلا ڕەئووف ساڵی ١٨٧٠ لە کۆیە لە گەڕەکی بەفری قەندی لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٣دا لە هەولێر بە سەردان دەچێتە ماڵی زەینەب خانی کچی، واتە ماڵی سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغای زاوای لە قەڵاتی هەولێر، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بەدڵ وەستان وەفات دەکات، بۆ ڕۆژی دوایی تەرمەکەی دەبەنەوە کۆیە و لە گۆڕستانی خۆیان (گۆڕستانی عەرەبیان) دەینێژن.




ڕەمزی سەعید ئاغای سەید ئەحمەدی خوشکەزای لەباوەشی دڵداری خاڵیدا، کە ئێستا ئەرشیفی خۆی و خانەوادەکەی لای ئەو پارێزراوە


لەلای مەحموودەفەندی باوکی موفتی گەورەی کۆیە زانستەکانی ئایینی و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێت، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەسلێمانی و بەغدا تەواوکردووە، دواتر لە ئەستەمبوڵ کۆلێژی ماف تەواو دەکات.

مەلا ڕەئووف کوڕی مەلا مەحموودەفەندی کوڕی زانا شێخ سەعدی کوڕی زانا و عارفی گەورە و زاهدی ناسراو، کە نازناوی دەروێش بووە، ناوی بە دەروێش خدر دەرکردووە، ئەویش کوڕی زانای گەورە ئاسەفە، ئاسەف برا گەورەی شاوەیسە و شاوەیسیش باوکی مەلا ئەحمەدە و مەلا ئەحمەدیش باوکی مەلا خدری نالی شاعیری گەورەی کوردە. هەروەها حەزرەتی نالی هەم لەلای مەلا سەعدی خاوەن سجادەی بن ئامۆزای خوێندوویەتی، هەم زەینەب خانی کچی زانا سەعدی خادم ئەلسەجادەی هێناوە، هەروەها باپیری مەلا سەعدی باپیرەی مەلا ڕەئووف لەگەڵ مەولانا خالیدی نەقشبەندی بن ئامۆزای یەکدین، خورشیدەفەندی باوکی (زەهـوە)ی هاوسەری مەلا ڕەئووف خادم ئەلسەجادەیە، ئامۆزای یەکەم شاعیری بەرگری ناودار حاجی قادری کۆیین، لەلایەکی دیکەشەوە باوکی مەلافەندی هەولێری خاڵی ڕەئووف خادم ئەلسەجادەیە و خزمایەتیی ژنیشیان لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەیە، واتە کچی شێخ عەلی گەورەی تاڵەبانی، برا گەورەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لەلای حاجی ئەمینی ئامۆزای مەلا ڕەئووف بووە.

(لەکۆیە و کوردستان مەلا ڕەئووف یەکەم منداڵە موسڵمان بووە، کەباوکی لە لای (مالم) یەهوودا تەوراتی پێخوێندووە و لەسەر دەستی ئەو (مالم)ە فێری زمانی عیبری بووە، وەک دەڵێن زۆرترین گلەیی و گازندەی ئەو سەردەمەیان هاتۆتەسەر و ناو و ناتۆرەی خراپیان بۆ هەڵبەستووە، لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا قورئانی ئەزبەر کردووە و



**“ لە خۆنیشاندانەکەدا دڵدار بە سەر پاسەکە کەوت، بەدەنگێکی بە جۆشوخرۆش گوتارێکی بێ وەستانی داو جەماوەرەکەی سەرسامکرد ”**



قەشەیەکی تایبەتی بە ناوی (قەشە یۆحەننا) بۆ گیراوە، کە لە دیوی ئێرانەوە هاتبووە کۆیە و ماوەیەک لەکۆیە مابۆوە و دواتر ڕووی کردۆتە بەغدا و تـەواوی ئینجیلی لەسەر دەستی ئەم قەشەیە خوێندووە)


لە تەمەنی دوا دواییشیدا زۆرجار ئەم پرسیارە ئاراستەی مەلا ڕەئووف کراوە بۆچی تەورات و ئینجیلت خوێندووە؟

لێی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی «هەموو زانستێک بۆ ئینسان پێویستە، واتە یەک شت کۆماندەکاتەوە، هەمووەمان لە ئادەمین، ئادەمیش لە خۆڵە، کەسیش ناتوانێت نکۆڵی مرۆڤبوونی هیچ لایەکمان بکات.

(زۆر جاریش، خەڵکانێک ویستوویانە غەدر لە جوولەکە و مەسیحی بکەن، یان لە کار و مامەڵە پارەیان لێخواردوون، مەلا ڕەئووف داکۆکیکاری سەر سەختیان بووە و مافیانی وەرگرتوونەتەوە و پشتگیری کردوون)

هیچ کات دیوەخانی مەلا ڕەئووفەفەندی، یاخود ژووری دانیشتنی مزگەوتەکەیان، بێ میوانداری و تێکەڵاویی کەسایەتیی ئەدەبی و زانای ئیسلام و جوولەکە و مەسیحی نەبووە، بەردەوام حاخام

“ باوکی مەلافەندی هەولێری خاڵی ڕەئووف خادم ئەلسەجادەیە و خزمایەتیی ژنیشیان لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەیە ”



دڵداری شاعیر

و مالم و قەشە بوونیان هەبووە لەلای.

مەلا ڕوئووف تاکە کەس بووە لەبۆنەکانی ژن مارەکردنی جوولەکە و کریستانەکان ئامادە دەبوو و بانگ دەکرا، دەگێڕنەوە لە داوەتی نانخواردنی ماڵە جوولەکە و کریستانەکاندا، هەر لە ماڵەکانی ئەواندا لەکاتی نوێژدا نوێژی خۆی کردووە.

لە هەولێر و کۆیە، گەورەترین کتێبخانە لە ماڵ و مزگەوتەکانی بنەماڵەی خادم ئەلسەجادە هەبووە و خەڵکی خوێندەوار و زانا و ئەدیب لەو ناوچەیە و شوێنی دیکەش سوودیان لێبینیوە، زۆرترین و کۆنترین کتێب و دەستنووسی شاعیران کورد و نووسەرانی ئیسلامی تێیدا بووە. جگە لەکتێب و دەستنووسەکانی سەردەمی باوک و باپیر و باپیرە گەورەکانی، مەلا ڕەئووف خۆشی زۆرترین پارەی بۆکتێب کڕین تەرخان کردووە و بە پۆستە لە لوبنان و سووریا و میسر و هیندستان و بەغدا و تاران، بۆی دەهاتە قەسری مەلا فەندی خاڵۆزای و دواتر بۆی دەهاتە کۆیە.

شاعیر و نووسەر و زمانزان و ڕووناکبیرێکی زۆر بە توانای سەردەمەکەی خۆی بووە و ئاوارەیی و دەربەدەریی زۆری دیوە و چەندین جار، لە ئەستەمبوڵ و ئێران و عێراقدا گیراوە و بەندکراوە، لەژیاند (لوبنان و ئەستانبۆڵ و یۆنان و میسر و فەڵەستین و یەکییەتی سۆڤییەت و فەڕەنسا و ئێران و حیجازی) دیوە.

**کەسایەتی و پەیوەندییەکانی:**

پەیوەندی و دۆستایەتی و نزیکی لەگەڵ چەندین بنەماڵە و کەسایەتی هەبووە وەک (ئەمین عالی بەدرخان، شێخ عەبدوسەلامی بارزانی شەهید، سەعید نەورەسی، پیرەمێرد، شێخ مەحموودی حەفید، قەدری جەمیل پاشا، پێشەوا قازی محەمەد، عەلی ئاغا زولفۆ، شاهێن بەگ، محەمەدەمین زەکی بەگ، ئەحمەد حەمدی بەگی صاحێبقران، عادلەخانی وەسمان پاشای جاف و عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف و ئەحمەد موختار جاف و تاهیر بەگی برای و حەریق و وەفایی و میر جەلالەت بەدرخان و قەدری جەمیل پاشا و جەمیل ئاغای حەویزی و مەلا فەندی هەولێری و مەلا گەورەی کۆیە و محەمە مفتیی هەولێری حەبیب عەبدوڵڵا کۆیی و تۆفیق وەهبی و سەعید عەلی بەگی میری ئێزدیان و

ئیحسان نووری پاشا، محەمەد عەلی عەونی، جەمیل سائیب، جەلال سائیب، مستەفا سائیب، مەلا محەمەدی قزلچی، شەریف پاشای خەندان، عبدالرزاق بەدرخان، جەمیل سدقی الزهاوی، ساڵح زەکی بەگ، عبدالخاق ئەسیری، بێخود.

هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەم شاعیر و ڕووناکبیرە تورکانە هەبووە لەو سەردەمەی لە ئەستەمبوڵ بووە:

(خەلیل خەیاڵی، محمەد نامیق کەمال ١٨٤٠-١٨٨٨ شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و مێژوونووس، عەبدولحەق حامید ترخان ١٨٥١-١٩٣٧شاعیر و نووسەری تورک، ئەحمەد هاشم کوڕی محەمەد عارف حیکمەت ئالووسی ١٨٨٤ لەبەغدا لەدایکبووە و ١٩٣٣ لە ئاستەنبۆڵ کۆچی کردووە، لە ئەستانبۆل مەلا ڕئووف زمانی فەرەنسی فێربووە، ئەبو ئەلزیا و تۆفیق ١٨٤٨-١٩١٣ نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە ئەستانبۆڵ، محەمەد ئالووسی، کەزمانی فەرەنسی لێ فێربووە، ئەبو زیاد تۆفیق) و چەند کەسایەتی دیکە.



مۆری مەلا ڕەئووف خاتم سەجادە باوکی دڵدار

### هاوسەرگیریی ڕەئووفە فەندی

هاوسەرگیری لەگەڵ زەهوە خانی کچی خورشیدە فەندی کردووە، خورشیدە فەندی ئامۆزای باوک و برای حاجی قادری شاعیرە و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا قایمقامی کۆیە بووە، یەکەم جار لەسەردەمی عوسمانییەکاندا کە قوتابخانە لەکۆیە کرایەوە خورشیدە فەندی خانووەکەی خۆی بەخشی وماڵەکەی بۆ قوتابیانی کۆیە بووە قوتابخانە، هەروەها مەحموودە فەندی موفتی گەورەی کۆیە باوکی مەلا ڕئووفە فەندی لەگەڵ حاجی قادریی شاعیری ناودار‌دا پوورزان و دایکیان خوشکە.

بەرهەمی هاوسەرگیری مەلا ڕەئووف و زاهرە خان ئەم منداڵانەی لێکەوتۆتەوە: (زەینەب خان، عەونی، سەعدی، ئاسەف، حەمید، جەواد، یونس دڵدار، فاتیمە، مەجید).


### ڕۆڵی زەهوە خان

زەهوەخان ژنێکی خوێندەوار و قورئان خوێن بووە و عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە، لەکۆتایی ژیانیدا بەردەوام خەریکی قورئان خوێندن و زیکر و تەقوا و ئامۆژگاری کردن بووە، بەردەوام شەونوێژی کردووە و هەموو دووشەمموانیش بەڕۆژوو بووە، جاران لەکاتی پرسە و فاتیحە خوێنەکانی کۆیە لەسەردەمی زوو بەردەوام لە ماڵەکاندا وەعز و حەدیسی دەدا و ئامۆگاری خەڵکی دەکرد و دڵنەوایی دەدانەوە، ژنێکی زۆر لەسەرەخۆ و میهرەبان بووە، لە قسەکردنیشیدا هەرگیز دەنگی بەرز نەکردووەتەوە، کەسیش نەیدیوە بەقاقا پێبکەنێت، پێکەنینی هەر زەردەخەنە بووە.


### مەلا ڕەئووف و خۆیبوون

مەلا ڕەئووفە فەندی ساڵی ١٩٢٢ وەک ئەندامێک بەشداریکردووە لە دامەزراندن و کۆبوونەوەی (خۆیبوون) لەمنداڵەکانی زەینەب خان و سەعدی و ئاسەف و سەعید ئاغای زاواشی لەگەڵدا بووە لە کۆبوونەوەکەدا ئەم بەڕێزانەش ئامادەبوون کە کەسایەتیی گرنگ و بەناوبانگی کوردن وەکو (حاجۆ ئاغا هەڤێرکی و قەدری بەگ جەمیل پاشا و جەلادەت بەدرخان و عومەرئاغا ی شەمدین و دکتۆر خدر و دکتۆر نافز زازای برای نوورەدین زازا و عەلی ئاغای زولفۆ و ئوسمان سەبری و سەلاح زولفۆ و چەندین کەسایەتیی دی لەماڵی عەمەر ئاغی شەمدین لە شام.

مەلا ڕەئووف جگە لە زمانی کوردی (دایک) زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی، عیبری، فەرەنسی، ئینگلیزی، یۆنانی زانیوە.



"لەگەڵ بۆچوونەکەی عەبدولکەریم مودەریس نیم، چونکە تائێستە هیچ کەس لەبنەماڵەی خادم ئەلسەجادە لە بچووکیانەوە تا گەورەیان بە زوبانیدا نەهاتووە بڵێت: من بەرەچەلەک دەگەڕێمەوە سەر فلان خەلیفە"




**خوێندنی مەلا ڕەئووف:**

مەحمووده فەندی باوکی مەلا ڕەئووف موفتی گـەورەی كۆیە بـووە و سـەرەتا خـۆی زانستە ئاییننییەكان بە مەلا ڕەئووفی كوڕی دەڵێت و دواتر لەڕێی مامۆستای تایبەت كە مامۆستایەكیان خەڵكی سنەی كوردستانی ڕۆژهەلات بووە، بەناوی مەلا محەمەد كە لە بنەماڵەی ئەردەلانییەكان بووە، فێری زمان و ئەدەبی فارسی دەبێت كە جگە لەوە هەر لەسەر دەستی مەلا مەحمووده فەندی باوكی فێری زمانی عەرەبی و توركی دەبێت و دواتر باوكی دەینێرێتە ئاستەنبوڵ بۆ خوێندن، ماوەیەكی زۆر لە ئاستەنبوڵ دەمێنێتەوە تا كۆلێژی ماف تەواو دەكات.

لە ماوەی ژیانیدا سێ جار دەچێتە ئاستەنبوڵ.

مـاوەی دووسـاڵ لە مزگەوتی سوڵتان سەلیم زمان و ئەدەبی فارسی گوتووەتەوە، بەتایبەت شەرحی حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی بۆ قوتابییەكان كـردووە، دەستێكی بـاڵای لە حافزناسی و سەعدی هەبووە.



**ڕەمزی سەعید ئاغا خوشکەزای دڵدار ساڵی ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە**

**پەیوەندی بە بنەماڵەی حاجی قادری كۆییەوە:**

مەلا ڕەئووف لە دوولاوە خزمایەتی لەگەڵ حاجی قـادری كۆییدا هەیە، خزمایەتییەكان لەڕێگەی نەنكی، واتە دایكی مەلا مەحمووده فەندی، كە خوشكی دایكی (حاجی قادر)ە واتە حاجی قادر پـوورزای بـاوكی بـوو، لـەلایـەكی دیكـەشـەوە، زەهوە خانی كچی خورشیده فەندی هاوسەری مەلا ڕئووف بوو، خورشیده فەندی كوڕی مامی حاجی قادر بووە و باوكیان برابوون.

**بەرهەم و چاپكراوەكانی:**

نووسین و كتێب و دانـراو و شیعری زۆری هەنە و هەموویان لەكتێبخانەی كۆشكی باداوەی ماڵی مەلا فەندی، كە كوڕی خاڵی مەلا ڕەئووف بوو، لەوێدا پارێزراوبوون و لەكاتی تاڵانكردن و سـووتـانـدنی كۆشكی بـاداوە هەندێكیان لە دوای هـەوڵ و تەقەلای زۆری خوالێخۆشبوو قازی ڕەشادەفەندی وەرگیرانەوە و كۆكرانەوە، زۆریشیان لەگەڵ گرنكترین كتێب و ڕاسپێری زۆر گرنگی ماڵی مەلافەندی لە ناوچوون و شوێن بزر بوون، لەناویاندا:

دیوانی شیعری مەلا ڕەئووف خادم ئەلسەجادە بەهەر چوار زمانی كـوردی، عـەرەبی، توركی فـارسـی، ئێستە خـەریكە ئـەم دیـوانـە شیعرە كلاسیكی نوێیە، بە درەنگ وەختەوە، دوای سێ چارەگە سەدە لەگەڵ هەندێك زانیاری و نووسینی زانـای گـەورەی هەولیر قـازی ڕەشـادەفـەنـدی لەسەر دیوانەكە و ژیان و مێژووی بنەماڵەی خادم ئەلسەجادە و مەلا ڕەئووف چاپ دەكرێت.

جگە لـەو شیعرانـەی مـەلا ڕەئــووف خـادم ئەلسەجادە ئەم كتێبانەشی نووسیووە:

١- شەرحی مەسنەوی و جەلالەدینی ڕۆمی.

٢- وەرگێڕانی هەندێك لە غەزەلەكانی شێخی سەعدی شیرازی.

٣- تەفسیری مـوبـارەك خـادم ئەلسەجادە بۆ قورئان.

٤- ژیننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی كوردی.

٥- سیاحەتنامەكەم.

٦- عیلمی مەنتق بە زمانی كوردی.

٧- مەدخەلی عیلمی كەلام.

٨- ورگێڕانی هەندێك لەشیعرەكانی نامق لە

**"مەلا ڕەئووف یەكەم منداڵە موسلمان بووە، كەباوكی لە لای (مالم) یەهوودا تەوراتی پێخوێندووە و لەسەر دەستی ئەو (مالم)ە فێری زمانی عیبری بووە"**

تورکییەوە بۆ کوردی.

٩- شیرین و فەرهاد نیزامی گەنەوی، لەفارسییەوە کراوەتە کوردی.

١٠- شێخی سەنعان لە فارسییەوە کراوەتە کوردی ١٩٣٢.

١١- لەیل و مەجنوون بە زمانی سەهل/ مەلا ڕەئووف خادم ئەلسەجادە.

١٢- المسائل المختلف فيها بين المادى والمثالى/ ڕووف خادم ئەلسەجادە.

**منداڵەکانی:**

١- زەینەب خان کە منداڵی نۆبەرەی بووە و لە ١٩٠٠/٣/٢١ لە کۆیە لە دایکبووە و لەساڵی ١٩٠٦ لە بەغدا لە ماڵی عەبدوڵلای خورشیدە فەندی لە قوتابخانەی (ڕەشیدییە) لە سەردەمی نامق پاشا چۆتە بەرخوێندن و تا شەشی سەرەتایی لەبەغدا تەواو کردووە، لەکۆیە دووبارە لەسەر دەستی باوکیدا زانستەکانی ئیسلامی و ئەدەبیات و زمانی عەرەبی و فارسی تورکی خوێندووە، دواتر دەستیکردووە بە نووسینی شیعر و کۆکردنەوەی فۆلکلۆی کوردی و بەردەوام بووە لە خوێندن و خوێندنەوەوەو تاکە ئافرەتیش بووە، لەدیوەخانی خۆیان لە مەجلسی پیاوان دانیشتتوە و وتووێژی هەمەجۆرەی کردووە، دواتر لەماڵی خۆیان کچانی کۆیەی ئەم سەردەمەی فێری خوێندەواری و زانستی ئایینی و ڕۆشنبیریی کردووە، دەستیشی ڕەنگین بووە لە دروستکردنی شیرنەمەنی و خواردن و ڕستن و چنین و وێنە دروستکردن، تفەنگچی و ئەسپ سوارێکی کەم وێنە بووە، لەسەر دەستی باوکی بۆتە یەکەمین ئافرەتی شەترەنج زان و هەموو جار شەترەنجی لە باوکی و ئاسەفی برای بچووکی بردووەتەوە.

٢- سەعدی لە گەرەکی بەفری قەندی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووەو دواتر کۆلێژی مافی تەواوکردووە و بۆتە ئەندامی خۆیبوون و دۆستی نزیکی شێخ مەحموودی حەفید بووە.

٣- عەونی، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە کۆچی کردووە.

٤- ئاسەف لەساڵی ١٩٠٨ لەگەڕەکی بەفری قەندی لەکۆیە لە دایکبووە جگە لە خویندنی سەرەتایی و ئامادەیی، دوو کۆلێژی تەواو کردووە، کۆلێژی ئەندازیاری و دواتر کۆلیژی ماف، هەر لە منالییەوە خولیای خوێندنەوە و وێنەکێشان بووە.

٥- حەمید لەساڵی ١٩١٤ لەگەڕەکی بەفری قەندی لەکۆیە لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە کۆیە و هەولێر تەواو کردووە، دواتر بۆ بەغدا گەڕاوەتەوە و پەیمانگەی پزیشکی و دواتر کۆلێژی مافی تەواو کردووە، لەدامەزراندنی ڕێکخراوی دارکەر و حزبی هیوادا بەشداری کردووە، کەسێکی ڕۆشەنبیر و هوشیار و کورد پەروەر بووە، لە کۆماری مەهاباد بەشداری کردووە، دواتر بۆ بەغدا گەڕاوەتەوە و، لەلایەن ڕژێمی پاشایەتیی ئەوکاتە دەسگیرکراوە و ڕەوانەی بەندیخانەی بەسرە کراوە.

٦- جەواد: لەساڵی ١٩١٥ لەگەرەکی بەفری قەندی لەکۆیە لە دایکبووە و قوتابی بووە و لە ساڵی ١٩٢٦دا نەخۆش دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، هەر لەکۆیەش لەگۆڕستانی عەرەبیان لەگۆڕستانی خادم ئەلسەجادەدا بەخاک دەسپێردرێت.


٧- یونس ڕەئووف ناسراو بە (دڵدار)

١٩١٨-١٩٤٨


ئەگەر هەر ڕێسایێک هەڵاوێردراوێکی هەبێت، دەتوانین (دڵدار) لەناو زۆربەی شاعیرانی کورد، بە شاعیرێکی دەگمەن و هەڵاوێردراو لە قەڵەم بدەین.

دڵدار لە سایەی سرووودی ئەی ڕەقیبەوە، بووە ناودارترین و ناسراوترین شاعیر، کە ئەمڕۆ ناوی لە هەموو کوردستانی گەورەدا دەرکردووە و لە هەموو شاعیرانی کوردا ناسراوترە، بە دەگمەن دەبینیت، کەسێک نەتەوەخوازبێت و ئەی ڕەقیبی بە شیعر و ئاوازەوە ئەزبەر نەبێت، تەنانەت زارۆکەکانی قوتابیانی سەرەتاییش فیری بوونە، ئەم سرووودە بووەتە مارشێکی نەتەوەیی کورد، کە لە هەموو بۆنەیەکی تایبەتی بە گوتن، یان مۆسیقایەکی گەرموگوڕ و پڕ جۆش و خرۆش پێشکەش دەکرێت، ئەوە لەکاتێکا ئەم شیعرە لە سەردەمی خوێندنی دوای ناوەندی دانراوە، کە دڵدار خوێندکاری قۆناغی دواناوەندی بووە لە کەرکووک.

ئەی ڕەقیب ئەو شیعرەیە کە بەوشەی کوردی



> ❝ زۆر جاریش، خەڵکانێک ویستوویانە غەدر لە جوولەکە و مەسیحی بکەن، یان لە کار و مامەڵە پارەیان لێخواردوون، مەلا ڕەئووف داکۆکیکاری سەر سەختیان بووە ❞



**“ هەر شاعیرێک، کە بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە، ئەگەر کەسێکی شارەزای شیعر، یان ڕەخنەگرێکی لێهاتوو، ئاور لە شیعرەکانی نەداتەوە و شاعیرییەتەکەی هەڵنەسەنگێنێت، ناو دەرناکات و ناناسرێت ”**

پاراو و سادە هەڵچنراوە و گەرموگوڕی و دینامیکییەت لەخۆدەگرێت، کە بەئاوازە بە جۆش و خرۆشەکەشی دەگوترێت دەبێتە مارشێکی نەتەوەیی، خوێنی مەیو لە شادەمارەکانی مرۆڤی کوردپەروەر دەگەڕێنی و گڕی وزەی کوردایەتییەکەی دڵ و دەروونی زیاتر بە جۆش دینێت.

(دڵدار) شاعیری ڕەسەنایەتیی و زمان و شیعر و هزری نەتەوەیی دەڵێ:

***ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان***
***نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان***
***ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین***
***سەیریکە خوێناویە ڕابوردومان***
***ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەی خەسرەوین***
***دینمان ئاینمانە نیشتمان***
***کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە***
***زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان***
***چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشێر***
***بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران***
***لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە***
***جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان***
***لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر***
***سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان***

ئەم شیعرە هەر لە سەرەتادا گیانی ڕووبەڕووبونەوە و بە گژداهاتن لەخۆ دەگری، بەڕووی دوژمن دەتەقێتەوە و هوشداری دەداتێ، کە نەخەڵەتێت بڵێت: نەتەوەی کورد نەماوە و لەناو چووە، چونکە تۆپی زەمانەی دەسەڵات هەرچەند بەهێزبێت، لە توانایدانییە بەسەریدا زاڵبێت، هێزە پشت ئەستوورەکەی بەویستە پوڵاییەکەی و خۆڕاگرتنەکەی بشکێنێت.

بۆیە هەڕەشە لەهەر لایەن و کەسێک دەکات و بەدرۆی دەخاتەوە، وێرای ئەو هەموو مەینەت و کوێرەوەری و نەهامەتییەی بەسەری داهاتووە، کۆڵی نەداوە و وەکو چقڵی تیژ لە چاوی نەیارانی چەقیوە و نەبەزیوە، هەمیشە ئاڵایەکەی لە ئاسمانی کوردستاندا دەشەکێتەوە.

ئەم هێز و وزە لەبن نەهاتووەی لەوەوە هاتووە کە خاوەن مێژوویێکی دێرینی خوێناوی گەشە و ڕۆڵەی میدیایە کە ئیمپراتوریەتی ئاشووری لە نەینەوا لەناو برد، (لینین) بە بەرز و پڕ بە بەهاوە باسی دەکات و دەڵێت: «ئیمپراتۆرییەتی میدیا گەورەترین خزمەتی مرۆڤایەتی کرد، کە ئیمپراتورییەتی ئاشووری دڕندەی لەناو برد» هەروەها (دڵدار) سوودی لە فەرموودەیەک وەرگرتووە کە دەڵێت: «خوشەویستیی نیشتمان لە بڕواوەیە» دڵدار فەرموودەکەی زیاتر بەرجەستەکردووە و دەڵێت: «نیشتمان دین و ئاینمانە»

کە خۆشەویستی کوردستان دین و ئایین بێت، هەڵبەت ئەو نیشتمانە شیاوی ئەوەیە گەنجەکانی هەمیشە لەوپەڕی ئامادەباشیدابن.

لاوی بەجەرگ و جەربەزە بێتە مەیدانی پاراستنی خاکی باب و باپیرانی، بەرانبەر دوژمنی خوێنین ڕاپەڕێت، کە بیەوێت خاکەکەی داگیر بکات، هەمیشە ئامادەیە کە گیانی خۆی بخاتە سەردەست و بەخوێنی خۆی تاجی شەرەفمەندی و سەروەری ڕەنگین بکات، دەرسێکی وابداتە دوژمن، کە جارێکی دی نەتوانێت بستێک پێ بنێتە خاکی نیشتمانەکەی.

دڵداری شاعیر کاتێک ئەو شیعرەی داناوە، لە هەرەتی گەنجیدا بووە و خوێندەوارێکی خوێن گەرمی بە هۆش و گۆش بووە، گیانی شۆرشگێڕیی کوردایەتی پاڵی پێوەناوە، کە بڵێت ئێمە ڕوڵەی قارەمانی شۆرشگێرین، بۆیە داوا لە بینەر دەکات، سەیری ڕابردووی خوێناوی کوردستان بکات، کە ئەو ڕەنگە سوورەی نیشانەی قوربانیدان و بەرگریکردنە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا.

## چی دڵداری کرد بە شاعیر؟

بەر لەوەی شیعر سنعەت بێت، بەهرەیە، ئەم بەهرەیەش لە هەموو کەسێکدا بوونی نییە، بەڵام جگە لە بەهرە فاکتەرێکی دی هەیە، کە داینەمووی پاڵنانی مرۆڤە، بۆ ئەوەی ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی ببێتە شاعیر، ئەویش سروشتی قەشەنگی دڵگیری کوردستانە، کە بە تەواوەتی کاری لە دڵدار کردووە، بۆ ئەوەی بەهەر جۆرێک بێت بە شیعر دەری ببڕێت.

دلدار لەکۆیەوە چووبێتە (ڕانیە) لەوێدا لە پۆلی دووەمی سەرەتایی خوێندبێتی، هەر لە وێش چاوی بە کێوەڕەش کەوتبێت و لە سەر

ڕۆخی سەرچاوەی قوڵە وەستابێت و جوانی و قەشەنگی کێو و سەرچاوەی ئاو تێکەڵ بە یەک بووبن، لەو تەمەنە بچووکەیدا گەڕا بێتەوە شاری کۆیە، دیمەنە دڵرفێنەکەی ڕانیە بۆتە سروش و لە دڵ و دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە و بۆتە تەقینەوەی شیعری (کوردستان) ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە دڵدار شاعیرێکی خۆ ڕسکییە و، هەر لە منداڵییەوە خاوەن بەهرە و سەلیقەی شیعر بووە، لەم شیعرەدا گیانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری وەکو وزەیەکی داکراو دەتەقێتەوە و شیعرێک وەکو کۆرپەیەکی جوان لە دایک دەبێت، کە بە دووریشی نازانم ئەم شیعرە نۆ بەرەی شیعرەکانی بێت»٨

شاعیر پەنا دەباتە بەر سروشت و مامەڵەی لە گەڵدا دەکات، بە پەناگەیەکی ئاسوودە بە دەردەسەری و مەینەتەکانی تێ دەگات، چونکە سروشت لای ڕۆمانسییەکان پەناگەیەکی گەرموگوڕە، شاعیر دەیگرێتە باوەش، هەرجارێک کە سارد و سەرمای زستان و تەنگانەکانی هەستەکانی لوول دەدەن، هەرجارێک شاعیری ڕۆمانسی گیرۆدەی ئازاری قێزەوەن دەبێت، یان ئاگری خۆشەویستیی شەیدابوونی گڕتێبەربوو دەیسووتێنێت، لەگەڵ ڕەگەزەکانیدا تێکەڵ دەبێت و لە ڕێ و شوێنەکانیدا ڕەگەزەکانی داهێنانی خۆی دروست دەکات، دەردەسەرییەکانی و تاسەکانی خۆی هەڵدەڕێژێت، کە بوونەتە وێنەیەکی نەمری مرۆڤایەتی٩


ئەوەتا دڵدار لە شیعری کوردستان دا دەڵێت:

***کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان***
***تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان!***
***چاوم پشکوتووی شاخەکانتە،***
***فێری ژیانی باخەکانتە،***
***دەنگی شمشاڵی شوانەکانت،***
***زریق و باقی جوانەکانت،***
***قاسپەی (کەو)انی قەد کێوەکانت،***
***خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت،***
***ئەوانە هەمووی گوێیان کردمەوە***
***هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە***

هەوێنی شیعری دڵ ئاماژەیە کە شیعرەکە لە دڵ و دەرونی شاعیر چەکەرەی کردووە، ئینجا شاعیر وێنای کردووە، بە دووری نازانم لە تەمەنێکی سەرەتای گەنجی دایبێت، شیعرێکە، کە مۆرکی لادان لەڕەوتی کۆنی پێوەدیارە و لەسەر کێشی فۆلکلۆری دە برگەییە کە (٥+٥) برگەییە و دەکرێت دڵداریش لە شاعیرانی بزاڤی نوێکردنەوە لە قەڵەم بدەین، لە هەمان کاتدا لە ئایندەدا ڕاستییەک بسەلمێنێت، ئەگەر ژیان تەمەنێکی لەباری پێ ببەخشێت ببێتە شاعیرێکی باڵای لێهاتوو، ئەو لە تەمەنێکی بچووکدا ئەو سەلیقەیەی هەبووبێت و شیعرێکی نەتەوەخوازی لەم شێوە دابڕێژێت، کە هەستی نەتەوەیی بێگەرد بیکاتە ڕۆڵەیەکی دڵسۆز و وەفادار، بە شیعر هەستە کوردایەتییە بێگەردەکەی دەربڕێت، کە بوونی خۆی لەسایەی کوردستانەوە بزانێت و بڵێت:

***ئەونەمانێ بووم لەم خاکە ڕوام***
***بە خۆشەویستیی وڵات ئاودرام***
***بەڵێ کوردستان تۆ منت خولقان***
***تۆ منت خولقان پێت بەخشیم ژیان!***
***خۆشی ژیانم خۆشیی ژینتە.***
***تاڵیژینی من ڕۆژی شینتە!***
***چونکە کورستان، نیشتمانی جوان!***
***تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان١٠***


ئەگەر هەڵوێستەیەک لە سەر ئەم شیعرە بکەین، دەبینین، شاعیر شێوازی نوێخوازی بەکاهێناوە، کە



**“ خورشیدە فەندی باوکی (زەهوە)ی هاوسەری مەلا ڕەئووف خادم ئەلسەجادەیە ”**



زەینەب خان



> دڵداری شاعیر کاتێک ئەو شیعرەی داناوە، لە هەرەتی گەنجیدا بووە و خوێندەوارێکی خوێن گەرمی بە هۆش و گۆش بووە

گیانی زیندوویی بەبەرخاکی کوردستان کردووە و لەڕێگەی ڕادان و لادان کوردستانی کردووەتە مرۆڤ و دەیدوێنێت، خۆی بەقەرداری ئەو دەزانێت، کە بوونەکەی لە هەموو ڕویێکەوە بەندە بە ئەو، وەکو بڵێی لەگەڵ سروشتی کوردستاندا ئاوێتە بووە و خۆی و سروشت بوونەتە دوو ڕەگەزی بەیەکەوە بەستراو و لەیەکدی دانابڕێن، چونکە جوانیی سروشتی ئەو شتەیە کە سیفەتی جوانی بۆ دەرەخسێنێت، بەڵام جوانیی هونەریی، پێشکەشکردنی جوانییە بۆ شتەکە١١

شیعرەکە دووپاتکردنەوە لەخۆ دەگرێت:

(کوردستان نیشتمانی جوان) دووجار هاتووە (تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان) جارێک و جارێکی دی (تۆ قیبلە گاهی دڵی بێ گومان) هەروەها (تۆ منت خوڵقان) دوو جار، لەم ڕووەوە دەبێت ئەو بۆچوونە کۆنە بەلاوە بنێین کە دەڵێت: «دووپاتکردنەوە ناشیرینە، ئەگەر جوانیش بوو» چونکە هەندێک دووبارەکردنەوە بێ هۆ نییە و پاساوی پەسەندی خۆی هەیە، لەلایەکەوە جەختکردنە لەسەر گرنگی گوتارەکە، کە کەسی دووەم تێی بگات، لە لایەکی دیکەوە «ڕەنگە ساناترین جۆری دووپاتکردنەوە، وشەیێک بێت لە یەکەمین دێڕدا، لە کۆمەڵە دێرێکی یەک لەدوای یەکدا لە شیعرێکدا، ئەمەش لە شیعری هاوچەرخدا باو و بڵاوە.

دڵدار لەو ئاستە نزمەدا نییە، کە شاعیرانی بچووک پێڕەوی دەکەن، ئەو بە مەبەستێکی دی پەنا دەباتە بەر دووپاتکردنەوە «دووپاتکردنەوە ڕووناکی خستنەسەر خاڵێکی هەستیارە لە گوزارەدا و بایەخدانی قسەکەرە لەسەری، خۆی بەم واتایە نیشانەیەکی دەروونیی بەهاداری هەیە و سوود بەڕەخنەگر دەگەیەنێت، کە لە شوێنەوارەکە دەکۆڵێتەوە و سایکۆلۆژییەتی شاعیر شی دەکاتەوە»١٢

لەڕووی بونیادی شیعرەکەوە، شاعیر ڕەچاوی کێش و سەرواى کردووە و ڕەوتی کێشەکە، مۆسیقای شیعرەکە، دیاری دەکات (ئەلیۆت) جەخت لە سەر مۆسیقای شیعر دەکاتەوە و دەڵێت: «لەنێوان واتای شیعر و مۆسیقادا پەیوەندییەکی زیندەگی هەیە، چونکە ڕەنگە مانا بەتەواوەتی گوم ببێت، ئەگەر قەسیدەکە مۆسیقاکەی لە دەست بدات»(*)

**دڵدار لە چوارچێوەی مێژوودا:**


هەڵبەت هەر شاعیرێک کە بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە، ئەگەر کەسێکی شارەزای شیعر، یان ڕەخنەگرێکی لێهاتوو، ئاوڕ لە شیعرەکانی نەداتەوە و شاعیرییەتەکەی هەڵنەسەنگێنێت، ناو دەرناکات و ناناسرێت، بۆیە وەکو دەستپاکی ئەدەبیی، پێویستە ئاماژە بە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) بکەین، یەکەمین ڕەخنەگری کوردە، دڵداری شاعیری بە خوێنەران ناساندووە و دەڵێت: «دڵدار بەلای ئێمەوە شاعیرێکە زۆر باڵا، ئەگەر لە هەندێک شیعریدا ناپوختی هەبێت، بەهای شاعیرییەتی پێ ناشکێ، منداڵێک کە هەموو ژیانی خۆی بە خوێندنەوە ڕابواردبێت و هێشتا لە خوێندنی پێویستی (ڕەسمی) ڕزگاری نەبووبێت ناتوانێت ببێت بە شاعیرێکی (کەسبی) بگاتە ئەوانەی کە شیعریان کردووە بە (سەنعەت)١٣

ڕەفیق حیلمی لە سەر بۆچوونەکەی دەڕوا و دەڵێت: «هیچ گومانی تیا نییە کە هەڵێکی باش و کۆڵینەوەیەکی ئەدەبیی ورد، دڵدار ئەگەیینێتە ڕیزی شاعیرە گەورەکانی کورد، ئەویش لەوێ بوەستێ کە لەلایەن بیری قووڵ و خەیاڵی وردەوە ئێستەیش دڵدار گەلێ لە ژوور ئەو شاعیرانەوەیە، کە هەندێ وشەی ڕەق و تەعبیری ساردی وا ئەهۆننەوە و ئەیکەن بە (نەظم) کە بە دیمەن و بیستن، شیرین و ڕەنگین، بەڵام لە ماناو حەقیقەتا پووچ و بێ کەڵکن١٤

وەستان لەسەر هەرشیعرێکی دڵدار وردبینی و قووڵبوونەوەی گەرەکە، لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت دڵدار بە شاعیرێکی هەڵکەوتووی بەرز و بەهرەدار لە قەڵەم بدەین، کە دڵداری گەل و نیشتمان و وشەی ڕەسەنی کوردی بوو، لە جیهانی شیعر و ئەدەب و خۆشەویستیی زماندا، لە گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی و بەرز ڕاگرتنی گیانی خەبات و شۆڕشگێڕیی، سوار چاکی گۆڕپانەکە بوو، هەرچەندە ڕەوتی ژیانی کورت و پڕمەینەت و دەردەسەری بوو، بەڵام سامانێکی بەنرخی بۆ نەتەوەکەی جێهێشت کەشیاوی ئەوەیە هەمیشە یادی بکەینەوە.

**ئاوڕدانەوە لە منداڵ:**

دڵدار بە پێچەوانەی شاعیرانی دی ئاوڕی لە منداڵی کورد داوەتەوە، ئەگەر شاعیرانی کورد




سروودیان بۆ منداڵ نووسیبێت و تیایا باسی جوانیی ژینگەی کوردسانیان کردبێت، یان هانی منداڵیان دابێت، کە بخوێنن، لە حەز و ئارەزووەکانی دوا بن، گیانی شورگێڕیان وەبەر کردبن، ئەوا دڵدار لەشیعری (منداڵی هیوا)دا زیاتر لە منداڵ نزیک بۆتەوە، بە قووڵی لە منداڵ گەیشتووە، نرخ و بەهایەکەی وەکو سامانێکی نەتەوەیی زانیوە، کە گۆشەیەکی مەزنە لە ژینی میللەتدا، تەنانەی ناوونیشانی شیعرەکە بایەخی خۆی هەیە، کە منداڵ پشتی پێدەبەستێت و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا مایەی ئومێدیکی گەورە بێت، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی میللەتی کورددا هەبێت، بە جۆرێک ڕوودەکاتە منداڵ، کە جگەر گۆشەیە و ئایندەی گەش و ڕووناکی گەل لەسەر ئەو وەستاوە و کوولەکەی دڵە، خونچەی گوڵە، هەر خونچەشە دەبێتەگوڵ، منداڵ بوونەوەرێکی پاک و بێ گەرد و بێ فرت و فێڵە، مرۆڤێکی دەستپاک و ڕاستگۆیە، دەبێت بە هەوڵ و تەقەلای خۆی پێبگات، کەسێکی مشەخۆر نەبێت، بەوردی و قووڵی لەژیان بگات، کە دروستی بکات و هەر تەگەرە و کۆسپێکی دیتە ڕێ بە هیمەتی خۆی تەختیان بکات، هەر چەندە منداڵ بە بوونەوەرێکی دەست و پێ سپی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام سەختی و دژواری ژیان قاڵی دەکەنەوە کە ببێتە کەسێکی ژیر و وریا و جەربەزە، لە پێناوی ژیانێکی ڕاستەقینەدا بمرێت، نەک وەکو هەرکەسێکی ئاسایی بژی، شاعیر بە شێوەیەکی زانستیانە و زیرەکانە ڕێنمایی منداڵ دەکات، کە ببێتە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی هوشیار و پێشکەوتووی بە هێزو پتەو، دوژمنان نەتوانن بەهیچ جۆر لەناوی بەرن، ئەوەتا دەڵێت:

**منداڵی هیوا، کوولەکەی دڵان**
**تازە خونچەکەی نێو باخی گوڵان!**
**هەرچەندە سەیری نێو چاوت دەکەم**
**نابینم گەردێ نەزۆر و نەکەم**
**ئومێدی دوارۆژ ڕۆڵە هیوا تۆی!**
**خاوەنی فیکری بیکر و باڵا تۆی!**
**هیوام بە تۆیە ئەی تازە منال!**
**بەیانی ببییە نموونەی میسال!**
**ئەوا پێت ئەڵێم چاکی بزانە**
**ژیانی مەردی باری گرانە!**
**ڕۆژی کە هاتوو، تۆ پێگەیشتی**
**چاوت کردەوە لە ژین گەیشتی**
**ئەبینی ژیان کێوێکی بەرزە**
**ڕێگەی خوار و ژوور بە ترس و لەرزە**
**گشتی کەند و کۆسپ، دەوەنە، دارە**
**پڕ لە درندە و دووپشک و مارە**
**بیر و هۆشی خۆت بەکار بهێنە**
**ئەم دانەو داوە یەک یەک بپسێنە**

**“ پێویستە ئاماژە بە مامۆستا (ڕەفیق حێلمی) بکەین، یەکەمین ڕەخنەگری کوردە، دڵداری شاعیری بە خوێنەران ناساندووە ”**



**بەشێک لە ئەرشیفی کتێبخانەکەی بنەماڵەی خادم ئەلسەجادە**



> "ڕەفیق حیلمی لە سەر بۆچوونەکەی دەڕوا و دەڵێت: «هیچ گومانی تیا نییە کە هەڵێکی باش و کۆڵینەوەیەکی ئەدەبیی ورد، دڵدار ئەگەیینیتە ڕیزی شاعیرە گەورەکانی کورد"

***تاکو دەرکەوێ لە هەموو دونیا***
***چەندیان کرد بمرێ کەچی کورد هەر ما***

کە لەم شیعرە ورد دەبینەوە، دەبینین دڵدار وەکو هزرمەندێکی خاوەن ئەزموونێکی زۆر بە قوولی چووەتە بنج و بنەوانی ژیان و لە گەوهەرەکەی گەیشتووە و دەیخاتە بەردەم منداڵ، کەسوودی لێوەربگرێت و ڕێنمایی بکات و جێ پێی شاعیر هەڵبگرێت و ببێتە ڕۆڵـەی بەئەمەکی گـەل و نیشتمانەکەی، بەرانبەر دوژمنان وەکو قەڵاتێکی پۆڵایی بن، کە هەوڵی لە ناوبردنیان بدەن سەری خۆیان لە بەرد بدەن.

**دڵـدار و ڕووبـەڕووبـونـەوەی بیر و بـاوەڕی پڕوپووچ:**

دڵدار تەنیا لە ئاستی هەندێک بابەتی شیعریی نەوەستاوە، بەڵکو پەلی بۆ زور لایەن هاویشتووە، بۆ نموونە وەکو ڕابەرێکی ڕۆشنکاری هاتووەتە گـۆڕەپـانـی دژایـەتـیـکـردنـی بـیـروبـاوەوڕی دواکـەوتـوو و پـڕوپـووچ و ئـەفسـانـەیی، کە هەرگیز شیاوی پشتپێبەستن و متمانە پێکردن نین، ئەوەی بەدوای ئەفسانە دەکەوێت، کەسێگە گومڕا و سـەر لێشێواوە، دەکرێت دڵـدار بەو شاعیرە ناوزەد بکەین، کە شوێن پێی (حاجی قادری کۆیی) هەڵگرتووە و وەکو ماسک خۆی دەردەخات، کە مانای ئەوە نییە کتومت خۆیەتی، بەڵکو مەبەستی ئەو کەسانەیە، کە ڕێگەی ڕاست و دروستیان لێ تێکچووە و بە دوو کڵاوی بابردوو کەوتوون، چونکە هەرگیز ماقووڵ نییە، کەسێکی وەکو دڵداری ژیر و هوشیار عەقڵ لە دەست بدات و بە دوای ئەفسانە بکەوێت، هەر خۆشی بەر پەرچی فریودەرانی خۆی دەداتەوە و دەڵێت:

***دڵ بەدووی ئەفسانە کەوت و وای ئەزانی وا ئەبێ***
***ئیشی دنیا ڕەنجی پێ ناوێ بە خۆی کۆتا ئەبێ***
***نەی ئەزانی ئەو بە ئارەق داری ئومێد ئاوبدا***
***گەر بە خوێن پەینی بکا ئەوسا سەمەر پەیدا ئەبێ***
***لەفزی نابێ، نابێ بیزانی کە لاوی کوردی تۆ***
***هەر بە کۆشش دێتە بەر، باغی ئەمەل ئیحیا ئەبێ***
***طالع و ئیقباله وەهمی پایە بەندی بێ هونەر***
***عەزمی مەردانەت ببێ هەرچیت نیازبێ وائەبێ***
***ئەی برا لادە لە فکری کۆن و زووسا ڕاپەڕە***
***کارەکەت چارێک بخە ڕەنجت هەبێ خۆی چا ئەبێ***
***مردنە ژینت بەبێ کاری، لە سستی لابدە***
***هەر بە ڕەنجی لاوی وەک تۆ نیشتمان ئاوا ئەبێ***

سـەیر دەکـەیـن، شاعیر بـە عەقڵێکی کـراوە و لۆژیکێکی ڕاست و دروست، گەرەکییەتی لاوی کورد بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ڕەوان و لە جیهانی گومڕاییدا دەربـازی بکات، ئـەم جۆرە ئاراسـتـەکـردنـە، مۆرکێکی کۆمـەڵایـەتـی لەخۆ دەگرێ، بەڵام وەکو شیعریش شاعیر لە شێوازی ڕەوانبێژی لای نـەداوە بۆ نموونە: (لاوی وەک تۆ) پێکچوونە (وائەبێ دووپات بۆتەوە) ڕەگەز دۆزی تـەواوە (باغی ئەمەل ئیحیا ئەبێ) هیوا ڕەنگدانەوەی هزری مرۆڤە و شتێکی مەعنەوییە زیندووکردنەوەی باغ شتێکی خودییە و بوونی مەتریالی هەیە، شاعیر (ئومێد)ی لە کرۆکی خۆی تـرازانـدووە و لە ڕێگەی (ڕادان و لادان)ەوە، واتە میتۆدی تەئویل پێکهاتێک و بوونەوەرێکی مەتریالی پێبەخشیوە.

**دڵدار و وەرگێڕانی شیعری بیانی:**

هەموو شاعیرێکی کورد عەرەبی زانێکی زۆر باش نییە، بتوانێت شیعرێکی عەرەبی بکاتە کوردی و وەکو شیعرێکی ڕێکوپێکی کێشدار دایبڕێژیتەوە، بەتایبەت شیعری فێرکاری کە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و حەزی لێدەکات، شاعیری کارامە و ڕەسەن، ڕەچاوی ئەو لایەنانە دەکات کە منداڵ لەو تەمەنە بچووکەیدا هۆگری دەبێت، شیعری (قەل و ڕێوی) کە شاعیری فەرەنسیی ئێسک سووک (لاڤانتین) دایناوە، سەرنجی دڵداری ڕاکێشاوە، بە شێوەیەک دایبڕێژێتەوە، لەڕووی وشە و سەروا و کێش و ترپەوە تێنوویەتی منداڵ بشکێنێ و بە سانایی و زوو ئەزبەری بکات.


(دڵدار) بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە:

***ڕۆژێ لە ڕۆژاندا قەلێ***
***ڕاوەستابوو لەسەر چڵێ***
***سەڵکێ پەنیری لە دەنووک***
***گرتبوو، بیخوا لە هەلێ***
***ڕێو بەلایدا تێ پەڕی***
***چاوی بە قەل کەوت و مەلێ***
***ئەی وێ بە فێڵێ لێی سەنێ***
***دەستی پێکرد پێی هەل بلێ***
***ووتی ئەی بولبولی زەمان***
***ئەی نەغمە خووانی سەرتەلێ***

**بیستوومە من ناوبانگی تۆ**
**تووخوا گۆرانیم بۆ بڵێ**
**قەل وەختێ زاری داپچڕان**
**پەنیری کەوتە بن تەڵێ**
**ڕێوی پەنیری قۆستەوە**
**ئینجا لەپێش ئەوەی هەڵێ**
**وتی: ئەوجا بەسە نەفام**
**گوێت لێ بێ ڕێوی پێت بڵێ**
**وەختێ شتێکت گرتە دەم**
**کەر مەبە گۆرانی مەڵێ**
**ئەمەیش کەرانە بێ کەوا**
**تەفرە دراوی تۆ چەڵێ**

لە هەر شیعرێکی ڕەسەندا پەند و ئامۆژگارییەک هەیە و لە دێرێکدا خۆی دەنوێنێت، پێی دەگوترێت: (دێڕی مەبەست) کە ئەمەیە:

**وەختێ شتێکت گرتە دەم**
**کەر مەبە گۆرانی مەڵێ**



پەندی کوردیش دەڵێت: ئەگەر پارووت لە دەمدا بوو قسە مەکە، چونکە دووشت پێکەوە ئەنجام نادرێن، ناکرێت مرۆڤ پارووی لە دەم بێت و قسەش بکات، هەریەکە ئەوی دی بەلاوەدەنێت و ڕەفتارکردنی کارێکی کەرانەیە و باجدانی بە دواوە دێت.

بابەتی دیکە هەبوو، کە دەکرا لە سەری بوەستین بەڵام بە پێویستم نەزانی، چونکە شیعرەکانی دڵدار هەرچەندە ژمارەیان کەمە و مەرگی ناوەخت ئەو دەرفەتەی لە دەست دەرهێنا، کە شاعیرییەتەکەی زیاتر گەشە بکات و مەودای ژیانێکی درێژتر، دەرفەتێکی لەباری بۆ برەخسێنێت، کە بەرهەمەکانی پتر و چڕتر بن، وێڕای ئەمەش، دڵدار هێشتا وەکو شاعیرێکی ڕەسەن و لێهاتوو مافی شیاوی خۆی نەدراوەتێ، لێکۆڵینەوەی قووڵ و بەپێز لە سەر ژیان و شیعر و نووسینەکانی نەنووسراوە.

**سەرچاوەکان:**


١- أعلام التركمان.

٢- نوێنەری کوردی بۆ پارێزگەی کەرکووک لە خولەکانی ئەنجومەنی پەرلەمانی عێراق لەسەردەمی پاشایەتی، قەیس قەرەداغی.

٣- أعلام التركمان

* تێبینی: هەولێر و سلێمانی ئەندامیان نەبوو، وەک لە بیرم بێت مامۆستا برایم ئەحمەد و شەهید مارف بەرزنجی خۆیان کاندێد کردبوو دەنگیشیان هینابوو، بەڵام ڕژێم ڕێی پێنەدابوون بچنە پەرلەمان، دەرکەوت نوێنەری کورد بوو لەسەر کەرکووک.

٤- علماؤنا فی خدمه العلم والدین ص٢٢١. هەروەها کتیبی مدینة کرکوک جمع وإعداد گۆران فتحی، ترجمه من الکردیه د. کمال غمبار ص٢٧٣-٢٧٦.

٥- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد ١٩٨٦، لەچاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ل ٧٦.

٦- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم کۆیکردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠، ل ١٠.

٧- دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە: مەلا عەبدولکەریم مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، سنە، ل٢٩٥.

٨- بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێک، د. کەمال غەمبار، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر ٢٠١٦، ل ٥٦.

٩- الفن الرومانسی، هیغل، ترجمە: جورج طرابیشی، دار الطلیعه بیروت، الطبعه الاولی، ص٤٨.


١٠- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حلمی، بەرگی دووەم، مطبعه التعلیم العالی/أربیل، ١٩٨٨، ل ١١ -١٢.

١١- النقد الادبی الحدیث، الدکتور محمد غنیمی هلال، دار العودة، بیروت ١٩٨٧، ص٣٥٥.

١٢- الملائکه الاعمال النثریه الکامله، الجزو الاول، المجلس الاعلی للثقافه، ص٢٢٩.

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧-٢٣٨.

١٤- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ڕەفیق حلمی، مطبعه التعلیم العالی /أربیل ١٩٨٨، ل٩.



قادر وریا

# ئەی ڕەقیب، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟

### پێکهاتنی کۆماری کوردستان

لە ١٩٤٦دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهاتنی ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد بوو «ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان لە مەهاباد و دامەزراندنی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی لە لایەن سەرانی «ح.د.ک»ـەوە قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە بوو کە بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران هاتبووە پێش» (یاسین سەردەشتی، ١٦٠، ٢٠٠٢)

لە سەردەمی نوێی دوای سەرکەوتنی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، کە زۆر نەتەوە و وڵات لە چنگ فاشیزم ڕزگاریان ببوو، هەروەها بە دوای چەند دەیە لە بەدعەهدیی براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕێگربوونیان لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بووە مایەی هیوا و خۆشیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هەر کوردێکی دڵسۆز و نەتەوەپەروەر کۆماری کوردستان و پێتەختەکەی، واتە شاری مەهابادی بە رووگەی خۆی دەزانی. کۆماری کوردستان هەوڵی دەدا نوێنگەی هیوا و چاوەڕوانییەکانی نەتەوەکەی بێ و زۆر شت، کە ئەو نەتەوەیە، دەیان و سەدان ساڵ بوو لێیان بێبەش کرابوو، بێنێتە دی، وەکو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بەفەرمیکردنی خوێندن بە زمانی کوردی، پێکهێنانی سوپای میللی و هەڵگرتنی چەندین هەنگاوی گەورەی دیکەی نەتەوەیی. هەڵبژاردنی سروودی نەتەوەییش یەک لەو هەنگاوانە بوو «پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان سروودێکی ڕەسمی بۆ حزب (حیزبی دیموکراتی کوردستان) و کۆمار دانرا. ئەو سروودە هەمان سروودی بەناوبانگی «ئەی ڕەقیب»ە کەئێستاش سروودی ڕەسمیی حزبە. هەڵبژاردنی ئەم سروودە بەڕێکەوت نەبوو. دەکرێت بڵێین پاش چەند ساڵ گەلی کورد توانی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت و دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت. بۆیە پێویست بوو هەر وەکو ئەو سروودە دەڵێ بگوترێت کە: «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان، کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە» (قاسملوو، ٢٠٠٢، ٣٤)


«سروودی (ئەی ڕەقیب) کە لە ساڵی (١٩٤٠) یونس دڵدار، شاعیری نیشتمانپەروەرمان داینا، بۆ یەکەمین جار لە ڕێکەوتی (١٢/١٧/ ١٩٤٥)دا، لەکاتی بۆ یەکەمین جار هەڵکردنی (ئاڵای کوردستان) لە شاری مەهاباد، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵاکەماندا، سروودی (ئەی ڕەقیب) بە ئاوازەوە پێشکەش کرا (ڕەزا شوان،٢٠١٦)

هەروەها «ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦) لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بە ئامادەبوونی زۆربەی کادرەکانی حزبی دیموکرات و جەماوەرێکی زۆری شار و نوێنەری ناوچەکان و عەشیرەتە کوردەکان هەر لە ماکۆوە هەتا سەقز و سەردەشت، کە پێشتر بانگ کرابوون، ئاهەنگی مەراسیمی ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان دەستی پێکرد. دوای چڕینی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کورد، لەناو جۆش و خرۆش و چەپڵە

**“ بۆ یەکەمین جار لە ڕێکەوتی (١٢/١٧/ ١٩٤٥) لەکاتی هەڵکردنی (ئاڵای کوردستان)دا لە شاری مەهاباد، سروودی (ئەی ڕەقیب) بە ئاوازەوە پێشکەش کرا ”**

و بەختەوەریی جەماوەردا گەورەپیاوانی کورد و سەرانی ح.د.ک دەستیان بە وتار خوێندنەوە کرد» ( غەنی بلووریان، ١٩٩٧، ٦٢)

دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان و وەگەڕکەوتنی وەزارەت و دامەزراوەکانی، پێویستیی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی سروودی نەتەوەیی، زیاتر لە پێشوو خۆی نواند. هەڵکردنی بەفەرمیی ئاڵا لە شارەکانی دیکە، دەست پێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و ڕێورەسمی سەرلەبەیانیی قوتابخانەکان، ڕێژە و مانۆڕی هێزی پێشمەرگە لە بۆنەکاندا، هاتنی کەسایەتی و پیاوماقووڵانی کورد بۆ مەهاباد بە مەبەستی چاوپێکەوتنی سەرۆک کۆمار پێشەواقازی محەممەد و زۆر جووڵە و چالاکیی سیاسی و کولتووری و سوپایی دیکە لە کۆماری کوردستانیان دەخواست سروودی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەبێت. دیارە پێشتر «لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ-ک)دا سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی زیاتر باو بوو، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا دەخوێندرایەوە. جگە لەو سروودە «شاخی ڕەنگاوڕەنگی




کوردان» و سروودی «نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە» زۆر لە ئارادا بوون» (جەلیل گادانی، ٢٠١٨)

کاتێک دەگەڕێینەوە سەر لاپەڕەی چاپەمەنیی سەردەمی کۆماری کوردستان، هەم وشەی سروودی نەتەوەیی دەبینین، هەم مارشی نەتەوەیی. لە چەندین ڕێپۆرتاژی تایبەت بە هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکان، یان لە بارەی چالاکیی سیاسی و کولتووریی ئەو کاتدا، باسی ئەوە کراوە کە سروود، یان مارشی نەتەوەیی پێشکەش کراوە، بەڵام تەنیا لە یەک لەواندا، ناوی سروودە نەتەوەییەکە (ئەی ڕەقیب) هاتووە. وادەردەکەوێت، کە بێجگە لە «ئەی ڕەقیب» سروودی دیکەشیان وەکو سروودی نەتەوەیی ناو بردووە. چونکە لە ژمارە ١٣ی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ بڵاوبووەتەوە، شیعری «نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە»ی هەژار چاپ کراوە



مهاباد لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان



> "چەندین تێکۆشەر و نیشتمان پەروەری باشووری کوردستان، کە بە نیازی خزمەتکردن لەو حکوومەتە کوردییە، خۆیان گەیاندبووە مەهاباد، چەند کەسێکی کۆیی هەبوون، کە دەشێت ئاگاداری ناوبانگی دڵدار و بەتایبەتی ئەم شیعرەی بووبن"

و لە سەریشی نووسراوە «سروودی ملی کوردستان» (ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ٢٠٠٧، ٥٤)

ئەوە کە بۆچی لە کۆماری کوردستاندا، لەنێو کۆمەڵێک سروووددا، کە نێوەرۆکی نیشتمانی و نەتەوەییشیان هەیە و بە گوێی خەڵکیش ئاشنا بوون، شیعری «ئەی ڕەقیب»یان بۆ سروودی نەتەوەیی هەڵبژاردووە، یان هێناویانەتە پێشەوەی سروودە نەتەوەییەکان، جێگای تێڕامانە. کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە هەر کامێکیان دەتوانن کەم، یان زۆر ڕۆڵیان بووبێت لە هەڵبژاردنی ئەو دەقە بۆ سروودی نەتەوەیی.

یەکەم، شیعری «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی سەنعەتی شیعری و ڕەوانبێژیی و جوانکاریی ئەدەبییەوە، شتێکی نێوەنجی و سادەیە، بەڵام وەکو نێوەرۆک، خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بووە کە بۆ سروودی نەتەوەیی لێی چاوەڕوان دەکرێت.

دووەم لەنێو چەندین تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان، کە بە نیازی خزمەتکردن لەو حکوومەتە کوردییە خۆیان گەیاندبووە مەهاباد، چەند کەسێکی کۆیی هەبوون، کە دەشێت ئاگاداری ناوبانگی دڵدار و بەتایبەتی ئەم شیعرەی بووبن و تەنانەت ئەوەشیان زانیبێت کە «ئەی ڕەقیب» هەر لە بنچینەدا بۆ نیازێکی لەو چەشنە نووسراوە.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئەو دەقە شیعرییە بە بەراورد لە گەڵ سروودە باوەکانی ئەوکات و دەقە شیعرییەکانی دیکە، کە نێوەرۆکی نەتەوەیی و نیشتمانیان هەبوو، بۆ سروودی نەتەوەیی گونجاوتر بوو «ئەو شیعرە بە فەرمانی کەسێک، یان حزبێک نەبووەتە مارش و ڕەمزی نەتەوەیی، بەڵکوو بە گەورەیی خۆی و هەستی بەرزی و ئەو ڕۆحیەتە مەزنەیە کە لەنێوان وشەکاندا، لەنێوان تۆن و مانا و ئاوازەکەی دایە بووەتە مارش و ڕەمزی بوونی کورد» (جەبار جەمال غەریب، ٢٠١٧)

«ئەی ڕەقیب» گیانێکی بەهێزی بەربەرەکانی و بەرخۆدان و هەستانەوەی تێدایە و نێوەرۆکێکی حەماسیی هەیە. شاعیر لەم دەقەدا وەکو تاکێک نادوێت و جێناوی کەسی سێهەمی کۆ (ئێمە) بەکار دێنێت و بەردەنگەکەشی (ئەی ڕەقیب) یان هەر ئەو لایەنەیە کە خوازیاری بندەستی و شکان و توانەوەی نەتەوەی کوردە. دڵدار بە گوڕ و تین و لێبڕاوییەوە لە ئیرادەی نەتەوەکەی بۆ مانەوە و بەردەوامی دەدوێت و بە گوێیاندا دەدا کە کورد نامرێت و بەڵگەشی بۆ مانەوە و نەمریی نەتەوەکەی، مێژووە خوێناوییەکەیەتی کە دەریدەخا کورد ئامادەیە تاجی ژیان بە خوێنی خۆی بنەخشێنێ و بە ئازاد بژی.

لە چاپەمەنی و بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بڕیارێکی نووسراوی ئەوتۆ لە بارەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی «ئەی ڕەقیب» وەکو سروودی نەتەوەیی نابیندرێت. تەنانەت دەقی شیعرەکەش، لە هیچ کام لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمدا نابینین! سەرەڕای ئەمەش هەم بیرەوەریی ئەو کەسانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ژیاون «ئەی ڕەقیب»یان وەکو مارش، یان سروودی نەتەوەیی ئەو کۆمارە ناو بردووە (بۆ وێنە عەقید بەکر حەوێزی، سەعید ناکام، محەمەد شاپەسەندی، جەلیل گادانی و هتد) هەم لەو ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەنووسییانەی ئەو سەردەم لەبارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شارەکان و بەڕێوەچوونی ژمارەیەک ڕێوڕەسمی دیکە لە گۆڤار و ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاوبوونەوە، ئاماژە بە خوێندنەوە و پێشکەشکرانی سروودی نەتەوەیی کراوە. چەند وێنەیەکی ئەو سەردەم کە لەکاتی سەردانی سەرۆک کۆماری کوردستان بۆ هێندێک شوێن، بۆ وێنە خانەقای شەمزینان گیراون، دەیسەلمێنن کە لەم جۆرە بۆنانەدا مارشی نەتەوەیی پێشکەش کراوە (بڕوانە محەممەد ڕەزا سەیفی قازی، ٤٨، ٢٠٠٨)

«سروودی ئەی ڕەقیب لە بۆنە ڕەسمییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە، بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا لەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە. لە مەدرەسەکان پێش چوونە نێو کلاس بە تێکڕای دەنگی قوتابییان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەموو کات کە سروودی ئەی ڕەقیب دەست پێدەکرا، خەڵک

هەڵدەستانە سەر پێ» (جەلیل گادانی، ٢٠١٨)

بەم جۆرە وەکو هەر داوا و ڕاسپاردەیەکی دیکەی کۆماری کوردستان، هەڵبژاردنی «ئەی ڕەقیب» وەکو سروودی نەتەوەییش لە لایەن ئەو خەڵکەی لەژێر سێبەری کۆماری کوردستان دەژیان، بە گەرمی پێشوازی لێکراوە. ئەم سرووده بە زۆری لە ڕێوڕەسمەکاندا و بە شێوەی زیندوو و لەبەرچاوی خەڵک لەلایەن تیپی مۆسیقا و کەسانی دیاریکراو پێشکەش کراوە. دیارە لە ڕادیۆی تەورێزیش (ڕادیۆی فیرقەی دیموکرات) کە بۆ ماوەی چەند مانگێک ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەکی نیو سەعاتەی ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەدرا، ئەو سرووده بڵاوبۆتەوە. دواتر کە کۆماری کوردستان بۆخۆیشی بووە بە خاوەنی ڕادیۆ و دەنگەکەی لەنێو ئەو شارە دەبیسترا، هەموو ڕۆژێک ئەم سرووده لە ڕادیۆ بڵاوبووەتەوە. (حامید گەوهەری، ٢٠١١، ٣١٧)


گومانی تێدا نییە کە ئەو سەردەم، ژمارەی ئەو بنەماڵانەی رادیۆیان هەبوو، لە کوردستان یەکجار کەم بوون. ئەو سەردەم ڕادیۆ، گرامافۆن و زەبتی سەوت (تەسجیل) و شریت (کاسێت) ئەوەندە پەرەیان نەگرتبوو و کەم بنەماڵە هەبوون دەستیان بەوانە ڕابگا.

## شوێن پەنجەی هونەرمەندان و مۆسیقارە کوردەکان لە سەر سروودی (ئەی ڕەقیب)

سروودی «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین سروودی کوردە، چونکە سروودی نەتەوەییە، زۆر بە کەمی بووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل. کەسێک بیهەوێت لە بارەی مێژووی ئەو سرووده لە هەموو ڕوویەکەوە بکۆڵێتەوە، ناچارە زانیاریی پێویست و پچڕ پچڕ لە سەرچاوەی جۆراوجۆر بەدەست بێنێت. بەو حاڵەش ئەستەمە هەموو زانیارییەکی پێوەندیدار بەو سروودەی دەست بکەوێت. «ئەم هەڵبەستە یەک پارچە ئاوات بەرزی و بڕوا پتەوی و نەبەزی و مەیدانخوازیی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی دەستنیشان دەکات. هەڵبەستەکە لە کەرکووک چاوی هەڵێناوە و هەر لەوێش ئاوازی بۆ داندراوە و لەوێشەوە بە کوردستانی عێراق و ئێراندا بڵاوبووەوە و لە ڕادیۆی مەهاباد و ئازەربایجان و ڕادیۆکانی لەمەودوای شۆڕشی کورد دەنگی دایەوە. ئێستاش بووە بە سروودی نیشتمانیی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان» (عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧، ١٧٢)

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی مۆسیقایی ئەم سرووده، ڕوونە کە یەکەم جار شێخ حوسێن بەرزەنجی، ئاوازی بۆ ئەم سرووده داناوە. کاتێک دڵداری شاعیر لە ١٩٣٩* لە کەرکووک لە کۆڕێکی دۆستانەدا بۆ یەکەم جار ئەم شیعرە بۆ کۆمەڵێک لە دۆستانی لە ماڵی کاک حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقا دەخوێنێتەوە، ئارەزوو دەکا کە یەکێک هەبێت ئاوازێک بۆ ئەم سرووده دابنێت. هەر لەوێ و لەنێو ئامادەبوواندا شێخ حوسێن بەرزەنجی، کە دەنگێکی خۆشی هەبووە و شیعر و گۆرانیی زۆری کوردی لەبەر بووە و مەقامە ڕەسەنەکانی کوردی دەزانی، ڕادەسپێردرێت. دوای چەند ڕۆژێک، شێخ حوسێن کە لە دانانی ئاوازەکە دەبێتەوە، بە دەنگە خۆشەکەی خۆی و لە سەر هەمان ئاواز سروودەکەی بۆ دەڵێتەوە (فەخرەدین تاهیر، ٢٠٠٧)


نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦، هەر ئەو ساڵەی کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، ئەو کۆمارە سروودی ئەی ڕەقیبی وەکو سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد، لە هەولێر ئاهەنگێکی گەورە بەبۆنەی نەورۆزەوە ساز دەکرێت، لەو ئاهەنگەدا سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» پێشکەش دەکرێت. هەر لەو ساڵەدا، دڵدار بۆ زانینی هەواڵەکانی پێوەندیدار



**“ لەسەردەمی کۆمەڵەی (ژ.ک)دا سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی زیاتر باو بوو، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا دەخوێندرایەوە ”**



دڵشاد سەعید لەکاتی پێشکەشکردنی سەمفۆنیای ئەی ڕەقیب



**“ ئەو شیعرە بە فەرمانی کەسێک، یان حزبێک نەبووەتە مارش و ڕەمزی نەتەوەیی، بەڵکوو بە گەورەیی خۆی و هەستی بەرزی و ئەو ڕۆحیەتە مەزنەیە، کە لەنێوان وشەکاندا، لەنێوان تۆن و مانا و ئاوازەکەی دایە، بووەتە مارش و ڕەمزی بوونی کورد ”**

بە کۆماری کوردستان، بە بەردەوامی گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت. لە ڕێگای ڕادیۆوە، گوێی لە ئەی ڕەقیب، وەکو مارشی نەتەوەیی کۆماری کوردستان دەبێت و لە خۆشیان دەگری. (سەریاس ئەحمەد، ٢٠١٥)

ئەم دوو ڕووداوە ئەوە دەسەلمێنن، کە هاوکات لەگەڵ دیاریکرانی «ئەی ڕەقیب» وەکو سروودی نەتەوەیی، یان تەنانەت پێشتریش «ئەی ڕەقیب» لە باشووری کوردستان لانیکەم لەنێو لاوانی خوێندەوار و نەتەوەپەروەردا، وەکو سروود چاوی لێکراوە و لە ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکاندا خوێندراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕادیۆش ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی سروودەکە بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ڕوون نییە لە کۆماری کوردستاندا، هەر لەسەر هەمان ئاوازی شێخ حوسێن بەرزنجی، ئەم سروودە گوتراوەتەوە، یان گۆڕانێک لە ئاوازەکەیدا پێکهاتووە. ئەگەر گۆڕان پێکهاتووە، کێ بووە ئەو کەسەی ئەو گۆڕانەی کردووە؟ «وێدەچێت کاری ژەنینی مۆسیقای ئەو سروودە، هەر ئەو کەسانە کردبێتیان کە لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا، مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگە بوون، کە بریتی بوون لە عەلی تابانی (ڤیۆلۆنژەن) کە بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، مەحموودی وەلیزادە کە بەشی کشتوکاڵی خوێندبوو، بەڵام ڤیۆلۆنژەنیش بوو، میرزا مینەی ڕەحیمی، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسێکی دیکە (جەلیل گادانی، سەرچاوەی پێشوو)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سروودە نەتەوەییەکان و یەک لەوان «ئەی ڕەقیب» ئەوەیە لەکاتی پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی زیندوو، بە کۆرس دەگوترێنەوە. بەڵام ئەی ڕەقیب ئەو کاتەی لەسەر قەوان، یان کاسێت تۆمار کراوە، زۆرتر بە دەنگی تاکەکەسێک، کە هونەرمەندێکی دەنگبێژ بووە، گوتراوە. لەماوەی ٧ دەیەی ڕابردوودا، زۆر لە هونەرمەندانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی دەنگیان بۆ گوتنەوەی سروود گونجاوە، سروودی ئەی ڕەقیبیان گوتوەتەوە. لەوانە ڕەفیق چالاک، قادر دیلان، شوانپەروەر، ناسر ڕەزازی، محەمەدی ماملێ، فەرهاد بابان، خالید ڕەشید، دەشنێ موراد، قادر ئەلیاسی و هتد. مۆسیقای سروودەکەش لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم و داهاتنی ئامێر و ئیمکاناتی پێشکەوتووتری مۆسیقایی، هەروەها بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی مۆسیقارە کوردەکان، نوێبوونەوەی بە خۆیەوە دیتوە.

**لە چاپەمەنی و بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بڕیارێکی نووسراوی ئەوتۆ لە بارەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی «ئەی ڕەقیب» وەکو سروودی نەتەوەیی نابیندرێت**

ئەم توێژینەوەیە بە کاری خۆی نازانێت قسە لەسەر ئاواز و لایەنی مۆسیقای سروودەکە بکا، بەڵام ئەگەر وەک گوێگرێکیش قسەی لە بارەوە بکرێ حاشای لێ ناکرێ کە هەم لە جۆری پێشکەشکردندا و هەم لە بەکارهێنانی جۆری نوێی ئامێرەکانی مۆسیقیدا، «ئەی ڕەقیب» لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە و ئەمە ڕاستییەکە هەستی پێ دەکرێ. نوێترین هەوڵەکان لە بارەی نوێکردنەوەی ئەم سروودە لە ڕووی مۆسیقاییەوە، ئەو زانیارییانەن کە لە زمانی «ئەدیب چەلکی» بڵاوبوونەوە:


«مامۆستا دڵشاد سەعید ئاوازی سروودی نیشتمانیی (ئەی ڕەقیب)ی بۆ ئۆرکێسترا ئامادەکردوە، لەگەڵ گرووپی نیشتمانیی سەمفۆنیای چیک لە پراگ بە شێوەیەکی سەرنجراکێش جێبەجێی کردوە، ئەم کارە بە پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، ئاماژەشی بەوە داوە کە ئەم سروودی نیشتمانی-یە لەسەر CD بە دیزاینێکی سەرنجراکێش بڵاودەکرێتەوە،

لەگەڵ دەفتەرێکدا کە نۆتەکانی ئاوازەکەشی بە شێوەی ئۆرکێسترایی تێدا نووسراوەتەوە. ئەم سروودە نیشتمانییەی هونەرمەند دڵشاد سەعید ئامادەی کردووەتەوە، لە جۆری ئەم سڵاوە نیشتمانییانەیە کە پێویستی بە ئامێرگەلی زۆری هەوایی هەیە. ئەم سروودە بە دوو شێوەی دیش تۆمار دەکرێتەوە، یەکێکیان تایبەت بە سروودی نیشتمانییە، بۆ یاریگە وەرزشییەکانی جیهان. شێوەی سێیەمیش لەگەڵ دەنگی بژاردەیەکی هونەرمەندانی کوردستان تۆمار دەکرێت، بۆ خوێندنەوەی وشەکانی سروودی نیشتمانی (ئەی رەقیب)ە کە لەلایەن دڵداری شاعیرەوە داندراوە. ئەم سروودە بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کورمانجی پێشکەش دەکرێت» (خۆرنیوز، ٦ی جولای ٢٠١٧)

هەوڵێکی دیکەی جێگای ئاماژەیە نوێکردنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب بە هاوکاریی ئۆرکێسترای هەنگاریا لە ٢٠١٦یە کە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بەم جۆرە باسی کردووە: «دوای ئەوەی لەڕێگەی «د.شۆڕش حوسێن» بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لە بۆداپێست بەر لەچەند مانگێک ئۆرکسترای (زوگلۆیی سەنت ئیشتڤان فیلهارمیک)ی هەنگاری بۆ نوێکردنەوەی هەردوو سروودی ئەی ڕەقیب و مەشخەڵان پەیوەندیم پێوە کرا، بڕیارمان دا لەگەڵ ئۆرکێسترای هەنگاری بە ڕابەریی (زامبۆرسکی کاڵمان) کە یەکێکە لەڕابەرە دیارەکانی مۆزیکی هەنگاریا ئەو کارە ئەنجام بدەین. دوای ئامادەکارییەکی زۆر و دوای ئەوەی کە سکۆڕ و پارتەکانی کارەکەم بۆ ناردن ڕۆژی ٣/١٨ی ٢٠١٦ خۆشبەختانە توانیمان سەرکەوتووانە کارەکە ئەنجام بدەین» (ئەنوەر قەرەداغی،٢٠١٦)

***

*** دیارە لە بارەی ساڵی هۆنینەوەی ئەم شێعرە لەلایەن دڵدارەوە ڕای جیاواز هەیە و زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی ١٩٤٠ بە ساڵی نووسینی ئەو شیعرە ناو دەبەن. هەر وەکو لەسەر شوێنی نووسینی شیعرەکەش ڕای جیاواز هەیە. سەرچاوەی واهەیە دەڵێت: شاعیر ئەوکاتەی لە ڕۆژهەلات لە بەندیخانەدا بووە، ئەم شیعرەی نووسیوە، هەشن دەڵێن: شاعیر ئەوکاتە هەر لە عێراق لە بەندیخانەدا بووە، ئەم شیعرەی نووسیوە.**



**سەرچاوەکان:**


١- جەبار جەمال غەریب، ٢٠١٧، دڵدار، خۆرێک بە ئاسمانی ئەدەبەوە.

٢- حامید گەوهەری، ٢٠١١، کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢-١٩٤٦/١٢/١٧، هەولێر

٣- ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح ٢٠٠٧ ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی، ١٩٤٦

٤- عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧، لە سێبەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا.

٥- غەنی بلوریان، ١٩٩٧، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نیوسەدە تێکۆشان.

٩- فەخرەدین تاهیر، ٢٠٠٧، بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی سروودی ئەی ڕەقیبەوە، حەوتوونامەی بەدرخان. ژمارە ٧٨.

١٠- قاسملو. ٢٠٠٢، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، کورتە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

١١- یاسین سەردەشتی، ٢٠٠٢، کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم سلێمانی.

١٢- جەلیل گادانی، ٢٠١٨، وتوێژی تایبەت لەگەڵ توێژەر لەبارەی سروودی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستاندا.


١٣- ڕەزا شوان، ٢٠١٦، پێگەی سروود لە ئەدەبی منداڵانی کورد-دا (www.pukmedia.com)

١٤- ئەنوەر قەرەداغی، ٢٠١٦، کارەکانی دابەشکردن و نوێکردنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و مارشی مەشخەلان لە ئۆکسترای هەنگاریا کۆتایی هات

(www.pukonline.net)


**** ئەم بابەتە بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە نووسەر بۆ کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە، یادی سەدساڵەی لە دایکبوونی دڵدار، (١٩١٨-٢٠١٨) نووسیویەتی، ئێمەش دوای پرس و ڕای نووسەر، بە پێویستمان زانی لەم دۆسیەیەدا بڵاوی بکەینەوە.**

# لەبارەی سروودی ئەی ڕەقیب-ەوە





**ئەسعەد قەرەداغی**
**سوێد**

> **شێخ حوسێن ئاوازدانەری سروودی ئەی ڕەقیب لە قۆناخی دواناوەندیدا، لەگەڵ دڵدار بەیەک دەگەن و خۆیان پێکدەناسێنن و دەبنە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی یەکدی**

دەشێت سروود مێژوویەکی زۆر دێرینی هەبێت، بەڵام ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک چ لەڕووی کێشی شیعر* و چ مۆزیکەوە زانرابێت. بۆ یەکەم جار، سروودی نیشتمانیی لە وڵاتی هۆڵەندە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ١٥٦٨ و ١٥٧٢ بەرەبەرە لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵادا بووە نەریتێک و پێناسەیەکی ڕەنگ و دەنگی نەتەوە و گەلێک لە زێدێکیدا کە پێیدەگوترێت نیشتمان.

ئێمەی کوردی کوردستانی وەکو نەتەوە و گەلانی دیکە، کەسانی دڵسۆز و لەخۆبوورد و داهێنەر، کەوتوونەتە خولیای ئەوەی بگەڕێن بەدوای هیمایەک، کە ئەو هەموو خۆشەویستی و گیانبەختی و پیرۆزیی و دڵسۆزییە بۆ گەل و نیشتمانی تێیدا کۆبکرێتەوە، ئەویش لە سروودێکدا بەناوی سروودی نیشتمانی.

سروودی ئەی ڕەقیب، سروودێکی نیشتمانی کوردستانییە، لە سەرەتای ساڵی١٩٤٠ دانراوە. کاتی خۆی، لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد-دا بەم سروودە نیشتمانییە ئاڵای کوردستان لە سەرای شاری مەهاباد هەڵکرا و لە سایەیدا بانگەشەی کۆماری کوردستان کراوە.

لەم نووسینەدا، لەبارەی ژیانی دوو کەسایەتی زۆر ناسراو و بەناوبانگ دەدوێم کە بە هەردووکیانەوە چ بە شیعر و چ بە ئاواز، سروودی ئەی ڕەقیب-یان داناوە.

## دڵدار شیعردانەری ئەی ڕەقیب

یونس مەلا ڕەئوف (دڵدار) کەڵەبوێژی جوانەمەرگ، ساڵی ١٩١٨، لە شاری کۆیە لە دایکبووە، خۆیی و کەسوکارەکەی هەر لە منداڵییەوە بە دەردیسەیی و هەژاریی ژیاون، دڵدار لەکاتی لە دایکبوونییەوە نەخۆشی دڵاوسان و ڕۆماتیزمی لەگەڵدابووە و بەوهۆیەشەوە تووشی چەندین باری ناهەموار بووە.


دڵدار، هەر لە تەمەنی نزیکەی دوانزە ساڵییەوە، خولیای شیعری هەبووە، زۆر لە شیعرە کلاسیکەکانی لەبەربووە، ئەم شیعرانە دەبنە هەوێنێک بۆی و لێیانەوەڕا سرۆی شیعری بۆ دێت، چەندین شیعر و وتار دەنووسێت کە لە ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو سەردەمانەدا بڵاودەکرانەوە. لەو شیعرە هەرە گرنگ و پڕبەجۆشەی کە ناوبانگی پێ دەرکرد:

شیعری ئەی ڕەقیب، کە لە نزیکەی ساڵی ١٩٤٠ زاییندا دایڕشتوە. کاتێک دەچێتە کەرکووک بۆ تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندیی (ئەو دەمە برایەکی لە کەرکووک فەرمانبەر دەبیت) لەڕێی ڕێکخستنەکانی حیزبی هیوا-وە، دیداری شێخ حوسێن بەرزنجي دەبێت. لە یەکێک لە کۆبوونەوە حیزبییەکانیاندا، داوا لە شێخ حوسێن دەکات ئاوازێکی بۆ دابنێت، ئەویش بە پەرۆشەوە ئەو ئاوازەی بۆ دادەنێت کە ئێستە بووەتە سروودی نیشتمانیی کوردستان.

ئەو ئاوازەیش وەکو سروودێکی نەتەوەیی نیشتمانیی بە میراتی لەپاش خۆی بەجێ دەمێنێت و وەکو چەپکەنێرگزێکی هەمیشە بۆنخۆش و هەست وروژێن بەسەرانسەری کوردستاندا دەوەشێنرێت. تاکو ئێستە بەری ئەو ڕەنجەی بۆتە هەوێنێکی جۆشدان و تێکۆشان بۆ ئازادیی و ڕزگاریی کوردستان.

## شێخ حوسێن بەرزنجی، ئاوازدانەری شیعری ئەی ڕەقیب

ئەم کەڵەبوێژ و هونەرمەندە ساڵی ١٩١٨ لە (قادرکەرەم)ی سەر بە شاری کەرکوک لە خیزانێکی ئایینپەروەر لەدایک بووە. لە منداڵییەوە دەدرێتە بەر خوێندن، پێکەوە لەگەڵ شێخ مارفی برایدا، کە لە خۆی بچووکتر بووە، خوێندنی ناوەندیی و دواناوەندیی لە شاری کەرکوک تەواو دەکەن، پاشان هەردووکیان کۆلێجی حقوق لە بەغداد تەواو دەکەن. شێخ حوسێن ئاوازدانەری سروودی ئەی ڕەقیب لە قۆناخی دواناوەندیدا، لەگەڵ دڵدار بەیەک



دەگەن و خۆیان پێکدەناسێن و دەبنە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی یەکدی. لە قۆناخی دواناوەندییەوە، لەگەڵ شێخ مارفی برایدا دەچنە ڕێکخستنەکانی حزبی هیواوە کە تازە پێکهاتبوو. هەر لەو دەمەیشدا کە دڵدار لەوێندەرێ دەبێت و دەبێتە کەسێکی زۆر چالاک، لە کۆمەڵەی دارکەر. خۆیان هەڵدەوەشێننەوە و دەچنە ناو حزبی هیواوە. ئەم سیانە ڕۆڵێکی زۆر باڵا و سەرەکی دەگێڕن لە بەڕێوەبردنی حزبی هیوا.

شێخ حوسێن، چ وەکو خۆی و چ وەکو بنەماڵە، کەسایەتییەکەی زۆر ناسراوبوو لە ناوچەکەدا. دەستێکی باڵای هەبوو لە نووسین و شیعر و وەرگێڕاندا. بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکردووەتەوە، لەوانەیش گۆڤاری شەفەق و باسەرە.

یەکێک لەو شاکارە دیارانەی کە بۆمان ماوەتەوە وەرگێڕانی شانۆگەری (لالۆ ڤانیا)ی نووسەری بەناوباگی ڕووسی چیخۆڤ (١٩٨٠-١٩٠٤) کە لە ساڵی ١٨٩٧دا نووسیویەتی و بە یەکێک لەو چوار شاکارە زۆر بەناوبانگانەی جیهان دادەنرێت. گرنگیی وەرگێڕانی ئەم شانۆگەرییە لەلایەن شەهیدی نووسەر و هونەرمەند لەوەدایە کە دوور لە جیهانی نمایش و بوونی شانۆ و شانۆگەری لەو سەردەمەدا، توانیویەتی زۆر بەجوانی بەرگێکی کوردیی بکاتە بەر، بەشێوازێکی وەها کە هەر کەسێکی هونەرمەند و پسپۆڕ لە بواری شانۆگەرییدا بیخوێنێتەوە، دەڵێت: دەبێت کەسایەتییەکی کارا لەو بوارەدا نووسیبێتی.

شێخ حوسێن بەرزنجیی، وەک لێی دەگێڕنەوە، کەسایەتییەکی زۆر سادە بووە، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبووە. بەبۆنەی تەواوبوونی باخچەی گشتی قادر کەرەم، شەوی هەینی ١٩٤٧/٧/١٠ ئاهەنگێک دەگێڕدرێت، لەو ئاهەنگەدا شێخی شەهید خۆی و چەند هاوەڵێکی گۆرانییەکی زۆر خۆش بەناوی (موددەتێکە من گرفتارم بەدەس سەوداتەوە) دەڵێت.

ساڵی ١٩٥٨، کە ڕژێمی مەلەکی دەڕوخێت و ڕژێمی کۆماری بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم دێتە دەسەڵات. لە کەرکوک بەبۆنەی یادکردنەوەی ساڵێک بەسەر ڕژێمی کۆماریدا، بۆ پێشاندانی سەنگ و هەژموونی کورد لە شارەکەدا، ڕێپێوانێک ڕێکدەخرێت، کە لەپاشدا دەبێتە ئاژاوە و شەڕ و پێکادان و کوشتار لەنێوان کورد و تورکمان و عارەب، ئەویش بە پیلانی چەند کەسانێک لە شیوعییەکان لەلایەک و تورکمانە تۆرانییەکان لەلایەکی دی، کە خۆیان بەستبووەوە بە تورکیای کەمالی.

لە ئەنجامی ئەو شەڕ و پێکدادانەدا. چەند کەسێکی زۆر دەگیرێن، لەناو ئەوانەیشدا شێخ حوسێن و شێخ مارف. کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەگیرێن، دواتر دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە، کە ئازاد دەکرێن، بەڵام بەچەند ڕۆژێک پێشتر، لە ساڵی ١٩٦٣ بەعسییەکان کودەتا بەسەر عەبدولکەریم قاسم-دا دەکەن و دەیکوژن، ئیدی ئازادکردنیان ڕادەوەستێت، ئەو کەسانەی پێشتر لێیان دواین، خۆیان دەگەیێننە چەند ئەفسەرێکی بەعسی شۆڤێنی ڕەگەزپەرست. ئیدی کێشەی بەربوونی شێخ حوسێن و براکەی و چەند کەسانێکی دیکەی کورد دوادەخرێت، تا وای لێدێت، حکومەتی بەعس بە فرسەتی بزانێت، ئەم پۆلە کوردە ڕۆشنبیر و چالاک و ناودارانە بە بڕیاری دادگای سەربازی لە ١٩٦٣/٦/٢٣ لەسێدارە بدات، شێخ حوسێن و شێخ مارف و نزیکەی پەنجا کوردی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە شاری کەرکوک لە سێدارە دەدرێن و دەچنە کاروانی شەهیدانی کورد و کوردستانەوە.

**سروود و ئاوازی ئەی ڕەقیب:**


دەبێت ئەو ڕاستییە هەرگیز لەیاد نەکەین کە ئەم سروودە چ گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەنێو هۆش و دڵ و دەروون و هەست و نەستی هەموو کوردێک، کە باوەڕی بە نیشتمانپەروەریی و کوردایەتی (وەک هێمایەکی کەسایەتیی، نەوەک ڕەگەزپەرستیی) هەبێت.

ئەگەر هەر تاکێک بڕوای بە کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی کوردستان پارێزیی هەبێت، دەبێت بڕوای بە سونبولێتیی ئەم سروودەش هەبێت.

ئەم سروودە، لە سەردەمێکدا داڕێژرا، بۆنی هەڵگیرساندنی دووەم جەنگی جیهانی دەهات. گڕوتینی هەستی نەتەوەیی لە پەرەسەندندا بوو. هیچ ڕێکخراوێکی نەتەوەیی نیشتمانیی وانەبوو کە هەڵگری سیمای کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی بێت.

شاری کەرکووک، شارێکی شاز و ناوازە بوو.

**"دڵدار لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوەکەیاندا هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) دەخاتە بەردەم هاوبیرانی، هەموو سەیری دەکەن و پێیدەڵێن ئادەی بە دەنگی خۆت بۆمان بخوێنەرەوە"**




> زەبیحی بە ئامادەبوونی هێمن و هەژار، ئەم سروودە دەخەنە بەردەمی پێشەوا قازی و پێی دەڵێن لە نووسین و ئاواز دانانی دوو لاوی خوێنگەرمی کوردپەروەرەوەیە و زۆر لەبارە بۆ ئێستامان

لەو شارەدا، بێجگە لە کورد کە زۆرینەی شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری بوو، هەر لە مێژیش بوو مەسیحیی و کلدان و سریان لێ هەبوو.

بە دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایی و پیادەکردنی دەمارگیری عارەبی، بە عەرەبکردنی دەوروبەری کەرکووک و موسڵ دەستی پێکرد، خوێندن لەسەرانسەری ناوچە کوردنشینەکاندا بە زوانی عارەبی بوو. بە دۆزینەوە و هەڵکەندنی بیرەنەوتییەکان، تورکمانیشی هاتەسەر، کە هەندێک لە بنەماڵەی بە ڕەسەن کورد بە ڕواڵەتی لەگەڵ دەوڵەتی پاشاییدا بوون، بەڵام لە پشتی پەردەوە خۆیان خستبووە باوەشی دەوڵەتی تورکیای کەمالییەوە. بەم شێوەیە دیمۆگرافیی شارەکە بووە شارێکی فرەڕەنگ، لە نەتەوەی کورد و تورکمان و عەرەب. هەندێک لەو ڕۆشنبیرە کوردپەروەرانە، کەوتنە کاری ڕامیاریی. تاکە پارتێکی ڕامیاریی کە چالاکی خۆیان تێدا دەبینییەوە حزبی شیوعی بوو، بەڵام هەندێک لەو ڕۆشنبیرە چالاکانە هاتنەوە بە خویاندا، سەیریانکردن ئەم ڕێکخراوە سیاسییە هیچ خواستێکی نەتەوەیی و نیشتمانی تێدا نابینرێتەوە، لەبەرئەوە کەوتنە بیرکردنەوە لە دامەزراندن و پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کوردستانیی. لەم تەمومژەدا هەوێنی ڕێکخراوێکی کوردیی بەناوی حزبی هیوا خۆشکرا. کۆمەڵەی دارکەر کە پێشتر هەبوو، خۆی لەناو ئەو حزبە نەتەوەییەدا تواندەوە. لەو ئەندامە هەرە چالاکانەی کە لەم پارتەدا جێدەستیان دیاربوو (دڵدار)ی جوانەمەرگ و برایان شەهید شێخ حوسێن و شەهید شێخ مارف بوون. هەر لەو سەردەمەدا، وای دەخواست کە تەیاری نەتەوەیی و کوردایەتی زیاتر برەوی پێبدرێت. ئەویش بە دەسپێکردنی چالاکی و خەباتکردن لەڕێی نووسین و بواری دیکە. هاوسۆزیی بۆ کورد و کوردستان، وای خواست کە دڵداری خوێنگەرمی چالاک و شێخ حوسێنی نووسەر و هونەرمەند لە بازنەیەکی هاوبیرییدا بەیەک بگەن و بیرۆکەی ئەم سروودە پێکەوە دابڕێژن.

دڵدار لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوەکەیاندا هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) دەخاتە بەردەم هاوبیرانی، هەموو سەیری دەکەن و پێیدەڵێن ئادەی بە دەنگی خۆت بۆمان بخوێنەرەوە، پاش ئەوەی بۆیان دەخوێنێتەوە، پێیان دەڵێت: ئاخ خۆزگە نەمردمایە، ئەمە دەکرایە ئاوازێک و بڵاودەبووەوە، بەلایەکی چاویش دەروانێتە شێخ حوسێن چونکە هەموو دەیانزانی دەنگی زۆر خۆشە، ئەو دەتوانێت بەوکارە هەستێت. سەیر لەوەدابوو، دڵدار لە قسەکردنی ئاساییدا زمانی دەیگرت، بەڵام لە خویندنەوەی شیعردا ئەو گرتنەی ئەوەندە نەبوو، کە کۆبوونەوەکەیان تەواو دەبێت، شێخ حوسێن پارچە هۆنراوەکەی لێوەردەگرێت. لە گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەوە، هەر لە ڕێگا سرۆی بۆدێت و دەکەوێتە زمزمەکردن، شێخ مارفی برای پێدەڵێت ئەری کاکە ئەوە چی دەڵێیت لەبەر خۆتەوە؟ ئەویش پێیدەڵێت وازم لێبێنە لەسەر بەزمی ئەو شیعرە ئاوازێکم بۆ گەلاڵەبووە.

بەڵی بۆ دانیشتنی ئایندەیان پاش گفتۆگۆکردن لە بارودۆخی ڕێکخستنەکەیان، لەگەڵ (دڵدار) پێکەوە داوا لە هاوبیران دەکەن، کە گوێبگرن لە خوێندنەوەی شیعرەکە (بە دەنگی دڵدار) و چڕینی ئاواز (بە دەنگی شێخ حوسێن) هەموو کە گوێی لێدەگرن لە خۆشیدا باوەش بە یەکدا دەکەن و پیرۆزبایی لەیەکدی دەکەن. بەرەبەرە ئاوازەکە بڵاودەبێتەوە تا وای لێدێت لە هەندێک بۆنەدا خوێندکاران فێردەکرێن وەکو سروودێکی نیشتمانیی بیچڕن، کاتێکیش ڕژێمی مەلەکی هۆشی دێتەوە بە خۆیدا کە ئەمە سروودێکی سیاسییە، پاوانی دەکات. لەو دەمەشدا هەوێنی کۆماری مەهاباد خۆشدەکرێت، باس لەوەدەکرێت، بە چ سروودێک بانگەشەی کۆمار ئاشکرا بکرێت. ڕەوانشاد عەبدولڕەحمانی زەبیحی ناسراو بە مامۆستا عولەما بە ئامادەبوونی هێمن و هەژار ئەم سروودە دەخەنە بەردەمی پێشەوا قازی و پێی دەڵێن لە نووسین و ئاوازدانانی دوو لاوی خوێنگەرمی کوردپەروەرەوەیە و زۆر لەبارە بۆ ئێستامان (ئەوکاتیش مامۆستا هێمن و هەژار لە لووتکەی شیعرنووسیندا بوون) هەمووان، کە ئەمە دەبیستن، زۆریان لاپەسەند دەبێت. هەر دەسبەجێ کۆرسێک ڕێکدەخەن کە هەر لەنێویاندا ئەو سێ کەڵەبوێژە دەبنە کۆرس و لە ڕۆژی بانگەشەی کۆماردا بەدەنگێکی بەجۆشەوە هەموو دەیڵێنەوە و جەماوەرەکەیش لەبەر ئاسانی ئاواز و وشەکانی ئەوانیش لەگەڵیاندا دەیڵێنەوە. ئێمەی کورد، شانازیکردن بەو مێژووە پرسەروەرییە، دەبێت ئەو ڕۆژە هەرگیز لەیاد نەکرێت و هەر بە یاد و خۆشی ئەو ڕۆژە مێژوویەیشەوە دەبێت ئەو سروودە هەرگیز لەبیر نەکەین.



# بەشداری دڵدار لە پارت و کۆمەڵە سیاسییە کوردیەکاندا ( ١٩٣٦ـ ١٩٤٨ )



ئامادە کردنی: پ.ی.د. قارەمان نادر محەمەد

**ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی یونس ڕەئوف(دڵدار) بنەچەو ڕەچەڵەکی:**

یونس کوڕی مەلا ڕەئوف کوڕی مەلا مەحمود کوڕی مەلا سەعدی خادم سجادەیە١

لە ٢٠ـی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە شاری کۆیە، گەڕەکی بەفری قەندی لە دایک بووە (مەمەند، ٢٠١٣: ١٧؛ کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦) دایکی ناوی (زەهوە کچی خورشید ئەفەندی)٢ یەو لە ساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوای کردووە، لە بنەماڵەیەکی مەلازادەیە٣ کە لە ناوچەکانی زەهاوەوە بۆ کەنارەکانی زێی بچووک کۆچیان کردووە (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥) بارودۆخی ئابووری خێزانەکەیان خراپ بووە، بەهۆی ئەوەی سوپای عوسمانی چاڵە گەنمەکانی٣ ماڵی مەلا ڕەئوفیان دۆزیوەتەوە و تاڵانیان کردووە، بۆیە گوزەرانییان لە خراپەوە بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە٤ باوکی دڵدار فەرمانبەری میری بووە، بەهۆی کێشەیەک لەگەڵ قائیمقامی شاری کۆیە، مەلا ڕەئوف بۆ شاری ڕانیە گوازراوەتەوە (کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)


لەوێ بارودۆخیان کەمێک باشتر بووە، دڵدار لەگەڵ نەخۆشی هاوەڵی بەردەوام بووە، بە هۆی کاریگەری نەخۆشییەوە تووشی زمان گیران بووە (دڵدار، ١٩٧١: ٦)

سەرکەوتنی بەریتانییەکان و شکستی عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بارودۆخێکی ناڵەباری بۆ خانەوادەی مەلا ڕەئوف دروست کردووە، نەیاری بۆ بەریتانییەکان و دۆستایەتی بۆ عوسمانییەکان، مەلا ڕەئوفیان ناچار کردووە شاری ڕانیە بەجێ بهێڵێت و بەرەو شاری کۆیە بگوازێتەوە، دواتر بەرەو شاری هەولێر کۆچییان کردووە (دڵدار، ١٩٧١: ٤) لەوێ مەلا فەندی، کە دەکاتە خاڵۆزای مەلا ڕەئوف، گوندی بێستانەی پێداون، بۆ ئەوەی کشتوکاڵی تێدا ئەنجام بدەن و بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن، بەڵام دواتر بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە گوندەکەیان لێ وەرگیراوەتەوە و گەڕاونەتەوە شاری کۆیە، پاشان مەلا ڕەئوف دەبێتە فەرمانبەری ژمێریاری لە ڕانیە (علائەدین،١٩٨٥:١٥)

دڵدار لە تەمەنی نۆ ساڵیدا ١٩٢٧ چۆتە شاری کۆیە و خوێندنی فەرمی دەستی پێکردووە (کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦) تا بەهاری ساڵی ١٩٢٨ بەردەوام بووە. هەرچەندە بەر لە چوونی بۆ خوێندنی فەرمی، قورئانی خوێندووە٥ بەڵام بەر لە تەواوکردنی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بەهۆی دەوامی باوکیانەوە ماڵیان بۆ ڕانیە گواستۆتەوە، تا پۆلی دووەمی سەرەتای لە ڕانیە بەردەوام بووە، سەرەڕای نەخۆشی کە بەرۆکی بەرنەداوە، بەڵام دڵخۆش بووە و ژیانی ڕانیەی پێخۆش بووە، لەسەر داوای برا گەورەکەی (سەعدی) لە ساڵی ١٩٣٠ بۆ شاری هەولێر گواستراوەتەوە.

لە شاری هەولێر نیگەران بووە، تەنانەت لای وایە وەکو مەلێک وابووە، کە لەنێو قەفەسدا بێت (علاءالدین: ١٩٨٥:٢٤) بەهۆی خوێندنی

> **دڵدار یەکەمین هۆنراوەی لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٣٥ی گۆڤاری ڕووناکیدا بڵاوکردۆتەوە**



فەرمییەوە شار و شارۆچکەی زۆر گەڕاوە (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥) ئەمەش تێکەڵی لەگەڵ چین و توێژی جیاوازدا بۆ دروست کردووە (ئیبراهیم، ١٩٩٨: ١٧)

لەسەر داوای باوکی و ئاسفی برا گەورەی بەمەبەستی تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی ناوەندی چۆتە شاری هەولێر و لەوێ قۆناغی ناوەندی تەواوکردووە، پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن بۆ شاری کەرکوک دەگوازێتەوە (کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦) چونکە لەو سەردەمەدا شاری کەرکوک تاکە شار بووە، کە قۆناغی خوێندنی دواناوەندی لێبووە، خوێندکاران لەناوچە جیاوازەکانەوە بۆ تەواوکردنی دواناوەندی ڕوویان لەو شارە کردووە (کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦) و لە تەکیەی خادم سوجادە ژیاوە (طالبانی، ٢٠٠٨: ٣٤) قۆناغی خوێندنی لەشاری کەرکوک هەوێنی پێگەیشتن و گەشەکردنی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی دڵدار بووە (کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٧) بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستییە هۆنراوەی ئەی ڕەقیب و لاوی کوردان-ە کە لەو شارە دایناوە (علاءالدین: ١٩٨٥:٥٠) ژیانی خوێندەواری دڵدار لە جموجۆڵدا بووە، ئەوەی بە وردی یاداشتەکەی بخوێنێتەوە ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت، کە دڵدار ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕانکاریدا بووە.

دڵدار گەنجێکی سوروسپی موو زەردی باڵابەرزی گەنم ڕەنگ بووە (علاءالدین: ١٩٨٥:٨٢) لاوێکی زرنگ و توندوتۆڵ و خاوەن بیرێکی ژیرانە و تێڕوانینێکی دووربینانە بووە، گیانێکی خۆبردوانە و هەستێکی بەرزی هەبووە، بەهۆی سەختی ژیان و زوڵم و زۆری زەمان گیانی بەرگری لە ناخیدا ڕواوە، بەهۆی کەمی تەمەنەوە بەرهەمی نووسراوی کەم بووە (حلمی، ١٩٨٨: ٨-٩) کەسێکی واقیع بین بووە لە یاداشتەکەیدا کە عەبدولخالق عەلائەدین کۆیکردۆتەوە دەڵێت: دەمەوێت وەکو بیانییەک تەماشای خۆم بکەم، بۆ ئەوەی نەکەومە ژێر عاتیفەی خۆم و تەندروست زانیارییەکان بنووسمەوە و ڕوداوێــک کە ڕوینەدابێت نەیکەمە ڕوداو...(١٩٨٥: ١٢)

دڵدار ئارەزووی هونەر و وێنەکێشانی هەبووە، سەرەڕای زمانگیرانی لە وتاربێژیدا بە توانا بووە، کاتێک دەکەوتە ئاخاوتن درک بە زمان گیرانەکەی نەدەکرا، زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی، کەمێکیش فەڕەنسی زانیوە، نووسینی لاتینی زانیوە و خەتی خۆش بووە (علاءالدین: ١٩٨٥: ٨٢) شیعر دۆست بووە، لە سەرەتاییدا دیوانی حاجی قادری لەبەرکردووە، هەڵبەستی هەر شاعیرێکی دەست بکەوتایە لە بەریدەکرد، دیوانی نالی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندۆتەوە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری دیدی شاعیرە ناسراوە کوردەکانی وەکو حاجی قادر و وەفایی و بێکەس و پیرەمێرد و عەونی و ڕاجی و زێوەر و...هتد. دڵدار لە دەوری منداڵیدا ئەگەر شانازی بەوەوە کردبێت کە لە نەوەی خادم سجادە، ئەوانیش خۆیان بە نەوەی عوسمانی کوڕی عەفان دەزانن، بەڵام لە دواییدا بیروباوەڕی پێچەوانەی ئەو جۆرە بۆچوونە بۆتەوە (خەزنەدار، ١٩٨٤، ٨١)

"دیوانی نالی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندۆتەوە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری دیدی شاعیرە ناسراوە کوردەکانی وەکو حاجی قادر و وەفایی و بێکەس و پیرەمێرد و عەونی و ڕاجی و زێوەر"

بەشێک لە سیماکانی شیعری دڵدار بریتین لە هاندانی لاوان بۆ خەبات و کۆڵنەدان و کۆششکردن بۆ ڕزگار بوون لەو دواکەوتووییە نەتەوەییەی کە بەرۆکی گرتووە، سەرەڕای فەرامۆش نەکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی (ئەحمەد،١٩٨٩: ٢٤٠)

دڵدار زۆری دەخوێندەوە، لەو ڕۆشنبیرانە بوو، کە خۆیان خۆیانیان فێر دەرکرد، چونکە لەو سەردەمە دام و دەزگای ئەدەبی لە وڵاتدا نەبوو، شۆڕشە گەورەکانی جیهان کاریگەرییان لەسەر دڵدار هەبووە، بەتایبەت یەکێتی ئیتاڵیا و شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ لە هۆنراوەکاندا باسی ئەو شۆڕشانەی نەکردووە، گیانی دیموکراتی و هاندانی کۆمەڵ بۆ خوێندەواری و ئامۆژگاری کردنی لە ڕێگەیەکی شۆڕشگێڕییەوە ڕوون و ئاشکران لە بەرهەمەکانیدا (خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٠).

هۆنراوەی (ئەی ئەی لاو) نموونەیەکە لەو هاندانانەی، کە لەپێناوی وشیارکردنەوەی لاواندا پێشکەش کراوە:

***لەنێو گەلدا دەبێ ئیعلانی جەنگ کەی لەگەڵ جەهلا***

***علم چەک بێ لە ئەم جەنگە، وەتەن جێگەی کەمینت بێ*** (دڵدار، ١٩٧١: ١٨)

لە سەرەتای چلەکانەوە دەستی بە خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفی و مێژوویی و سیاسییەکان کردووە (ئەحمەد، ١٩٨٩:٩٧) ژیانی دڵدار لە بزاوتندا بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەکردندا بووە، ماوەیەک



سەرقاڵی خوێندنەوەی سەرچاوەکانی ئایینی بەهائی بووە، لەو ڕۆشنبیرانە بووە، کە لە بواری فێربووندا پشتیان بە خۆیان بەستووە، ماوەی ژیانی لە شاری بەغداد گرنگ بووە و ئاشنایەتی لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران پەیدا کردووە، ناسینی ستافی گۆڤاری گەلاوێژ یەکێک لەو نموونانە بوو (خەزنەدار، ١٩٨٤: ٥٩-٦٠)

هەڵبەتە بەر لەچوونی بۆ شاری بەغداد کاری ئەدەبی و بابەت بڵاوکردنەوەی ئەنجام داوە، دڵدار یەکەمین هۆنراوەی لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٣٥ی گۆڤاری ڕووناکیدا بڵاوکردۆتەوە (هەڵەبجەیی، ٢٠١٧: ٥٥)


دڵدار زێدی خۆی خۆش ویستووە و دیمەنی جوانی شاخ و باغ و دەشت و دۆڵەکان کاریگەرییان هەبووە، وەکو لە پارچەیەک لە هۆنراوەدا دەڵێت:

***من ڕۆڵەی کوردستانم، تازە ڕۆڵەی کوردانم***
***تاکو وڵات سەرکەوێ فیدایە ڕوح و گیانم***
(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٢١)


ئەم هۆنراوەیە و چەندین هۆنراوەی دی بەڵگەی نیشتمانپەروەری دڵدار پیشان دەدەن، سەرەتای پەیدابوونی هزری نیشتمانی لای دڵدار دەگەڕێتەوە بۆ بە پیرۆز زانینی وێنەی شا فەیسەڵی یەکەمی عێراق (١٩٢١-١٩٣٣) وەکو لە یاداشتەکەی خۆیدا لەو بابەتە دواوە و دەڵێت: ئاسفی برام زۆری هەوڵدا کە خۆم بناسم و کوردبوون لە ناخمدا جێگیر بکات، بەڵام بێ سود بوو، بەهیە کە کچی خاڵم بوو، پێکەوە یاریمان دەکرد و دەفتەرێکم هەڵگرت و فرێمدایە سەر ئەرز، بەهیە بە خێرایی هەڵی گرتەوە، وتی ئەمە وێنەی مەلیک فەیسەڵی کوڕی حەزرەتی حەسەنە، فڕێی مەدەرە سەر ئەرز، ئەگینا چاوت کوێر دەبێت، بەهیە خێرا خێرا وێنەکەی ماچ دەکرد، وتەکانی ئاسفی برام و ئەم وێنە ماچ کردنە، وتەکانی بەهیە پیرۆزی وێنەکەی خستە نێو دڵمەوە و پەلە بووم بەهیە واز لە ماچ کردن بهێنێت منیش ماچی وێنەکە بکەم، دەفتەرەکەم وەرگرت و بە مل کەچیەوە (خشوع)ەوە ماچێکم کرد و لە سەر مێزەکەم دانا، لێرە بە دواوە زیاتر لە یونسێک هەستی کورد بوون لە ناخمدا وروژا، تەنانەت حەزم دەکرد بە کۆڵانەکاندا باز بدەم و هاوار بکەم من کوردم من کوردم (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٢٦-٢٧)

ئەوەی لەم گێڕانەوەیەدا هەڵدەهێنجرێت ئەو پاڵنەرەیە، کە بووە هۆی دۆزینەوەی خود لە دوو توێی ڕووداوێکی سادەدا، کە تێیدا پرۆسەی کوردبوون لە ناخی دڵداردا گەشە دەکات و دواتر دەگاتە ترۆپک، لە سەردەمی ژیانی دڵداردا هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) دەبێتە مارشی نیشتمانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، دڵداریش دەکاتە یەکێک لە شاعیرە بە ناوبانگەکانی کوردستانی باشوور.

لەڕووی فکریشەوە دڵدار هەڵگری بیری چەپ بووە و لەو ڕوانگەیەوە دەیویست مافی نەتەوەکەی بە دەست بهێنێت، دۆستایەتی لەگەڵ ئایندا نەبووە، نوێژ و ڕۆژووی ئەنجام نەداوە (تالبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨) کێشەی لەگەڵ وجودیەتدا هەبووە، جاروبار سەردانی مزگەوتی کردووە و لەگەڵ فەقێکاندا کەوتۆتە گفتوگۆ و بە مولحید ناوزەندییان کردووە (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٤٥) ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە ڕەنگە بۆ ئەو تەوژمە ڕەوتە چەپە بگەڕێتەوە، کە لە سیەکانی سەدەی ڕابردوودا بیری مارکسی لەنێو ڕۆشنبیرانی کوردا گەشەی خێرای کردووە (الطالبانی، ١٩٩٦: ٤٤)



**وەستاوەکان لە ڕاستەوە: مەجید ڕەئووف، دڵدار، مەحموود جەمیل**
**دانیشتووەکان: ڕەشید باجەلان، ئاسەف ڕەئووف**



دڵدار بواری سۆزداری فەرامۆش نەکردووە و باس لەوە کراوە کە جۆرێک لە خۆشەویستی یەکلایەنەی بۆ (بەهیە فەرەجوڵڵای بەهای) هەبووە (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٦٥) عەبدولخالق عەلائەدین باس لەوە دەکات کە هۆمەری دزەیی سەردانی بەهیە خانی کردووە و باسی لە خۆشەویستی دڵداری بۆ ئەو کردووە، بەڵام بەهیە فەرەجوڵڵا بێ ئاگایی خۆی لەو هەستەی دڵدار دەربڕیوە (چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨)

لە ساڵی ١٩٤٥-دا دڵدار کۆلیژی مافی تەواوکردووە لە شاری کۆیە نیشتەجێ بووە و بە کاری پارێزەرەیەوە سەرقاڵ بووە (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥) لە شارەکانی کۆیە و هەولێر و ڕانیە و قەڵادزێ کاریکردووە و لە نووسین و خوێندنەوەش دانەبڕاوە. لە بەهاری ١٩٤٨دا کاربەدەستانی میری داوایان لێکردووە کە ببێتە بەڕێوبەری ناحیەی سەنگەسەر و بە وەکالەت کاروباری قایمقامیەتی ڕانیەش بەڕێوە ببات، هەرچەندە ئەو پۆستە بۆ ئەو سەردەمە شایستەی بایەخ پێدان و گرنگ بووە، بەڵام دڵدار پێشنیارەکە ڕەتدەکاتەوە (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٤)

هۆکاری ئەو ڕەتکردنەوەیە ڕوون نییە، ڕەنگە پەیوەندی بەو هەستە نیشتمانییەوە هەبووبێت، کە ناخی دڵداری پێ بارگاوی کرابوو، لەگەڵ ژینگە و مامەڵەی کاربەدەستانی میری نەدەگونجا. یاخود سەرقاڵی کاروباری ڕۆژانە بووبێت.

مەلا ڕەئوفی باوکی دڵدار لە ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کردووە و ئاسفی براگەورەی کە شوێنی باوکی بۆ گرتبۆوە لە ساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوای کردووە، کۆچی دوای ئاسف کاریگەری زۆری کردۆتە سەر لایەنی دەروونی دڵدار (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٤)

> **“ دڵدار هەڵگری بیری چەپ بووە و لەو ڕوانگەیەوە دەیوست مافی نەتەوەکەی بە دەست بهێنێت، دۆستایەتی لەگەڵ ئایندا نەبووە ”**

دڵدار نەخۆشی ڕۆماتیزم و ئاوسانی دڵی هەبووە، لە ١٩٤٨/١١/١٢ لەنێو بازاری شاری هەولێر لەئاست هوتێل شیمال بەهۆی ژەهراوی بوونی گەدەوە دەکەوێت و بارودۆخی تەندروستی تێک دەچێت، خەڵکی دەڤەرەکە هیچ جۆرە هاوکاریەک پێشکەش بە دڵدار ناکەن و بە سەرخۆشی تێ دەگەن، بەتایبەت زمانی تەواو نەبووە و لایان وابووە بەهۆی مەی خواردنەوەوە ئەو بارودۆخەی بەسەر هاتووە، پاش ماوەیەک

> **دڵدار لە شاری هەولێر لە قۆناغی ناوەندی، بەچەشێرانی دروست کردووە**

بە عارەبانەی حەمباڵی لەبری نەخۆشخانە دەیگوازنەوە بۆ پۆلیسخانە، ئێشکگری پۆلیسخانە بۆ یاری کردن، چۆتە دەرەوەی بنکەکەو ئامادە نابێت بگەڕێتەوە بۆ ناوەندەکەی، مانەوەی دڵدار لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستی و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٨-٧٩؛ خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٦)

عەبدولخالیق عەلائەدین لە بەدواداچونی بۆ ئەو ڕوداوە نووسیویەتی (دەرئەنجامی توێژینەوەی پۆلیس دەری خستووە کە خواردنگەی یانەی فەرمانبەران هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبووە، بەڵام دڵدار هەمان ڕۆژ بەو سەرما و سۆڵەیەدا چەند کاتژمێرێک لە کۆیەوە تا هەولێر بەڕێوە بووە و سەختی زۆری کێشاوە (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٩) ڕەنگە ئەوە هۆکاری ژەهراوی بوونەکەی بووبێت، سەرەڕای ماندوبوونێکی زۆر، ئەو ژەمە میمبەری سوورەوەکراوی خواردووە، کە چەوریەکی زۆری تێدایە و هەرس کردنی سەختە.

### ژیانی سیاسی دڵدار

ژیانی سیاسی دڵدار بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کە هەر قۆناغێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەوڵدەدەین چەند وێستگەیەک لە ژیانی سیاسی دڵدار لەنێو کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکاندا شەنوکەو بکەین:

**یەکەم: کارکردنی دڵدار لەنێو بەچە شێران-دا:**

کارە سیاسییەکانی دڵدار لە ناوەندییەوە دەستی پێکردووە، دەکرێت وای دابنێین کە ئەو پەروەردە سیاسییەش بۆ خانەوادە و کاریگەری ژینگەیەکەی دەوروبەری دەگەڕێتەوە، دڵدار لەگەڵ ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەکانیدا گەورە بووە و درکی بەو دابڕان و بەشخوراوییە نەتەوەییە کردووە، کە لەسەر دەستی حکومەتی عێراق بەسەر نەتەوەکەیدا هاتووە، جگە لەوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی ژمارەیەکی

زۆری پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دامەزران و مۆرکی سیاسییان پێوە دیاربوو، وەکو کۆمەڵەی زانستی لە کەرکوک ١٩٢٦، کۆمەڵەی برایەتی ١٩٢٧، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان لە ساڵی ١٩٣٠، یانەی سەرکەوتن لە ساڵی ١٩٣٠، کۆمەڵەی برایەتی لە ساڵی ١٩٣٧...هتد (فاتیح، ٢٠١٢: ٩٢-٩٧) ڕەنگە ئەمەش پاڵنەرێکی دی بووبێت بۆ گەشەسەندنی بیری سیاسی دڵدار.


دڵدار لە شاری هەولێر لە قۆناغی ناوەندی، بەچەشێرانی دروست کردووە، لەیاداشتەکەیدا هاتووە، کە ئاسفی برای کە بە سەرەتای کوردبوونی ئاشنا کردووە، داوای لێکردووە لەگەڵ هاوڕێکانی بە هاوڕێکانی بڵێن تۆ چیت، ئەگەر گوتی من کوردم، ئەوا پێی بڵێن بەچەشێر، ئەگەر نەیوت من کوردم ئەوا پێی بڵێن بەچەڕێوی و هێرشی بکەنە سەرو لێی بدەن، بۆ ڕۆژی دوای سێ نانەقەزوانی سوێرم کڕی و بە سەرچوار برادەردا دابەشم کرد، پێم وتن بە قوتابییەکان بڵێن تۆ چیت ئەگەر گوتی کوردم، ئەوە بە بەچە شێر بانگی بکەن، ئەگەر وای نەوت، پێی بڵێن بەچە ڕێوی و لێی بدەن، لەماوەی یەک هەفتەدا کاتێک زەنگی پشوو لێ دەدرا، دەنگی بەچەشێر لە خوێندگاکەدا بەرز دەبوەوە، کە کوردەکان بەچەشێرن (بەچە شێر بەچە شێر بەرز دەبوەوە) ڕاوی بەچە ڕێوییەکانیان دەنا، سکاڵا گەیشتە بەڕێوبەر، بەهۆی فشاری بەڕێوبەرەکەوە ڕێگەی لە کارکردنی گیراوە و زوو خامۆش کرایەوە، بەڕێوبەر وتی هەر کەسێک بڵێ بەچە شێر سەری دەشکێنم و هەرکەس بڵێت بەچە ڕێوی قاچی دەشکێنم، هەمووتان کورد و کوڕی پیاون (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٢٧ ) هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیەکی ئەوتۆ بەو جووڵانەوەیە نەکراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین پێدەچێت ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری، وەکو بازنەیەکی بچووکی قوتابیان بووە و مۆرکێکی سیاسییانەی هەبووە، چونکە کەسانی ڕۆشنبیری ئەو قۆناغە دەرخەری هوشیاری و بە ئاگایی ئەوون و جیاواز بووە لە هاوڕێکانی.

**دووەم: کارکردنی لە کۆمەڵەی منەوەران:**


دەکرێت سەرەتای کاری سیاسی دڵدار بۆ شاری کۆیە و زێدی باوک و باپیرانی بگێڕینەوە، کۆیە وەکو نێوچەیەکی دیاری باشووری کوردستان کە دانیشتوانەکەی هەڵگری جۆرێک لە هەستی نیشتمانی و جووڵەی نەتەوەیی بوونە، پشکی دیاریان لە جوڵانەوە سیاسیی و ڕووناکبیرییەکانی سەدەی بیستەمدا هەبووە، زۆرجار ڕۆڵی ڕابەرایەتییان لەو بوارەدا گێڕاوە، دڵدار یەکێک لەو کەسایەتییانەی ئەو بوارە بووە، کە لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕوناکبیر و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە شاری کۆیە (فاتیح، ٢٠١٢: ١٠٥) خولیای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون (کە بتوانن لەو چوارچێوەیەدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆیان بدەن، دوای بیروڕا گۆڕینەوە و گفتوگۆکردن لە ساڵی ١٩٣١دا (کۆمەڵەی منەوەران)یان لە شاری کۆیە دامەزراند، لەنێو خەڵکی شارەکەدا بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە ناوبانگی دەرکرد (تەیب، ٢٠٠٨: ١١٧) ڕەنگە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە ناوە بۆ ئەو مەترسیانە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستنگانەی دەبوونە ڕێگر بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی، چونکە هەموو جۆرە کاری سیاسییەک لە دەرەوەی یاسا و بێ مۆڵەت قەدەغە بوو، مۆڵەت وەرگرتن بۆ کارکردن لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانیش ئەستەم بووم، دەروازەکان بەڕووی جووڵانەوە سیاسی و نیشتمانییەکاندا داخرا بوو (الطالبانی، ٢٠١٠، ١٧٢) لە بەرئەوە دەکرێت کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە تەنیا تێڕوانینی خەڵکی شارەکە، بۆ ئەو نوخبە ڕۆشنبیرانەی شارەکە کە کۆمەڵەکەیان هەڵسوڕاندووە٦ دواتر ئەم کۆمەڵەیە (منەوەران) بوو بە بەشێک لە کۆمەڵەی لاوان کە بنکەکەی لە شاری بەغداد بوو (زامدار، ٢٠٠٤: ٧٤)

**سێیەم: کارکردنی دڵدار لە کۆمەڵەی دارکەر**

لەکاتێکدا تەوژمی بیری نەتەوەیی جیهانی هاندەری قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بووە، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک تا لە ڕێگای ئەو کۆمەڵەیەوە مافەرەواکانی گەلی کوردستان بەدەست بهێنن، گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنی لەلایەن دڵدارەوە پێشنیارکرا و خرایە بەرباس، دوای تاوتوێکردن و بیروڕا گۆڕینەوە، لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی دواناوەندی مەرکەزی



**"تێکڕای توێژەران و نووسەران جەخت لە ڕۆڵی دڵدار دەکەنەوە، کە داینەمۆی کۆمەڵەکە و سەرۆکی یەکەم و دوا سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە"**



شاری کەرکوک لەنیوەی یەکەمی مانگی ئەیلولی ١٩٣٧ بڕیاردرا کۆمەڵەیەک بە ناوی دارکەر لە شاری کەرکوک دابمەزرێت (طالبانی، ١٩٩٦، ٣٢، شریف، ١٩٨٩: ٩٤، شاوێس، ١٩٨٥: ١١)

موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت: لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە تەنیا من لە ژیاندا ماوم، منیش ئەمە بە هەل نازانم کە بڵێم من ئەو کۆمەڵەیەم دامەزراندووە، بیرەوەری ئەو لاوە دڵسۆزە، کە ئەو بیرەی خستە دەروونی ئێمەوە و کۆمانی کردەوە بۆ دامەزراندنی بناغەی کۆمەڵەکە زیندووی بکەمەوە و سەری ڕێزیشی بۆ دادەنوێنم، لە پێچ و پەنایی خۆهەڵکێشاندا بەشخۆر نەبێت و مافی ڕەوای خۆی پێ بدرێت، من چۆن ئەوە لە بیر بکەم کە دڵدار منی ڕاکێشایە پەنا دیواری خوێندنگاکە و داوای لێکردم کە ئێوارە سەعات چوار لە گەرەکی بەگلەری قۆریە لە ماڵی بورهان جاف ئامادبم بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکە (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن : ٢٠١٨/١/٨ ؛ دەباغ، ١٩٩٧: ٩)

ئامادەبوانی کۆبونەوەی ماڵی بورهان جاف (١٩٨٣ مردووە) کە یەکەمین کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بوو بریتی بوون لە یونس ڕەئوف (دڵدار) بورهان جاف، کاکە حەمەی خانەقا (١٩١٨-١٩٦٣) موکەڕەم تاڵەبانی (١٩٢٣ لە دایک بووە) جەلال قادر، لە کۆبونەوەکەدا دڵدار وتارێکی پێشکەش کرد و باسی لەو کارەساتانە کرد کە بەسەر کورد هاتووە و چۆنێتی دابەشکردنی کوردستانی گەورە بەسەر چوار پارچەدا (طالباني، ١٩٩٦، ٣٢) ئەم تەرزە وتارە نەتەوەییانە لە تێکرای ژیانی سیاسی دڵدار-دا ڕەنگی داوەتەوە، لە هەر کۆمەڵە و حزب و ڕێکخراوێکیش کاری کردبێت، دید و تار و دروشمی نەتەوەییانە بە سیمای ئەو شوێنانەوە دیاربووە، ئەمەش بۆ کاریگەری دڵدار دەگەڕێتەوە کە تواناى شوێنکردنەوەی هزری خۆی هەبووە و پاشکۆی بیرکردنەوە جیاوازەکان نەبووە.

**"هۆکاری ناونانی کۆمەڵەکەش دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکردنی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتاڵی کە لە ساڵی ١٨١١ بە مەبەستی هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکێتی ئیتاڵیا دروست بووە"**

فەیسەڵ دەباغ ئاماژەی بەو ڕەخنانە کردووە کە موکەڕەم تاڵەبانی ئاراستەی زانیارییەکانی عەبدوستار تاهیر شەریفی دەکات کە لە مستەفا عوزێرییەوە (١٩١٨-١٩٨٥) زانیارییەکانی گواستۆتەوە٧ بە ناڕاستی داوەتە قەڵەم و دەڵێت:

ئەو کەسانەی عەبدولستار بە دامەزرێنەری دارکەریان دەزانێت، ئەوانە تەنها دامەزرێنەری لقی هەولێری دارکەرن، کۆمەڵەکەش لە کەرکوک دامەزراوە، نەک لە هەولێر (دەباغ، ١٩٩٧: ٧، بابان، ٢٠١٢: ٤٧٥) ماکداولیش هەمان بۆچوونی پێشکەش کردووە، کە کۆمەڵەکەی لە شاری کەرکوک دامەزراوە (ماکداوڵ، ٢٠٠٥: ٤٧٤)

دەباغ شرۆڤەی بۆچوونە جیاوازەکانی کردووە، بەڵام پشتیوانی لە بۆچوونی مستەفا عوزێری دەکات، کە دەڵێت: دارکەر لە هەولێر لە لایەن یونس ڕەئوف و مستەفا عوزێری و جەلال قادر و موسا عەبدولسەمەد و ئیحسان حاجی ئەحمەد باخچەچی و ڕۆستەم عەبدولجەبار-ەوە دامەزراوە، هێرش دەکاتە سەر موکەڕەم تاڵەبانی و دەڵێت: ئەو تەنیا ئەندامی لقی کەرکوک بووە و ئاگاداری دامەزراندنی کۆمەڵەکە نەبووە (١٩٩٧: ١٠-١١)

چەند بۆچوونێکی دیش هەیە هەمان زانیاری پشت ڕاست دەکەنەوە، کە کۆمەڵەکە لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی دڵدار دامەزراوە (شاوێس،١٩٨٥: ١١؛ حیدری، ٢٠٠٤: ٢٤؛ ڕەسوڵ، ٢٠٠٥: ١٤) لەکاتێکدا ئەو خوێندکارانە تێکڕایان لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بوون (دەباغ، ١٩٩٧: ١٢).

ئەم بۆچوونانە ڕەتدەکەینەوە، پاساویشمان ئەوەیە:

١- قۆناغی ناوەندی زۆر زووە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی، کە بتوانێت کاریگەری هەبێت و بەو شێوەیە بڵاوبێتەوە.

٢- قۆناغی خوێندنی دواناوەندی تەنیا لە شاری کەرکوک هەبووە، لە تێکڕای دەڤەرەکانی ترەوە خوێندکاران ڕوویان لەو شارە کردووە، ئەمەش تێکەڵەیەک لە بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست کردووە، کە دەبێتە هۆی لە دایکبوونی جووڵانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری (خەزنەدار، ١٩٧٧: ٨)

٣- جگە لەوەی کەرکوک تاکو ساڵی ١٨٦٩ سەنتەری حکومڕانی عوسمانییەکان بوو، کە بە ویلایەتی شارەزوور ناسراوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی شارەکە هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە دامەزراندنی کۆمەڵەی



دڵدار لەکاتی پارێزەرایەتی


سیاسی و یانەی ڕۆشنبیریی و بوونی چەندین تەکیە و خانەقا و خوێندنگای ئایینی خانەقای سەید ئەحمەدی خانەقا و تەکیەی تاڵەبانی و خوێندنگای سوڵتانیە و روشدیە، خوێندگای مەلا عومەر گومبەتی، بڵاوبونەوەی تەریقەتەکان.

ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگە تێکڕای توێژەران و نووسەران جەخت لە ڕۆڵی دڵدار دەکەنەوە، کە داینەمۆی کۆمەڵەکە و سەرۆکی یەکەم و دوا سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە، هەرچەندە تەمەنی کۆمەڵەکە درێژ نەبووە، بەڵام بەراورد بە تەمەنی دامەزرێنەران و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە کارێکی قورسیان کەوتۆتە ئەستۆ.


سەبارەت بە هۆکاری ناونانی کۆمەڵەکەش دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکردنی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتالی کە لە ساڵی ١٨١١ بە مەبەستی هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکێتی ئیتاڵیا دروست بووە (عەبدوڵلا، ١٩٩٩: ٥٩) هاتنە پێشەوەی ناوێکی وا، دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی وانەی مێژووی (کە لە نەتەوەی عەرەب بوو) ئەوروپا لە دواناوەندی مەرکەزی کەرکوک و بە تایبەت خوێندنی چۆنێتی دروستبوونی یەکێتی ئەڵمانیا و یەکێتی ئیتاڵیا، موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت: مامۆستای مێژوومان سەرسام بوو بە یەکێتی ئەڵمانیا، هەمیشە باسی لەو یەکێتیە دەکرد، لای وابوو پێویستە هەوڵ بدرێت کە ئەو هەوڵانە لە جیهانی عەرەبیشدا جێبەجێ بکرێت٨ یەکێتی وڵاتانی عەرەبی دروست بکرێت (تاڵەبانی:٢٠١٨/١/٨) بۆچوونێکی دی هەیە کە دارکەر بۆناوی داریکەلی گوندەکەی شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨١-١٩٥٦) دەگەڕێتەوە (دەباغ، ١٩٩٧: ٩) گوایە وەکو خۆشەویستییەک بۆ خەبات و ماندوبوونی شێخ مەحموود ئەم ناوەیان لە کۆمەڵەکە ناوە، بەڵام ئەم بۆچوونە لاوازە و دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە زۆرینەی سەرچاوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دارکەر بۆ کاربۆناری ئیتاڵیا دەگەڕێتەوە (طالبانی، ١٩٩٦، دەباغ، ١٩٩٧: ٧، شریف، ١٩٨٩: ٩٤) جگە لەوەی لەو سەردەمەدا هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان شێخ مەحمود و بزووتنەوە کوردیەکاندا نەبووە، تەنانەت لە سەردەمی حکومداری شێخ مەحموود-یشدا پەیوەندی لەنێوان شاری کەرکوک و حکومەتی شێخ مەحموود پتەو نەبووە.

ئەو کۆمەڵە خوێندکارەی کە دارکەریان دامەزراند هاوشێوەی مامۆستاکەیان کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیر و هزری خۆراواییەکان و بیریان لە یەکێتی نێوان پارچەکانی کوردستان دەکردەوە، بەڵام یەکێتی ئیتاڵیایان کردە نموونە بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەییان (ڕەسوول، ٢٠٠٥: ١٣٤، هۆمەر، ٢٠٠٦: ١٥٧) لاسایی کردنەوەی ئەو ڕێکخراوە لە دروشم و گوتارەکانی دڵدار-دا ڕەنگی داوەتەوە کە بریتی بوو لە ڕزگاری بۆ کوردستان و یەکگرتنی پارچەکانی دی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بە دروشمی بژی کورد و کوردستان دەستیان بە کارەکانیان کرد بوو (طالباني، ١٩٩٦: ٣٦) هەرچەندە پەیرەو پرۆگرامی نوسراوییان نەبوو، بەڵام کۆمەڵەکە شەقڵێکی نەتەوەیی هەبووە و هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانی داوە، گەلاڵەنامەی ئەو دروشمانەش بەرهەمی هزر و بیری سیاسی دڵدار بوون (الطالباني، ١٩٩٣: ٢١)

دارکەر بۆ ڕێکخستنی کارەکانی لە حوزەیرانی ١٩٣٨ کۆنگرەی یەکەم و کۆتایی خۆی بەست، کاتێک کە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران لەناوچە جیاوازەکانەوە بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆری سەردانی کەرکوکیان کرد بوو، دوای تەواوکردنی



"
بۆچونێکی دی هەیە کە دارکەر بۆناوی داریکەلی گوندەکەی شێخ مەحموودی حەفید دەگەڕێنەوە
"



تاقیکردنەوەکان، کۆمەڵەکە بە ئامادەبوونی ٦٠ خوێندکار لە باخچەی ئوم ئەلرەبیعەین (أم الربعین) کۆنگرەکە بەڕێوەچوو (الطالبانی، ٢٠١٠، ١٧٥، دەباغ، ١٩٩٧: ٨) کۆنگرە وەرچەرخان بوو بۆ کۆمەڵەکە و تا دەهات ژمارەی ئەندامانی بە خێرایی زیادی دەکرد، زۆرینەی چین و توێژەکان بەتایبەت خوێندکارانی کورد کە لە کەرکوک دەیانخوێند بوونە ئەندام لە کۆمەڵەکەدا (فەیزی، ٢٠٠٦، ١٨) ئەم گەشەکردنەش بۆ لێهاتوویی دڵدار دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی چالاک کارەکانی بەڕێوە بردووە (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨) پاش ماوەیەکی کورت خەڵکی جیاواز لە ناوچەی جیاوازەوە لە کۆمەڵەکە کۆبۆتەوە و لقی لە شارەکان کردووەتەوە، بەتایبەت کەرکوک، سلێمانی، کۆیە، شەقڵاوە، چەمچەماڵ، بەغداد، خانەقین (هۆمەر، ٢٠٠٦: ١٥٩، دەباغ، ١٩٩٧، ١٦)

دیارترین ئەو کەسانەی لەم کۆنگرەیەدا بەشداربوون بریتی بوون لە: دڵدار(یونس ڕەئوف) کاکە حەمەی خانەقا، حامد جاف، نووری شاوێس، موسا عەبدولسەمەد، مستەفا عوزێری، ڕۆستەم عەبدولجەبار، عوسمان میران، مەعرووف بەرزنجی، حوسێن بەرزنجی، فەخرەدین پشدەری، فازل تاڵەبانی، ڕەشید باجەلان، نورەدین بەهائەدین، فەتاح عەبدەلجەبار، ڕۆستەم عەبدولجەبار... لەو کۆنگرەیەدا داوا کرا کۆمەڵەکە بکرێت بە پارتی سیاسی و چەند کەسایەتییەک خرانە بەر باس بۆ ئەوەی ئەرکی سەرۆکایەتی ئەو پارتە بگرنە ئەستۆ و کارەکان ڕاپەڕێنن٩ چونکە کۆمەڵەکە پرۆژەی دروستکردنی پارتی داڕشتبوو هیچ کەسێکی بۆ سەرۆکایەتی هەڵنەبژارد، بەڵکو پێشنیاز کرا، کە لە دەرەوەی کۆنگرە، ئەندامانی کۆمەڵە کەسێکی بەهێز و خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی بۆ ئەو ئەرکە دیاری بکات، دیارترین ئەو کەسانەش کە پێشنیاز کران بۆ سەرۆکایەتی بریتی بوون لە:

محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨) تۆفیق وەهبی (١٨٨٩-١٩٨٤) جەمال بابان (١٨٩٣-١٩٦٦) مەعرووف جیاوک (١٨٨٥-١٩٥٨) ماجد مستەفا (١٨٩٦-١٩٧٤) ڕەفیق حلمی (١٨٩٨-١٩٦٠) پاش گفتوگۆ بڕیاردرا کە لەگەڵ ڕەفیق حلمی ئاخاوتن بکرێت و داوای لێ بکرێت بۆ ئەو کارە، چونکە

**ئەندامانییان بە خەنجەری کوردی و قورئان و گوڵە گەنم سوێند دەدا تا خیانەت لە گەل و نیشتمان نەکەن**

زۆربەی دامەزرێنەران گەنج بوون و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناسراوییان نەبوو و پێویستییان بە کەسێکی دیار هەبوو بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکان (دەباغ، ١٩٩٧، ١١) ڕەفیق حلمی، کە کەسێکی ناسراو و لێهاتوو بوو، پێشتریش بەڕێوەبەری دواناوەندیەکە بووە و پەیوەندییەکی گیانی لەگەڵ خوێندکارەکاندا هەبووە، ئەمەش تای تەرازووی هەڵسەنگاندنەکەی قورستر کرد بوو (دەباغ، ١٩٩٧: ٨-٩) دوای ئەوەی بابەتەکە لەگەڵ ڕەفیق حلمی باس کرا، کە ببێتە سەرۆکی کۆمەڵەکە ئەویش پێشنیازەکەی قبوڵ کرد (طالبانی، ١٩٩٦، ٣٩-٤١، شریف، ١٩٨٩: ٩٨) لە سەردانێکی ڕەفیق حلمی لە پایزی ١٩٣٨ دا بۆ شاری کەرکوک و کۆبوونەوەیان لە ماڵی مامی دڵدار لە گەڕەکی بولاق قسە کرا لەسەر گۆڕینی ناوی کۆمەڵەکە بە هەمان ئامانج و هەمان ستافەوە (طالبانی، ١٩٩٦، ٣٩-٤١) کۆمەڵەکە بە تەمەنێکی بچووک و ستافێکی تەمەن بچووکەوە دوای یەک ساڵ بوو بە ناوکی لە دایک بوونی پارتێکی نوێ بە ناوی حزبی هیوا.


**چوارەم: کارکردنی دڵدار لە حزبی هیوا**[11]

لە کۆنگرەی یەکەمی دارکەردا، کە لە شاری کەرکوک باخچەی ئوم ئەلرەبیعەین (أم الربعین) ئەنجامدرا، شرۆڤەی دروستکردنی پارتێکی سیاسی کرا، تا لە بوارێکی فراوانتردا کارەکانی کۆمەڵە ئەنجام بدرێت، لەو کۆنگرەیەدا دڵداری دامەزرێنەر گوتاری کۆنگرەکەی پێشکەش کردووە و داینەمۆی کۆبونەوەکە بووە (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨)، پاکیزە ڕەفیق حلمی لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٢٢٨٩ی ڕەخنە ئاراستەی ئەو بۆچوونە دەکات، کە دڵدار بە دامەزرێنەر بزانرێت و ئاماژەی بەوە کردووە،

**"ئەو ڕێکخراوە لە دروشم و گوتارەکانی دڵدار-دا ڕەنگی داوەتەوە کە بریتی بوو لە ڕزگاری بۆ کوردستان و یەکگرتنی پارچەکانی دی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی"**

دڵدار تەنیا قوتابیەکی تەمەن١٤-١٥، ساڵانێک بووە، لای وایە ناکرێت باوەڕ بەوە بکرێت کە لەو تەمەندا کاری وا گەورە ئەنجام بدرێت (١٩٩٥: ٦) موکەڕەم تاڵەبانی تاڵەبانی لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاریدا (٢٣١٢ و ٢٣٨١) دا بە ناوونیشانی دەمەتەقێیەک لەگەڵ پرۆفیسۆر د.پاکیزە ڕەفیق حلمی و هەندێک ڕاستی دی سەبارەت بە چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخ وەڵامی داوەتەوە و ئەو زانیارییانەی کە پاکیزە بڵاوی کردۆتەوە بە هەڵەی دەزانێت (١٩٩٥: ٧؛ ١٩٩٦: ٨)

دوای ئەوەی دڵدار و کاکە حەمەی خانەقا پەیوەندییان بە ڕەفیق حلمیەوە کرد و سەرۆکایەتی کۆمەڵەکەی قبوڵ کرد، پاش چەند مانگێگ سەردانی شاری هەولێری کردووە و لە باخچەی جەمیل میران١٢ لە شەقڵاوە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی دارکەر ئەنجامدا، کە بە کۆنگرەی دووەمی دارکەر ئەژمار کراوە (الطالبانی، ٢٠٠٢: ٤٣، کاکە سور، ٢٠٠٠: ٩٧) بۆچوونی مێژوونووسان سەبارەت بە دروستبوونی حزبێکی نوێ کە دواتر بە حزبی هیوا ناسرا جیاوازە، کاوس قەفتان لای وایە لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٨ پارتی هیوا دروست بووە (١٩٩٨: ٢٦) موکەڕەم تاڵەبانی لە کتێبەکانی خۆیدا سەبارەت بە حزبی هیوا ئاماژەی بە ساڵی ١٩٣٩ کردووە، بەڵام لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ٢٠١٨/١/٨ لە شاری سلێمانی ئەنجامماندا، گوتی لە کۆتایی ١٩٣٨ هیوامان دامەزراندووە، عەبدولستار تاهیر شەریف لای وایە لە ١٩٣٧ دامەزراوە (١٩٧٨: ١٦-١٧) بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان ئاماژەییان بە ساڵی ١٩٣٩ کردووە (شاویس، ١٩٨٥: ٢٠-٢١، میسری: ٢٠٠٤، ١٠، المزوری، ٢٠٠٨، ٥٩-٦٠؛ الطالباني، ١٩٩٧، ٤١) بەشێوەیەکی گشتی بەرواری دامەزراندنی حزبی هیوا نادیارە، بەڵام دەکرێت ئەو کۆبوونەوەیەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٨ لە نێوان ڕەفیق حلمی و دڵدار لە شاری کەرکوک ئەنجام درا، بە بەرواری دامەزراندنی حزبی هیوا دابنرێت، چونکە دڵدار و ڕەفیق حلمی کۆڵەگەی پارتەکە بوون و بڕیارەکان لەو کاتەدا لە لایەن دڵدارەوە دەدرا. چونکە پارتی هیوا کە بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حلمی و سکرتێری دڵدار دەست بەکار بوو، لە کاتێکدا




دڵدار لە تەمەنێکی بچوکدا بووە (بەراورد لەگەڵ تەمەنی ئەندامانی دی) لەوکاتەدا پۆلی پێنجەمی دواناوەندی بووە (ڕەسووڵ، ٢٠٠٦، ١٢٢-١٢٣، ئەحمەد، ١٩٨٩، ١٠٥) ئەمەش بۆ ژیری و لێهاتوویی دڵدار دەگەڕێتەوە، چونکە سەختە ئەگەر لۆژیکانە بە بارودۆخی ئێستای بەراورد بکەین، بتوانین قەناعەت بە خۆمان بهێنین کە لەو تەمەنەدا داینەمۆی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەیەک و دواتر دروستکردنی حزبێک بکات، حزب بە خێرایی پەرەی بە ڕێکخستنەکانی داو چین و توێژی جیاوازی کۆکردەوە وەکو (مامۆستایان و خوێندکاران، پارێزەران و ئەفسەران و پزیشک و سەرۆک هۆزەکان...) (هۆمەر، ٢٠٠٦: ١٦٠) ئەندامانییان بە خەنجەری کوردی و قورئان و گوڵە گەنم سوێند دەدا تا خیانەت لە گەل و نیشتمان نەکەن و لە پرنسیپەکانی حزب لا نەدەن و نهێنی نەدرکێنن و بۆ مافەکانی کورد تێبکۆشن (تەیب، ٢٠٠٨، ١٢١-١٢٢) هەرچەندە حزب پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی نوسراوی نەبووە، لە ترسی ئەوەی، نەک بکەوێتە بەردەستی کاربەدەستانی حکومەت و کێشە دروست بکات، تەنیا لە ڕێگەی زارەکییەوە کاروبارەکان ڕێکدەخران (فاتیح، ٢٠١٢: ٩٩)

دڵدار چەقی کارکردنی خستبووە، نێو شاری هەولێر بەگشتی و شاری کۆیە بەتایبەتی، لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠دا دڵداری سکرتێری هیوا و چەند ئەندامێکی دی هیوا سەردانی شاری کۆیەیان کردووە، بەشێک لە قوتابیانی خوێندنگەی دووەمی سەرەتایی کۆکردەوە، کە ئارەزوویان دەکرد ببنە ئەندام لە حزب، پاش سوێند خواردن بوونەتە ئەندام لە حزبدا (جامباز، ٢٠٠٥: ٦٧) زۆربەی جار بە مەبەستی کۆبونەوە دەچوونە دەرەوەی شار، هەندێک جار قەبرستان و هەندێک جاریش بە ناوی سەیرانەوە دەچووینە نێو باخەکان (جامباز، ٢٠٠٥: ٦٩) کە دەمانویست کۆبوونەوە ئەنجام بدەین، ئەو جۆرە سوێند خواردنەش بۆ ئەوە بوو، کە خیانەت لە نەتەوە نەکەن و نهێنی بپارێزن.

حزبی هیوا چەترێک بوو هەموو گروپە کۆمەڵایەتیەکان لە سایەیدا کۆبوونەتەوە، کە بە پەیوەندی بە شارستانەکان و بەشێک لە دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانەوە هەبووە (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٤) ئەمەش بۆتە هۆی لە دەستدانی

"
**کۆمەڵەکە بە تەمەنێکی بچووک و ستافێکی تەمەن بچووکەوە دوای یەک ساڵ بوو بە ناوکی لە دایک بوونی پارتێکی نوێ بە ناوی حزبی هیوا**
"



"

**دامەزراندنی حزبی هیوا نادیارە، بەڵام دەکرێت ئەو کۆبوونەوەیەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٨ لە نێوان ڕەفیق حلمی و دڵدار لە شاری کەرکوک ئەنجام درا، بە بەرواری دامەزراندنی حزبی هیوا دابنرێت**

"

سۆزی جووتیاران و شکستهێنانی لە ڕاکێشانی سەرنجی جووتیاراندا (الطالباني، ٢٠١٠، ١٧٥) لە کاتێکدا جووتیاران سووتەمەنی شۆڕش بوون لە زۆرینەی شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا.

دڵدار لە سەرەتای حزبی هیوا-دا هەڵپەی دەکرد بۆ ئەنجامدانی کاری نیشتمانی و نەتەوەیی، هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ یەکگرتن و دۆزینەوەی کاراکتەرە گرینگەکانی بەرەی نیشتمانی کوردی، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دواتر بووە سەرچاوەی کێشە بۆ کارەکانی دڵدار و هاوبیرەکانی، نەک نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن، بەڵکو لە کارەکانیان سرِ کران و سزا دران و دوور خرانەوە (الطالباني، ١٩٩٦: ٤٥؛ تاڵەبانی، چاپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨) ئەگەرچی ڕەفیق حلمی سەرکەوتوو بوو لە دوورخستنەوەی دڵدار، بەڵام بیروباوەڕی دڵدار لە تێکرای سێکتەرەکاندا دەردەکەونەوە، چونکە سرکردنی، دڵداری لەکاری سیاسی و چالاکی پارتایەتی دوور نەخستۆتەوە، لە زۆرێک لە دەڤەرەکاندا لە کارکردن و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامان و هەوادارانداا بەردەوام بووە، هەوڵیشی داوە بە زمانێکی کوردی پەتی کاریگەر ڕێگای خەباتیان بۆ ڕوون بکاتەوە و بە دەستەواژە نیشتمانییەکان ئاشنایان بکات، لەو بارەیەوە کەریم شارەزا دەڵێت: لە پایزی ساڵی ١٩٤٢دا قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتای بووم، بەڕێوبەری خوێندنگاکەمان مامۆستایەکی نیشتمانپەروەری کورد بوو، جگە لە بەڕێوەبردن وانەی پەروەردەی نیشتمانی پێدەوتین، ڕۆژێکیان لاوێکی کەڵەگەتی سورکەڵەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە پۆلەکەمان و گوتی: لە بەر ئەوەی من ئەم ماوەیە پڕ ئیشم، ئەم مامۆستا تێگەیشتووە، کە ناوی یونس ڕەئوف(دڵدار)ە و لە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی شارەکەمانە، لەجیاتی من وانەتان پێ دەڵێت، ئیدی بەڕێوبەر چووە دەرەوە، مامۆستای میوان لەسەر کورسییەکەی بەردەمی پۆلەکە دانیشت، دوای ئەوەی کە ڕەنگی پتر سوور هەڵگەڕا و ویستی بۆمان بدوێت، کەمێک زمانی گیرا، بەڵام زوو کرایەوە و بۆمان بووە زمانپاراوێکی ڕەوانبێژ، ئەوەی بە سەر زاریدا دەهات نەی دەگوتەوە و لەو وانەیدا بۆ یەکەم جار گوێمان لە هەندێک وشەی تازە بوو، کە زوو زوو دووبارەی دەکردەوە، وەکو هیوا، هیوای دواڕۆژی کورد،

**لەدوای دامەزراندنی پارتییەوە دڵدار دوورە پەرێزی هەڵبژاردووە و بە کاری پارێزەرییەوە سەرقاڵ بووە، تا کۆچی دوایی**


نیشتمان، ئازادی، ڕزگاری، سەربەستی، ئاوات... هتد، زۆرمان پێخۆش بوو کە دەیوت ئێوە قوتابی گەورە و سەرداری دواڕۆژی میللەتی کوردن، یاخود ئێوە منداڵی هیوای کورد و کوردستانن، هەندێک جاریش دەیوت گەر هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد یەکبگرن کوردستان ئازاد دەکەن، میللەتی کورد لەدەستبەسەری و ژێردەستی ڕزگار دەکەن، کورد پێویستی بە خەبات و ڕاپەڕینە، بەم وتە بە نرخانە ماوەی مانگێک ئەو مامۆستا زانایە مێشکی بە بیروباوەری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی ئاوداین(١٩٧٦: ٤)

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کێشە نێوخۆییەکان دڵداری لە کار کردن سارد نەکردۆتەوە، کە لە ساڵی ١٩٤٢ کێشە نێوخۆییەکان برەوی دەساند، کە بریتین لە دوو جۆر کێشەی سەرەکی:

١- کێشەی دروستکردنی ئەلبومی وێنەیی، کە ئاراستەی سەرۆک بکرێت و لە سەری بنووسرێت (مهداة الى الرئيس المقدس العظيم) لە کاتێکدا حزب بە شێوەی نهێنی کارەکانی بەڕێوە دەبرد، بەشێک لە ئەندامەکانی حزب ئەفسەر بوون، قەدەغە بوو لایەنگیری هیچ پارتێکی سیاسی بن، ئەمەش نیگەرانی دروستکرد.

٢- لە کۆبوونەوەی لێژنەی ناوچەی کەرکوک داواکرا لایەنی ئابووری ڕوون بکرێتەوە و ئابووری بخرێتە ژێر دەستی لێژنەیەکی سێ کەسییەوە، ڕەفیق حلمی ڕەتی کردەوە و ژمارەیەک ئەندامی لێژنەکەی دوورخستەوە، دڵدار و هاوبیرەکان ئامادە نەبوون ئەو تاکڕەوییەی ڕەفیق حلمی قبوڵ بکەن، بۆیە کێشەکان تا دەهات زیاتر دەبوون (الطالباني، ١٩٩٦: ٤٧)

عەبدولستار تاهیر شەریف نەیارە لەگەڵ ئەوەی وەکو پارتێکی نەتەوەیی پوخت تەماشای حزبی هیوا بکرێت و لای وایە تا ڕادەیەک بۆچوونی



نەتەوەیی لەنێو ئەو خوێندکارانەدا ئاشکرا نەبوو و بەشێوەیەکی هەرەمەکی کارەکانیان بەڕێوە چووە، بەڵام دڵدار مافی یەکێتی کوردان و ڕەتکردنەوەی دابەشکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و ڕزگار بوون لە ژێر دەستی تورک، عەرەب، فارس و هەمە ئاهەنگی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی جیهانیدا بە مافی ڕەوای گەلی کوردی زانیووە، لەو پێناوەشدا کاریان کردووە، بۆتە پەیامی حزبی هیواش (١٩٨٩: ٩٨-٩٩)

بەڵام کۆچێرا دەڵێت: حزبی هیوا هەموو تێکۆشەرە نەتەوەیەکانی کۆکردبۆوە، وەک ڕۆشنبیران و خوێندەواران و قوتابیان و کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر و ئەفسەران، کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بارەگای سەرەکییان لە بەغداد بووە و لقی لە کەرکوک و هەولێر و سلێمانی هەبووە، ڕۆژنامەیەکی بە ناوی ئازادی بڵاوکردۆتەوە (کۆچێرا، ٢٠٠٣: ١٧٨، المتوكلي، د.س: ٢٠) لە ڕەوکردنی (هەڵاتنی) مەلا مستەفا بارزانیدا ساڵی ١٩٤٣ و دروست بوونی جووڵانەوەی بارزاندا ١٩٤٣-١٩٤٥ حزب هاوکارییان پێشکەش کردووە و ئازووقە و خۆراکیان بۆ پەیدا کردوون، هەرچەندە بارزانی لە بوونی پەیوەندی بە هیوا-وە پارێزی کردووە و لە سەرەتادا ئامادە نەبووە ڕەزامەندی بدات کە نوێنەرییان لە بارزان هەبێت، دواتر لە ١٩٤٤ ڕەزامەندی پیشان دەدات و حزبی هیواش هەریەکە لە (ئەفسەر عزت عەبدولعەزیز و ماجید مستەفا و عەقید ئەمین ڕەواندزی و ڕائید عەبدولعەزیز گەیلانی کوڕی سەیید عوبەیدوڵلا، میرحاج ئەحمەد و فواد عارف و مستەفا خۆشناو و ماجد عەلی دەنێرێت (کۆچێرا، ٢٠٠٣: ١٩٦)


ئەوەی شایەنی باس بێت لەو ماوەیەدا دڵدار کەمتر لە سەر شانۆی ڕووداوەکاندا دەرکەوتووە، ڕەنگە بەهۆی ئەو کێشانەوە بێت کە لەنێو حزبدا دروست ببوون، کە دەرئەنجام کێشەکانی باڵی چەپ و باڵی ڕاستڕەو گەیشتە لووتکە (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٤) پەراوێزخستنی دڵدار و بەشێک لە هاودیدیەکانی لەلایەن ڕەفیق حلمی-یەوە یەکێکی دی لە هۆکارەکان بووە، بەتایبەت دوای گواستنەوەی ڕەفیق حلمی لە بەغداوە بۆ شاری سلێمانی، چونکە ڕەفیق حلمی بە چاوی خوێندکارەکانی سەردەمی پێشووی خۆی تەماشای دڵدار و بەشێک لە هاوڕێکانی دەکرد و لە بڕیارەکانیدا ئامادە نەبووە پرس بە دڵدار و هاوبیرەکانی بکات، جگە لەوەی ڕەفیق حلمی لە کارەکانیدا لاسایی هیتلەری کردۆتەوە و ناوی سەرکردەی باڵای لە خۆی ناوە (المزوری، ٢٠٠٨: ٥٧، تاڵەبانی، چاوپێکەوتن:٢٠٠٨/١/٨) و دڵدار و بەشێک لە هاوڕێکانی وەکو بورهان جاف و کاکە حەمەی خانەقا لە حزب دەرکردووە (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨)

دڵدار لایەنگری بیری کۆمۆنستی بووە (ئەحمەد، ١٩٨٩: ٩٦، ئەفرەع، ٢٠٠٧: ١٩٠) ڕەنگە سەخت بووبێت، ئەو جۆرە ئایدۆلۆژییە لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا خۆ ببینێتەوە، کە زیاتر ڕاستڕەو هێزی هۆزگەری بە سەریدا زاڵ بووە، چونکە دوای هەڵوەشانەوەی حزبی هیواش ئامادە نەبووە لەگەڵ پارتی-دا کار بکات، تەنانەت لە کۆبوونەوەی کەلاریشدا، کە بۆ بابەتی پشتیوانی و هەڵوێستی جووڵانەوەی بارزان سازکرا بوو، دڵدار بەشداری تێدا نەکردووە (شریف، ١٩٨٩: ٩٥) سەرەرای ئەوەی باڵی چەپی هیوا داوایان دەکرد کە پشتیوانی لە جووڵانەوەی بارزان بکرێت.

لە شوباتی ساڵی ١٩٤٤ لە شاری کەرکوک کۆنفرانسی حزب بەسترا، لەم کۆنفرانسەدا کێشەی هەردوو باڵەکە تەقیەوە، باڵی چەپ هێرشی کردە سەر بەریتانیەکان، داوای دەکرد بۆ چارسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی پێویستە پشت بە کامپی سۆسیالیزمی (یەکێتی سۆڤیەت) ببەسترێت و داوای هاوکاری لێبکرێت، داواشییان دەکرد چالاکانە، بەوپەڕی تواناوە پشتیوانی لە جووڵانەوەی بارزان بکرێت (شریف، ١٩٨٩، ١٠٣) بەڵام ڕەفیق حلمی لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەریتانییەکاندا بوو، لە کاتێکدا بەریتانیا هەوڵی کلۆرکردن و لێکترازانی ڕیزەکانی حزبی داوە و داوای دەکرد، کە لە جووڵانەوەی بارزاندا بێ لایەنی هەڵبژێرن (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٦، شریف، ١٩٨٩: ١٠٣) موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت: ئەو کاتە، ئەو هەوڵانە لە ڕێگەی نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانەوە ئەنجام دەدرا (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨)

ململانێ نێوخۆییەکانی حزبی هیوا کارەکانی

**“ ئەگەرچی ڕەفیق حلمی سەرکەوتوو بوو لە دوورخستنەوەی دڵدار، بەڵام بیروباوەڕی دڵدار لە تێکڕای سێکتەرەکاندا دەردەکەونەوە، چونکە سرکردنی، دڵداری لەکاری سیاسی و چالاکی پارتایەتی دوور نەخستۆتەوە ”**



**“ ڕەفیق حلمی بە چاوی خوێندکارەکانی سەردەمی پێشووی خۆی تەماشای دڵدار و بەشێک لە هاوڕێکانی دەکرد و لە بڕیارەکانیدا ئامادە نەبووە پرس بە دڵدار و هاوبیرەکانی بکات ”**

پەکخست بوو، چەند جارێک داوای هەڵوێست نواندن و چالاکییان لێکرا، بەڵام هیچ چالاکییەک ئەنجام نەدرا (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨) هەڵبەتە دەکرێت تەنگژەکانی نێو حزب بووبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی دڵدار لە کاروچالاکی حزب، ئەگینا دڵدار کاراکتەرێکی بزۆک بووە، جووڵەی سیاسی بەردەوامی هەبووە، باس لەوەش کراوە کۆمەڵەی شوان کە لە ١٩٤٥ دامەزراوە داوایان لە دڵدار کردووە، کارییان لە گەڵدا بکات، سەرەتا ڕەزامەندی پیشانداوە، بەڵام دواتر پەشیمان بۆتەوە (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨)

### دڵدار و حزبی ڕزگاری نیشتمانی

لە ساڵی ١٩٤٥دا هەموو لایەنەکان لەسەر پرسی کۆکردنەوەی هەموو هێزە نیشتمانی و گرووپە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی عێراق لە یەک بەرەی نیشتمانیدا یەک دەنگ بوون، ئامانجی ئەو بەرەیە بریتی بوو لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی و بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی و ڕزگاری کوردستان، بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی عێراقدا، کە گروپ و هێزە نیشتمانییەکان نوێنەریانن (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٧٠) گروپە چەپەکان و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی حزبی هەڵوەشاوەی هیوا ئەرکی دامەزراندنی بەرەیەکییان گرتە ئەستۆ، بە ناوی حزبی ڕزگاری نیشتمانی کوردەوە (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٧٠)

دوای هەڵوەشانەوەی حزبی هیوا و دروستبوونی پارتی ڕزگاری نیشتمانی کورد، دڵدار پەیوەندی پێوەکردن و بوو بە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی پارتەکە، پارتەکە باڵێکی نیمچە ئاشکرای حزبی کۆمۆنیستی عێراق بووە (دەباغ، ١٩٩٧: ٩٦) دڵدار لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کار لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا بکات، بەڵکو پشتوانی لە پارتێکی هاوشێوەی حزبی شیوعی عێراقی، بەڵام بە ناسنامەی کوردستانی کردووە، کە لە حزبی ڕزگاریدا بەرجەستە کرا (عەلائەدین، چاپێکەتن: ٢٠١٨/١/٣)

چالاکی حزبی ڕزگاری تا ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٤٦ درێژەی کێشا، لە سەرەتای مانگی ئابدا کۆنفرانسی پارتەکە بەسترا و بناغەی بۆ دامەزراندنی پارتێکی نوێ دانرا، هەر لە سەرەتای مانگی ئابدا حزبی شیوعی کوردستانی عێراق (شۆڕش) بڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆی داو ئەندامانی سەرپشک کرد لەوەی لەنێو حزبدا دەمێننەوە، یان دەڕۆن، بەشی زۆری ئەندامانی پارتی ڕزگاری ئامادە بوون بچنە نێو پارتی دیموکراتی کورد بە مەرجێک بە هەمان ئامانجدا بڕوات، لە ١٦ ئابدا پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا (شریف، ١٩٩٢: ٤١)

بەڵام دڵدار لەگەڵ ڕزگاریشدا ساردی کەوتۆتە نێوانیان و بێئومێدی باڵی بە سەردا کێشاوە، تێگەیشتووە لەوەی ناتوانێت ئەرکە نەتەوەییەکانی لەنێو ئەو پارتەدا بهێنێتەدی (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٨٩)


**سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە هاوبیرەکانی دڵدار بوون، بەڵام دڵدار لەو گۆڕانکاریانەدا بەشداری نەکردووە**

سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە هاوبیرەکانی دڵدار بوون، بەڵام دڵدار لەو گۆڕانکاریانەدا بەشداری نەکردووە. لەدوای دامەزراندنی پارتییەوە دڵدار دوورە پەرێزی هەڵبژاردووە و بە کاری پارێزەریەوە سەرقاڵ بووە، تا کۆچی دوایی، نەیتوانیوە لە ئامانجەکانی نزیک بێتەوە.

### ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی ڕۆڵی دڵدار لە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا ئەنجام درا، گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: دڵدار لەنێو خانەوادەیەکی خوێندەوار متوربە کراوە بە پەروەردەی نیشتمانی و ڕووناکبیریی گەورە بووە، ئەمە سەرەتای ئاشنا



بوونی بە بیرو هزری نەتەوەیی ئەو بووە، بەڵام خراپی گوزەران و سەختی ژیان کاریگەری لەسەر دڵدار داناوە، نەخۆشی بە درێژایی تەمەنی بەرۆکی بەر نەداوە.

دووەم: کوردستان لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆشایی جووڵانەوەی سیاسی تێدا بووە، دڵدار لە تەمەنێکی کورتدا درکی بەو بۆشاییە سیاسییە کردووە و لە قۆناغی ناوەندیدا هەوڵی بۆ پڕکردنەوە و دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی بە شێوەی نهێنی داوە، سەرەڕای مەترسییەکان کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە، تا کۆمەڵەی دارکەری لە ١٩٣٧ دروستکردووە، بەڵام بە هۆی تەمەن بچووکییەوە کۆمەڵەکەی بۆ خۆی قۆرغ نەکردووە، ئامادە بووە، کەسانی گونجاو بەو ئەرکە هەڵسن لە دوتوێی حیزبێکدا.

سێیەم: دڵدار بەرهەمی خەباتی خۆی و هاوڕێیەکانی پێشکەش بە ڕەفیق حلمی کردووە، بەڵام ڕەفیق حلمی هەموو دەسەڵات و بڕیارەکانی لای خۆی کۆکردۆتەوە، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە چۆن و بە چ شێوەیەک بۆتە سەرۆکی ئەو حزبە، کە بناغەکەی لە لایەن دڵدارەوە دانراوە، ئەمەش بووە هۆیەکی گرنگ بۆ پوکانەوەی حزبی هیوا، هەڵبەتە ناکرێت ململانێ ئایدۆلۆجیەکە فەرامۆش بکرێت کە لەنێوان باڵی چەپ و باڵی ڕاستڕەودا دروست ببوون. بەڵام دڵدار لەنێو ئەو گێچەڵ و تەنگژانەدا ڕۆڵی گرینگی نەبووە و تاڕادەیک نادریارە لە دەستنیشانکردن و لایەنگری کردنی لایەنێک، سەرەڕای ئەوەی لەنێو پارت و کۆمەڵەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام جووڵەی تێکدان و هەڵوەشانەوە نەبوو، ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ناونەهێنانی بێ لە دوو توێی ڕووداوەکاندا.

چوارەم: دڵدار پشت بە ئایدۆلۆجیەتی چەپ ڕەو، لەنێو پارتە چەپەکاندا خۆی بینیوەتەوە، لەو دەروازەیەوە ویستویەتی خزمەت بە کەیسی نەتەوەیی کورد لە باشوری کوردستان بکات، جا تاچەند سەرکەوتوو بووە، یان نا، ئەمە مێژوو حوکمی لە سەر دەدات.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان**

١- میر بەسری: (٢٠٠٩) ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، هەولێر، چاپخانەی منارە.

٢- جەمال فەتحولا تەیب: (٢٠٠٨) کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسە، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

٣- ڕفیق حلمی: (١٩٨٨) شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بغداد.

٤- مارف خەزنەدار: (١٩٨٤) لە بابەتی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغداد، چاپخانەی الموسسة العراقية للدعاية والطباعة.

٥- مارف خەزنەدار: (٢٠١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩١٤-١٩٤٥، بەرگە پێنجەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٦- یونس ڕەئوف دڵدار: (١٩٧١) دیوانی دڵدار، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی عبدالخالق علاءالدين: هەولێر، چاپخانەی دڵدار.

٧- فەسەڵ دەباغ: (١٩٩٧) حزبی هیوا شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان، هەولێر، دەزگای ڕاگەیاندنی گولان.

٨- ئەحمەد حەمەدئەمین ڕەواندزی: (٢٠٠٦) ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسیە ١٩١٨-١٩٣٩، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.

٩- کەریم شارەزا: (٢٠١٣) کۆیە و شاعیرانی، بەرگی یەکەم، کۆیە.


١٠- عەزیز شەمزینی: (٢٠٠٦) جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١١- عەبدولخالق عەلائەدین: (١٩٨٥) دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بغداد، مطابع دار افاق عربية للصحافة والنشر.

١٢- محەمەد فاتیح: (٢٠١٢) حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، سلێمانی، بڵاوکردنەوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

١٣- گۆران سۆران فەیزی: (٢٠٠٦) باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٤- محمد عەبدوڵڵا کاکە سور: (٢٠٠٠) ڕۆڵی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی



کوردستانی باشوردا، هەلێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

١٦- کریس کۆچێرا: (٢٠٠٤) کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شڤان.

١٧- حامید گەوهەری: (٢٠٠٤) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٨- دیڤید ماکداول: (٢٠٠٤) مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

١٩- عەبدولکەریمی مودەڕیس: (١٣٨٩) بنەماڵەی زانیاران، تهران، ١٣٨٩.

٢٠- محەمەد ئەمین میسری: (٢٠٠٤) ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ « گولاوێژ لە ١٩٣٩-١٩٤٩» لە گەشەسەندنی پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی.

٢١- تاریق حوسێن مەمەند: (٢٠١٣) بەراوردی ژیانی ئەدەبی هەردوو شاعیر دلدار و شابی، هەولێر، چاپخانەی یاد.

٢٢- سامان هەڵەبجەیی: (٢٠١٧) گوڵستانی ژیانی ناداران و شاعیران، چاپی دووەم، هەڵەبجە.

٢٣- خورشید ڕەشید ئەحمەد: (١٩٨٩) ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەغداد، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٢٤- حەسەن ئەفرەع: (٢٠٠٧) کوردەکان، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، هەولێر، چاپخانەی منارە.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- جمال بابان: (٢٠١٢) اعلام الكرد، اربيل، دار آراس للطباعة والنشر.

٢- صالح حيدري: (٢٠٠٤) مختارات من مذكرات صالح حيدري، السليمانية.

٣- اسماعيل شكر رسول: (٢٠٠٥) اربيل دراسة تاريخية دورها الفكرى والسياسى (١٩٣٩-١٩٥٨) السليمانية، مطبعة بينايى.

٤- نورى شاويس: (١٩٨٥) من مذكرات المناضل الراحل نورى شاويس، بغداد.

٥- عبدالستار طاهر شريف: (١٩٧٨) تاريخ الحزب الثوري الكردستاني، بغداد.

٦- عبدالستار طاهر شريف: (١٩٨٩) الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، بغداد، نشر وتوزيع شركة المعرفة للنشر والتوزيع المحددة.

٧- مكرم الطالباني: (٢٠٠٢) حزب هيوا، السليمانية، مطبعة خال.

٨- مكرم الطالباني: (٢٠١٠) مراجل تطور الحركة القومية الكردية، مرجعة و تصحيح: عثمان محمد هورامى، السليمانية، منشورات مؤسسة حمدى للطباعة والنشر.

٩- مكرم طالباني: (مخطوطة غير منشورة) حزب هيوا في قيادة الحركة القومية الكردية ١٩٣٧-١٩٤٥.

١٠- محسن محمد المتوكلي: (د.س) كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، بغداد.

١١- هلبين محمد امين المزوري: (٢٠٠٨) حزب هيوا-أمل ١٩٣٩-١٩٤٦، اربيل، مطبعة حاجى هاشم.

گۆڤارەکان

١- مکرم تاڵەبانی: (١٩٩٣) کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزرا، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (٥٢).

٢- ئازاد عبدالواحید، مەحمود زامدار: (٢٠٠٤) چاوپێکەوتن لە گەڵ (کەریم شارەزا)ی نوسەرو لێکۆڵەر، گۆڤاری (ڕامان) ژمارە(٨٩) هەولێر.

٣- عبدالستار طاهر شریف: (١٩٩٢) کۆمەڵە و ڕێکخراوو حزبە کوردیەکان لە کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٩)

٤- ئیسماعیل ئیبراهیم: (١٩٩٨) دلدار شاعیری دڵسۆزی گەل و کۆمەڵی کوردەواری، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(١١٨)

**چاوپێکەوتنەکان**

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ عائشە محیەدین، کەرکوک، ٢٠١٨/١/٢.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولخالق عەلائەدین، هەولێر، ٢٠١٨/١/٣

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ موکەڕەم تاڵەبانی، سلێمانی، ٢٠١٨/١/٨

**پەراوێزەکان:**

١- خادم سەجادە: یەکێکن لە بنەماڵە ناسراوەکانی شاری کەرکوک، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە کۆیەوە بۆ ئەم شارە کۆچییان کردووە، بنەماڵەی خادم سجادە خۆیان دەگێڕنەوە بۆ عوسمانی

کوڕی عەفانی خەلیفەی سێیەمی ڕاشدین، گوایە بەرماڵێک کە پێغمبەر(د.خ) بە دیاری بەخشیویەتی بە عوسمان و بە زنجیرەی بنەماڵەیی گەیشتۆتە ئەم بنەماڵەیە (مودەریس، ١٣٨٩هەتاوی: ٤٦٧-٤٦٨).

٢- عبدالخالق علاءالدین لای وایە ڕەنگە نێوی دایکی دڵدار زهرە بوو بێت بە هۆی هەڵەی نوسینەوە بو بێت بە زەهوە (١٩٨٥: ١٣) هەڵبەتە بنەماڵەکەیان لە زەهاوەوە بۆ دەڤەرەکە کۆچییان کردووە، بۆیە ڕەنگە زەهوە دروست تر بێت، ئەگەر وای دابنێین کە بۆ ناوی زەهاو دەگەڕێتەوە (توێژەر)


٣- ئەم بنەماڵەیە بنەچەییان بۆ جومعە دەربەندی دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم لە زەهاوەوە بۆ دەڤەری زێی بچووک کۆچییان کردووە، ئێستا چەند گوندێکیان هەیە و بە شێوەزارێکی تایبەتی ئاخاوتن دەکەن(ئیلنجاغی، ٢٠١٤: ٢٥-٢٦).

٤- دڵدار ئاماژە بە وتەی براکەی دەڵێت گوایە ئەو ڕۆژەی من لە دایک بوومە، چاڵە گەنمەکانمانیان بە تالان بردووە، واتە ڕێکەوتی٢٠شوباتی١٩١٨، بۆیە ناچار بووین نێو ماڵمان بفرۆشین بۆ ئەوەی بژێوی ژیانمان پەیدا بکەین(علائەدین،١٩٨٥:١٤).

٥- خوێندنی ئاینی لای مەلا برایم ناوێک بووە لە خانەقای شێخ جەمیل ئەفەندی، لە هاویندا وانەی ئاینی و لە زستانیشدا وانەی لەخوێندنگای فەرمی خوێندووە، زیاتر ئارەزووی لە خوێندنگا فەرمیەکان بووە،(علائەدین،١٩٨٥:٢٨).

٦- دیارترین کەسایەتییەکانی کە لە کۆمەڵەی منەوەران بەشدار بون بریتی بون لە: کاکە زیادی کۆیە، زەکی ئەحمەد هەناری، تایەر تۆفیق، سابیر ئیسماعیل، سەید ئەحمەد مەلا وەلی، عوسمان عەونی، سامی عەوداڵ، ئەحمەد مەلا، ئەحمەد ئاغای باخچەچی، مام وەیسی باخچەوان، عوسمان مام عبداللە، حەمەد بەگی موختار... یونس ڕەئوف کە بچوکترین ئەندامی کۆمەڵەکە بووە(بۆزانیاری زیاتر بڕوانە تەیب، ٢٠٠٨، ١١٨.

٧- فەیسەڵ دەباغ لە زمانی مستەفا عوزێرییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت دارکەر لە هەولێر لە لایەن یونس ڕەئوف و مستەفا عوزێری و جەلال قادر و موسا عەبدوسەمەد و ئیحسان حاجی ئەحمەد باخچەچی و ڕۆستەم عەبدولجەبارەوە دامەزراوە، هێرش دەکاتە سەر موکەڕەم تاڵەبانی و دەڵێت ئەو تەنها ئەندامی لقی کەرکوک بووە



و ئاگاداری دامەزراندنە کۆمەڵەکە نەبووە (دەباغ، ١٩٩٧،١٠-١١).

٨- محمد شوقێر مامۆستای وانەی مێژوو بوو، موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت ڕۆژێک پرسیارێکی هێنا بووەوە (باس لە یەکێتی ئەڵمانیا بکە و ئایا دەکرێت لە وڵاتانی عەرەبی جێبەجێ بکرێت) منیش لە وەڵامدا نوسیبووم ناتوانرێت لە وڵاتانی عەرەبی جێبەجێ بکرێت، کاتێک وەڵامەکەی منی بینی بوو تورە بوو هاتە لام، وتی بۆچی شتی وات نوسیوە، منیش پێم وت لام وایە ناتوانرێت، یەکێتی ئەلمانی بە سەر یەکێتی عەرەبیدا جێبەجێ بکرێت (چاوپێکەوتن:٢٠١٨/١/٨).


٩- ئەندامانی کۆمەڵەکە خوێندکار بوون و تەمەنێکی کەمیان هەبوو، قورس بوو کە ئەرکی سەرۆکایەتی بگرنە ئەستۆ.

١٠- ڕەفیق حلمی بەڕێوەبەری خوێندنگای مەرکەزی کەرکوک بووە، پەیوەندی تۆکمەی لەگەڵ خوێندکاراندا هەبووە و بە هۆی ململانێیەکی نەتەوەییەوە سزا درا بوو بۆ شاری بەغداد دوور خرا بووەوە، ئەمەش جۆرێک لە هاوسۆزی بۆ خوێنکارەکان دروست کرد بوو(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨).

١١- ڕەفیق حلمی کە لە سەر پێشنیاری دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر پێشنیار کرا بکرێتە سەرۆک، داوای کرد حزبە تازە دامەزراوەکە نێو بنرێت هیوا، وەکو وەفایەک بۆ کۆمەڵەی هێڤی کە پێشتر لە ئیستانبوڵ دروست بووو، ڕەفیق حلمیش ئەندام بوو تێیدا(دەباغ، ١٩٩٧: ٩).

١٢- جەمیل میران کوڕی ڕەشید کوڕی مستەفا میرانە لە ساڵی ١٩٢٢ لە شەقڵاوە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەقڵاوە تەواو کردووە، دواین قۆناغی خوێندنی کۆلێژی ماف بووە لە زانکۆی بەغداد، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی هیوا، لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە (عەبدولا، ١٩٩٩: ١٥٩).

*** ئەم بابەتە پووختەی توێژینەوەیەکی زانستییە، تایبەت بە سێیەمین کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە یادی لە دایکبوونی دڵدار ١٩١٨-٢٠١٨ لە ساڵی ٢٠١٨ ئامادەکراوە.**



# ڕوونکردنەویەک لە لیژنەی باڵای فەتوا دەربارەی سروودی (ئەی ڕەقیب)

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ماوەیەکە مشتومڕێک لەسەر سروودی (ئەی ڕەقیب) دروست بووە و لەسەر ئاستی شەقامی کوردی و ناوەندە ڕەسمییەکانیش دەنگدانەوەی هەبووە، هەروەها لە چەند لایەنێکیشەوە وەکو پرسیار ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان کراوەو، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە نووسراوی ژمارە (١٨٤) لە (١١-١١-٢٠١٣) بە فەرمی داوای ڕوونکردنەوەی لایەنی شەرعی سروودەکەی لە لیژنەی باڵای فەتوا کردووە، بۆیە دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەگەڵ چەندان کەسایەتی و ناوەندی ڕۆشنبیری، بەتایبەتی ئەکادیمیای کوردی، بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بڵاوبکەینەوەو. لە ڕوونکردنەوەکەشدا تەنیا تیشکمان خستۆتە سەر لایەنە شەرعی و ئایینیەکانی سروودەکە.

یەکەم: سەرەتا بەپێی نووسراوی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٥٨٢) لە (١٣-١١-٢٠١٣) ئەم سرووده دانراوی (دڵدار)ی شاعیرە و لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستان بە ئامادەبوونی چەندین مەلا و زانای ئاینی و گەورە پیاوانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئەم شیعرە بە سروود گوتراوە و هەمووشیان وەکو (مارشی نەتەوەیی) لەبەری هەڵساونەتە سەر پێ.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە کۆمەڵێک گومان و قسەی لێوە دروست بووە، بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی شیعرەکە:

سەرەتا دەستەواژەی (ئەی ڕەقیب) مانای (خالق – پەروەردیگار) ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست (دوژمن) یان (ناحەز) یان (حەسوود)ە، ئەمەش لە دیوانی چەندان شاعیری کلاسیکی کورد وەکو (نالی،


بسم الله الرحمن الرحیم

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لیژنەی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدین الإسلامي في کوردستان
المکتب التنفیذي
اللجنة العلیا للإفتاء

ژمارە /
بەروار: / / ٢٠

دوژمن بڵێت: ئەی دوژمنو ناحەز: کورد هەر دەمێنێو ناڕوخێ بە دەست ئەو وڵاتە زۆردارانەی کە تۆپی ئەم زەمەنەیان دروست کردووەو خەڵکی کوردی پێ دەترسێنن، هیچ تۆپو دانەیەك لەو تۆپانە ناتوانێ کورد برمێنێو بیروخێنێ. بۆیە ڕوونی دەکەینەوە، کە سروودەکە شتێکی تێدا نییە کوفرو دژە ئایین بێتو، پێشنیاز دەکەین کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بگەڕێنەوە سەر دەقە ئەسڵیەکەی، کە وشەی (هەر)ی تێدا نییە، هەروەک لە سەرچاوەکان هاتووە.

والسلام علیکم ورحمە الله وبرکاتە

لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان
٢٠١٣/١١/١٩




کوردی، زێوەر) بەکار هاتووە. سەبارەت بە (دینمان و ئایینمان هەر نیشتیمان) ئەوەی زیاتر گومانی دروست کردووە، هاتنی وشەی (هەر)ە، کە هەندێکجار بەوە مانای دەکرێتەوە، کە ئایینی ئێمە تەنیا نیشتیمانە، بەڵام لە ڕاستیدا دوای گەڕانەوەمان بۆ دەقە ئەسڵیەکە و هەروەها بەپێی ڕوونکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی وشەی (هەر) لە دەقە ئەسڵیەکەدا نییە. ئەمەش بە مەبەستی خۆشەویستییەکی یەکجار زۆر بەکارهێنراوە، لە دەقە ئیسلامییەکانیشدا هاوشێوەی زۆری هەیە. کەواتە ئەسڵی شیعرەکە بەم جۆرەیە: (دینمان ئایینمانە نیشتیمان) ئەمەش بۆ ئەوەیە بڵێت: بە هێندەی دین و ئاین نیشتیمانمان خۆش دەوێ، چونکە خۆشەویستی نیشتیمان بەشێکە لە ئیمان، مرۆڤی موسڵمان ئایینی خۆی خۆش دەوێت و نیشتیمانەکەشی خۆش دەوێت، ڕوونیشە کە ئایین بەبێ خاک و وڵاتێکی ئارام بە باشی جێبەجێ ناکرێت. سەبارەت بە دەستەواژەی (نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان) ئەوەش مەبەست خوا نییە، بەڵکو دوو لێکدانەوەی بۆ کراوە:

یەکەم: مەبەست لە (تۆپی زەمان) چەکە، کە لە و سەردەمەدا بەهێزترین و کوشندەترین چەکی شەڕ بووە.

دووەم: بەپێی ئەو دەقەی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی هاتووە، دەقەکە بەم شێوە نییە، بەڵکو شیعرەکە دەڵێت: (نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان) لە هەردوو حاڵەکەدا شاعیر دەیەوێت بە دوژمن بڵێت: ئەی دوژمن و ناحەز: کورد هەر دەمێنێ و ناڕوخێ بە دەست ئەو وڵاتە زۆردارانەی کە تۆپی ئەم زەمانەیان دروست کردووە و خەڵکی کوردی پێ دەترسێنن، هیچ تۆپ و دانەیەک لەو تۆپانە ناتوانێ کورد برمێنێ و بیروخێنێ. بۆیە ڕوونی دەکەینەوە، کە سروودەکە شتێکی تێدا نییە کوفر و دژە ئایین بێت. پێشنیاز دەکەین کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بگەڕێنەوە سەر دەقە ئەسڵیەکەی، کە وشەی (هەر)ی تێدا نییە، هەروەک لە سەرچاوەکان هاتووە.

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته.

**لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان**
**٢٠١٣/١١/١٩**



بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

ژمارە / ٧٨٦ بەروار: ٢٠١٣/١١/١٩

ڕونکردنەوەیەک لە لێژنەی باڵای فەتوا دەربارەی سروودی (ئەی ڕەقیب)


بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ماوەیەکە مشتومڕێک لەسەر سروودی (ئەی ڕەقیب) دروست بووەوە، لەسەر ئاستی شەقامی کوردیو ناوەندە ڕەسمییەکانیش دەنگدانەوەی هەبووە، هەروەها لە چەند لایەنێکیشەوە وەکو پرسیار ئاراستەی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان کراوەو، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە نووسراوی ژمارە (١٨٤) لە (٢٠١٣/١١/١١) بە فەرمی داوای ڕوونکردنەوەی لایەنی شەرعی سروودەکەی لە لێژنەی باڵای فەتوا کردووە، بۆیە دوای لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەگەڵ چەندان کەسایەتیو ناوەندی ڕۆشنبیری بەتایبەتی ئەکادیمیای کوردی، بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بڵاوبکەینەوەو، لە ڕوونکردنەوەکەشدا تەنها تیشکمان خستۆتە سەر لایەنە شەرعیو ئایینیەکانی سروودەکە. یەکەم: سەرەتا بە پێی نووسراوی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٥٨٢) لە (٢٠١٣/١١/١٣) ئەم سرووده داندراوی (دڵدار)ی شاعیرەو، لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستان بە ئامادەبوونی چەندین مەلاو زانای ئایینیو گەورە پیاوانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئەم شیعرە بە سروود گووتراوەو هەمووشیان وەک (مارشی نەتەوەیی) لەبەری هەڵساونەتە سەر پێ. دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە کۆمەڵێک گومانو قسەی لێوە دروست بووە، بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی شیعرەکە: سەرەتا دەستەواژەی (ئەی ڕەقیب) مانای (خالق – پەروەردیگار) ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست (دوژمن) یان (ناحەز) یان (حەسوود)ە، ئەمەش لە دیوانی چەندان شاعیری کلاسیکی کورد وەک (نالی، کوردی، زێوەر) بەکار هاتووە. سەبارەت بە (دینمانو ئایینمان هەر نیشتیمان) ئەوەی زیاتر گومانی دروست کردووە، هاتنی وشەی (هەر)ە، کە هەندێکجار بەوە مانای دەکرێتەوە، کە ئایینی ئێمە تەنها نیشتیمانە، بەڵام لە ڕاستیدا دوای گەڕانەوەمان بۆ دەقە ئەسڵیەکەو، هەروەها بەپێی ڕوونکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی وشەی (هەر) لە دەقە ئەسڵیەکە نییە. ئەمەش بە مەبەستی خۆشەویستییەکی یەکجار زۆر بەکارهێنراوەو، لە دەقە ئیسلامیەکانیش هاوشێوەی زۆری هەیە. کەواتە ئەسڵی شیعرەکە بەم شێوەیە: (دینمان ئایینمانە نیشتیمان). ئەمەش بۆ ئەوەیە بڵێت: بە هێندەی دینو ئاین نیشتیمانمان خۆش دەوێ، چونکە خۆشەویستی نیشتیمان بەشێکە لە ئیمان، مرۆڤی موسڵمان ئایینی خۆی خۆش دەوێتو نیشتیمانەکەشی خۆش دەوێت، ڕوونیشە کە ئایین بەبێ خاکو وڵاتێکی ئارام بە باشی جێبەجێ ناکرێت. سەبارەت بە دەستەواژەی (نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان) ئەوەش مەبەست خوا نییە، بەڵکو دوو لێکدانەوەی بۆ کراوە:
یەکەم: مەبەست لە (تۆپی زەمان) چەکە، کە لەو سەردەمەدا بەهێزترینو کوشندەترین چەکی شەڕ بووە. دووەم: بە پێی ئەو دەقەی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی هاتووە، دەقەکە بەم شێوە نییە، بەڵکو شیعرەکە دەڵێت: (نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان). لە هەردوو حاڵەکەدا شاعیر دەیەوێت بە

ناونیشان: هەرێمی کوردستان – هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
www. zanayan.org
email :mektebzanayan@gmail.com

دەقی فتواکە

# کۆمەڵێک زانای ئایینی وەڵامی لیژنەی باڵای فتوا دەدەنەوە



پاش ئەوەی لە (١٩-١١-٢٠١٣) لیژنەی باڵای فتوای کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەو ئیشکالیەت و مشتومڕەی لەسەر هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) دروستبوو، بەپێویستی دەزانین وەکو کۆمەڵێک لەمامۆستایانی ئایینی و بانگخوازان چەند بەرچاو ڕوونییەک بۆ جەماوەری موسوڵمانی کوردستان بڵاوبکەینەوە:

١- ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی باڵای فتوا شپرزەیی زۆری پێوەدیارە و هەستیش بەوە دەکرێت، کە لایەنێک لەپشت جووڵاندنی ئەم مەسەلەوەیە، تاکو لیژنەی ناوبراو ڕوونکردنەوە لەسەر (هۆنراوەی ئەی ڕەقیب) بڵاوبکاتەوە.

٢- لەخاڵی یەکەمی ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی باڵای فتوای کوردستاندا، بۆ شەرعیەتدان بەسروودەکە، پشت بەوە بەستراوە کە ئەو سرووده بەئامادەبوونی چەندین مەلاو زانای ئایینی و گەورە پیاوانی کۆماری کوردستان لەمهاباد لەبەری هەستاونەتە سەرپێ، دیارە ئەوەش ناکرێتە بەڵگە بۆ ئەوەی هۆنراوەکە کێشەی شەرعی لەسەر نەبێت.

٣- ئەکادیمیای کوردی ئەوەی پشت ڕاست کردووەتەوە کە سروودەکە (مارشی نەتەوەیی)یە، نەک سروودی نیشتمانی، کە گوزارشت لەهەموو هاونیشتمانیان بکات.

٤- لەخاڵی دووەمی ڕوونکردنەوەکەیاندا، لیژنەی فتوای کوردستان سەبارەت بەکۆپلەی (دینمان و ئاینمان هەر نیشتمان) دەنوسن: وشەی (هەر)ی بۆ زیاد کراوە، کە لە هۆنراوە ئەسڵییەکەدا وشەی (هەر) بوونی نییە و مەبەستیش ئەوەیە کە (بەهێندەی دین و ئاینمان نیشتمانمان خۆش دەوێت) لێرەدا لیژنەی باڵا ئەوە ساغ دەکاتەوە، کە مەبەستی شاعیر ئەوەبووە خۆشویستنی (دین و ئایین) یەکسانە لەگەڵ (خۆشویستنی نیشتمان) ئەگەر وادابنرێت ئەم لێکدانەوەی لیژنەی باڵای فتوا بۆ هۆنراوەکە بەوجۆرەیە، ئەوا یەکسانکردنی خۆشەویستی دین و ئاین وەکو نیشتمان بەتەواوی پێچەوانەی چەندین دەقی قورئانە، هەرچەندە ئینسانی مسوڵمان لەسەری پێویستە نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت، بەڵام هیچ کات ئەو خۆشەویستییە یەکسان نییە بەدین و ئایین.

٥- لێرەوە لەلیژنەی باڵای فتوای کوردستان دەپرسین: ئایا دەتوانن ئەوەمان بە بەڵگەی شەرعی بۆ بسەلمێنن، کە دین و ئایین لەخۆشویستندا هاوتای نیشتمانە؟ کە ئەگەر وابێت ئەوە نەتەوەپەرستی و نیشتمان پەرستییە، نەک نیشتمان خۆشویستن، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (والذين آمنوا أشد حبا لله) البقره -١٦٥-

٦- وشەی دین هیچ تەئویلێک هەڵناگرێت و هەبوون، یان نەبوونی وشەی (هەر) لەسەر ئەو کۆپلەیە هیچ لەماناکەی ناگۆڕێت، چونکە وشەی دین زاراوەیەکی قورئانییە و خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: (وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا) المائده -٣-
هەروەها دەفەرمووێت : (إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللهِ الْإِسْلَامُ) ال عمران -١٩-


قسەکردنیش لەسەر مەبەستی شاعیر لەسەر ئایدیاو تێڕوانینی پێشووی شاعیرەکەیە وەکو دەبینین لەهۆنراوەیەکی تریدا کەبیروبۆچونی شاعیر (دڵدار) دەردەخات دەڵێت: بڵێ کوردستان تۆ منت خولقان

تۆ منت خولقاند پێت بەخشیم ژیان
چونکە کوردستان کوردستانی جوان
قیبلەی منی دینمی خوای بێگومان**

٧- لیژنەی باڵای فتوای کوردستان لەم ڕوونکردنەوەیدا سەلماندوویەتی کە هۆنراوەی ئەی ڕەقیب ئیشکالیەتی هەیە و سروودێکی نەتەوەییە، بۆیە پێویست دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی ئەوە بدەن هەرێمی کوردستان ببێت بەخاوەنی سروودێکی نیشتمانی کەتەعبیر لەهەموو نەتەوە و ئاین و پێکهاتەیەک بکات، یان ئەم سرووده (ئەی ڕەقیب) بەتەواوی لاببرێت، یان لەکەمترین حاڵەت دا تەعدیل بکرێت و ئەو کۆپلانەی لاببرێت کە مشتومڕی لەسەرە. واژۆی ٣٤١ مامۆستای ئاینی لەسەرجەم کوردستان

*** ئەم وەڵامە، لە پێگەی کوردپیدیا وەرگیراوە.**

**** زۆر هەوڵماندا ناوی ئەو زانا ئایینیانەمان دەست کەوێت و بڵاوی بکەینەوە.**



# دڵدار و خەندەکەی بایی

هەڵبەستی (خەندەکەی بایی) یەکێکە لە شاکارە ناسک و پڕ لە سۆزی ڕۆمانسییەتی شاعیری گەورەی کورد (دڵدار) من تا نووسینەکەی مەسعوود محەمەدم نەخوێندبووەوە نەمدەزانی، کە دڵدار ئەم هەڵبەستە ڕۆمانتیکەی بۆ خانمێکی کوردی بە ئایین بەهائی، بەڕەچەڵەک کوردی مەریوانی نووسیوە (بەهیە فرەجولا زەکی).

کە لە ئەمریکا بووم، لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا سۆراخی خانم بەهیە فەرەجولای دولبەرەکەی دڵدارم کرد و توانیم بیدۆزمەوە. ئەو لە ویلایەتێکی دوور لەوەی من بوو، لەبەرئەوە بەداخەوە، لە دۆستایەتی و بەتەلەفۆن زیاتر، نەمتوانی جارێکیش یەکدی ببینین، بەڵام هەفتانە قسەمان دەکرد. گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیم بۆ ڕادیۆکەمان لەگەڵیدا کرد و پێم ڕاگەیاند، کە دڵدار شیعرێکی زۆر ڕۆمانتیکی بۆ نووسیوە و دیارە بەدڵ حەزی لێکردبووی، پێی سەیربوو، گوتی ڕاستە دڵدار هەفتانە دەهات بۆ ماڵەکەم لە بەغدا و وانەی کوردی پێ دەگوتم، بەڵام هیچ ڕۆژێک هەستم نەکرد، حەزی لەمن کردبێت، تکای لێکردم شیعرەکەی بۆ وەرگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی. منیش بەشێکم بۆ وەرگێڕا، بەڵام ڕاستییەکەی لە یەک دوو کۆپلەی دوایی تێنەگەیشتم مەبەستی دڵدار چییە و ئەو بەشەم تەرجومە نەکرد.

نووسینەکەی مەسعوود محەمەدم لەسەر دڵدار خوێندبووەوە، ئەو دەیزانی دڵدار دڵی چووەتە بەهیە خان و شیعری بۆ دادەنا، بەڵام وەکو مەسعوود محەمەد دەڵێت، دڵدار ئەوەندە شەرمن بووە، یەک جاریش، نە لای ئەو و نەلای هیچ کەسێکی دی نەیدرکاندووە، کە حەز لە بەهیە دەکات.


منیش پاش ڕامان و وردبوونەوە و لێکدانەوەیەکی چەندین ڕۆژەم، گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی، کە (خەندەکەی بایی) لە ڕاستیدا (خەندەکەی بەهایی) بووە و لای خۆی هێمایەک بووە بۆ دولبەرەکەی، بەهیەی بەهایی.

عەرەب قسەیەکی جوانیان لەم بارەیەوە هەیە (ما یجوز للشاعر مش یجوز لغیره)

**هۆمەری دزەیی**
**هەولێر ٢٠١٦/٢/٨**

## خەندەکەی بایی


***لە آفاقی ژیانی ناهومێدم خەندەکەی بایی***
***فرشتەی پاکی هیوامی نیشان دام وا کە بیدوێنم***
***پرِیشکی تیشکی ئەستێرەی جووان ایمشەو بە ئەسپایی***
***بە سۆزێ هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم***
***دەسا مصدری هەستی***
***دە خێرا لادەری پەستی***
***وەرە، تا من، بە ڕازی تۆ، نەمامی شادی بروێنم***
***جووانی خونچەیێ بوو وا کە پەنجەی ڕازی ڕاکێشای***
***دە سەیری، چەند بە وەصڵی زولفی خاوت شاد و مەسروورە!***
***لەڕووی ڕاستی، ئەتۆش وەک ئەو گوڵێکی چیمەنی دنیای***
***کەچی تاجی دڵی هێشتا دڵت لەم حاڵە ڕەنجورە***
***بە خەندەی نەرمی دڵپاکیت***
***ئەخوم سوێندێ بە ڕوناکیت***
***ئەگەر هەستێ بە ژین وابێ، لە جەرگی ڕاستیا دورە***



***هەمووی نووری ژیانە فیض و نوری آسمانی شین***
***هەموو چەپڵەی گوشادی لێ ئەدەن هەرچی کە ئەیبینی***
***لەڕوی ئەم خاکە گەردێکین، دە ایمەش ڕو لە شادی بین***
***فەرامۆشی بکەین جارێ، چەژی تاڵاوی غەمگینی***
***بە دڵ ڕونی و ڕوو خۆشی***
***بە خەندە، نەک بە خامۆشی***
***بنۆشین جامی دڵداری، لەبەرکەین بەرگی نەمرینی***
***دە هەڵسە، با بیناکەین آبدەی پیرۆزی دڵداری***
***لە تیشکی ڕۆژ، لە شەوقی مانگ، لە ڕەنگی پەلکە ڕەنگینە***
***کە هەر کامەی بڵێی، پاکە، لە کردەی قدرتی باری***
***نیشانەی کرد گارێک و بناغەی پەیڕەوی دینە***
***لە شووێنێ پڕ لە هەستی بێ***
***کەرستەی خۆشەویستی بێ***
***لە نێو ئەم باغە بێ جێگەی، کە تۆم لێ دیت لە هاوینا***
***لە پەلکی تازە پشکووتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین***
***کراسێکی سپی بێ بێگەرد دروست کە، شەنگ و دامەن شۆڕ***
***لەبەر کە و زوڵفی زێڕینت بەسەریا بینە خوار چین چین***
***پەری تیم تیم، بە ڕاز و ناز، لە بۆت بێنن بنەوشەی مۆر***
***بە آواز و نەوا و تەسجیل***
***بهۆنن پێچەکەی اکلیل***
***ببەن کڕنوش، بڵێن ئەی شۆخ، پەری زادەی گزنگی خۆر***
***ئەوا، اکلیلی دڵسۆزی و دڵارامیت ئەکەین پێش کێش***
***کە هەر چەپکەی خەمی مل کەچ جستەی نەوجەوانێکە***
***نیگارێ بو، بە ناکامی، بە گریاوی، بە ایش و نێش***
***لە ژین ڕۆیی، ئەوێستاکە هەوێنی داستانێکە***
***بە یادی ئەو دڵەی تینوو***
***کە چۆن هات و وەهاش دەرچوو***
***بڕۆ ناو آبدە و سەیری، چە پیرۆز جاویدانێکە***
***وەرە نێو آبدەت تا من لەبەر پێت دابدەم ئەژنۆ***
***لەبەروەی نا دڵارامی، لەبەر وەی چونکە باڵایی***
***پەری هیوا و خدای شیعر و بڵێسەی هەستی بەرزی تۆ***
***هەواڵی هاو ڕەگ و خوێنی کچێکی شۆخی میدیایی***
***لە ڕوی چاکە و وەفاداری***
***بە نشوەی جامی دڵداری***
***لە مەستی خۆشی بمهێڵی دروشمی (خەندەکەی بایی)***

بەغدا-١٩٤٤

*** دەقی ئەم شیعرەی (خەندەکەی بایی) بەلەبەرچاو گرتنی هەردوو چاپی دیوانەکەی دڵدار، کە گیو موکریانی لە ساڵی ١٩٦١و ١٩٧١ چاپی کردوون، لەگەڵ ئەو دەقەی بۆ یەکەم جار لە ژمارە (٥)ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٤٤ بڵاوکراوەتەوە، وەرگیراوە، بەڵام زیاتر دەقەکەی گەلاوێژ لەبەرچاو گیراوە، چونکە لە دیوانەکەدا هەندێ وشە دەستکاری کرابوون.**



## عەبدولڕەحمان بێلاف:

# هەرچی کەلوپەلی دڵدار هەیە لەلایەن زەینەب خانی خوشکییەوە پارێزراوە، تائێستاش وەکو خۆی ماوە

عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی، یەکێکە لەو کەسانەی لەنزیکەوە ئاگاداری ئەرشیف و پاشماوەی کەلوپەلەکانی بنەماڵەی خادم ئەلسەجادیە، کە کتێبخانەکەی دڵداریش، بەشێکە لەو ئەرشیفە، بۆیە ئەوچەند پرسیارەمان لێکرد، بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی لای ئەویش هەن، بیانخەینەڕوو.

**– وەکو بزانم ئێوە لە نزیکەوە ئاگاداری پاشماوە و کەلوپەل و دەستنووس و کتێبخانەکەی دڵدار و بنەماڵەکەیان، خادم سەجادەن؟**

+ لە ڕاستیدا دەستنووسەکان هەندێکیان هی سەردەمی زانای گەورە مەلا سەعدی خادم سەجادە و هەندێکی دیکەیان هی کوڕەکەی مەلا مەحموودە فەندی موفتی گەورەی کۆیە و ئەوانی دیکەیان هی مەلا ڕەئووف و کوڕ و کچەکانیەتی. لە سەردەمی ئینگلیز، بەهۆی دەربەدەرییەوە، مەلا ڕەئووف هەندێک لە دەستنووس و کتێبەکانی فەوتاون و هەندێکی دیکەشیان سووتاون. هەندێکی دیکەیان دەستاودەستی پێ کراوە و لەناوچووە، وەکو دیوانی نالی و حاجی قادری کۆیی.

ئێستەکە کتێبەکانی ئەو بنەماڵەیە نزیکەی دوو هەزار و شەش سەد دانە دەبێت، ڕەنگە کاتی خۆی یەکێ لە گەورەترین کتێبخانەکانی کوردستان بووبێت. بێجگە لە کتێبی کۆن، کۆمەڵێک دەستنووسی بەنرخیان تێدایە، کە بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و فەرەنسی و کوردین، هەروەها چەندان نامە و بەڵگەنامەی کۆنیان تێدایە.

هەرچی کەلوپەلی دڵداری شاعیرە لەلایەن زەینەب خانی خوشکییەوە پارێزراوە و تا ئێستە وەکو خۆی ماوە.


**– تۆ لە ئەنجامی سەرنج دانت لەو ئەرشیفەی کتێبخانەکەیان، چی تازەت بۆ دەرکەوتووە، سەبارەت بەم بنەماڵەیە؟**

+ ئەو بنەماڵەیە هەر لە مەلا سەعدییەوە تاکو زەینەب خان هەموویان لە بواری ڕۆشنبیریی و کلتووریی کوردیدا گومناو بوون، کەچی ئەگەر ئاوڕێک لەکار و چالاکی و دەستنووسەکانیان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت، نەک لە بواری ئەدەبی، بەڵکو زانستی ئەو سەردەم و سیاسی و ڕۆشنبیریدا چالاکی بەرچاویان هەبووە، ڕەنگە هەر لە مەلا سەعدی و مەلا مەحموود و کوڕ و نەوەکانیان بتوانین بڵێین شەش دیوانی شیعریی، بگرە زیاتریشیان هەبووە، هەتا سەعدی کوڕی مەلا ڕەئووف و برای دڵدار دیوانی شیعریی هەیە و چاپ نەکراوە، ئاصەفی برا گەورەی دڵدار نووسینی هەیە، هەروەها مەحموودی کوڕی مەلا جەمیلە فەندی برازای مەلا ڕەئووف وتاری بە زمانی کوردی لە گۆڤاری گەلاوێژ هەیە و زۆر وتاری لە گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەکانیش بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هەق وایە گلەیی لە



عەبدولڕەحمان بێلاف



هەندێک ڕۆشنبیر و لێکۆڵەری هاوسەردەمی دڵدار بکەین، کە هیچ زانیاری و بابەتێکیان لەبارەی دڵدار و بنەماڵەکەی نەوروژاندووە، لە کاتێکدا زانیاریی تەواویان هەبووە، سەبارەت بەوەی ئەو بنەماڵەیە لە شاری کۆیە و تەواوی کوردستان چ ڕۆڵێکیان هەبووە.

دوو زانای گەورەی جیهانی ئیسلامی وەکو عەللامە مەحموودی ئالوسی، موفتی بەغدا و بیرمەندی گەورەی ئیسلام و موفەسیری قورئانی پیرۆز، هەروەها مەحموودی تەبەقچەلی زانای گەورەی ئیسلامی لەسەر دوو کتێبی مەلا سەعدییان نووسیووە، بە ناوی (الدرر اللامعه فی بعض الایات الساطعه) کە تێدا ئالوسی مەلا سەعدی بە یەکێک لە زانا گەورەکانی ئیسلام وەسف دەکات، بە جۆرێک زیرەکی لە ئاستی ئیمام غەزالی داناوە. هەروەها مەحموود تەبەقچەلی لەسەر کتێبی (مشکلات القران)ی نوسیووە، کەچی لەلای خۆمان تەنیا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس باسی ئەو زانا گەورەیەی کردووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەنێو ئەو بنەماڵەیەدا، بە خودی دڵداری شاعیرەوە، چەندان دەستنووسیان هەیە، کە بەرهەمی جودا جودای کوڕەکانی مەلا ڕەوئووفە، کە هەر تەنیا شیعر نین، بەڵکو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەن.

**– ئەو ئەرشیف و کتێبخانەیە چۆن پارێزراوە، کێ پاراستوویەتی و لە کوێ پارێزراوە؟ بەشێکی بۆ لای تۆیە؟**

+ ئەو کتێبخانەیە کاتی خۆی، کە گەیشتووەتە زەینەب خان، ئەو پاراستوویەتی، پاش مردنی زەینەب خان، لەلایەن کوڕەکانیەوە، فازڵ و ڕەمزی تا ئێستەش پارێزراوە. دەتوانین بڵێین بەشی زۆری ئەرشیفی بنەماڵەکە، هەر لای زەینەب خان بووە. ئەوانی دیکە هەندێکی لای مامۆستا حیکمەتی خوالێخۆشبوو،ئەوی دیکەش لای سمکۆ کوڕی ئاصەف بووە، بۆیە زۆربەی دەستنووسەکانیان هەر لەو کتێبخانەیە دایە.

**– تۆ پێت وایە تا ئێستە چ شتێک هەیە لەسەر دڵدار نەگوترابێت؟**

+ زۆر شت لەسەر دڵدار هەیە، کە نەگوترابێت، لەوانە لەسەر ژیانی سیاسیی دڵدار زۆر شت هەیە پێویستی بە دەرخستنی زیاترە، وەکو ڕۆڵی تەواوی لە بزووتنەوەی کوردایەتی و چالاکییەکانی،

**"هەق وایە گلەیی لە هەندێک ڕۆشنبیر و لێکۆڵەری هاوسەردەمی دڵدار بکەین، کە هیچ زانیاری و بابەتێکیان لەبارەی دڵدار و بنەماڵەکەی نەوروژاندووە، لە کاتێکدا زانیاریی تەواویان هەبووە"**

هەروەها پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کە شتی شاراوە لە ژیانیدا هەن، ئەمەش بە گوێرەی بەڵگەنامەکان، بەتایبەتی یاداشتەکانی، هەروەها بە هەڵە پەیوەندیی خۆشەویستیی دڵدار باس کراوە. تا دەگاتە ژن مارەکردن و نەگواستنەوەی، کە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و زۆر شتی دیکەش.

**– پێشنیازی چی دەکەیت، تۆ پێتوایە ئەو دەستنووس و پاشماوانە چۆن ساغ دەکرێنەوە، هیچ پلان و بەرنەمەیەک هەیە بۆ ئەمە؟**


+ بنەماڵەکەیان متمانەیان نییە، کە دەستنووسەکان بخەنە بەردەستی هەموو کەسێک، چونکە چەندان دەستنووسیان لێ بردراوە و فەوتاوە و نەگەڕاوەتەوە، لە کەشێکی ئارامدا سەرەتا دەیانەوێت ئەو دەستنووسانە سکان بکرێن، پاشان بخرێنە بەردەست لیژنەیەکی پسپۆڕی دەستەجەمعی، بۆ ئەوەی وردە وردە کاری لەسەر بکرێت.

**– پێت وایە دڵدار هەڵکەوتووترین کەسی نێو بنەماڵەی خادم سەجادە بووە؟**

+ ئەگەر شارەزای مێژووی ئەو بنەماڵەیە بین، بۆمان دەردەکەوێ لە هەموو ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و کلتووری، هەموویان زانا و ڕۆشنبیری گەورە بوونە، دەتوانین بڵێین دڵدار ئەوەی کردوویەتی لەهەموو بنەماڵەکەی وەرگرتووە، ئەگەر تەماشای شیعرەکانی مەلا ڕەئووف بکەین، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، دەردەکەوێت، کە بیری نەتەوایەتی لای ئەو زۆر پێشکەوتووە، هەتا دوای دررووستبوونی دەوڵەتی عێراق و سوریا، باسی هەر چوار پارچەی کوردستانی کردووە. بۆیە هەریەک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لە بواری سیاسی و ئەدەبی دەستی باڵایان هەبووە.

**– پێت وایە دڵدار بە مردنی خۆی مردبێت، یان ژەهر خوارد کرابێت، وەکو هەندێک کەس ئاماژە دەکەن؟**

+ هەر وەکو خانەوادەکەیان باسیان کردووە، بەتایبەتی مامۆستا حیکمەت و کاک ڕەمزی، کە ئەوانیش لە سەرووی خۆیانەوە بیستووە، کە دڵدار و ئاصف دەبێت ژەهرخواردوو کرابن، چونکە ناوبانگی چالاکییەکانیان گەیشتبووە بەغدا و وڵاتانی دراوسێ.



## ئەمەل سەعدی خادم سەجادە :

# دڵدار کەسێک بووە، شانازی بە بنەماڵەکەیەوە کردووە، بەڵام هەرگیز نەی دەدرکاند لە بنەماڵەی خادم سەجادەیە

ئەمەل سەعدی خادم سەجادەی تەمەن ٨٢ ساڵ برازای دڵداری شاعیر، یەکێکە لەو کەسە بە تەمەنانەی لەو خانەوادیەدا لە ژیاندا ماوە و زۆر شت و ڕووداوی ئەو ڕۆژانەی ڕابردووی لەبیر ماون. لە ڕێگەی عەبدولڕەحمان بێلاف-وە پەیوەندیمان پێوەکرد، ئەویش وەڵامی ئەو چەند پرسیارەی داینەوە




ئەمەل سەعدی برازای دڵدار

**- تۆ چی بیرەوەرییەکی دڵداری شاعیرت لەبیر ماوە؟**

+ دەتوانم بڵێم زۆرم لەبیر ماوە، کاتێک دڵداری مامم جوانەمەرگ بوو، تەمەنم لەنێوان (٨-٩)ساڵان بوو، کوردەواری دەڵێت یادگاریی سەردەمی منداڵی وەکو نەخشی سەر بەرد وایە. دڵدار زۆر منداڵی خۆش دەویست و بە منداڵی فێری دەکردم نیشتمان و وڵاتی خۆم خۆش بوێت، فێری کردم چۆن بنووسم کوردستان.

ئەو لە ماڵی زەینەب خان دەژیا، هەموو کار و چالاکییەکانی لەوێ بووە، هەتا چوار ئەفسەرەکەی لە سێدارە دران، لە ڕێگەی دڵدارەوە پەیوەندییان بە حزبی هیواوە کرد. شەهید خیرۆڵڵا عەبدولکەریم لە ماڵی زەینەب خان سەردانی دڵداری دەکرد، لەوێ لەگەڵ ئەفسەرانی دیکە و ئەندامانی حزبی هیوا لە سلێمانی و کەرکوک دەهاتن و لە ماڵی زەینەب خان، لە قەڵاتێ کۆدەبوونەوە. دڵدار، داوای لە زەینەب خان کردووە



له خانەوادەیەکی باش ژن بۆ خێروڵڵا عەبدولکەریم بهێنن (زەینەب خان)یش کچی پیاوێکی خانەدان، کە ناوی (عەبدولمەناف سەعید) بوو بەناوی (صالحە)ی بۆ خوازبێنی دەکات و دەیدەنێ (فایەق بێکەس)ی شاعیریش بەردەوام لەگەڵیان بووە، زۆر برادەریان بوو.

دڵدار لە شۆڕشی بارزان لە ساڵی (١٩٤٣) وەکو کۆمەکی دوو سەد دیناری کۆکردووەتەوە و بۆ بارزانی ناردووە.

دڵدار، لە ژیانیدا سێ جار لەسەر کوردایەتی حەپس کراوە، باوکیشی گیراوە و ئاصەفیش گیراوە، لە کاری دەوڵەتی دوورخراونەتەوە، زەینەب خان بیست ڕۆژ گیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەت بووە، ڕانەگەیەنەدراوە، لەسەر براکانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردووە، دواجار سەید محەمەد نەقیب کوڕی سەید عەبدوڵڵا پاشا، کە نوێنەری هەولێر بوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و ئامۆزای سەعید ئاغا بوو، ئەو هەوڵی ئازادکردنی بۆ داوە و بەردراوە.

**– ئەگەر بیرت بێت دڵدار هیچ نەخۆشییەکی هەبوو؟**

+ نەخێر هیچ نەخۆشییەکی نەبووە، وەکو لە پوورم زەینەب خان و باوکم سەعدی و دایکم و مامم مەجیدم بیستووە، دڵدار ژەهرخواردوو کراوە، لەنێوان بیست ڕۆژدا هەردوو برا ئاصەف و دڵدار مردنم و جوانەمەرگ بوون.

حکومەت لە ڕێگەی فەرمانبەرەکانی خۆیەوە پڕوپاگەندەی بڵاوکردەوە، کە گوایە دڵدار تەسەمومی کردووە، جگە لەوەش تاکو سووکایەتیی پێ بکەن، گوتیان سەرخۆش بووە و بە ئارەق مردووە، کەچی لە ژیانیدا مەشروبخۆر نەبووە.

**"حکومەت پڕوپاگەندەی بڵاوکردەوە، کە گوایە دڵدار تەسەمومی کردووە، جگە لەوەش تاکو سوکایەتیی پێ بکەن، گوتیان سەرخۆش بووە و بە ئاراق مردووە، کەچی لە ژیانیدا مەشروبخۆر نەبوو"**

کاتیک زەینەب خان، لە نەخۆشی لە بەغدایێ دەهاتەوە، لەگەڵ مامەکانم باسی ئەوەی دەکرد و بەردەوام ئەو پرسیارەی دەوروژاند، مادام تەسەمومی کردووە، لەبەرچی کەس لە نادی مووەزەفین هیچی لێ نەهات، تەنیا ئەو تەسەمومی کرد.

**– مردنی دڵدارت لە بیرە، ئەگەر لە بیرتە چۆن بوو؟**

+ بەڵی لەبیرمە، ئێمە چووینە ماڵی پوورم زەینەب خان، ئێمە لە حەوشە بووین، سێ کەس لە ماڵی زەینەب خان شووشتیان، سەعید ئاغا و زەینەب خان و سەعدیی بابم، دواتر لە قەڵاتێ ویستمان شۆڕببینەوە تا لای دەرگەکەی، کە من لە باوەشی دایکم بووم، چووین.

پیاو لە پێشەوە بوون، ئێمەش لە دواوە، پاشان ئێمە گەڕاینەوە، دوو کەسیش صەڵەوات و دەفەیان لێ دەدا، لە بۆ قەبرستانی گەورە چوون، کە پێی دەڵێن چراغ، پیاوەکان ویستیان پوورم زەینەب بگەڕێتەوە، ئەو نەگەڕایەوە و بە قسەی کەسی نەکرد و لەگەڵ پیاوان چووە سەر قەبران، ئەوکات ئەو عادەتە لە هەولێر نەبوو.


**– ئەگەر بزانیت نازناوی دڵدار لەچییەوە هات؟**


+ لەبارەی نازناوی هیچی لێ نازانم.

**– دڵدار بۆچی لەقەبی خادم سەجادەی بەکارنەهێناوە وەکو باوکی و زەینەب خان؟**


+ دڵدار کەسێک بووە، شانازی بە بنەماڵەکەیەوە کردووە، بەڵام هەرگیز نەی دەدرکاند لە بنەماڵەی خادم سەجادەیە، ئەو ئامانج و بیرکردنەوەی هەر لەسەر کێشەی کورد بووە. نە تەمجیدی بنەماڵەکەی کردووە و نە تەمجیدی خۆی کردووە. لە کاتێکدا لە پۆلی چواری ئامادەیی بووە، کۆمەڵەی دارکەری دامەزراندووە، حزبی هیواش هەر فیکرەی ئەو بوو.

*** ئەم دیدارە و دیدارەکەی عەبدولڕەحمان بێلافیش، لە لایەن سمکۆ عەبدولکەریمەوە ئەنجام دراون.**







چاپی یەکەمی دیوانی دڵدار




چاپی دووەم




سوپاس

لە رووی ئەوەوە کە مامۆستا مجید رۆوف ( دیوانی دڵدار ) ی کاکی خۆی بەهەموو مافێکی یەوە لە بەرواری ١٩٦١/٨/٣١ دا بە دەست. نووسی خۆی پێشکەشی بە چاپخانەی کوردستان کردووە لە کانگای دڵەوە سوپاسی هەستی پاکی دەکەم.

گیوی موکریانی

ئەمەی خوارەوەش ڕوو نووسی دەستنووسی ناو براوە : -

وێنەیەکی پێدانی دەستنووسەکانی دڵدار بە گییو موکریانی





چاپی دووەمی دیوانی دڵدار






چاپی یەکەم

نموونەیەکی دەستنووسی دڵدار









يونس رءوف دلدار

دار النشر تقدم

الفردوس المسموم

رواية بوليسيه غراميه عنيفه تصف حياة المقامرين فى
مونت كارلو وتدهور المرأة والرجل فى سبيل الحصول
على المال مع وصف دقيق لحوادث الانتحارات الغامضه
التى تحير رجال البوليس محتم على كل فرد مطالعتها
تعريب الكاتب الكبير

عباس حافظ

مۆری دڵدار لەسەر یەکێ لە کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەی



جانتاکەی دڵدار




وێنەیەکی هەولێر بە کامێرای دڵدار ساڵی ١٩٣٩

# مێژوویی

- **سەرهەڵدانی شیعری کوردیی گۆران**

د. زرار صدیق

# سەرهەڵدانی شیعری کوردیی گۆران



د. زرار صدیق

**١- گۆران، واتا و چەمک:**

گۆران یەکێکە لە هۆزە هەرە دێرینەکانی کورد و لەگەڵ ئاشنابوونی گەڕۆک و جوگرافیوانانی موسڵمان بە گەلەکەمان لە سەدەی (٣ک/٩ز) ناسیویانە و بە (الجورقان)یان کەمتر بە شێوەی کۆ جەواریقە- جەباریقە (الجبارقة) ناویان بردووە١ و بە دروستی نازانرێت ڕیشەی ئەم ناوە وەکو سەدان ناوی دی لە چییەوە هاتووە و چ گەشەکردن و گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە، ناشکرێت لەخۆوە شیی بکرێتەوە، باوەڕیش ناکرێت پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە گابران و گابرەکان و گاورەکان و گاوبارەوە هەبێت.

نیشتمانی ئەم هۆزە بە مەزندە لە ناوچەکانی حلوان و سەرپول زەهاوەوە تا کەرەندی دەگرتەوە- واتە نزیکەی هەمان زێدی ئێستایان، بە پێچەوانەی زۆربەی هۆز و خێڵ و تیرەکانی دیکەوە، نیشتەجێ و گوندنشین بوون و ڕۆڵی خۆیان لە شەڕ و بەسەرهاتەکانی ناوچەکەدا گێڕاوە٢

مینۆڕسکی (١٨٧٧- ١٩٦٦) ساڵی ١٩٤٣ لە گوتارێکیدا لەبارەی نەژادی کوردی گۆران و بنەچە و چەمکی وشەکە، کە د. ناجی عەباس وەری گێڕاوە و لە ژمارە (٥-٩)ی ساڵی پێنجەمی ساڵی ١٩٤٤ی گۆڤاری گەلاوێژ بڵاو کراوەتەوە٣ بە هەموو توانایەکی هەوڵی داوە گۆران و لوڕ لە کورد داببڕێت، گوایا ئەو هەواڵە مێژووییانەی لەمەڕ هۆزی کوردی گۆرانەوە هاتوون، ئەوە ناگەهێنن، کە گۆرانی بنەجێ و گوندنشین کوردی ڕەسەن بن، ئەمانە جیان لەوان، درکی بەوە نەکردووە، کە جەباریقە هەر کۆی جۆرەقانە و لەخۆیەوە و بەبێ بەڵگە واتای لێکداوەتەوە، ئەمە وێڕای گومانکردن لە کوردبوونی کەلهوڕ و گشت دەقە ئەدەبی و مێژووییەکانی بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستە خستووەتە گەڕ، سەرلێشێواوی و تێکەڵوپێکەڵی بە ئاخافتنیەوە ڕوون و دیارە، ئەمەش لەسەر خواستی دەوڵەتی شاهانشاهی ئێران بووە، وەک لەو بەڵگەنامانە دەرکەوت، کە بەم دواییانە ئاشکرا بوون، بەپێی ئەم بەڵگەنامانە، حکومەتی ئێران بە فەرمی داوای لە چەند کەسێکی کورد کردووە، کتێب و تۆژینەوە لەبارەی نەژاد و بنەڕەتی کورد دابنێن، بەڵام نەک وەکو گەلێکی سەربەخۆ، بەڵکو وەک هۆزگەلێکی ئێرانی، بەمەش بەرسڤی کتێبەکەی محەمەد ئەمین زەکی بدەنەوە، کە ساڵی ١٩٣١ چاپی کرد و ڕەسەنی و سەربەخۆیی نەتەوەیی کوردی سەلماندبوو.

لە سەدەکانی پاشتر (٦-٧ک/١٢-١٣ز) پەیڤی گۆران لە ئاکامی پرۆسەیەکی مێژووکرددا بە چەشنی دەهان و سەدان پەیڤی دی، چەمک و واتای گەشەی کرد و فراوانتر بوو٤ ڕەهەندێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی وەرگرت و گشت لادێیی و گوندنشینانی خۆرهەڵات و باشووری کوردستانی گرتەوە، ئەوانەی تێکەڵی و پەیوەندیی خێڵەکییان لەدەست دابوو، لەبری هۆز و تیرە، پەیوەست بوون بە خاک و چەشنی نوێی گوزەرانیانەوە، بە ئاخافتنێکی وردتر و بە گویرەی دەقە ئەدەبی و دیرۆکییەکان، ناوی

**گوایا ئەو هەواڵە مێژووییانەی لەمەڕ هۆزی کوردی گۆرانەوە هاتوون، ئەوە ناگەهێنن، کە (گۆران)ی بنەجێ و گوندنشین کوردی ڕەسەن بن**

هۆزێکی نیشەجێ و ناکۆچەر، واتاکەی فراوان بوو، کرا بە ناسنامەی سەرجەم ئەو کوردانەی نیشتەجێی ئاواهی و دێهاتەکان بوون و کۆچەری نەبوون، لە سۆنگەی ئەوەوە کە هاوشێوەی ئەوان تا وای لێهات بەسەر ناوی ئەصلی ئەم هۆزانە داسەپا و زاڵبوون، ڕۆڵەکانیان زیاتر خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ گۆران، نەک بۆ هۆزەکانیان، ئیسماعیلی کوڕی عەلی کورد (٦٤٤ک/١٢٤٦ز) خەڵکی گوندی دەوادان، دەوانی نێوان پاوە و جوانڕۆ، باپیرە هەرە گەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٧- ١٨٢٧) نازانرێت لە چ هۆزێکە و بە کوردی گۆرانی (الكوراني) ناوی هاتووە٤

زانایەکی هەمان ڕۆژگار کە لە هۆزی مەزنی هەدبانیی هەولێر و دێهاتەکانی بوو، لەپاڵ هۆزەکەی و شارەکەی، گەڕێنراوەتەوە بۆ گۆرانی بوونی (الهدباني الكوراني الأربلي)٥

لە کۆتاهی ساڵی ٦٢٨ک/١٢٣١ز مەغۆل لە بەرزاییەکانی ئازەربیجانەوە ئاودیو بوون و گەیشتنە وڵاتی هەولێر و کەوتنە تاڵانکردن و ڕەشەکوژیی تورکمانی ئەیوائی و کوردی گۆران٦ هەروەها حەیدەر گۆران پاڵەوانی بەیتی فۆلکلۆریی (کاکەمیر و کاکەشێخ) کە لەسەر بنەمای ڕووداوێکی ڕاستەقینەی سەدەی ١٠ک/١٦ز بونیاد نراوە، بووە دەمڕاست و ڕێبەری کرمانجە گوندنشینە داخ لەدڵەکان و دژی ئاغاکانی مەرگە٦ و پشدەر و ڕاپەڕین و کوشتوبڕیان کردن٧ بگرە لەهەمان سەدەدا هۆزەکانی زەنگەنە و سیاە مەنصور و چنگنی و سەرجەم کوردی ئێران، واتا هەردوو ویلایەتی کوردستان(سنە) و کرمانشاهان، بە گۆران دەناسران٨ لەم دەقانە ڕوونە مەبەست لە گۆران، دێهاتییەکانە.


**٢ - فراوانبوونی چەمکی گۆران:**

چەمکی گۆران پتر گەشەی کرد و بەرەبەرە بووە ناوێکی تۆپۆگرافی و واتای زێد و نیشتمانی خەڵکانی نیشتەجێی دەبەخشی، لە دەمێکدا زۆربەی گەلی کورد کۆچەری و نیمچە کۆچەری بوون و ساڵانە ڕایەڵەی گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، ئەو دێهاتییانەی دانیشتووی خاکی کەلهور بوون، ڕەعییەی میرانی پاڵنگان و دەرتەنگ و ماهیدەشت بوون و هەر بە گۆران دەناسران٩

## مینۆڕسکی لە گوتارێکیدا لەبارەی نەژادی کوردی گۆران و بنەچە و چەمکی وشەکە، بە هەموو توانایەکی هەوڵی داوە گۆران و لوڕ لە کورد داببڕێت

شێخی پایەبەرز یوسفی عەجەمی گۆرانی (م: ٧٦٨ک/١٣٦٧ز) لە تیرەیەکی کەڵهوڕە و لە ناوچەی فاوج١٠ پاوە گۆشەگیربوو١١

لە ژیاننامەیدا هاتووە، کە خەڵکی گۆرانە لە کوردستان «من أهل جوران بكردستان»١٢ و بەخۆی دەیگوت: لە جنسی گۆران و لە هۆزی تومەیم (تميم) و لەدایکبووی کەلهوڕم١٣ مەلا زین العابدینی گۆرانی لە ناساندنی گروپێکی



(ئەهلی هەق)ی کاکەییدا دەڵێت: لە نزیک وڵاتی گۆرانی خۆمان هەن١٤ و مەحموودی خەڵوەتیی کورد (م: ١١٩٥ک/١٧٨١ز) بەخۆی دەیگوت لە (صاقص- سەقز) لە وڵاتی گۆران لەدایک بوومە١٤ محەمەد ئیبراهیمی کوڕی مەلا حوسێنی ئەردەڵانی (١٢٢٥ک/١٨١٠ز) دەڵێت: قەڵای پاڵنگان پایتەخی گۆرانان بوو١٥

سەبارەت بە گرێدانی گۆران بە تومەیم و هۆزەکانی دیکەی عەرەبەوە، دەڵێم خۆگرێدانی کورد بە عەرەبەوە، دیاردەیەکی کۆن و زێدە باوە و کەم زانا و دەسەڵاتداری کورد هەبوو خۆی نەگەڕاندبێتەوە بۆ عەشیرەتێک یان کەسایەتییەک، یان بنەماڵەیەکی خانەدانی عەرەب، بێگومان ئەم لاف لێدانانە هەمووی هەڵبەستراون، ڕەنگە هەندێکی لەوەوە هاتبێت، کە لەسەردەمی باڵادەستیی ڕەهای عەرەبدا، لە دوو سێ سەدەی یەکەمی دەسەڵاتی ئیسلامی، زۆرینەی کورد بە باوانی ئەم کوردانەوەش، مەوالی و شوێنکەوتەی عەرەب بووبن، مەوالییش دەگەڕێنرایەوە بۆ هۆزی سەید و خاوەندەکەی.

لە کۆتاهی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، ڕێژەیەکی بەرچاوی ناودارانی کورد، پاشناوی (گۆران)یان هەڵگرت، لە دیارترینان:

ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی گۆرانی شارەزوری (١٤١٠- ١٤٨٨ز) موفتی عەبدولوەهابی گۆرانی (سەدەی١٠ک/١٦ز) ئەبوبەکری موصەنیفی چۆری گۆرانی (م: ١٠١٤ک /١٦٠٥ز) ئەلیاسی گۆرانی (م: ١٠٧٨ک/١٦٦٧ز) قاضی مەلا زین العابدینی کوڕی قازی یوسفی گۆرانی (ت: پاش١٠٦٦ ک/١٠٥٦ز) محەمەد شەریفی کوڕی قازی یوسفی صدیقی شاهۆیی گۆرانی (م: ١٠٧٨ک /١٦٦٧ز)١٦ ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی گۆرانی (م: ١١٠١ک/١٦٨٩ز) فەقیە ئەلیاسی کوڕی ئیبراهیمی کورد (م: ١١٣٨ک/ ١٧٢٦ز) کە خۆی بە گۆرانی ناو دەبرد١٧ یوسفی کوڕی حەمزەی سوهرانی گۆرانی شارەزوری (سەدی ١٢ک/١٨ز) و چەندینی دی١٨

ناکرێت وا لێک بدرێتەوە ئەمانە گشتیان لە هۆزی گۆران، یان کوردی هەورامی بوون، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەڵکی گوند

> **ئەو سەدان بەیت و غەزەل و قەسیدانەی لە دێر زەمانەوە، بەردەوام بە بنزارەکانی گۆران و بەکێش و عەروزی سادە دادەنران، لە سەرانسەری کوردستانی باشوور و خۆرهەڵات بڵاوبوونەوە**

و ئاواییەکانی شارەزوور و کەرکووک و گەرمیان و ئەردەڵان و هەورامان و کرمانشان بوون، واتا لە بنەڕەتدا لادێی و گۆران بوون و تەنانەت زمانیشیان لەبری کوردی بە گۆرانی دەناسرا، ئەوەتا عیسای باپیرە گەورەی ساداتی بەرزنجە هاتە شارەزور و لەناو کوردانی گۆران گیرسایەوە و گوندی بەرزنجەی بونیاد نا و فێری زمانی گۆرانییان بوو، تا بە عیسای گۆرانی ناوی دەرکرد١٩ لە دەستخەتێکیشدا کە مێژووی ساڵی ١٠٩٠ک/١٦٧٩ز پێوەیە، هاتووە (بە عەرەبی) لە باژێری سەقض-سەقز و بە گۆرانی سیاهکۆ، تەواو کراوە»٢٠

شاعیرانیش گۆرانییان هەر بە کوردیی دەزانی، خانای قوبادیی جوانڕۆیی (سەدەی ١٢ک/١٨ز) دەڵێت:

***بە لەفظ کوردی کوردستان تەمام***

***پێش بوان مەحظوظ. باقی والسلام٢١***

فەقێ قادر هەمەوەندیش (م: ١٨٩٠) کە لە پیاوماقوڵانی هەمەوەندەکانی چەمچەماڵە و زاریان کرمانجییە٢٢ جیاوازیی ناکات لە نێوان کوردی و گۆرانی و ئەو زمانەی وا بەرهەمەکانی پێ داناوە و وەرگێڕاوە، کە زاری گۆرانییە، لای ئەو هەم کوردییە و هەم گۆرانی:

***من هەم تەرجومەی ئەو پیر کامیل***

***بە لەفظ گوران کەردەنم تەکمیل***

***کێشانم تەصدیع پەرێ هامدەمان***

***کەردم تەرجمە بە لەفظ گوران٢٣***

> **“ چەمکی گۆران پتر گەشەی کرد و بەرەبەرە بووە ناوێکی تۆپۆگرافی و واتای زێد و نیشتمانی خەڵکانی نیشتەجێی دەبەخشی، لە دەمێکدا زۆربەی گەلی کورد کۆچەری و نیمچە کۆچەری بوون ”**

لە پێشەکیی (پند الحکماء)دا، لەبریی (لەفظ گۆرانی) دەڵێت: (لەفظ کوردی)

**چون فارسی بی پەند حەکیمان**

**بە لەفظ کوردی کەردم تەرجومان**٢٤

ئاشکرایە بەرزنجە و سەقز و جوانڕۆ و چەمچەماڵ نە زێدی یەکەمی هۆزی گۆرانن، نە خەڵکەکەشیان بە کوردیی گۆرانی و هەورامی دەدوێن، شێخ مەعرووفی نۆدێی بەرزنجی (١٧٥٢–١٨٣٨ز) فەرهەنگۆکی عەرەبی- کوردیی ئەحمەدیە (الأحمدية)ی بە زاری کرمانجی داناوە و بە *کوردی ناوی بردووە:*

**در این رسالە بە کردی زبان**

**کنم زبان عرب را بیان**

**تاکە فرزندم أحمد بی تعب**

**شود دانای لغات عرب**٢٥

وادیارە تا دەستپێکی سەدەی بیستەم، هێشتا گۆرانی هاوواتای کوردی بوو، سەید ئەحمەد نەقیبی کوڕی شێخ مەحموودی بەرزنجی (١٨٦٣–١٩٠٩) لە ولایەتی ماردین تێکەڵی هۆزەکانی کۆچەر و سوارەی حەمیدی بووە و دەڵێت: زمانیان کوردیی کرمانجییە و زمانمان کوردیی گۆرانییە و بە ئاستەنگ تێم دەگاهاندن٢٦

پەیڤی گۆران، تادەهات لەڕووی سنووری جوگرافی و چوارچێوەی واتاوە تەشەنەی دەکرد و بەرەو باکووری کوردستانیش هەڵکشا، لانیکەم لە سەردەمی عوسمانییەوە بوو بە ناوی گوندنشین و کرمانجەکانی دەڤەرەکانی هەکاری و سەرحەد و بایەزید و شێروان و غەزران و بەدلیس٢٧ لە بەیتی (جمجمە سوڵتان) کە کوردناسی سویسری ئەلبێرت سۆسین (١٨٤٤– ١٨٩٩) لە زاخۆ دەستی کەوتووە، هاتووە:

**گو نە جهو بووم نە موسڵمان**

**نە فەلە بووم نە گۆران**

هاوکات پیاوانی گۆران چونکە جووتیار و شوان و وەرزێڕ بوون، پتر خەریکی چاندن و ڕەزداری و ئاژەڵداری و شوانکارەیی و پاڵەیی بوون، لەچاو چەکدارانی هۆزە شەڕکەر و جەنگاوەرەکان، توانا و شیانێکی لەشکریی و جەنگیی وەهایان نەبوو و کلۆڵ و بێوەی و بێدەسەڵات بوون، لەو ڕۆژگارەش چەک و هێز و دەسەڵات پێوەر بوو بۆ هەڵاوێردکردن و پۆلینکردنی خەڵکی، بۆیە وشەی گۆران واتای کەسانی لات و ساویلکەی دەدا٢٨

لە لایەکی دیکەوە، لە ئاکامی دەرکەوتن و پایەداربوونی صەفەوییە شیعەکان و فشار و تەوژمی سەختی سوپای شیعەی قزڵباش، یان کوففاری قزڵباش، بە گوتەی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، بۆ سەر کوردی سوننە و خانەکانی ئەردەڵان و دواتریش هێرشە بەربڵاوەکانی نادرشاهی ئەفشار (١٧٣٦–١٧٤٧) بۆ سەر کوردستان، سەدان تیرە و بنەماڵەی هۆزەکانی ڕۆژبەیان و زەنگەنە و لەک و کەلهوڕ و گێژ و کاکەیی و سیاە مەنصوری و زەند و داودە و شوان و مەندمی- مەنمی و نانەکەلی و هورمزیاری... هتد، ئاوارەی گەرمیان و کەرکووک و هەولێر و موصڵ بوون، ئەمانە هەرچەند بە زار و بنزارەکانی گۆران، کەلهوڕی، کرمانجی، هەورامی، لەکی، لوڕی، ئەردەڵانی دەدوان، بەڵام سەرپاکیان ناوی گۆران کۆی دەکردنەوە، گەڕیدەی فەڕەنسی ژان ئوتەر (Jean Otter) کە ساڵی١٧٤٣ هاتووەتە کوردستان دەڵێت: بەشێکی زۆری کەرکووکی پایتەختی شارەزور بەدەست کوردی گۆرانەوەیە، کە لە بنەڕەتدا سەر بە ئەردەڵان بوون٢٩ دواتر گەڕۆکی ئیتالی دومنیوکیو سیستینی (١٧٥٠– ١٨٣٢) ئەمەی پشتڕاست کردەوە و لە گەشتنامەکەیدا، ساڵی١٧٨١– دەڵێت: دانیشتوانی کەرکووک کوردی گۆرانن و قەڵایەکی دیکەشیان هەیە کە هەندە دوور نییە٣٠ هەروەها ئەوانەی وا لە ناوچەکانی بەردەڕەش و ناڤکوڕ و ئاکرێ گیرسانەوە، هەر بە گۆران ناودەبران و تا ئێستەش هەر ئەم ناوە کۆیان دەکاتەوە.

### ٣- لە نێوان گۆرانی و هەورامیدا:


هەورامان تا بڵێی ناوچەیەکی چیایی سەخت و تووشە و دانیشتوانەکەی لە سەردەمانی دێرینەوە ئاوەدانیان کردووەتەوە و لەمێژە سەدان دێهات و گوندیان لە دامێنی شاخاکان و لە ناو دەربەند و ڕەوەزەکان بونیاد ناوە، تۆپۆگرافیای ناوچەکەش هاوکار و ڕێخۆشکەر

“

خۆگرێدانی کورد بە عەرەبەوە، دیاردەیەکی کۆن و زێدەباوە و کەم زانا و دەسەڵاتداری کورد هەبوو خۆی نەگەڕاندبێتەوە بۆ عەشیرەتێک، یان کەسایەتییەک، یان بنەماڵەیەکی خانەدانی عەرەب

”

بووە بۆ ژیانی نیشتەجێبوون و گیرسانەوە، نەک کۆچەری، هەروەک بۆتە بەربەست و لەمپەریش بۆ هاتوچۆکردن، بۆیە ئەوانیش بە گۆران دەناسران و زاریشیان هەرچەند تەواو گۆرانی نییە، بەڵام دەکرێت بە لقێکی گۆران بژمێردرێن، سیمای تایبەتیی خۆشیان پاراستووە و کەمتر بە زارەکانی دی کاریگەر بوونە، مەلا خدری ڕواری-ڕودباری (١٧٢٤-١٧٩١) خەڵکی گوندی ڕوودباری هەورامان، خۆی بە ئەورامی-هەورامی ناساندووە و ماوەیەک لە حوجرە و قوتابخانەکانی قەڵاچۆلانی پایتەختی بابانەکان ماوەتەوە و ژمارەیەک لە مەنظومە و نامیلکەکانی لەوێ داناوە، لەو نامیلکەکەیەی (ڕۆڵە بزانی) زمانی خۆی بە گۆرانی دادەنێت:




***پێغەمبەریمان ئەداش ئامینە***

***بە لەفزی گۆران ماچاش هێمنێ٣١***

لە (دەوڵەتنامە)شدا کە ساڵی ١١٩٧ک/١٧٨٣ز دایناوە، بۆ ئەوەی سوود بگەهێنێتە خاص وعامی کوردستانیان، زمانەکەی بە (گۆران) داناوە:

***لازم بی وەنەم لەفظی گورانی***

***نەزمێ بواچون پەی کوردستانی***

***پەی لەفزئارایی صاف و خۆش کەلام***

***فائیدەش عام بۆ پەرێ خاص وعام٣٢***

هەروەها زمانی شیعرێکی شێخ محەمەد وەسیمی ئەردەڵانی بە گۆرانی وەصفکراوە٣٣ کەچی پێشتر مەلا مستەفای بێسارانی (١٦٤٣- ١٧٠٠) کە ڕۆڵەی گوندێکی ناوجەرگەی هەورامانە، زمانی خۆی بە (ماچۆ) ناوزەد کردووە، نەک بە گۆران:

***دۆس بێ بەینەت سزا مەدۆ پێت***
***بە زوان ماچۆ سەرەم ها نە ڕێت٣٤***

*ئەمە لە دەمێکدا عەبدولسەمەدی تودار، ساڵی ١٠٩٩ک/١٦٨٨ز چوار جار زمانی خەڵکی هەورامانی تەخت، بارەگا و تەختی پیر شەهریار-پیر شالیار (م: ٥٠١ک/ ١١٠٧ز) بە ئورامی-هەورامی ناو دەبات٣٥*

هەرچی زاری گۆرانی دایکە، ئەوا کراوەترە و زیاتر تەشەنەی کردووە، نزیکە لە کەلهوڕی و لەکی و زار و بنزارەکانی دیکەی باشووری کوردستان، وێڕای هەبوونی جیاوازیی لە کرمانجیی خواروو، کەچی لەهجەی جاف بە گوتەی کلۆدیۆس جیمس ڕیچ (١٨٨٧- ١٨٢١) زۆر جیاواز بووە لە لەهجەی بابانییەکان، بە سانایی لە خەسرەوبەگی جاف تێ نەدەگەهیشت٣٦

ئەو شاعیرە کرمانجانەی وەکو مەلا عومەری ڕەنجووری و خانای قوبادی و مەلای جەباری و فەقێ قادری هەمەوەند، کە شیعرییان پێی داناوە، زمانیان ئاسانتر و ڕەوانترە لەچاو گۆرانیی هەورامی. بەهەر حاڵ ئەمە مژارێکی ئاڵۆزە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و وردی شارەزایانی گەرەکە، لەمبارەیەوە ژمارەیەک کتێب و تۆژینەوە بڵاوکراونەتەوە.

**بڕێک لەم شیعرە- گۆرانییە دڵگیر و بەسۆزانە بە ئاواز و بەزم و موزیکی خۆماڵی دەکران بە ستران و بەیتبێژانی دەنگخۆش دەیانچڕی**

### ٤- سەرهەڵدانی ئەدەبی- گۆرانی:

بەپێی ئەو بەڵگە و ئاماژانەی لە دەستخەت و سەرچاوەی باوەڕپێکراودا هاتوون، دەکرێت سەدەی دەهەمی کۆچی/ شازدەهەم زایینی، بە دەستپێکی ڕاستەقینەی ئەدەبی گۆرانی دابنێن، ئەوەبوو بزاڤێکی چالاک و بەربڵاوی شیعردانان هاتە کایەوە و سەرتاسەری وڵاتی گۆرانی گرتەوە، ئەوانەی لەمبارەیەوە ئاخافتوون، بە شێوەیەکی قووڵ و زانستی هۆکاری ئەم وەرچەرخانە گرنگەیان دەستنیشان نەکردووە، کە بووە مایەی ئەوەی ئەدەبی زارەکیی کوردی بخرێتە سەر کاخەز و بچێتە قۆناغی تۆمارکردنەوە، دەهان شاعیر هەڵ بکەون و لە بەیاض و کەشکۆڵەکان شیعریان یاداشت بکرێت. ئێمە لێرە بە کورتی و بە گوێرەی دید و تێگەهیشتنی خۆمان و پاڵپشت بەو سەرچاوە و دەستخەتانەی واباڵاو کراونەتەوە، بە کورتی لەم مژارە دەدوێین٣٧

پێموایە ژیانی جێگیری گۆران و پەیوەستبوونیان بە خاکەوە و دواتریش کردنەوەی حوجرەی مزگەفت و قوتابخانەکان لە ئاوەدانییەکانی هەورامان بەتایبەتی، هۆکارێکی بنەڕەتیی پشت ئەمە بوو، کە زەمینەیەکی گونجاو و لەباری بۆ مەلا و زانا و خوێندەواران ڕەخساند، بۆ ئەوەی زووتر لە کوردی ڕەوەند و نیمچە ڕەوەند ببنە ڕووناکبیر و ئاشنای کتێب، وێڵی پەیداکردنی شارەزایی ببن لە دونیای شیعر و ئەدەبیاتدا، ئەوجا دەست بدەنە شیعردانان و سەرئەنجام دەیان شاعیریان تێدا هەڵکەوت و زاری خۆیان بەکارهێنا، کەشکۆڵە شیعرییەکەی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی، کە ساڵانی١٧٨١- ١٧٨٣ز کۆی کردووەتەوە، نموونەی شیعری نزیکەی چل شاعیری هێناوەتەوە٣٨ گەواهیی بێگەردی ئەم وەرچەرخانەن، هەروەها مەلا عومەری ڕەنجووری ناوی پتر لە پەنجا شاعیری هێناوە٣٩ کە مخابن، نەک بەرهەم و دیوانی زۆربەی هەرەزۆریان لەنێو چووە، بەڵکو شتێکی واش لەبارەی ژیان و بەسەرهاتیان نازانرێت. ئەمەش لە ئەنجامی هۆکارگەلێکی سیاسی و ناسیاسی بوو، لە ئاڵۆزی و نائارامیی ڕەوشی ناوخۆیی کوردستان و شەڕوشۆڕی خۆبەخۆیی ڕایەدارانی کورد و پەلامار و هێرشی هێزی دەرەکی، کە لەکن هەمووان زاندراوە، سەرباری کەمتەرخەمی توێژی خوێندەوار و ئەدەبدۆستی کورد و گوێنەدانیان بە کۆکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی و بێنازکەوتنی زادەی هزر و خامەی شاعیرانی پێشەنگ، کە بەڵگەگەلێک هەن، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.

شێخی مەردۆخی لە کەشکۆڵەکەیدا، شیعرێکی کەمی دەستەی یەکەمی شاعیرانی هەورامان و ڕێبەرانی ئەدەبی گۆرانی هێناوە، بێ ئەوەی بیانناسێنێت و لە سەرگوزشتەیان بدوێت، ئەمەش وای کردووە چ زانیارییەک سەبارەت بە ژیان و سەردەمیان نەزانرێت و ئەم پرسە گرنگە بە لێڵی و مژداری بمێنێتەوە، لەوانە: یوسف یاسەکەی هاوچەرخی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان (م: ١٠٤٦ک/١٦٣٦ز) شیخ شمس الدینی دەرەهەردی و شێخ مستەفای تەختەیی (١٥٤٤- ١٦٣٧ز) مەلا یوسفی ڕۆیسە و ئەلیاس بەگ و مەولانا زین العابدین.

لەکاتی پشکنینی سەرچاوەکانیشدا، جاروبار چاومان دەکەوێت بە ژیاننامەی کەسانی هاوناوی هەندێک لە شاعیرانی دووتوی کەشکۆڵەکە، کە زانای ناسراو و بەهرەدار و بە بەرهەمی ڕۆژگاری خۆیان بوون و مێژوونوسان باسیان کردوون و ڕەنگە هەمان کەس بن، من لێرە هەوڵ دەدەم لەدوو سێیەکیان بکۆڵمەوە، تا بە سەردەمیان ئاشنا ببین، ئەمەش بە ئومێدی گەیاندنی خزمەتێکی بچووک بە مێژووی ئەدەبی کوردی.

یەکێک لەوانە زین العابدینە، کە مەردۆخی، تاکە شیعرێکی هێناوەتەوە و بە مەولانا وەسفی کردووە پێشتریش عەلائەدین سەجادی (١٩١٣-

**"بەپێی ئەو بەڵگە و ئاماژانەی لە دەستخەت و سەرچاوەی باوەڕپێکراودا هاتوون، دەکرێت سەدەی شازدەهەمی زایینی، بە دەستپێکی ڕاستەقینەی ئەدەبی گۆرانی دابنێن"**

١٩٨٤) و سدیق سەفیزادە بۆرەکەیی و محەمەد عەلی قەرداغی، بەبێ بەڵگەی گومانبڕ، هەوڵیان داوە سەردەمی زیندەگیی دیاری بکەن٤٠

من پێم وایە ئەگەر نەڵێم دڵنیام، ناوبراو هەمان زانا و قازی پایەبەرز زین العابدینی کوڕی قازی یوسفی کوڕی محەمەدی کوڕی زین العابدینی کوڕی طاهیری کوڕی سدرالدینی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عوسمانی گۆرانییە، کە کچەزای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفە و خوشکەزای عەبدولکەریمی کوڕی موصەنیفە، کە ماوەیەک لە بەغدا قاضی بووە و ساڵی ١٠٦٦ک/١٦٥٥ز و کەمێک پاشتر، کتێبی (الیمانیات المسلولة علی الرافضة المرزولة)ی داناوە دەربارەی ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی بوختان و چەواشەکاریی گروپە شیعییەکان. سەرباری خاڵوانی، باب و باپیرانیشی پشتاوپشت شێخزادە و زانا و قازی ناوداری شارەزور و ئەردەڵان بوون، وەکو خۆی دەڵێت: صدرالدین محەمەدی باپیرە گەورەی دەبێتە برای شەهابەدین ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی گۆرانی شارەوزری (١٤١٠- ١٤٨٨ز) زانا و قازی ناسراوی دەوڵەتی عوسمانی، کە پێشتر ناومان برد. مەلا یوسفی ڕۆیسەش، بە قازی یوسفی کوڕی مەحموودی سدیقی شاهۆیی دانراوە و ژیانی واخەملێنراوە ساڵی ١٠٠٠ک/١٥٩٢ز مردبێت، ئەگەر ڕاست بێت، دەبێت درەنگتر مردبێت، چونکە محەمەد شەریفی کوڕی وەکو ئاماژەی پێدرا ساڵی ١٠٧٨ک/ ١٦٦٧ز مردووە.

لە لایەکی دیکەوە، بابا ڕەسوول- عبدالرسوولی بەرزنجی (٩٨٣-١٠٥٦ک/١٥٧٥-١٦٤٦ز) لە بنەماڵەیەکی دیندار و خانەدانی بەرزنجەی شارەزورە، بەچەشنی باوانی سەیدزادە، زانا و دانای ڕۆژگاری خۆی بووە و یاداشت و شیعری لێ بەجێماوە، محەمەدی کوڕی بابا ڕەسوول (١٠٤٠- ١١٠٣ک/١٦٣٠-١٦٩١ز) لەو نامیلکەیەی لەبارەی مەناقیبی باوکییەوە دایناوە (الفصول في مناقب عبد الرسول) دەڵێت: بابم بە فارسی و زمانی دی شیعری هەبوو دەربارەی تەوحید و سلووک٤١ دڵنیام کە مەبەستی لە زمانی دی، نە عەرەبی و نە تورکییە، بەمن وایە ئەگەر مەبەستی عەرەبی بووایە یەکسەر بەناو دەیگوت

“

**عیسای باپیرە گەورەی ساداتی بەرزنجە هاتە شارەزوور و لەناو کوردانی گۆران گیرسایەوە و گوندی بەرزنجەی بونیاد نا و فێری زمانی (گۆران)ییانیش بوو**

”

و شانازییشی پێوە دەکرد، ڕەنگە نموونەشی لێ بهێنایەتەوە، بێ گومان مەبەستی زمانی تورکییش نییە، کە تا درەنگانێکی سەردەمی عوسمانی، نە لە کوردستانی خواروو برەو و ڕەواجی سەند، نە زانایان و شاعیرانی کوردیش بایەخێکی ئەوتۆیان پێ دەدا، مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٧- ١٨٧٠) دەڵێت: «ئەکراد... خوندنا تورکی و زمانێ تورکی کێم دزانن، کتێبێد زمانێ تورکی ل نک وان موعتەبەر نینن»٤٢ بەڵکو مەبەستی زمانی کوردییە، ناوبراو لە سەرلەبەری نامیلکەکەیدا، ناوی کورد ناهێنێت، لێ براوانە هەوڵ دەدات ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێت، کە سەیدی باوکی تیکەڵییەکی وای بە کورد و زمانی کوردی نەبووە، دەپرسین دەبێت زانا و شێخێکی پایەبەرزی کورد لە بەرزنجەی ناوجەرگەی کوردستان، پاش زمانی عەرەبیی پیرۆز و فارسی زاڵ و بەهەژموون، بە چ زمانێکی دی نووسیبێتی ئەگەر کوردی نەبێت؟ ڕەنگە بە زاری گۆرانیش بووبێت کە لەو دەمانە و تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم زمانی شیعریی کوردی کرمانج و گۆران بوو، وەکو زمانێکی ئەدەبیی لێهاتبوو.

پێویستە لە کۆتاییدا ئەوەش بزانین، کە ئەو سەدان بەیت و غەزەل و قەسیدانەی لە دێر زەمانەوە، بەردەوام بە بنزارەکانی گۆران و بەکێش و عەروزی سادە دادەنران، لە سەرانسەری کوردستانی باشوور و خۆرهەڵات بڵاوبوونەوە، لەنێو جەماوەری کوردی غەیرە گۆرانیش دەنگیان دایەوە و تەشەنەیان کرد و هەر بەنێوی ئەوانیشەوە ناوزەد کران، بە داهێنان و موڵکی ئەوان جێگیر کرا و ناونرا (گۆرانی) بەواتای شیعر، تەنانەت لە لیدوانێکی مەولەوی (١٨٠٦- ١٨٨٢) لەبارەی شیعرێکییەوە، شیعرەکانی بە گۆرانی «سایر گورانیها» ناو بردووە٤٣

لە دەستخەتێکی ساڵی ١٣٠٥ک/١٨٨٧- ١٨٨٨ز دا، چەند شیعرێکی زاری گۆرانی، بە ناوی (گۆرانیی کوردی) واتا شیعری کوردی تۆمار کراون٤٤

لە هەمان سەردەمدا، برێک لەم شیعرە- گۆرانییە دڵگیر و بەسۆزانە بە ئاواز و بەزم و موزیکی خۆماڵی دەکران بە ستران و بەیتبێژانی دەنگخۆش دەیانچڕی، تا وای لێهات ئەم تەرزە سترانانەش هەر بە (گۆرانی) ناسران. ئەوەتا مەحموود

پاشای جاف (١٨٤٦-١٩٢١) لە پەراوێزی زۆربەی شیعرەکانی دووتۆی کەشکۆڵەکەیدا، کە زۆربەی هەرەزۆری بە زاری گۆرانین، ناوی شاعیری خاوەندی شیعرەکە و دەم و شوێنی یاداشتکردنیانی لەبیر نەکردووە، چەندین جار شیعرەکان بە (گۆرانی) نەک بە (شیعر) ناو دەبات، وەکو: ‹‹ئەم سێ تاک بەیتە گۆرانییەی مەولەوی- این سە فرد گۆرانی مرحوم مولوی...محرم ١٣٠٩›› و ‹‹گۆرانی و ڕوباعیاتی کاک ئەحمەدی خەسرەو- ساڵی ١٣٠٩›› و ‹‹پێنج بەیتی گۆرانیی ئەحمەد پرێسی- فەسل بهار ١٢٨٢›› و ‹‹ این گۆرانی ولی- وەلی دێوانە- با گۆرانی سؤال و جواب بیسارانی و یوسف- یوسف یاسکە›› و ‹‹این گۆرانی قەمەر عەلی ڕوانی، ١٢٧٩››٤٥

پێم وایە مەبەستی پاشای جاف لێرە پتر ئەو شیعرانەیە، کە کراونەتە گۆرانی، واتا ستران و بەسەر زاری خەڵکییەوە بوون و وەکو ئاشکرایە تا ئێستەش گۆرانی لە کرمانجیی خوارووودا هەر بە مانای ستران ماوەتەوە.

**پەراوێز وسەرچاوە:**

* سەرچاوەکان جاروبار ناوی هۆزەکانی کوردیان بە جەمعی تەکسیر دەهێنا و (جۆرەقان- گۆران و دونبلی و نەشاور)یان دەکردە (الجورقان والدنابلة والنشاورة)

** بۆ زانیاریی وردتر بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم: القبائل والزعامات القبلية الكردية، دار الزمان (دمشق: ٢٠١٦) ٨٧- ٨٩.

*** دواتر ئەنوەری سوڵتانییش وەرگێڕاوە. مینۆڕسکی و کورد، چاپەمەنی مانگ(بانە: ٢٠١٨) ل١٢٥- ١٨٠.

(١)بۆ نموونە فارس لە سەردەمی پیش ئیسلام زیاتر پەیوندی و تێکەڵییان لەگەڵ هۆزی (طي)ی عەرەب هەبوو، کە لە ڕوباری فورات دەپەڕینەوە، پاشان گشت هۆزەکانی عەرەبیان بە (طائی) ناو دەبرد کە پاشتر بووە تازی و تا ئێستاش هەروا ناویان دەبەن.

(٢) ابن العديم، بغية الطلب في تأريخ حلب دار الفكر (بيروت: بلا) ١٧١٨/٤. بڕوانە: لەبارەی مێژوو و کەلتووری کوردییەوە، دەزگای جەمال عیرفان(سلێمانی: ٢٠٢١) ل٢٠٢- ٢١٣.

(٣) اليونيني، ذيل مرآة الزمان، دار الكتاب الإسلامي (القاهرة: ١٩٩٢) ٤/ ١٢٦.

(٤) ابن الأثير، الكامل في التأريخ، دار المعرفة(بيروت: ٢٠٠٧) ٧٩٧/٩.

(٥) مخابن لە وەرگێڕانی (مذكرات مأمون بگ) و لە وەرگێڕانی گوتارەکەی مینۆڕسکی سەبارەت بە (گۆران) لە لایەن ئەنوەری سوڵتانییەوە، مەرگە (مرغە) کراوە بە مەراغە (؟).

(٦) ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، دەزگای ئاراس (هەولێر: ٢٠٠٦) ص٤٧٣- ٤٧٦.

(٧) شرفخان البدليسي، شرفنامه، الترجمة العربية، مؤسسة موكرياني (أربيل: ٢٠٠١) ص٤٤، ٥٥١.

(٨) شرفنامه، ص٥٣٤.

(٩) لەچەند کتێب و دەستخەتەکێدا، ناوی پاوە بە (فاوج) و سەقز بە (سیاکۆە) و بانە بە (بەڕۆژە) دێن.

(١٠) لە تۆژینەوەیکدا گەیشتوومە ئەوەی، کە ئەم سۆفی و شێخە ناودارە لە کوردستان بە بابا گوڕگوڕ دەناسراو و یاد و شوێنەواری تا هەنووکەش ماوە. بگەڕێوە بۆ کتێبی لەبارەی مێژوو و کەلتووری کوردییەوە، ل١٦٩- ١٨٤.

(١١) محمد نوربخش بن عبدالله، سلسلة الأولياء، لەکتێبی (جشن نامه هانری کربن) زیر نظر سید حسين نصر (تهران:١٣٩٧ش) ص٤٧.

(١٢) لسان الدين ابن الخطيب، الإحاطة في أخبار غرناطة، دار الكتب العلمية(بيروت:١٤٢٤هـ) /١٧١.

(١٣) اليمانيات المسلولة على الرافضة المخذولة، مكتبة الإمام البخاري (٢٠٠٠) ص٢٠٦.

(١٤) خيرالدين الزركلي، قاموس الأعلام، دار العلم للملايين (بيروت: ٢٠٠٧) ١٨٤/٧.

(١٥) مێژووی ئەردەڵان، ذەیلی شەرەفنامە، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، بنکەی ژین (سلێمانی:٢٠٠٥) ل١٥٣.

(١٦) عبدالله بن محمد العياشي، الرحلة العياشية، دار السويدي (أبو ظبي: ٢٠٠٦) ٣٨٨/٢.

(١٧) المرادى، سلك الدرر، دار ابن حزم (بيروت: ١٩٨٨) ٢٧٢/١، خير الدين الزركلي، قاموس الأعلام،٨/٢.

(١٨) بڕوانە: محمد علي القرداغي، كنوز الكرد

في خزائن دار الكتب العراقية، ج٢ (أربيل: ٢٠) ص٤٥٥- ٤٦٣.

(١٩) د. عماد عبد السلام رؤف، دراسات وثائقية عن تأريخ الكرد الحديث وحضارتهم، دار الزمان (دمشق: ٢٠١١) ص٣٥٦.

(٢٠) محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی دووەم (بەغدا: ١٩٩٩) ٢٥١/٢.

(٢١) شیرین و خوسرەو، کۆڕی زانیاری کورد (بەغدا: ١٩٧٥)، ل١٥.

(٢٢) لەم گوتارە مەبەستم لە کرمانجی تەنیا کرمانجیی خوارووە.

(٢٣) کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی مەلا عبد الکریمی مدرس و فاتح عبد الکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق (بەغدا:١٩٨٠) ل٣٣، ٦٣.

(٢٤) کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، ل٤٥٦.

(٢٥) فەرهەنگۆکی ئەحمەدی، هەڵەگری و لەسەر نووسینی موحەمەد موحەمەدی، إنتشارت کردستان (سنندج: ١٣٩٣ش).

(٢٦) نفح الطیب وتذکرة اللبیب فی تاریخ رحلة أحمد النقیب، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٤٦) (هەولێر: تەموز١٩٨٦) بەشی عەرەبی، ل١٥٧.

(٢٧) مەلا مەحمودی بایەزیدی، عادات و روسوماتنامە، دەزگەها سپیرێز (دهۆک: ٢٠٠٦) ل٨٥.

(٢٨) ضیاء الین الخالدي، الهدیة الحمیدیة، تحقیق جان دۆست، دەزگای نامە (دیار بکر: ٢٠١٨) ص ٢٨٣.

(٢٩) سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، و: محەمەد حەمە باقی، خانەی موکریانی (هەولێر: ٢٠١٣) ل٨٩- ٩٠.

(٣٠) رحلة من اسطنبول الي البصرة، ترجمة الأب بطرس حداد، دار ومکتبة البصائر (بیروت: ٢٠١٠) ص١٠٨.

(٣١) رۆڵە بزانی، لە سەرچەمەو دینی، إنتشارات کردستان (سنندج: ١٣٩٤ش) ل١٥.

(٣٢) نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، الدرا العربیة للعلوم (بیروت: ٢٠١٢) ل٤٣٦.

(٣٣) محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی سێهەم (بەغدا: ١٩٨٦) ل٢٥٧.

(٣٤) دیوانی بێسارانی، گلێرەوەکەردەی و لەیەکەوەدای عەبدوڵای حەبیبی، إنشارات کردستان (سنندج: ١٣٧٥ش) ل٣٩٦.

(٣٥) نور الأنوار، إنتشارات حسینی نسب (سنندج: ١٣٦٩ش) ص١٠٠-١٠١.

(٣٦) رحلة ریج عام ١٨٢٠، الترجمة العربیة (بیروت: ٢٠٠٨) ص٩٢، ١١٨، ١٢١.

(٣٧) ئەم گوتارە بەشێکە لە پرۆژەی کتێبێک بە ناوونیشانی: لەبارەی مێژووی زمان و ئەدەبی کوردییەوە.

(٣٨) بگەڕێوە بۆ: شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی(ساڵانی ١٧٨١- ١٧٨٣ز) کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی، بنکەی ژین (سلێمانی:٢٠١٠).

(٣٩) دیوانی رەنجووری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی آفاق عربیة ( بەغدا: ١٩٨٣) ل١٧، ٧٠-٧٢.

(٤٠) کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی، ل١٠٥، ١٧٤.

(٤١) د. عماد عبد السلام رؤف، دراسات وثائقیة، ص٣٥٦.

(٤٢) عادات و رسوماتنامەئێ ئەکرادیە، ل٦٤.

(٤٣) دیوانی مەولەوی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، ناوەندی ئارا (سلێمانی: ٢٠١٥)، ل٨٠٣.

(٤٤) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی سێهەم، ل٢٠٩، ٢٨٩.

(٤٥) کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ساغکردنەوەی عەبدوڵلا حەبیبی، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠٢٢)، ٢٨٨/١، ٣٣٨، ٣٤٠، ٤٠٠، ٤١٧.

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ***خوێندنەوەییێک بۆ دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین)ی کەژاڵ ئەحمەد***

نالە حەسەن

- ***بونیادی زمان لە کۆشیعری .. (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن)***

عەبدوڵڵا سلێمان(مەشخەڵ)

# شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە

## خوێندنەوەییێک بۆ دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین)ی کەژاڵ ئەحمەد



ناڵە حەسەن

دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین) یەکێکە لە شیعرەکانی (کەژاڵ ئەحمەد) شیعرەکە چ لەڕووی ناوەرۆکەوە، یان لەڕووی زمانەوانی و فۆرمەوە، تا ئاستێکی بەرز جوانی بەرجەستەکردووە، دەقەکە بە زمانێکی شیرین و پڕ هەست و سۆز نووسراوە، وشە و میلۆدییەکانی، گەمە لەگەڵ دەمارە عاتیفەییەکانی خوێنەر دەکەن و چێژێکی بێ وێنەی پێ دەبەخشن، لەم دەقەدا بە توانا و هەست و خەیاڵێکی شاعیرانەوە عیشقێکی گەورە نمایشکراوە، یان باشترە بڵێم چیرۆکی عیشقێکی گەورە دەگێڕێتەوە، وەکو ئەو چیرۆکانەی لەنێو کتێبی ئەفسانەکانەوە باس دەکرێن.

لە پشتی ئەو خەیاڵە ڕۆمانسییانەوە لە دەرگای کۆمەڵێک بابەت و مەسائیلی گرینگ دەدات کە پەیوەندییان بە ژیان و چارەنووسی مرۆڤەکان و هاوکات پەیوەندییان بە شیعر و مەعریفەی شیعرییەوە هەیە، لە سەرەتاوە شیعرەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

***سبەینێ واز***
***لە ماڵەباجێنەی تەنیایی ئەهێنم***
***تۆش واز لە دارلاستیکی سەرکێشی بهێنە***

لەم کۆپلەیە هەست بە سەرەتای نەخشە و پلانێک دەکرێت، وەکو خۆئامادەکردنێک، یان وەکو سەرەتایەک بۆ چوونە نێو دونیایەکی جیاوازەوە ئەویش دونیای عیشقێکی نوێیە، لە سەرەتاوە بە بڕیارێک دەست پێدەکات، شاعیر لەنێو شیعرەکەیدا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەر لە سبەینێوە واز لە (ماڵەباجێنەی تەنیایی) بهێنێت و دەخوازێت دڵدارەکەشی واز لە (دارلاستیکی سەرکێشی) بهێنێت. وادیارە (ئەو) واتە: دڵدارەکەی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو بڕیارە و بەتەواوی یەکلانەبۆتەوە، بۆیە لە سەرکێشییەکانی بەردەوامە، بەڵام ئەگەر لەڕووی زمانەوە سەیری ئەم دەستەواژە و ڕستە شیعرییانە بکەین، دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز و ناوازەی لەنێوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکێشی) یان (ماڵەباجێنە و تەنیایی) دروستکردووە، هونەرکارییەکی شاعیرانەی تێدا کردووە، هەردوو وشەکەی لە مانا بنەڕەتییەکە داماڵیوە، بەتایبەت (دارلاستیک و سەرکێشی) لە پەیوەندییەکی نوێدا مانای دی پێبەخشیون، وشەی (دارلاستیک) پەیوەندی بە تەمەنی منداڵییەوە هەیە، زێتر منداڵ دارلاستیک بەکار دەهێنن، بەتایبەت کوڕان وەکو چۆن (ماڵەباجێنەش) یاری کچانەیە، سەردەمانێک دیارە مەبەستمان لانیکەم بیست ساڵێک لەمەوبەرە، کە ئەوکات ئەتاری و پلەیستەیشن و کۆمپیتەر و ئینتەرنێت نەبوون، منداڵ دوای قوتابخانە زۆربەی کاتەکانی لە کۆڵان و لەگەڵ منداڵانی دی بەسەردەبرد، دارلاستێک بۆ شەڕی نێوان کۆڵانەکان و گەڕەکەکان بەکار دەهات، یان بۆ بەرد گرتنە چۆلەکە و باڵندەکان، واتە: دارلاستیک لایەنێکی (نێگەتیڤ)یشی هەیە، هاوکات سەرکێشیش بە هەمان شیوە، بەڵام لێرەدا دارلاستیک هێمایە بۆ منداڵی، واتە وشەیەکە بەرائەتێکی جوانی پێبەخشیوە، سەرکێشیش دیوە نێگەتیڤەکەی لێ داماڵراوە، چونکە ئەم دوو وشەیە لە پەیوەندییە نوێیەکەیان دەتوانین وا خوێندنەوەی بۆ بکەین (سەرکێشییەکی منداڵانە) واتە: دەخوازێت دڵدارەکەی واز لە سەرکێشییە منداڵانەییەکەی بهێنێت، هەر وەکو چۆن خۆی واز لە ماڵەباجێنەی تەنیایی دەهێنێت! پێشتریش لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کردووە و گوتومانە لەنێو زمانی شیعریدا داماڵینی وشە و چەمک و هێماکان لە مانا پێشوەختەکان و مانا فەرهەنگییەکان، پڕۆسەیەکی داهێنەرانەیە.

د. محەمەد کەمال لەکتێبی (فەلسەفەی بوون) لەڕووی بوونگەرایییەوە باس لەم پڕۆسەیە دەکات و ئەو بە (هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندن) ناوی دەبات و دەڵێت: (پەیوەندی نێوان ئەم دوو خەسڵەتە گرنگە و ناتوانین لە یەکدییان جیا بکەینەوە، (هەڵوەشاندنەوە) بەبێ مەبەستی دامەزراندن و لەپێناو هەڵوەشاندنەوەدا دەبێتە (وێرانکردن) بەڵام بۆ ئێمە هەڵوەشاندنەوە لە وێرانکردنەوە جیاوازە، چونکە دەمانەوێت لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە بیرۆکەی نوێ دابمەزرێنین و بە ئاکامێکی دیکە بگەین!)

هەر لە پەیوەند بەم بابەتە ئەوەش دەڵێت: کە ئەگەر هەڵوەشاندنەوە دامەزراندنی بەدوادا بێت، ئەوا

هەڵوەشاندنەوەکە دەبێتە (پرۆژە)

واتە: پرۆژەیەک ڕوو لە داهاتوو! هەروەکوو ئەوەی لەو پەیوەندییەی نێوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکێشی) دا هەڵوەشاندنەوەمان بینی، وشەکان لەمانا پێشوەختی و مانا فەرهەنگییەکانییان داماڵرابوون، لە پەیوەدییەکی نوێ بونیاد نرابوونەوە، واتە دامەزرابوونەوە، ئەم هونەرکارییە لە زماندا تا ئاستێکی باش قووڵی و جوانکاری بە دەستەواژە و ناوەڕۆکەکە بەخشیوە.

کەژاڵ ئەحمەد لە بەشێکی دی شیعرەکەیدا دەڵێت:

***من ڕێگەی هەموو ڕۆژێک و***
***ئەدرێسی ژیانم ئەگۆڕم***
***بەکۆدێکی زۆر نهێنی***
***کە دڵتە***
***تا هیچ کەسێ نەتوانێ بمدۆزێتەوە***
***کلیلی دڵم ئەشکێنم.***

شاعیر لەپێناو بەدیهاتنی خەونێکی گەورە و گەیشتن بە دواڕۆژێکی پڕ لە خۆشەویستیی لەگەڵ کەسێک، کە سوارچاکی نێو خەون و خەیاڵەکانییەتی ئامادەی هەموو بڕیارێک و هەموو گۆڕانێکە لە ژیان و لە خۆیدا، بۆیە لە سەرەتاوە بڕیار دەدا واز لەماڵەباجێنەی تەنیایی بهێنێت، ئەمیش واز لە دارلاستیکی سەرکێشیی بهێنێت، ئێستا بڕیاری دی دەدات، کە ڕێگاکانی هەموو ڕۆژە و ئەدرێسی ژیانی بگۆڕێت، خۆی ون بکات و لەچاوی ئاوەدانی خۆی بشارێتەوە، تەنیا بە کۆدێک بدۆزرێتەوە، ئەویش دڵی دڵدارەکەیەتی.

واتە: وەکو ئەشقیایێکی شەیدا، لەو زێتر کەسێکی دی ناتوانێت بیدۆزێتەوە. لە دیمەنێکی دیکەی شیعرەکەیدا دەڵێت:

***وەرە بەیەکەوە بژین***
***لەناو ئینجانەیەکی زۆر بچکۆلەدا***
***کە عاشقێکی خوێن شیرین***
***لە حەوشەی خوێندنگەیەکی تێکەڵاوا***
***دایبنێت و***
***مامۆستایەک بەتاسەوە بۆنی بکا.***

بەپێی ئەم دیمەنە شیعرییە، عیشقەکەیان گەیشتۆتە ئاستێک، کە مانەوەیان لە دووری یەک و لەنێو کونجەکانی تەنیاییدا، سووتان و ئازارێکی گەورەیە، ئازارەکەی هێندە کاریگەر و بەسۆیە کە بەرگەگرتنی کارێکی سانا نییە، بۆیە دڵبەر بە دڵدارەکەی دەڵێت: وەرە بەیەکەوە بژین، بەڵام شاعیر ئەم داوایە لەنێو وێنەییەکی شیعری زۆر نایاب و ناسکۆڵەدا دەردەبڕێت و دەڵێت: وەرە بەیەکەوە بژین لەناو ئینجانەیێکی زۆر بچکۆلانەدا، ئەم دوو عاشقە هێندە تامەزرۆی یەکدی و گەیشتن بە یەکن، لەهەر شوێنێک بێت، تەنانەت لەنێو ئینجانەیێکی بچکۆلانەشدا بێت قبووڵیانە.

دەبن بە دوو گوڵی بۆنخۆش و دەچنە نێوییەوە، دەخوازن عاشقێکی خوێن شیرین لە حەوشەی (خوێندنگەیەکی تێکەڵاوا)دا دایانبنێت و لەوێدا مامۆستایەک، یان قوتابییەک بەتاسەوە بۆنییان بکات. دیمەنێکی تا بڵێیت ڕۆمانسی و پڕ لەهەستی شاعیرانە و بە زمانێکی شیرینی شیعریی، بەکارهێنانی (خوێندنگەیەکی تێکەڵاو) زۆر لەشوێنی خۆیەتی و مەودای بیرکردنەوە و ناوەڕۆکی وێنە شیعرییەکەی قووڵتر کردووە، کە لە بەشەکانی دی ئەم دەقەدا هەڵوێستەی زێتری لەسەر دەکەین.



***شاعیر بەهەمان وزە و خەیاڵە دۆزەخییەکانی، لەنێو دەقەکەیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: من و تۆ بەیەکەوە بین***

***هێڵی تەلەفۆنەکانی شار***
***بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گوێگرتن لە ئەوین نابن***
***من و تۆ بەیەکەوەبین***
***ئیتر کارەبا نابڕێت و***
***هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە***
***Google یش ڕزگاری ئەبێ لەگەڕانمان بەدوای یەکدا و***
***کچان بۆ تۆ و***
***کوڕان بۆ من ناتوێنەوە***

خۆی لە بنەڕەتدا شاعیر باسی عیشقێکی گەورەمان بۆ دەکات، ئەو عەشقەی دەتوانن مەوداکان ببڕن و لەنێو زەمەندا بمێننەوە، ئەو عیشقەی، نەک هەر شایستە بەوەیە شێوەی ژیان، یان خووە هەمیشەییەکانی بۆ بگۆڕیت، بەڵکو شایستە بە هەموو قوربانیدانێکیشە. لەنیو کورەی خەیاڵەکانی دوور دوور دەڕوات، تەنانەت بۆ ئەودیو سنوورەکانی خەیاڵ، وایدەبینێ بەیەکگەیشتنی ئەوان و بەیەکەوە ژیانی ئەوان وەکو (موعجیزەیەکی گەورە) یان دەبێتە کلیلێکی سیحری گرێکوێرەی هەموو کێشەکان دەکاتەوە و چارەسەریان دەکات! ژیان دەگاتە ئەوپەڕی کەناری ئارامی! بڕۆننێ لەنێو ڕووبەری خەیاڵ چ فەنتازیایەکی خولقاندووە! یان دەڵێت: (من و تۆ بەیەکەوە بین هێڵی تەلەفۆنەکانی شار، بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گوێگرتن لە ئەوین نابن!) بەمانای هەموو هێڵی تەلەفۆنەکانی شار و هەموو خەڵکی ئەم شارە بە عیشقی ئەوانەوە سەرقاڵن! تەنیا باسی ئەوانە و هیچی دی، ئەگەر ئەوان بە یەک بگەن و بەیەکەوە بژین، ئیدی چیتر تەلەفۆنەکان سەرقاڵ نابن بە گوێگرتن لە چیرۆکی ئەم دوو ئەویندارەوە. یان دەڵێت: (من و تۆ بەیەکەوە بین، ئیتر کارەبا نابڕێت و هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە) بە یەک دێرە شیعر باسی (دوو) گەورەترین کێشەی خەڵکی کردووە (کێشەی ئاو و کارەبا) بە دیوێکدا (گەورەیی و ئەفسوونی عیشقەکەمان پیشان دەدات، کە بە یەکەوە بوونی ئەوان ئیتر کارەبا نابڕێت و ئاویش دێتەوە) بە دیوێکی دیکەشدا پێمان دەڵێت: (کە ئێمە لە نیشتمانێکدا دەژین خەڵکەکەی (کێشەی ئاو و کارەبایان هەیە) لە بەیەکەوەبوونی ئەوان ئەم کێشانە چارەسەر دەبن! بە بڕوای من ناوەڕۆکی

**شاعیر دەیەوێت کۆڵنەدات عیشقەکەی بە ئاکام بگات و دەستبەرداری ئەو خەونە گەورەیە نەبێت**

ئەم جۆرە دەقانە بە ئەندازەی ئەو عیشقە ئەفسوناوییەی باسمانکردووە گەورەن، یان دەڵێ: (گوگلیش ڕزگاری دەبێت لە گەڕانمان بەدوای یەکدا و کچان بۆ تۆ و کوڕان بۆ من ناتوێنەوە) لێرەشدا شاعیرانە ئەو تامەزرۆیی و چەپاندنە کوشندەیەی (کوڕان و کچانی) کۆمەڵگەکەمان باس دەکات.

کەژاڵ لێرەدا توانای شیعریی لە ئاستێکی بڵنددا دەرخستووە، لەدوو وێنەی جوانی (هونەری و شیعریی) باسی لەچەندین کێشەی گەورە و بابەتی زۆر گرنگ کردووە. وەکو: (قوتابخانەی تێکەڵاو، هێڵی تەلەفۆن، کێشەی ئاو و کارەبا، سایتی گوگل، باری دەروونی کوڕان و کچان!) بە زمانێکی شیعریی پڕ چێژ و سەرنجڕاکێش، شاعیر بە هەمان کڵپە ڕۆمانسییەکانی نێو دەمارەکانی عاتیفە و خەیاڵە تامەزرۆ و ئیرۆسییەکانی دەڵێت:

***هەر ئێستا وەرە مارەمکە***
***بەپێشەکی خەندەیەک و***
***بەپاشەکی نیگایەکت قایل ئەبم***
***تۆ (بمهێنە) بۆ ناو قسەیەکی خۆش و***
***منیش بۆ ناو شیعرێکی کچانە (ئەتهێنم!)***
***هەر ئەمڕۆ مارەمکە***
***بەپێشەکی چەپکێ گوڵ و***
***بەپاشەکی ماچێکی دۆستانە***
***یان بەسێ جار وتنی وشەی (گیانەکەم)***
***تەلاقمدە و تەلاقتەدەم!***

شاعیر دەیەوێت کۆڵنەدات عیشقەکەی بە ئاکام بگات و دەستبەرداری ئەو خەونە گەورەیە نەبێت، دەیەوێت ئاکامێکی هەبێت، بۆیە لە سەرەتدا داوا دەکات و بانگی دەکات، یان پێی دەڵێت: (وەرە بەیەکەوە بژین) بەڵام هێندە نیگەران و دڵبەسۆیە دەیەوێت ڕەسمیەتێک بەو بە یەکەوە بوونە بدات و بەپێچەوانەی زۆرێک لە کچانی نیشتمانەکەی هەمیشە خۆی دەستپێشخەر دەبێت، بۆیە بڕیار دەدەیت و دەڵێت: (هەرئێستا وەرە مارەمکە) بە (دیوێکدا) بەشێوەیەکی زۆرجوان و بە بیرکردنەوەیێکی هاوچەرخانە ئەو داوایەی خۆی بۆ مارەکردنەکە دەخاتەڕوو و دەڵێت: (بە پێشکی خەندەیەک و بە پاشەکی نیگایەکت قایل دەبم!) دیسان گەرمتر و بە تاسەوە پێدادەگرێ و دەڵێت: (هەر ئەمڕۆ مارەمکە بە پێشەکی چەپکێ گوڵ و بە پاشەکی ماچێکی دۆستانە!) بۆ (جیابوونەوەش وشەی (گیانەکەم) بەسە و زێتر هیچی دی نا) وەکو شاعیرێکی هەست ناسک، بەزمانێکی شیرین و بەسۆز، باس لەم بابەتە کۆمەڵایەتییە گرنگانە دەکات، بابەتەکانی وەکو: (هاوسەرگیری و مارەیی و جیابوونەوە) لێرەدا ئەوەش دەبینین کە عیشق

چ بەهایەکی گەورەی هەیە، ماڵی دونیا و (هیچ شتێک) لەسەرووی بەهاکانی عیشقەوە نابینێت، بۆیە (بۆ بە یەکەوە بوون و مارەیی تەنیا چەپکێ گوڵ و ماچێکی دۆستانە دەخوازێت) بەو دیوە داهێنانێکی گەورەی کردووە، چ لەڕووی زمانی شیعریی و چ لەڕووی بیرکردنەوە و ناوەرۆک و بیرکردنەوە هاوچەرخەکانی، بەڵام بە دیوێکی دیکەدا بۆ بە یەکەوەژیان (فۆرمی مارەیی و ئیمزاکردنی پارچە کاغەزێک لەبەردەم دادوەر) تاقە فۆرم و تاقە ڕێگە نییە.

کەژاڵ ئەحمەد فۆرمی دووەمی بۆ (بە یەکەوە بوون) (نادیدە) گرتووە، فۆرمی دووەمیش بریتییە لە بە یەکەوە بوون و بەیەکەوەژیان بەبێ ئیمزاکردنی هیچ پارچەکاغەزێک و ئەگریمەنت و بەڵگەنامەیەک، یان بەبێ چوونە دادگا و هیچ شوێنێک، تەنیا بوونی عیشق و خۆشەویستییەک و ڕەزامەندی هەردووکیان، ئەوەندە بەسە بۆ بە یەکەوە بوونیان ئیدی هیچ شتێکی دی نا! لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەم فۆرمە بۆ بەیەکەوەژیان وەکو فۆرمەکەی دی لە ئاستێکی بەریندا پیادەدەکرێت، وەکو خێزانێک چاویان لێ دەکرێت و منداڵیش دروست دەکەن و لەڕووی یاساییەوە هەموو مافێکی خێزانی و یاساییان هەیە، بەمانای تەنیا (کچبرادەر و کوڕبرادەر) ن واتە: (گێرل فرێند و بۆیفرێند) هەرکاتێکیش بەیەکەوە نەگونجێن جیا دەبنەوە، دیارە لە هەردوو باردا، ئەو پارچە کاغەزە ئیمزا بکرێت، یان نا، کاتێک خۆشەویستی نەما ئیدی ئەو پەیوەندییە کۆتایی دێت، جا بەیەکەوە بمێنن، یان جیا ببنەوە!

کەژاڵ وەکو شاعیرێکی (دژەباو) کە سەردەمانێک بەو ئاراستەیەدا کاریکردووە، دەبووایە فۆرمی دووەمی نادیدە نەگرتایە، یان ئەوەتا هەر باسی مارەیی نەکردایە، بۆ نموونە (هەر پێی لەسەر ئەوە دابگرتایە (وەرە با بەیەکەوە بژین!) یان دەیتوانی بە شێوەیەک باسی کردبا کە بوارێک بۆ فۆرمی دووەم بهێڵێتەوە، یان لانیکەم ناڕاستەوخۆ دەری بڕیایە، بۆ نموونە بیگوتایە (وەرە بەیەکەوە بژین (گەر مارەم بکەیت یان نا) من خۆم و دەسکە گوڵێک هەر لە چاوەڕوانیتدا دەبم!) لێرەدا باس لە هەردوو فۆرمەکە دەکرێت، وەکو کەسێکی هاوچەرخ و دژەباو هەردوو فۆرمەکەی قبووڵ دەکرد، چونکە لای ئەو عیشق و بە یەکەوە بوونەکەیان لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە.

کەژاڵ ئەحمەد لە سەرەتاوە، لە دوای کتێبەکانی (بەندەری بەرمۆدا و گوتەکانی گوتن)ەوە بە ئاراستەی دژەباویی کاریکردووە، لەم کتێبانەشدا، بەتایبەت لە کتێبەکانی (قاوەیەک لەگەڵ ئەودا) یان (ئاوێنەم شکاند) لەوێدا کەژاڵێکی جیاواز دەبینین، بەتایبەتیش لە کتێبی چوارەمی (ئاوێنەم شکاند) ئەم دژەباوییە و هاوچەرخییە بە ڕۆشنی ڕەنگدەداتەوە، خۆشی لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا بەم دیدەوە نووسیویەتی، بۆ نموونە شیعرەکانی (ئاوێنەم شکاند، کەژاڵێکی جودا، سەد ساڵ غەریبیت دەکەم، نازانم بەبێ تۆ بژیم، بە تەنوورەیەکی کورتی سوورەوە و زۆرێک لە شیعرەکانی ئەو سەردەمانەی) بە بڕوای من مرۆڤ دەبێت ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ناخ و بیروباوەڕەکانی خۆیدا، ئەوەتا (ئەلبێر کامۆ، لە (ئەفسانەی سیزیف)دا ڕەخنە لە (گالیلۆ) دەگرێت و دەڵێت: (بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو ڕاستییە زانستییە بووە وەختێک بووە مایەی هەڕەشە لەسەر ژیانی، گەرچی یەکێک بوو لە گرنگترین ڕاستییە زانستییەکان) یان هەر لەو کتێبەدا لەبارەی (شوپنهاوەر)ەوە دەڵێت: (وەکو بابەتێکی پێکەنین باسی شوپنهاوەر دەکرێت، کە چۆن خۆی لەسەر سفرەیەکی ڕازاوە دانیشتووە، کەچی ستایشی خۆکوشتن دەکات) بۆ ڕەخنەگرتن لەم بیرمەندانەش پشتی بە گوتەیێکی (نیتچە) بەستووە، کە دەڵێت: (فەیلەسووف بۆ ئەوەی شایانی

**ئەگەر هەڵوەشاندنەوە دامەزراندنی بەدوادا بێت، ئەوا هەڵوەشاندنەوەکە دەبێتە (پڕۆژە)**

ڕێزگرتن بێت، پێویستە خۆی نموونەی ئەو شتانە بێت کە دەیانڵێت) ئەو قسەیەی (نیتچە) بۆ هەرکەسێک و شاعیرێک و نووسەرێکیش هەر ڕاستە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییەمان لەو شاعیرە ئازیزەمان ئەوەیە، کە بەو ئاراستە دژەباوییەی خۆی سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە و (ڕۆحی فروغ و ڕوئیاکانی کەژاڵێکی جودا) لەنێو بیرکردنەوەکانی ئێستەیدا زیندوو و چالاک بکاتەوە.

شاعیر لەنێو دەقەکەی بەهەمان هەست و سۆز و زمانێکی شیعریی پڕ لە خرۆشان و چێژ بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

***سبەینێ واز***
***لەخووی خراپی زۆر نووستن ئەهێنم***
***مۆڵەت لە شیعر و خەڵک و خوا وەرئەگرم و***
***لەناو کلۆرە دارێکی پوورەی مەنگا***
***مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەرئەبەم***
***فێری وتنی شیرین و***
***خستنەوەی وەچەی شیرین و***
***ئاشتییەکی شیرین ئەبم***

کەژاڵ ئەحمەد لەو دەقەیدا، وەکو ئەوە وایە چیرۆکی عیشقێکمان بۆ بگێڕێتەوە، لە سەرەتدا عەشق دواتر (بەیەکەوە ژیان) دواتر مارەیی و هاوسەرگیری، لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەشدا، باس لە گۆڕینی هەندێک خووی خراپ دەکات، بە مانایەک خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی گواستنەوە و ڕۆیشتن بۆ مانگی هەنگوینی، بەڵام بۆ مانگی هەنگوێنییەکە (شوێنێکی جودا لە وێنەیەکی بێ ئەندازەی جوانی شیعریدا) باس دەکات و دەڵێت: (مۆڵەت لە شیعر و خەڵک و خوا وەرئەگرم و لەناو کلۆرەدارێکی پوورەی هەنگا مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەر ئەبەم)

دیارە شاعیر بەم دیدەوە دەڕوانێت کە (ژیان و عیشق و مرۆڤ) بەهای گەورە و پیرۆزییان هەیە، بۆیە دەبینین لە مارەیەکەش داواکەی تەنیا (چەپکێ گوڵ و ماچێکی دۆستانە) بوو، بۆ مانگی هەنگوینییەکەش داوای هۆتێلێکی گەورەی (پاریس و نیویۆرک) ناکات، هەر کوێیەک بێت تەنانەت (ناو کلۆرەدارێکی پوورەی هەنگیش بێت، بەڕاستی خەیاڵێکی ناسک و جوان و شاعیرانەیە، جوانکارییەکی بێ وێنەی بەو کلۆرەدارەی پوورەی هەنگ بەخشیوە، لەو وێنە شیعرییەدا جوانی وەقسە هاتووە، لێرەدا چێژێکی گەورە بە خوێنەر دەبەخشێت، لەسەر چیرۆکەکەی بەردوام دەبێت و دوای مانگی هەنگوینیش (باسی وەچە نانەوە و بەیەکەوە ژیانێکی ئارام دەکات) ئیدی هەوڵ دەدات لەم کونجی ئارامییەدا لەگەڵ ئەودا تا بۆی بکرێت بمێنێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات زێتر کار لەسەر خۆی بکات، یان (واز لە خووە خراپەکانی بهێنێت) و وەکو دەڵێت: (هەر ئەمڕۆ واز لەم تووتڕکی تووڕەبوونانەم ئەهێنم کە لەدڕکی



پەستبوونی تۆ ئەچێ، بۆ لەمەودوا گوڵ ئەگریت و گوڵ ئەگرم) ئیدی لێرەوە بەرەو کۆتایی چیرۆکەکە دەڕوات، بەڵام دواجار وێنەی گومانێکی گەورەمان بۆ دەکیشی و دەڵێت:

***ئەگەر دڵت هێندەی دڵم گەورە نییە***
***بڕۆ وازم لێبهێنە با هەروەکو جاران بژیم***

بە مانایەک لەوە دڵنیا نییە کە دڵی (ئەویش) جێگای ئەو عیشقە گەورەیەی تێدا دەبێتەوە، یان دەتوانێت قبووڵی ئەو کرانەوە و هاوچەرخییەی بیرکردنەوەکانی ئەو بکات. لە ڕاستیدا لەوە دڵنیا نییە و نازانێت، بۆیە بە (ئەگەرەوە) قسە دەکات، مرۆڤی هاوچەرخ و مۆدێرن هەرگیز بە باوەڕی موتلەقی ڕەها لە شتەکان و بابەتەکان ناڕوانن، ئەگەر بە ئاستێکی کەمیش بێت، بوارێک بۆ گومانەکان دەهێڵنەوە، لێرەدا کەژاڵ ئەحمەدیش هەروای کردووە.

لەم دەقەدا زمانی شیعری لە سەرەتاوە تا کۆتایی شەونمی چێژ دەردەکات و تەڕ و پاراوە، فۆرم و ناوەرۆکیش لەنێو ڕووبەری جوانیدا تەریین بەیەکەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەندێک قسە لەسەر چەمکی جوانی بکەین، ئەو (چەمکانە)ش کە پەیوەندییان بە جوانییەوە هەیە و ماناکانی جوانی تۆختر دەکەنەوە و مەوداکانی جوانیش بەرینتر دەکەن، هەندێک نموونە و لایەنی جوانکاری ئەم دەقەش بخەینەڕوو. هەروەکو لە کتێبی ئیستاتیکا– Aestheticism کە لە نووسینی (ئار ڤی جۆنسن)ە لەبەشی (شیعر و جوانی)دا هاتووە و دەڵێت: (کرۆکی جوانی لەنێو ئەدەبدا لە شیعردا بە ڕۆشنی دەردەکەویت) بەو مانایەی شیعر لە هەموو ژانرەکانی دیکە زێتر ئیش لەسەر جوانی دەکات، هەر لەو بەشەدا باس لە شاعیر و نووسەر (ئەدگار ئالان پۆ) دەکات، بەتایبەت لە مامەڵەکردن و ڕوئیاکانی ئەو لەگەڵ هەستی ڕاستی و چەمکی ڕاستی لەنێو دەق و نووسینەکانیدا، بە بڕوای ئێمەش چەمکی جوانی پەیوەندییەکی نزیک و بەهێزی لەگەڵ چەمکی ڕاستیدا هەیە، یان ڕاستی گوتن لەنێو گوتارە شیعریی و ئەدەبییەکاندا، ڕاستی گوتن ڕەنگەکانی جوانی تۆخ دەکات و ڕووبەری جوانیش بەرینتر پێشان دەدات، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ڕەوایەتیش بە داهێنان دەدات، چونکە ڕاستی گوتن هەر ئەوە نییە، پەیوەندی بە جوانییەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بە ئازادبوونی نووسەرەکەش هەیە، واتە: کاتێک شاعیرێک، یان نووسەرێک لەنێو دەقەکانییاندا بە زمانی شیعریی ڕاستی بەرجەستە دەکەن، ئەوا ئەو کەسە لەنێو ڕووبەری دەقەکەدا کەسێکی ئازادە و لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە، چونکە هەروەکو چەند جارێکی دیکەش گوتومانە، ئەو کەسانەی

لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکانن کەسی ئازاد نین، واتە: (کەسی نامۆ)ن کەسانی نامۆش، ناتوانن داهێنان بکەن، چونکە ئاراستەی جووڵەکانی لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکان دایە، بۆیە ئەگەر لەم دید و ڕوانگەیەوە قسە لەسەر ئەم دەقە شیعرییەی کەژاڵ بکەین دەبینین زۆر ڕاشکاوانە و ڕاسگۆیانە خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی خۆی دەربڕیوە و لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە، ئەوەی ئاراستەی جووڵەکانی دیاری دەکات، ئەوە (تەنیا) هەست و حەز و خۆزگە و خەونەکانی خۆیەتی، بێگومان بە توانا و هێزێکی شیعرییەوە، بۆیە کەسێکی ئازادە لەنێو ڕووبەری دەقەکەی بە مانایەکی دی تەعبیری لە بیرکردنەوەکانی خۆی (کەژاڵ ئەحمەد) کردووە، بۆیە لە ئاستێکی بەرز داهێنانی کردووە، جوانییەکی مەودا فراوانی بەرهەم هێناوە.

بۆ نموونە دەڵێت: (من و تۆ بەیەکەوە بین، ئیتر کارەبا نابڕێت و هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە) چەند ڕاستگۆیانە و شاعیرانە و بە زمانی شیعریی، کێشەی ئاو و کارەبا دەخاتەڕوو. ئایا ئەم ڕاستگۆییە پانتاییەکی قووڵتر و بەرینایییەکی زێتری بە ڕووبەری جوانی نەبەخشیوە؟ ئەی ئەگەر بیگوتایە (من و تۆ بەیەکەوە بین، کارەبا هەمیشە درەوشاوەکانی سەرشەقام و نێو ماڵەکان زێتر دەدرەوشێنەوە و ئاویش وەکو هەمیشە لە گۆرانی گوتن بەردەوام دەبێت) ئەوەی منیش نووسیومە بە دەربڕینێکی شیعریی و بە زمانێکی شیعرییە، بەڵام هیچ جوانکارییەکی تێدا نابینین، چونکە ڕاستیم تێدا نەگوتووە، چونکە لە نیشتمانی ئێمەدا (ئاو و کارەبا) وەکو زۆرێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی دی خەڵک بەردەوام و (هەمیشە) لێیانەوە بەهرەمەند نین!

کەژاڵ ئەحمەد گەر دەربڕینەکانی خۆی بەم شێوەیەی من گوتبا هیچ ئازادییەک و ڕاستگۆییەک و هاوکات ئەو ڕووبەرە بەرینەی جوانیشمان لەنێو دەقەکەیدا نەدەبینی! بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەرەو کۆتایی ئەم نووسینەمان بڕۆین و بنەڕەتی مەبەستەکانمان بەچڕی بخەینەڕوو، هەروەکو پێشتر گوتومانە کە زمانی شیعریی دەتوانێت، یان هێزی ئەوەی هەیە کە قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات، مرۆڤ ئەگەر توانای شیعریی هەبێت دەتوانێت تەعبیر لە هەست و خەونەکانی خۆی بکات، یان زمانی شیعریی دەتوانێت سوود لە هەر (وشەیەک و چەمکێک) ببینێت و شاعیرانە لە پەیوەندییەکی نوێ بەکارییان بهێنێت بوونی ئەم هێزە ڕشت و گەورەیەی زمانی شیعریی، ئەوە (دیوێکی گەردوونییەتی) شیعرمان پێشان دەدات. کەژاڵ ئەحمەدیش لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکەی، ئەم هێزە گەورەیەی زمانی شیعریەی پیشانمان داوە و بەرجەستەی کردووە، کە بە زمانی شیعریی و لە چوارچێوەی وێنەی شیعریی جوان، بابەتی زۆر گرنگ و گەورەی باس کردووە، کە لە سەرەوە باسمان لە زۆربەیان کردووە، وەکو (کێشەی ئاو و کارەبا، هێڵی تەلەفۆنەکان و سایتی گوگل و قوتابخانەی تێکەڵاو و مارەیی و هاوسەرگیری و تەڵاق و باری دەروونی کوران و کچان و زۆرانی دی)

باسکردن لەم هەموو بابەتە جودا و گرنگ و هەمەجۆرانە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریی، ئەوە ئەو هێزە گەورەیەی زمانی شیعرییەمان پێشان دەدات، لەهەمان کاتدا ڕەوایەتی بە ئێمەش دەدات، کە بڵێین بوونی ئەو هێزە گەورەیەی زمانی شیعریی و بوونی مەودا فراوانەکانی ڕووبەری شیعر (ئەوە دیوێکی گەردوونیەتی شیعرە) هەروەها دیوەکەی دیکەی گەردوونییەتی شیعر لەوەدایە کە شیعر (خۆی) لەنێو گەردووندا بوون و ئامادەییەکی بەردەوامی هەبووە و هەیە، بۆ نموونە خەونەکانی مرۆڤ پڕیەتی لە شیعر بەومانایەی کاتێک مرۆڤ هەستەکانی ناوەوە و

**کەژاڵ لێرەدا توانای شیعریی لە ئاستێکی بڵندا دەرخستووە، لەدوو وێنەی جوانی (هونەری و شیعریی) باسی لەچەندین کێشەی گەورە و بابەتی زۆر گرنگ کردووە**

خەونە جوانەکانی خۆی باس دەکات، لەوێدا شیعرییەت دەبینین، یان لەنێو هاژەی تاڤگەکاندا شیعرییەت هەست پێ دەکەین، لەنێو گڤەگڤی (بـا)دا شیعرییەت هەست پێدەکەین، لەنێو میلۆدییەکانی بولبول و چیکەچیکی چۆلەکە و باڵندەکان شیعرییەت هەست پێدەکەین، لەنێو ورشە ورشی درەخت و دەنگی ڕووبارەکان شیعرییەت هەست پێدەکەین، تەنانەت ئەگەر بە هەستەوە (گوێ لە بێدەنگی بەردیش) بگرین شیعرییەت هەست پێدەکەین، بەهۆی ئەم بیرکردنەوەیەمان و خستنەڕووی ئەم هەموو فاکتانە، دەتوانین بە خەتێکی درشت و گەورە بنووسین (بەڵێ شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە)

**سەرچاوەکان:**

١- کتێبی (من دەبێ خۆم بسمیل بکەم) کەژاڵ ئەحمەد
٢- کتێبی (فەلسەفەی بوون) محەمەد کەمال
٣- کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) ئەلبێر کامۆ، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی
٤- کتێبی (Aestheticism) R.V.Johnson

# (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن)



عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)

**بەرایی**

زمان لە کۆشیعری (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن)١ زمانێکە سادە و ڕوون و بێ گرێوگۆڵ؛ خوێنەر بێ ئەوەی زەحمەتییەک بێتە ڕێی، دەتوانێت پەیامی کۆمەڵایەتی دەقە شیعرییەکان و مەبەستی شاعیر لەیەکەم خوێندنەوەدا دەستەبەر بکات. ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمانی شیعرەکان سفت و بەهێز نییە. نا؛ زمانی شیعرەکان کەم تا زۆر ئیشی لەسەر کراوە، بەڵام لەئاست چاوەڕوانی خوێنەری جددیدا نییە. بەدەربڕینێکی دی، زمان لەم کۆشیعرەدا ئیشی لەسەر کراوە، وەلێ ئاگایانە ئیشی لەسەر نەکراوە. من دەزانم شاعیر تێکۆشاوە دەست بۆ ئیقاعی شیعریی جوان و وشەی مۆسیقی و دەربڕینی گونجاو بەرێت، بەڵام نەیتوانیوە شیعرەکان بگەێنێتە ئاست شیعری ئەمڕۆ. ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم شیعرانە شیعر نین، بەڵکو زیاتر مەبەستمە ئەوە بڵێم کە شاعیر پێویستی بە قاڵبوونەوەی زیاتر و شارەزایی زیاترە لە کێشە ئیستاتیکییەکان و گرفتەکانی شیعر. ئەم قاڵبوونەوەیەش دەبێتە هۆی تۆکمەبوونی مەعریفەی شاعیر سەبارەت بە زمان و تەکنیک و ئیستاتیکای شیعریی، کە دواجار تەنیا خۆی و شیعر لێی سوودمەند دەبن. بابەتێک کە من لەم کورتە نووسینەمدا لێی دەدوێم بونیادی زمانی شیعرییە. لێرەدا دەمەوێت لەڕێگەی دوو ڕۆچوونی ڕەخنەییەوە بگەم بە خاڵی مەبەست. بگەم بەو جێگەیەی کە لە ڕێگەی ئەم خوێندنەوەیەوە هەندێک قسە لەسەر زمانی شیعریی لای عارف کوردەی شاعیر بکەم.

**دوو ڕۆچوون**

**ڕۆچوونی یەکەم :** ڕۆچوون بەنێو واتا و پەیام لەڕێگەی دەربڕین و گوزارشتە شیعرییەکانەوە.

لە دووتوێی ئەم کۆشیعرەدا بۆ خوێنەر ئاسان نییە بتوانێت دوو کات و سەردەمی جیاوازی نووسینی شیعر لای عارف کوردەی شاعیر ببینێت و بیانناسێنێتەوە؛ مەگەر کەسێک، یان خوێنەرێک لە نزیکەوە شاعیر بناسێت، یان ئاگاداری مێژووی نووسینی شیعری شاعیر بێت٢ چونکە شیعرە سەرەتاکانی شاعیر زۆربەیان شیعری کرێکارین و هەڵگری پەیامی شۆڕشگێرانە و کۆمۆنیستین.

***ئایارە..***
***بۆرژوا گوێ گرە!***
***لێرە بێ یان لەوێ***
***کوتەرەی شیکاگۆین***
***(ئاگرین؛ شۆرشین***
***شۆرشی کڵپەسێن)***
***لە ڕووی تۆ ناکوژێن***
***ژیلەمۆین؛***
***پەنگرین.***
***هەتاوین تۆڵەسێن***٣


عارف کوردەی شاعیر خۆیشی وەکو مارکسیستێک هەوڵی داوە لەگەڵ خۆی و شیعر و خوێنەر ڕاستگۆ بێت. هەربۆیەش بەوپەڕی سادەیی، بەڵام ڕاستگۆییەوە گوزارشتی لە هەستە چینایەتییەکەی کردووە. لەشیعری بۆ **شاپوورەکان دەنووسێت:**

***شاپورەکان بوون بە مۆم و***
***کوڵیتە تاریکەکانیان ڕووناک دەکردەوە و***
***ئەم تونێلەیان بۆ ئێمە جێهێشت***
***ئێمەش.. لەم ئۆقیانووسی کپ بوون و مەینەتی و نایەکسانییە***
***چراین و هەر وەکو ئەوان ڕاوی تاریکایی دەنێین***
***وەکو ئەوان سروود بۆ ڕزگاری ئینسان***
***بۆ دادپەروەری ژین دەڵێین***٤

ئیدی ئەم بیروباوەڕە ئینسانییەی شاعیر هەر تەنیا

لە شیعرێکدا قەتیس نابێت، بەڵکوو سەردەکێشێت بەناو ژمارەیەک لە شیعرەکانی٥ زمان لەم شیعرە کرێکارییانەی شاعیردا ڕاستەوخۆ و سادە و ساکارە، بەڵام تەژییە لە هەستی ئینسانیی و شۆڕشگێرانە. دەربڕینە شیعرییە چینایەتییەکان و گوزارشتە شۆڕشگێڕەکان باڵادەستییان بەسەر زمانی شیعرەکاندا هەیە و توانیویانە شوناس بە زمانە شیعرییەکە بدەن. هەموو ئەم ئیشکردنانەش (هەڵبژاردنی وشە، سەرواى گونجاو، جەغتکردنە سەر بابەت) لەناو زماندا ڕوویانداوە. چونکە وەکو مارکس دەڵێت: «بیرۆکەکان بەجیا، یان لەدەرەوەی زمان بوونیان نییە»٥ ئەمە ئەو گۆشەنیگا و تێڕوانینەیە کە مارکس دەیخاتە بەردەستمان، کە دەتوانین بایەخی زمان و تەنانەت نووسین و بۆچوونەکانیش لە هەناوی زماندا ببینین و بخوێنینەوە. هێزی گوزارشتی زمان دەتوانێت نەک هەر شوناسی دەربڕینەکان بێت، بەڵکو شوناسی کۆی نووسین بێت لای نووسەرێک.

هەرچی شیعرەکانی دی شاعیرن، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٩٥ وە؛ لەڕووی پەیامی کۆمەڵایەتی و مەبەستی شیعریی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، بە بڕوای من ئەو شیعرانە دەربڕی تووڕەیی و دڵشکانی شاعیرن لە دۆخی سیاسی و خەباتی




کۆمۆنیستیدا. زمانی ئەم شیعرانە، زیاتر زمانێکی کۆن و کات بەسەرچووە، کە ئەو زمانە ناتوانێت لەگەڵ گەشەی سەردەم و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە بێتەوە. دەکۆشم لە ڕۆچوونی دووەمدا زیاتر لەسەر ئەم زمانە کۆنە بوەستم.

**ڕۆچوونی دووەم:** ڕۆچوون بەنێو تێکچڕژانەکانی زماندا لەڕێگەی وردکردنەوەی زمان.

ئەم کۆشیعرە بچکۆلانەیە کە زمانەکەی لەنێو بەرداشی گوزارشتی شۆڕشگێرانە و دەربڕینی کۆندا دێت و دەچێت؛ پێکهاتەکەی بەمشێوەیە دزاین کراوە.

یەک : کۆشیعرەکە لە ١٤٦ لاپەڕە پێکهاتووە.

دوو: نزیک بە ٥٢٠٠ وشەیە.

سێ: ١٠ تابلۆی هونەری تێخزێنراوە، کە لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراون.

چوار: ٦٥ تا ٧٠ هەڵەی ڕێنووس و تایپی تێدایە.

پێنج: ٣٨ بۆ ٤٠ وشەی ئەفسانەیی و ئاینیی تێدا بەکار هاتووە، وەکو (جنۆکە، شەوە، خاچ، خوا، نوێژ، قیامەت، بەهەشت، حەرام، ئەهریمەن، دوعا، زیکر، ئیبلیس، دۆزەخ..تاد)

***خەریکن..***
***ئەهریمەن بۆ بەهەشت***
***ئەنێرنەوە و***
***بەهەشتییەکانیش بۆ دۆزەخ٧***

شەش: ناوی ٣٢ ئاژەڵ و باڵندەی تێدایە، بۆ نموونە (تیترواسک، پاساری، کەروێشک، کەناری، کوکوختی، پشیلە، جرج، ئاسک، ئەسپ، قەلەڕەش، شاباز، هەڵۆ، کوندەپەپوو، حاجی لەقلەق، کەڵەباب، قەلەپاچکە، چۆلەکە، قەقنەس، ماسی، تیمساح، نەهەنگ، شێر، داڵ، جاڵجاڵۆکە، تاوس، کۆتر،..تاد)

***کەروێشکێکی خەواڵووم و***
***لەنشێوی چارەڕەشیی***
***سەرسم ئەدەم٨***

حەوت: نزیک بە ٢٠ وشەی کۆنی دەرەوەی چوارچێوەی زمانی مۆدێرنی تێخزێنراوە لەچەشنی (شەغرە، بێڵەقانێ، کلدان، کانی ژنان، کەپر، مەشکەژەن، چارۆکە، سەردوولکە، تەزبیح.. تاد)

**«ئەم دیزاینەی زمان بەمجۆرەی لەم کۆشیعرەدا نمایش کراوە، بێگومان کاریگەری دەبێت بەسەر کەم ڕەنگکردنەوەی کێشکردنی خوێنەر بۆ دەقە شیعرییەکان»**

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا تا چەند ئەو وشانە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی نێو گۆمەڵگەدا دێنەوە؟ بۆچی شاعیر پەنای بردۆتە بەر چەندین دەستەواژەی سەردەمی فیودالی؟

*پەتی زوڵم چەند ئەستوور بێ*
*شغرەی جیڕی کۆنە ساڵە دەیپسێنێ٩*

ئەم دیزاینەی زمان بەمجۆرەی لەم کۆشیعرەدا نمایش کراوە، بێگومان کاریگەری دەبێت بەسەر کەمڕەنگکردنەوەی کێشکردنی خوێنەر بۆ دەقە شیعرییەکان. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە زمانی شیعریی لای شاعیر ئەو گۆڕانە جەوهەرییەی بەسەردا نەهاتووە کە دەبوو بەسەریدا بێت. لەبونیادی زمانی شیعرەکانی عارف کوردەدا تێکچڕژانێک دەبینرێت، ئەم تێکچڕژانەش لە زماندا پەیوەستە بە بەرز و نزمبوونەوەی ئاستی ئومێد و ڕەشبینی، یان وردتر بڵێم ڕەنگە پەیوەست بێت بە بەرز و نزمبوونەوەی دۆخ و هەلومەرجە شۆڕشگێڕییەکان و گوزارشتکردن لەو هەلومەرجە.

**ئەنجام**

سەرەنجام لە ئاکامی خوێندنەوەی ئەم کۆشیعرەی شاعیر دەگەین بەو ڕایەی کە نووسەری وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن، سەرباری هەوڵەکانی لەبواری زمان و بونیادی زماندا، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە زمانی شیعریی تەریب بە گەشەی سەردەم بسازێنێت. بۆیە بەبڕوای من شاعیر لەبەردەم هەڵبژاردنێکی سەختدایە. یان ئەوەتە درێژە بەم زمانەی ئێستای دەدات، کە سەرەنجام نەک ناتوانێت گەشە بکات، بەڵکو لەوانەیە توانا شیعرییەکانیشی تووشی سستی و لەبارچوون بکات، یان ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی لە بونیادی زماندا دەسازێنێت و لەوێشەوە تەکان بە شیعرەکانی دەدات و بەرەو پێشەوە هەنگاوە پڕ لە داهێنانەکانی لەنێو بزووتنەوەی شیعری ڕادیکاڵی کوردیدا دەنێت.

« **سەرباری هەوڵەکانی لەبواری زمان و بونیادی زماندا، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە زمانی شیعریی تەریب بە گەشەی سەردەم بسازێنێت** »

**سەرچاوە و پەراوێز :**

(١) وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن عارف محەمەد کوردە چاپخانەی ئاڤێستا کەرکووک چاپی یەکەم ٢٠٢١.

**لەبونیادی زمانی شیعرەکانی عارف کوردەدا تێکچڕژانێک دەبینرێت، ئەم تێکچڕژانەش لە زماندا پەیوەستە بە بەرز و نزمبوونەوەی ئاستی ئومێد و ڕەشبینی**

(٢) سەرەتای پەیوەندی ئەدەبیی نێوانمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨ کە شیعرێکی ئەم شاعیرە (بولبولی کارگە) لەژێر ناوی (نەوزاد) لە گۆڤاری ڕابەر ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاوکردەوە. لە دەیەی نەوەدەکانیش شاعیر کۆشیعرێکی دەستنووسی بۆ ناردم و منیش دوای خوێندنەوەی بە کۆمەڵێ سەرنج بۆم ناردەوە و ئەویش وەکو ئیلتزام و ڕێزگرتن لە شیعر و بۆچوونەکانم، دەستنووسەکەی بڵاونەکردەوە. ئیدی لەودەمەوە ئەو پەیوەندییە ئەدەبییە بوونی هەیە، تا ساڵی پار هەوڵم لەگەڵدا کە شیعرەکانی کۆبکاتەوە و لە کتێبێکدا چاپیان بکات، ئەوەبوو ئەم کتێبەی لێهاتە بەرهەم.

(٣) وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن عارف محەمەد کوردە چاپخانەی ئاڤێستا کەرکووک چاپی یەکەم ٢٠٢١ ل٨٨

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٦.

(٥) بۆ نموونە شیعرەکانی (کاتێ بەرک نەبوو، هەوری ئێستا ئاو داناداتت، بۆ ئەوانەی لەغوربەتدا ئەژین، وەفایەک بۆ هاوڕێ ئاراس، ماسیحە، کوانوویەکی بێ خۆڵەمێش، و ..تاد)

(٦)Karl Marx, Jon Elster “Karl Marx: A Reader”, p.٥٣, Cambridge University Press(١٩٨٦)

(٧) وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن عارف محەمەد کوردە چاپخانەی ئاڤێستا کەرکووک چاپی یەکەم ٢٠٢١ ل١٣٧

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٠

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٢

# هەق

- **سندووقی هاوسەرگیری**

و: مستەفا ڕابەر

- **ماتەم**

موحسین تەها

- **دەڕۆیت و پاییز دێ**

ئیبراهیم هەورامانی

- **غەریبستان!**

سەعدوڵلا نوری

# سندووقی هاوسەرگیری

نووسینی: کاسی بوورک
و: مستەفا ڕابەر

لەشارۆچکەی تینگ چۆ لەچاینا بێوەژنێک بەناوی خانم هسوین هەبوو. هاوسەرەکەی بازرگانێکی زیرەک بوو، کە مرد پارەیەکی باشی لەپاش بەجێما، ئێستە بەو پارەیە خانم هسوین تاڕادەیەکی چاک زەنگینە، ئەو ژنە تەنیا یەک منداڵی هەبوو، کچێک بەناوی هسیانگ لینگ. هسیانگ کچێکی جوان و بەهرەدار بوو. خانم هسیە زۆری خۆش دەویست، هەمیشە کچەکەی چی بویستایە ئەیدایێ، نەیدەزانی بەم ڕەفتارە خووی هسیانگ لینگ خراپ دەبێت، کات ڕۆیشت ساڵەکان تێپەڕین، وەکو بفڕن وابوون.

شەوێک خانم هسیە سەیرێکی کچەکەی کرد بینی گەورە بووە تەمەنی شازدە ساڵە، تۆغیانی شووکردنیەتی، خانم هیسوین گەنجێکی باشی لە بنەماڵەیەکی زەنگین لەشارێکی دی دەست نیشانکرد بۆ ئەوەی کچەکەی خۆی لێ مارە بکات، پاشان دەستیکرد بە ئامادەکاری جیازی بووکینی، حەزی دەکرد کچەکەی بەسەربەرزیەوە بڕواتە ماڵە تازەکەی، عادەت وابوو بووک دیاری لەماڵ و موڵکی ماڵی باوک بۆ ماڵی زاوا ببات. هسوین خانم دیارییەکانی بە دڵ و داو هەڵدەبژارد، خۆی ڕۆیشت بۆ گرانترین فرۆشگای شار سنووقێکی داواکرد کە بە ئاوریشمی سووری ڕۆشن داپۆشراو بیت بەدورمان وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ئاژەڵی (چی لین)ی لەسەر کێشرابێت.

ئەو ئاژەڵەی هەموو چاینیەک بەهۆی داستانە کۆنەکان پێی ئاشنا بوون، وایان دەزانی ئەگەر سندووقی شووکردن وێنەی ئەم ئاژەڵەی لەسەر بێت، موژدەی لەدایبکبوونی منداڵێکی بەهێز و هۆشمەند دەدات، ئەم دیارییە. هەڵبژاردەی خانم هسویە دەبێت بۆ ڕۆژی شووکردن. هەروەها زۆریش زەحمەت بوو هەر شتێک بکرێت، بووک پێی خۆشحاڵ بێت، دەیگۆت ڕەنگەکە هەونیە، یان قەبارەکەی، هەرشتێک دایکی بیکریبایە دەبوو بیگۆڕێت، یان دەیگەڕاندەوە بۆ فرۆشگە. کاتێک سنووق ئامادەکرا و خزمەتکار هێنایەوە بۆ ماڵ، هسیانگ لینگ هیچ بەدڵی نەبوو بەنیگایەکی سارد سەیرێکی کرد و گوتی: من حەز لە (چی لین) ناکەم دیزاینەکە هەمووی هەڵەیە بیبەنەوە بۆ فرۆشگە. بۆیە خزمەتکار بۆ فرۆشگەی بردەوە و قسەکەی هسیانگ لینگی پێ گوتن. سنووقێکی دیکەی بەڕادان دا. کاتێک سندووقی دووەمی هێناوە ماڵ هێشتا بەدڵی نەبوو، ڕەنگی زۆر تۆخە و سندووقی سێیەمی ڕاسپارد، بەڵام بەویش قایل نەبوو، لەکۆتاییدا خزمەتکارەکە زۆر بێزار بوو، دەستی کرد بەگریان و گوتی: ئیدی من ناتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم، خەڵکی فرۆشگە پێم پێکەنین، گوتیان قایل کردنی تۆ زەحمەتە.

بەڵام ئەوە من نیم، تۆی بەزەحمەتیت و بەهیچ شتێک ڕازی نیت، ئەگەر ئەم سندووقەت نەوێت ئیدی من ناتوانم لەم کاری خزمەتکاری بەردەوام بم، دەبی بڕۆم، لای خانەوادەیەکی دی خزمەت بکەم.

هەرچەند هسیانگ لینگ خۆی خراپ بوو، بەڵام کەسێکی بەدکار نەبوو، بەزەیی بەخزمەتکارەکەیان هاتەوە، چونکە پیاوێکی بەتەمەن بوو، بەر لەدایکبوونی هسیانگ ئەو خزمەتکاری خانەوادەکەیان بوو، بۆیە ڕەزامەند بوو لەسەر وەرگرتنی سندووقەکە و پێی گوت بڕوات بۆ فرۆشگە پارەکە بدات. خزمەتکار زۆر سوپاسگوزار بوو، کە ڕای خۆی گۆڕی و بەسندووقەکە ڕازی بوو، چونکە نەیدەویست خانەوادەکە بەجێ بێڵێت.

چوو بۆ فرۆشگەکەو پارەکەیداو سندووقەکەی برد بۆ خانم هسیە بۆ ئەوەی پڕی بکات لەدیاری بۆڕۆژی بووکێنی کچەکەی.

ڕۆژی شازدەی هەشت داهات، کاتێک زەماوەندی

هسیانگ لێنگ گەیشت، هسیانگ لینگ چەند مانگ بوو چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی دەکرد. کەتەماشای دایکی دەکرد ئەو هەموو دیاری و جلو بەرگە جوانەی بۆ ئامادە کردووە، زیاتر خرۆشا. بەڵام ئەو خەمی ئەوەشی بوو کە دایکی بەجێ دێڵێت.

سەرلەبەیانی زوو دایکی هاوکاری هسیانگ لینکی کرد بۆ ئەوەی جلە جوانەکانی بووکێنی کە لە بەنرخترین ئاوریشمی سوور بوو، بپۆشێت. پاشان بردیان بۆ کەژاوەکەی کە کورسیەکی تایبەتە بۆ گواستنەوەی بووک بۆ ماڵی زاوا. بووک لەناو تەختی (هـووا چیانوو) دادەنرێت، چـوار دەوری بەپەردە دادەپۆشرێت، تا کەس نەیبینێت، پاشان کەژاوەکە بە شانی چوار پیاوی بەهێز هەڵدەگیرێت.

پەردەی کەژاوەکەی هسیان لینگ ئاوریشمی سووری زیبا بوو. خانم هسیە پەردەی کەژاوەکەی لادا بۆ ئەوەی بۆ دواجار قسە لەگەڵ کچەکەی بکات و گوتی: « ئەمڕۆ ڕۆژی تایبەتی تۆیە، من زۆر بەختەوەرم و شانازی دەکەم کە زۆر قەشەنگ دیاری و شووت بە پیاوێکی جوان و باش کرد، ئەمەش سندووقی شووکردنە، دیاری منە بۆ تۆ، کەگەیشتیتە ماڵی نوێت بیکەرەوە تەواوی ئەو دیاریە دانسقانە دەبینی، کە بۆتۆم داناوە. هیوادارم کاتێک دیارییەکان دەبینی، هەست بە خۆشەویستی دایکت بکەیت، بەڵام ئەوەی ڕاست بێت هسیانگ لینگ گوێی نەدابوێ، بیروهۆشی لای شووکردنەکەی خۆی و هاوسەرەکەی بوو، کە هەرگیز چاوی پێی نەکەوتبوو نەیدەزانی چۆن دەبێت. دایکی ماچ کرد و سندووقەکەی لێوەرگرت و لەتەنیشت خۆی دانا.

پاش چەند خولەکێک چوار پیاوەکە هاتن. کەژاوەی هسیان لینگیان هەڵگرت و ئیدی گەشتی هیسیانگ بۆ ژیانی نوێی دەستی پێکرد، هەرکە گەیشتنە سەرشەقامی سەرەکی یەکسەر باران دایرێژت، بارانێکی ئەوەندە بەخوڕ بوو، ڕێگەکەی کردە دەریایێک لیتە و قوڕاو کەڵکی ڕۆیشتن نەما لەبەر ئەوە پیاوەکان کەژاوەکەیان لەقەراغ ڕێگادا لەژێر پەناگەیەک دانا، چاوەڕێی کۆتایی هاتنی باو بۆرانەکەیان کرد.

هسیانگ لێنگ بەبارانەکە زۆر هەراسان بوو، نیگەران و پەرێشان بوو بۆ ئەوەی بگاتە ماڵە تازەکەی، پاشان هسیانگ گوێبیستی دەنگێک دەبێت.

کەسێک دەگریێت، یان دەنگی بارانە، پەردەکەی لادا بینی لەنزیک کەژاوەکەی ئەو، کۆنە کەژاوەیەکی دی هەیە، بەڵام وەکو هی ئەو جوان نەبوو پەردەکانی دڕاوبـوون بەڵی دەنگی گریانەکە لەناو کەژاوەکە دەهات ئەمەش هسیانگ لینگی پتر بێزار کرد، ئەم ئافرەتە بۆچی لەڕۆژی زەماوەندی بووکێنی دلخۆش نییە، بیری کـردەوە «کـە لـەوانـەیـە ئـەم ڕوودواوە بەدبەختی بۆ ئەویش بهێنێت» خزمەتکارەکەی خۆی نارد بزانی کێشەی ئەو کچە چییە، خزمەتکار هاتەوە بە هسیان لینگی گوت ئەو کچە خەمبارە لەبەر ئەوەی هەژار بوون هیچیان نەبوو بۆ ماڵە تازەکەی لەگەڵ خۆی ببات.

هسیانگ لینگ زۆر خەمی بۆ خوارد، هەستی کرد خۆی هەمیشە هەموو شتێکی هەیە کە بیەوێت، ئەو کچەش هیچی نییە، خەمبارە، بەتایبەتی لەو ڕۆژەی کە بە بووک دەچێت.

هسیانگ لینگ پـارەی پێ نـەبـوو بۆیە بـڕیـاریـدا سـنـدووقـەکـەی پـێ ببـەخـشـێت، جـارێـکـی دی خزمەتکارەکەی بانگ کردەوە. لێرەوە. ئەم سندووقەی بۆ بەرە بەڵام پێی مەڵێ کێ ناردوویەتی، ناوی منی پێ مەڵێ. خزمەتکارەکە هەوڵیدا ڕای بگرێت، گوتی: بەڵام ئەمە سندووقی بووکینی تۆیە.

هسیانگ لینگ گوتی (ششش) گوێ مەدێ.

فەرمانی پێکرد خێرا بۆی ببات، خزمەتکار چی پێگۆترا جێبەجێی کرد سندووقەکەی برد و دای بەکچەکە، یەکسەر گریانەکە وەستاو تەنیا سەدای باران دەهات.

زۆری پێنەچوو باران و شلێوەکە وەستا و پیاوەکان کـەژاوەکـەیـان هـەڵگرت گەشتەکەیان دەسـت پێ کردەوە.

هسیان لینگ سندووقی شووکردنی دایە غەریبەیەک بێ ئـەوەی بزانێت دایـکـە خۆشەویستەکەی چی بۆی لەناو داناوە. پاش چەند کاتژمێرێک گەیشتنە ماڵە تازەکـەیـان و هـەر لـەو ئێـوارەشـدا پەیمانی هاوسەرگیری (مارەبڕین) جێبەجێ کرا، بووک بۆی دەرکەوت دایکی هاوسەرێکی باشی بۆ هەڵبژاردووە، هاوسەرەکەی پیاوێکی گەنج و لێهاتوو جوان بوو.

دوای ساڵێک لە هاوسەرگیری کوڕێکی جوان و لەش ساخیان بوو.

هسیانگ لینگ هەستی دەکرد کە بەختەوەرترین ژنە لەدونیادا، بەڵام دوای شەش ساڵ ئەو بەختەوەریە تێکشکا کاتێک لافاوێکی سامناک لەناوچەکەیان ڕوویدا.

هیسینگ لینگ و خانەوادەکەیان ماڵ و حاڵ و هەرچی هەیان بوو لەدەستیاندا، لەکاتی ئەمبازبوون و ڕاکردنیان لەشارەکەیان، هیسینگ لینگ لەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا لەهاوسەر و کوڕە ساوەکەی دابڕا، زۆر گەڕا، بەڵام لەهیچ شوێنێک نەیانی دۆزیەوە. لەکۆتاییدا ناچاربوو شکست قەبووڵ بکات، لەگەڵ خەڵکەکە ڕەو بکات. وەگەڵ ئەوانە کەوت کەڕایان دەکرد بەرەو شارێک بەناوی (لای چوو) سەفەرێکی سەخت و دژوار بوو، هسیانگ لێنگ دڵ پڕ لەخەم و پەژارە بوو، لەو بڕوایەدا نەبوو جارێکی دی هاوسەر و کوڕەکەی ببینێتەوە، کاتێک گەیشتە شاری لای چوو، ژیان زۆر سەخت و دژوار بوو، بۆیە هەموویان هەوڵیان دا هاوکاری یەکدی بکەن.

ڕۆژێکیان لەقەراخ ڕێگە بە تەنیا دانیشتبوو، ژنێک بۆ لای هات و پێی گوت زۆر خەمبار دیاری پێدەچێت برسیت بێت.

لەشوێنێک زۆر دوور نییە لێرە، لەوێ دەشێت خواردنت دەست بکەوێت، لە خوارەوەی ئەم جادەیە بازرگانی گەورە (یوان لوو) چادرێکی گەورەی هەڵداوە خزمەتکارەکەی خواردن دەدەن بە زەرەرمەندەکانی لافاو، ئێستە بڕۆ دڵنیام لەوێ دەتوانیت شتێک بخۆیت، هسیانگ لینگ سوپاسی ژنەکەی کرد.

ڕۆیشت، کە گەیشتە ئەوێ سرەیەکی دووورودرێژی خەڵکی بینی سەر و قاپیان لەدەستدا بوو بێ دەنگ چاوەڕێیان دەکرد. هسیان لینگ بەدرێژایی ژیانی شتێکی وای نەدیبوو، هەرگیز ئەوەندە پەست و خەمبار نەبوو، کاتێک قاپەکەی خۆی لەدەست گرتبوو چاوەڕێی نۆبەتی خۆی دەکرد. دەبوو فشار لەسەرخۆی بکات فرمێسکەکانی ڕابگرێت.

دواجار نۆرەی هات خزمەتکارەکەی (یوان لوو) دوایین پارچە خواردنی لەناو قاپەکەی هسیانگ لینگ دانا، بەدەنگی بەرز بەو کەسانەی لە سرەکە وەستابوون گوت: ئەمرۆ خواردن تەواو، بەیانی وەرنەوە. ئەو کەسەی لەپشتی وەستابوو دەستیکرد بەگریان هسیان لینگ ئاوڕی داوە بینی ژنێکی بەتەمەنە، کە تەماشای کرد دایکی وەبیر هاتەوە، کە چەند خۆشی دەویست، چەند ژنێکی خۆ نەویست بوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێت خوارنەکەی خۆی خستە ناو قاپی ژنەکە و ڕۆیشت. نەیتوانی فرمێسکی ڕابگریت، فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتنە خوار و بەزەحمەت بەری پێی خۆی دەبینی، کەبۆ کوێ دەڕوات.

خزمەت کارەکە هەموو ئەوانەی بەچاوی خۆی بینی سەری لەو کارەی هسیانگ لینگ سوڕما بەدوایدا ڕایکرد.

لەوکاتەی دوور دەکەوتەوە هسیانگ لینگ گوێبیستی هاوارێک بوو «خانم، خانم تکایە بوەستە، هسیانگ لینگ وەستاو گەڕاوە، پاشان خزمەتکار لێی پرسی بۆچی خواردنەکەی خۆت دا بەو ژنە؟ ئەو بەسادەیی گوتی: «من زۆر برسیمە بەڵام لەو گەنجترم زیاتر لەو پیرەژنە دەتوانم بەرگەی برسێتی خۆم بگرم. خزمەتکار گرژییەوە، باشە تۆ کارێکی خۆنەویستانەت کرد.

خاوەنکارەکەی من (یووان لوو) لە دووای کەسێکی وەکوو تۆ دەگەڕێت بۆ سەرپەرشتی منداڵە ساوایەکەیان.

ئایا ئەوکارە دەکەیت؟ هسیانگ لینگ بەخۆشحالییەوە وەڵامی دایەوە، ئۆ بەڵێ سوپاست دەکەم خزمەتکار گوتی: هەرئێستا لەگەڵ من وەرە، پاشان بردی بۆ ماڵی یوان لوو کاتێک یوان لوو چاوی بە هسیانگ لینگ کەوت و باسی میهرەبانییەکەی لەخزمەکارەکەی بیست یەکسەر کارەکەی پێ سپارد پاشان بە هسیانگ لێنگی گوت: هاوسەرەکەم دایکێکی بێوێنەیە، بەڵام بەداخەوە چەند ساڵە تەندروستی باش نییە. هەر لەبەر ئەوەشە پێویستیمان بەکەسێکە ئاگای لە کوڕە ساوایەکەمان بیت. تۆش لەم کارە تەواو ئازادیت، بەڵام یەک شوێنمان هەیە نابێت هەرگیز بۆی بچیت، ئەو خانووە بچووکەی لەکۆتایی باخەکەمانە، ئەوێ شوێنێکی تایبەتی ژنەکەمە، ئەگەر بزانم چووبیتە ئەو شوێنە یەکسەر کارەکەت لەدەست دەدەیت، دەربارەی ئەم خاڵە پێویستە زۆر بە ڕوونی پێت بێێم. هسیانگ لێنگ ڕەزامەند بوو ژیانی نوێی دەست پێکرد. منداڵە بچووکەشی زۆر لا خۆشەویست بوو. بەڵام زۆری نەخایاند بۆی دەرکەوت ئەو منداڵە زۆر بەدخووە، هەر شتێکی بویستایە دەگریا و ژیر نەدەبووە، هەتا ئەو کاتەی دەستی دەکەوت، ئەمەش هسیانگ لینگی زۆر بێزار کردبوو، لەبەر ئەوەی بەدخوویی منداڵی

# ماتەم

ئـەوەی ژوان لـەگـەڵ بـاراندا ببەستێت، دوایی ئاو ڕایدەپێچێت. سـەرمـای زسـتـان تـەنگی پێ هەڵچنیبوون، ڕووخسـاری هـەورە ڕەشـەکـان لەئاسمانی شوێنە بەرزەکان، دەشتە پانوبەرینەکەی تاریک و ماتەم و ڕەشپۆش کردبوو.

وا پێدەچوو هـەورە تریشقەکان بەگوێی خاکدا هاواربکەن و هەورەکانیش بە دڵۆپە باران وەڵامی تووڕەیی سەرماوسۆڵەی زستان و تینوویتی خاک بدەنەوە. بۆن و بەرامەکی خۆشی پێببەخشن. جۆگەکان، گۆماوەکان و گشت شوێنەکان، پڕ ئاو بکەن و لەگەڵ هەر دڵۆپەیەک، باران لەئاسمانەوە بۆ سـەر زەوی دەهـاتـە خـوارەوە، زەوی ماچ دەکرد و سەری بەرز دەکردەوە و ئینجا لەسەر زەوییەکە ڕادەکشا.

ئەم شەو وادیارە هەناسەی زریان و تەمتوومان دەست پێدەکات. ڕەشەبایەکی سارد لەو شەوە تاریک و ترسەدا لەگەڵ باران و پەلکی دارەکان کەوتبوونە دەنـگ، بەهـاژوهـوژ لـەگـەڵ یەکدی دەدوان و سەمایان دەکـرد. هـەورە ڕەشـەکان ئەستێرەکانیان بـزر کـردبـوو و نەیاندەهێشت ترووسکە ڕووناکاییەک بەخاک بسپێرن.

خاک ماتەمگێڕبوو. خاک تینووی بارانی زیاتر و زیاتربوو. هەرچەند بارانی زیاتر ببارێت، خەڵکە هـەژارەکـە وادەزانــن، سینەیان تـەڕتر دەکـات. هەورەکان وردەوردە شوێن یەکدی دەکەوتن و پاڵیان بەیەکدییەوە دەنا و کۆدەبوونەوە.

وادیـــارە دەیـانـەوێ لـەو کـۆبـوونـەوەدا زیاتر ڕووناکی بزربکەن و شوێنەکە نقوومی ماتەم و تاریکی بکەن، زیاتر خاک تەڕ بکەن. هەورەکان لەململانێیەکی بێ پایاندا بوون لەگەڵ زەوی و باوبۆرانی زستانێ، زیاتر تێکەڵاوی یەکدی ببوون، بەتەنیا دەنگی هەور و لێزمەی باران، گەڵاڕێزان و ورشەی با دەبیسترا. لەوشەوە ئەنگوستە چاوەدا، ترووسکەیەکی کەمی مانگ دەبینرا، وەکو مۆمێکی تازە داگیرساو. مانگیش وێنەی خانووە قوڕەکان و دارودرەخت و خەڵکەکەی لەشوێنە نزمەکان دەنەخشاند و وێنەی دەکردن و دەینووسییەوە.

زەوی قـوڕ و لیتە بـوو، دڵۆپـە بـاران شوێن پێیەکانی بزر دەکردن. هەرچەند هەورەکان لێک نزیک دەبـوونـەوە، بـاران دڵۆپەکانی گەورەتر و بەلێزمەی زیاتر لەئاسمانەوە دەکەوتە سەر زەوی. لەبەر برسییەتی و نەبوونی و قاتوقڕی ساڵی ڕابوردوویان، حەزیان دەکرد باران زیاتر ببارێت و لێ نەکاتەوە. دیارە ئەوساڵ هەور و برووسکە و دڵۆپە باران بڕیاریان بەیەکدی داوە، گوڵەکان سیس نەبن، دەشتودەر بەرگی سەوزایی بپۆشن، مەل و باڵندەکان بەئاوازێکی تایبەتی بخوێنن، هەژار و جووتیارەکان منداڵەکانیان بە برسییەتی نەخەوێنن.

بڕیـاریـان داوە بەئاسۆیەکی گـەش پێشوازی لەبەهار بکەن. نەورۆز ببێتە مایەی خێروخۆشی بۆ گشت خەڵک، بەڵام ئەو ڕەشـەبایە شێتە، پەیامی ترسناک دەگەیەنێت و ئەمشەویش هەورەکان دەیانـەوێت سروشتی بەهـار بڕازێننـەوە. ئەو جارەیان وانەبوو، لێزمەی باران زیاتر و زیاتری کـرد. هـەور و بروسکە ڕق و تـووڕەیی زیاتر بەسـەر زەوی دادا، جۆگە و گۆماو و کەندولەند و هەموو شوێنێک پڕ ئاو ببوون.

ئەم جارەیان دیارە کۆبوونەوەی هەورەکان و ڕق و تووڕەییان وەکو جاران نییە، دەیانەوێت چۆن خـۆیـان ماتەمگێڕ بووینە، بـەو جـۆرەش زەویان ماتەمگێڕ کردووە، ئاواش شارێکی تەواو نقوومی ماتەم بکەن. دەیانەوێت ئەو ئاوەی دوێنێ بەدوایدا وێڵ بووین، ئیمڕۆ لێی ڕابکەین. لێزمەی باران زیاتر و زیاتری کرد دەشت و کێو و گرد نقوومی ئاو ببوون، تووڕەیی هەورەکان زیاتر ببوون، تەنیا چیاکان بەسەرکەشی مانەوە.

تووڕەیی هەورەکان ئەم جارەیان تۆفانی لەگەڵ خۆیدا هێنا، دار و خۆڵ و بەرد و خانووەکانی لـەگـەڵ خـۆیـدا هـەڵـلـوشـی و هـەمـووی بـەرەو شوێنێکی نادیار برد، هەر تەنیا بەوەش نەوەستا (ئومێد)ی شوانەی لەباوکی نائومێد کرد و دایکی (دانەر)ی بچووکیشی ڕەشپۆش کرد و شارێکی نقوومی خەم و ماتەم کرد.



موحسین تەها

# دەڕۆیت و پایـــز دێ



ئیبراهیم هەورامانی

**(١)**
ڕۆژ
تەنیایی
دەدەمە دەست شەو
شەو
تەنیایی
دەدەمە دەست ڕۆژ.
تەنیایی من
وەک پیاڵەیە چای گەرمە
هەمیشە تازەیە
**(٢)**
دەچیتە کافێیەک و
دەست بۆ دوو کورسی و مێزێک
ڕادەکێشێ
دەڵێت: فەرموون
جێ هەیە
کاتێک
تۆ نی
دوو کورسی و مێزێک
چ مانایەکی هەیە؟
**(٣)**
دڵمت
برد و
تەنیایت
جێهێشت
**(٤)**
پیاوانیش
دەگرین
کاتێک تەنیا دەبنەوە
تەنیا بوونەوە
واتە: عاشق بوون
**(٥)**
پێویستم
بەدەستەکانی تۆیە
تا بە تەنیا
جێ نەمێنم
**(٦)**
دەڵێن
دڵ چاوی نییە
بەڵام
من بەچاوی دڵم دەتبینم!
**(٧)**
کە دووریی
دەکەوێتە نێوان من و تۆوە.
بەمە دەوترێت
خۆرگیران
**(٨)**
هێندە
دووریت
هێندە دوور
بوارێک نەماوەتەوە بۆ نەمردن!
**(٩)**
ئەوەی
من و تۆ دەگەیەنێت بەیەک
عیشقە
پیتی (واو) نییە
**(١٠)**
دەزانم
ناتوانم
ماشێنی مۆدیل بەرز و
کۆشکی گەورە و
ئەڵماسی گرانبەها و
سامانێکی زۆر و زەوەندت بۆ دابینکەم
دەزانم
ناتوانم
بەڵام

دەتوانم
ژیانێکت بۆ دەستەبەرکەم
کامەران بیت
شادومان
ئاسوودە بیت
ژیانێک
ئەو ژیانەی
ئینسان تێیدا گەورەترین سەرمایەیە
**(١١)**
لەنێوان
نەبوونی تۆ و
تەنیایی مندا
هەزار
هەزار
پایز هەیە
**(١٢)**
کە دەتبینم
دەڵێم:
خودایە
دەبێت بەهەشت چەند دڵگیر بێت
**(١٣)**
خودا
منی خولقاندوە
بۆئەوەی
تۆم خۆشبووێت
**(١٤)**
ئەگەر
توشی زەهایمەریش ببم
دڵنیام
نە لەبیرت دەکەم
نە لەبیرشم دەچێتەوە
پێت بڵێم
خۆشمدەوێی
**(١٥)**
کە دەڵێی
بەیانیت باش
هەست دەکەم
خۆر
لەبەر من هەڵهاتووە

**(١٦)**
هاتنت
جێگۆڕکێ بە
مانگەکان دەکات
بۆنموونە:
نیسان
دەباتە شوێن
تشرینی یەکەم
**(١٧)**
بێ ماناییە
دڵ هەبێت و
تۆ نەبیت
**(١٨)**
هەندێک
ڕێگا هەن نابڕێنەوە
هێندە دوورن
وەک
دووری نێوان من و تۆ!
**(١٩)**
ئەوەی
من و تۆ دەگەیەنێت بەیەک.
عیشقە
پیتی (واو) نییە!

# غەریبستان!



**سەعدوڵلا نوری**

وەک چۆلەکەیەکی سەرمابردوو
بێ پرس و بێ دەنگەدەنگ
لەبەر پەنجەرەی هەستی شکاوم
نیشتیەوە و
منیش بێ ئاگا لێت
هەر خەریکی نووسینەوەی
دوا چیرۆکی مردنی
ئەو عاشقانە بووم
تامەزرۆیانە
پێکی بەیەکتر شادبوونیان دەخواردەوە
پاش دەرکەوتنت
نەگوێچکەم تینوێتی لەگێڕانەوەی
بەسەرهاتت دەشکێ
نەچاوم تێر لەڕامانی جوانیت دەبێ
کەچی
من هەمیشە لەبێ دەنگیت
خەمێک لەترسم دەپێچێ و
ژانی بزر بوونێک
دەزوولە خوێن
دەڕژێنێتە ناخی بەیەکدی گەیشتن!
پێتنەزانیوە
نیشتمان غەریبستانە غەریبستان
سەر هەڵگرتن ناسنامەیە و
ئێمە دەمێکە دەرکراوین
لەگوناهە گەورەکانە
خەوتن لەباوەشی یەکدا
وەک خۆت دەڵێی:
«کۆڵان نییە لەو شارەدا
ماچێکی تێدا نەکوژرابێ»
بۆیە دەبێ
پریاسکەی دابڕان
بەپشتی ماندوو بوون دادەین و
نامۆیانە بەگەڕەکە تۆزاوییەکان
شەقاوی حەسرەت هەڵێنین
لەزووەوە پێم وتبووی
ئەو پەیامە پیرۆزانەی
دەیاننووسی بۆ ئازیزان
حەشاریان دە لەنێو دڵتا
نەبادا بێن چەتەکانی ئەم ڕۆژگارە
بەپەتی ڕقدا هەڵواسن
پیت پیت وشە و دێڕەکانی
چارەنووسە
لەم جیهانە فراوانە
کونجێک بۆ حەسانەوەی ڕۆح
بەدیناکرێ!
لەبەردەم دووڕیانێک داین
لای من
ساردییت لەشەختە دەچێت و
گەرماییت لەمۆم
لەونێوەدا
هەر مردنی پەپوولەیە
بەسەرمانەوە دادەڕژێ !
کەوابوو
وەرەو بەو ڕێچکە یادانەدا بڕۆین
چیتر ڕەنگە ژاکاوەکان
جورئەت نەکەن بمانکوژن !

٢٠٢٢-١١-٢٢

# ڕۆشنبیریی گشتی

- **بەراوردیی نێوان دیرۆکی شاماران و مێدوسا لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە**

نووسینی: شایستە مورادی و مێهری ئەسەدی



# بەراوردیی نێوان
# دیرۆکی شاماران و مێدوسا
# لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە

بەشی یەکەم

نووسینی: مێهری ئەسەدی[1]
شایستە مورادی[2]

**پووختە:**

به درێژایی مێژوو مرۆڤ له هەوڵی ئەوەدابووە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کەسانی دیکەدا زاڵ بکات، بەرچاوترینی ئەم هەوڵانەش ئافراندنی چەمکی دیرۆک/ئوستوورە (هێمایکی مرۆڤانە بە تواناگەلی تایبەت و بان مرۆڤییەوە) بووە. ئەم تایبەتمەندییەش، کە بەسەر زۆر لایەنی ژیانیاندا باندۆری هەبووە، هەندێک جار هێمای توانستیان بووە لە ڕاست بەرژەوەندی مرۆڤەکاندا، هەندێک جاریش هێمای خراپە و شەڕوشۆڕ بووە لە دژی خۆیاندا.

ئەم دیرۆکانە بە درێژایی مێژوو لە وێنەگەلی جیاوازی وەکو مرۆڤ، ئاژەڵ و تێکەڵێ لە هەردووکیاندا خۆی نیشان داوە. هەڵبەت نەخش و نیگاری هەندێک ئاژەڵی وەکو شێر، ئەسپ، گا، هەڵۆ و مار زیاتر دەبینرێن، وێنەی مار بە دوو شێوەی چاک و خراپ دەرکەوتووە، کە خۆی جێگای تێڕامانە. هەربۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵی ئەوەی داوە هەر دوو دیرۆکی دیاری(شاماران) کە تێکەڵێکە لە (جەستەی ژن و سەری مار) هێمای خێروبێر و زانین لەنێو کورداندا، لەگەڵ (مێدوسا) (جەستەی ژن و پرچی مارینە) هێمای شەڕ و خراپە لە وێژەی یۆناندا لەباری پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەنێو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا بخاتە بەر لێکدانەوە و بەراوردکردن. هەربۆیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕەچاوکراو، پشت بە داتای نووسراو بە شێوازی کتێبخانەیی (کتێب و وتار) و کۆکردنەوەی داتای وێنەیی بەشێوەی مەیدانی بەستراوە و شێوازی خوێندنەوە بۆ ئەم کارە (مێژوویی – بەراوردی – شرۆڤەییە) هەربۆیە بە خستەنە بەردەستی هەندێک نەخش و نیگاری بەجێماوی هەردوو دیرۆک لە ئاسەواری کۆن و ئێستادا، کاریگەری و پێگەیان لەنێو کۆمەڵگەی خۆیاندا پۆلێنبەندی کراوە و لێکدراوەتەوە، ئەنجامەکەشی هێمای پارێزراوی کاریگەرییەکانە بەسەر بڕوای خەڵکەوە، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستە.

**وشە زێڕینەکان: دیرۆک، شاماران، مار، مێدوسا**

**پێشەکی:**

بە درێژایی ژیانی مرۆڤ دیرۆکگەلێ لەنێو مێژوو و وێژیاندا سەری هەڵێناوە، کە هەرکام ڕۆڵ و پێگەیکی تایبەتی لەبیر و بڕوایاندا گێڕاوە. ژیانی مرۆڤەکان بەردەوام لەگەڵ دیرۆکدا هاوشان بووە و باندۆری ئەرێنی و نەرێنی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە. ئەم دیرۆکانە هەندێک جار کەسایەتی خێرخواز و بەفەڕیان هەبووە و برێ جاریش هێمای شەڕ و وێرانکاری بوونە. کەسایەتییان لە هەیکەلی جۆراوجۆردا پینە و وێنە کراوە، کە دەکرێت ئاماژە بە شێوازی ئاژەڵ، مرۆڤ، یان تێکەڵێ لە هەردووکیاندا بکرێت، کە سامێکی ترسناک و درۆینەیان هەیە.

وێنەی ماریش لە زۆربەی ژیارەکاندا جگە لە توقێنەری چزەکەی بە زۆری هێمای ترس و توق بووە، تەنیا لە برێ دیرۆکدا وەکو هێمای خێروبێر باسی لێکراوە. بەڵام بە لێکدانەوەی

دیرۆکە ئەدەبییەکان و پەیکەرە دۆزراوەکان، کە تیایدا بۆ کەسایەتی دیرۆکی لە تێکەڵەی مار و مرۆڤ کەڵک وەرگیراوە دەرکەوتووە، زۆربەی ئەم ئاسەوارە هونەریانەش ئاوێتەی لە ژن و مار بوونە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، بە نموونەگەلێ وەکو دیرۆکی مێدوسا (یۆنان) کە جەستەی ژنە و پرچی سەریشی وەکو مار تێکئاڵاوە (هێمای شەڕ و خراپە) شاماران (گەلی کورد) جەستەی مارە و سەری ژنە (هێمای زانایی و خێروبێر) پەیکەری خاتووخودای میسر کە لاشەی ئافرەتە و سەریش وەکو سەری مارە، کە لەمێژەوە ناوبانگی تایبەتیان هەبووە و هەنووکەش پێگەی خۆیان لەنێو خەڵکدا پاراستووە ئاماژە بکات و بە بەراوردکردنی هەردوو دیرۆکی شاماران و مێدوسا بە دووی وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێت:

بۆچی تێکەڵبوونی خاتووخوداکان لەگەڵ ماردا کاریگەری جیاوازی لە ڕوانگەی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە و هۆکاری خۆشەویستبوون و لەبەرچاو کەوتنیان لەنێو خەڵکیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

گریمانەی بەردەست بەم بۆچوونە پشتەستوورە، کە ڕوانگەی ئەرێنی کۆمەڵگە لەسەر شاماران بە یارمەتیدانی زانین و زانیاری مرۆڤەوە گرێ دراوە لە سەردەمی خۆیدا و ڕقبوونەوەش لە مێدوسا بەرهەمی شەڕ و شۆڕەکانی بووە، ئەمەش بەرە بۆ بەرە گوێزراوەتەوە. بۆ گەیشتن بە دروستی ئەم گریمانەیە، وتاری بەردەست بە پشت بەستن بە داتاگەلی نووسراو بەشێوەی بەڵگەیی (پەرتووک و وتار) و کۆکردنەوەی داتاگەلی وێنەیی بەشێوەی مەیدانی و شێوازی خوێندنەوەی مێژوویی، بەراوردیی – شیکاریی ئەنجام دراوە.

تەوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پۆلێنکراوە و بە گوێرەی دارشتنی مێژینەی توێژینەوەکانی ڕابردوو و شێوازناسی توێژینەوەی بەردەست لە هەیکەلی خوێندنەوەکەی خۆی نزیک دەبێتەوە و لە درێژەدا بە باسکردنی دەمباسەکانی هەر دوو دیرۆک، مار و دیرۆک لەنێو خەڵکدا، پێگە و کاریگەرییەکانی دیرۆکی شاماران و مێدوسا لە سەرەتاوە هەتا ئێستە ئاماژەی پێ دەکرێت و لە کۆتاییشدا کاریگەرییەکان لەنێو خشتەیەکی بەراوردکراودا تێکڕای دەرئەنجام بە ئاکام دەگات.

**مێژینەی توێژینەوەکە:**

لە کۆندا چیرۆکگەلی دیرۆکی جۆراوجۆر لەنێو گەلانی جیاوازدا برەوی هەبوو، کە هەندێک لەوانە هەتا ئێستەش هەر ماونەتەوە. چیرۆکی شامارانیش لەنێو گەلی کورددا (ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریە) برەوی هەبووە، لەم بوارەشدا توێژینەوەیان ئەنجام داوە، کە لەم بەشەدا نموونەگەلێکی لێ دادەنرێت. لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا (شیلان مەسروور) لە وتاری لێکدانەوەی دیرۆکی شاماران لە دەڤەری مووکریانی مهابادا (١٣٩٨) دەستی داوەتە کۆکردنەوەی دەمباسە جیاوازەکانی شاماران لەنێو گوندەکانی دەردۆری مهاباد، بەم کارە بناغەییە بەو ئاکامە گەیشتووە، کە لە بنەڕەتدا دەمباسەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و هەموویان لەسەر زانایی و خێروبێری ئەم هێمایە کۆکن.

(کەماڵ ڕەمەزانی)یش لە پەرتووکی شاماران (لە کلتوور و فلکلۆری کوردستاندا) (١٣٩٨) بە دووبارە نووسینەوە و قایمکردنی چیرۆکەکە لە چەند بەشدا بە زمانێکی ڕەوان و پاراو، لەگەڵ وێنەگەلێکی ئەم دیرۆکەدا، کە بەسەر کاری دەستی و هونەرییەوە نەخشێنراوە، لە هەوڵی ئەوەدا بووە، ئەم چیرۆکە بە گەلانی دیکەش بناسێنێت. لە وڵاتی تورکیە پەرتووکی Another look at East and Southeast Turkey (کامیل ئەحمەدی) (٢٠٠٩) بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چیرۆکە ڕەنگاڵەکانی گەلانی تورکیا، شامارانی وەکو دیرۆکی خۆرسک لە باشووری تورکیا بە هێمای زایەندێتی، ژنیەتی و زانایی ناساندووە.

> **“ چیرۆکە ڕەنگاڵەکانی گەلانی تورکیا، شامارانی وەکو دیرۆکی خۆرسک لە باشووری تورکیا بە هێمای زایەندێتی، ژنیەتی و زانایی ناساندووە ”**

هەروەها سەبارەت بە دیرۆک، فریشتە، خاتووخوداکان و ماریش توێژینەوە کراوە، بۆ نموونە: وتاری (لوقمان موحەممەدپوور) لە ژێر ناوی بەراوردی بوونی فریشتە لە ئێرانی کۆن لەگەڵ پێناسەکەی لە وێژەی فارسیدا (١٣٩٦) باس لەوە دەکات، کە هاتنی فریشتەکان لە سەردەمی کۆن و ناوەڕاستەوە بۆ چاخی نوێ،

> “لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ بۆ بەراوردی دوو دیرۆکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دوو نەتەوەی جیاواز دراوە لە شێوازی شیکردنەوەی دەمباسەکان و لێکدانەوەی ڕوانگەی کۆمەڵگەی ئەوکات و ئێستە”

بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕوخساری نەریتی خۆیان بۆ شێوازی ئەریتی گۆڕیوە. بۆ نموونە دەوری ماریش لە پەرتووکی مێژووی ئایینەکانی میرچا ئێلیادێدا (١٣٧٣) کلتووری نیگارە و هێماکان لە خۆرهەڵات و خۆراوادا، جەیمز هاڵ (١٣٨٠) و هتد. خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

بەڵام لە ئێراندا ڕۆڵی مێدوسا و بەراوردکاری نێوان دیرۆکە ئێرانییەکان و نەتەوەکانی دیکە نابینرێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەی بەردەست بە ڕوانگەی لێکدانەوەی دیرۆکی شاماران وەکو تەوەرێکی ژنانە بە هێمای زانایی و خێروبێرەوە لەگەڵ مێدوسا، کە ئەویش دیرۆکێکی ژنانەیە بە هێمای شەڕ و شۆڕەوە بخاتە بەرباس و خوێندنەوە، ئاماژەش بە ڕوانگەی کۆمەڵناسی هەر دوو بابەتەکە، وێڕای کاریگەرییان بە سەر هونەر و ئەدەبیاتدا دەکات.

**شێوازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە باری ئامانجی بنەڕەتی و پێناسەی خودی بابەتەکەوە )بەراوردیی، شیکاریی، مێژووییە( گردوکۆی زانیارییەکانیش بەشێوەی هەڵگرتنی یاداشتی سەرچاوەی کتێبخانەیی، توێژینەوەی مەیدانی و دیتنی وێنەکان بووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ بۆ بەراوردی دوو دیرۆکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دوو نەتەوەی جیاواز دراوە لە شێوازی شیکردنەوەی دەمباسەکان و لێکدانەوەی ڕوانگەی کۆمەڵگەی ئەوکات و ئێستا، کە سەبارەت بەم دوو کەسایەتییە دیرۆکییە کەڵک وەرگیراوە.

**هەیکەلی توێژینەوە**

**پێناسەی دیرۆک و پێگەی دیرۆکەکان:**

سەبارەت بە ڕەچەڵەکناسی وشەی ئوستوورە دەبێت بڵێین وشەیکی عەرەبییە و شارەزایانی بواری وشە و فەرهەنگیش ڕای جیاوازیان لە سەری هەیە. هەندێک دەڵێن لە بنەڕەتدا وشەیکی سریانییە (فرهنگ بزرگ سخن، ١٣٨٢: ذیل اسطورە) بەڵام بە زۆری پێیان وایە لە وشەی یۆنانی – لاتینی هیستۆریاوە وەرگیراوە (فرهنگ فارسی معین، ١٣٧٩ ذیل اسطورە) ئامووزگار، ١٣٨٨: ٥٣ ئیسماعیل پوور، ١٣٨٤: ٣٩٢) کە بە واتای گەڕان، زانیاریی، گێڕانەوە، ڕاڤە، مێژوو و چیرۆکە. ڕەوانشاد مێهردادی بەهار، بناغەی وشەگەلی History-Histori دەگەڕێنێتەوە بۆ vid هێند و ئەورووپی، کە هاوتیرەیە لەگەڵ وشەی سەنسکریتی vidya و وشەی vaedya فارسی کۆن، کە بە واتای زانستە (بەهار، ١٣٥٧: ٣٤٣)

بەهار خۆی لە پێناسەی دیرۆکدا (ئوستوورە) دا دەڵێت: (ئەو شتەی، کە ئەمڕۆ بە کلتووری دەزانین، لە سەردەمی کۆندا لەگەڵ ئوستوورە و ئایینیدا یەکسان بووە، کۆی ئوستوورە و ئایین لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا بریتی بووە لە کلتووری ئەو کۆمەڵگایە، چوون هیچ کار و کرداریێ نەبووە، کە لە بازنەی ئەو کۆمەڵەیە نەبووبێت، تەواوی کردەوەی ژیان و ڕامانی مرۆڤ دەچووە بازنەی ئایین و ئوستوورەوە (هـس، ٣٣)

ئوستوورە هەمان وشەیە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە دوو شێوازی Storg (چیرۆک) و Historg (مێژوو) دەبینرێت، لێرەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە سەبارەت بە (ئوستوورە/ دیرۆک) دوو بەرداشت هەیە؛ لە لایەکەوە بە درۆ و دەلەسەی دەزانن و لە لایەکی دیکەشەوە بە ڕاستی و مێژووی دادەنێن. بابەتگەلی مێژوویی، ئایینی و ڕاستەقینە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ڕەنگ و ڕواڵەتی دیرۆکی لێ نیشتووە. لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەر لە سەرەتاوە دیرۆک دەرکەوتووە و بەردەوام بەشێک لە بۆچوونی مرۆڤ لەسەر دونیای دەوروبەری خۆیان بوونە. بە زۆری بە شێوازی دەمباس و گێڕانەوەی پیرۆز باس کراون. خوداکان و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان بە پێشینیانی ئێمەیان گوتووە، کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن. دیرۆک نە بە واتای چیرۆکێ ڕاستەقینەی شێوە جیاوازی سەروو مرۆڤە و نە بە واتای هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ پاساوی دونیای ئافرێنراو؛ بەڵکو بە واتای نواندنگەیەکە بۆ هزر و بیری مرۆڤ و شێوازی ناسینی لەسەر جیهان لە سەردەمێکی تایبەت لە مێژووی هزریی ئەودا بە چەشنی گالیسکەیێکی گەورە و گران، کە جگە لە شێوازی هزر و بیری مرۆڤ سەبارەت بە جیهان بەڵکوو چۆنیەتی ژیانی مادی و زەمینیشی بە دووی خۆیدا ڕادەکێشێت.

لە کۆندا، بەتایبەت لە سەردەمی ڕۆمانسیەتدا،

لێکۆڵەرانی فەرهەنگی گشتی (فۆلکلۆر) دیرۆک و ڕازەگەلێکیان بۆ پاراستنی ئەو جیهانەی، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە کۆکردەوە. چەندین پێناسە سەبارەت بە دیرۆک و پێکهاتەکانی هەیە، بەڵام زۆربەی نووسەران لەو باوەڕەدان، کە دیرۆکەکان گێرانەوەگەلی پیرۆزن و وەکو نەخشی هەڵکۆڵدراوی کۆمەڵگاکان ماونەتەوە (مالینۆفسکی، ١٩٩٠: ١٩٧) لە مێژوودا، قوتابخانە هزرییە جیاوازەکان سەرنجیان داوەتە تایبەتمەندی بەرچاو و ڕۆڵی دیرۆک. بۆ یەکەم جار لێکدانەوە و خوێندنەوەی فەرهەنگی گشتی لەسەر دیرۆکی پاڵەوان، بۆ حەفتاکانی ساڵی(١٨٧٠) دەگەڕێتەوە. کاتێکە ئێدوارد تەیلۆر ئەوباسەی ورووژاند، کە زۆر لەم دیرۆکانە بە دووی پلان و سەرمەشقێکی یەکساندا دەگەڕێن (سگال، ١٩٩٠: ٥) ئەم کارەی، بۆ زۆر لە توێژەران بووە چرای ڕێگا، لەو نێوەشدا دەتوانین ئاماژە بە (یووهان گێئۆرگ فوون هان و ڤلادیمیر پراپ و ئوتوو ڕێنک) بکەین، کە دەستیان داوەتە ناساندنی نموونە کۆنەکانی پاڵەوانەکان.

ئوستوورەکان، دەمباسگەلێکن، لە سرووشت و سەرەتایی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و هەڵقولاوی پێوەندی دوو قوڵی ئەم دوو بەشەیە. ئوستوورەکان پێشاندەری کلتوور و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکن لە سەردەمانی کۆندا و زەمانی کراوەی مێژووی پێش ڕەوڕەوەی مێژوون و میراتگەلێکی بەنرخن، کە لە سینگی زەمین و دووتوویی بەرد و شاخەکاندا دەبینرێنەوە.

لە پەرتووکی ناسینی ئوستوورەکانی ئێراندا هاتووە: لە وتوویێژی ڕۆژانەی خەڵکا واتای دیرۆک گۆڕاوە بۆ ئەو شتەی خەیاڵی و درۆ بێت، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا بەم شێوەیە باسی دیرۆک دەکات: گێڕانەوەیەک کە شێوەی ئەفسانەیی هەیە، مەبەست ئەوە نییە کە چیرۆکی لەباری ڕاستییەوە درووست بێت، یان نە، ئەو شتەی کە بایەخی هەیە مانا و واتا ئەخلاقییەکەیە.

یۆنانییەکانی سەردەمی کۆن گەورەترین ئافرێنەرانی دیرۆکی ئەورووپا بوون. نزیک بە ٤٠٠ ساڵی پێش زایین، ئەفلاتوون وشەی میتۆلۆژیا (Mythologia) بۆ شرۆڤەی خەیاڵی کاری خوداکان و دیتنی ڕووداوە سرووشتی و سەروو سرووشتییەکان تەرخان کرد. خودی «میتۆلۆژی» بنەڕەتی یۆنانی هەیە و بەسەر چیرۆکگەلی سەرسووڕهێنەر لەمەڕ خودا، پاڵەوان، مرۆڤ و ئاژەڵەکاندا چاودێرە (ڕەزایی، ١٣٨٤: ١٤) ئەفلاتوون لە سەردەمێکدا دەژیا کە ڕوانگەکان بەرەو زانستی بوون دەچوون و بڕوای مرۆڤەکانیش لەسەر وردەکاریی کرداری خوداکان و خاتووخوداکان بەرەو کزی و لاوازی هەنگاوی دەنا، بەڵام ئەفلاتوون دەیزانی کە دیرۆکەکان چ هێزێکیان هەیە و قوتابییەکانی خۆی ئاگادار کردەوە، کە لە فڕ و فێڵیان خۆ بپارێزن.

**هێمای ژن لە دیرۆکەکاندا:**

هێماگەلی پەیوەست بە ژنان ئاڵۆزە و بەگشتی دەورێکی دووسەرە دەگێڕن. هەم شابانووی پاکیزەی بەهەشتە و هەم ژنێکی شەڕانی و سۆزانییە، هەم ئاوەزی بەرزی هەیە و هەم گەمژەیی فراوان، هەم ڕێنوێنە بەرەو چاکە و هەمیش فریوکار و خڵەتێنەرە.

بەتەواوی دیارە، کە ژن ڕۆڵی زایندێتی هەیە. لەو پەیکەرانەدا، کە هەر لە کۆنەوە ماونەتەوە زۆر تیشک خراوەتە سەر ئەندامی زایەندێتییان. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەمەیە، کە تەنانەت شیوەن و گریانی ئافرەتان لە پرسە و ماتەمیشدا هەر پێوەندی بە زایین و بارهێنانەوە هەیە. لە ڕاستیدا ئەو جۆرەی کەوا ئاوی باران دەڕژێتە سەر زەوی و تووەکانی ژێر گڵ دەڕوێنێت، ئاوەهاش کاتێک بۆ مردووەکان دەگرین دیسانەوە دەژینەوە و هەر بەم بۆنەوەیە، کە ژنان لە مەراسمی پرسە و ماتەمدا دەوری سەرەکی دەگێڕن (iran – tourism.ir)

**هێمای مار لە دیرۆکەکاندا:**

(مار) واتایکی دوو سەرەی هەیە، مردن و ژیان، خێر و شەڕ، سوود و زیان، ئاوەز و هەستی کوێرکوێرانە، نێش و نۆش، ژەهر و دژە ژەهر. چۆن کاژ دەکاتە هێمای نوێ بوونەوە، ژیانەوەی دووبارە و هەستانەوەیە، چونکە دەمرێنێت و بە وێنای مەرگ و کاولکاریش دێتە ئەژمار. بەگشتی ئاژەڵگەلی وەکو مار، کەروێشک و ورچ کە هەندێک جار دەردەکەون و هەندێک جاریش

“ سەبارەت بە ڕەچەڵەکناسی وشەی ئوستوورە دەبێت بڵێین وشەییکی عەرەبییە و شارەزایانی بواری وشە و فەرهەنگیش ڕای جیاوازیان لە سەری هەیە. هەندێک دەڵێن لە بنەڕەتدا وشەیێکی سریانییە، بەڵام بە زۆری پێیان وایە لە وشەی یۆنانی- لاتینی هیستۆریاوە وەرگیراوە ”

> **خوداکان و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان بە پێشینیانی ئێمەیان گوتووە، کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن. دیرۆک نە بە واتای چیرۆکێکی ڕاستەقینەی شێوە جیاوازی سەروو مرۆڤە و نە بە واتای هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ پاساوی دونیای ئافرێنراو**

ون دەبن هێمای ژیانی دووبارە وەردەگرن. لەم بارەوە (مار) لەگەڵ مانگیشدا لە پێوەندیدایە، چونکە مانگیش بۆ چەند ڕۆژێک لە ئاسماندا ون دەبێت و دیسانیش دەردەکەوێتەوە. سەبارەت بە پێوەندی مار و مردن دەکرێت ئاماژە بە وشەی ئاوێستایی (میریە) بکەین، بە واتای زیانکار و خراوکەر، کە لەگەڵ مار (مرێنەر) لە سەنسکریتدا هاوتایە و ئاماژەیە بۆ زیانکاری و مرێنەری مار. هەندێک جاریش مار هێمای ڕۆحی مردووان و پێشینیانە و لە هەموو جیهاندا دووگیان بوون وەبیر دێنێتەوە و وەکو مێردی ژنان ئەژمار دەکرێت. لە نەریتی کۆنی بارهێنان و دووگیانیدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێت، هەر لەم ڕێگایەشەوە لەگەڵ ژن و ژنیەتیدا دەکەوێتە پێوەندییەوە. یاوەری خاتوو خوداکان و دایە گەورەیە. وەکو بەرپرسی یەکەمی دەرکردنی ئادەمی دەزانن لە بەهەشتدا. لە ڕاستیدا وەکو شەیتان، هێمایەکی خاچ پەرەستییە، کە لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا (دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت) پێوەندی هەیە، هەربۆیە وەکو نیشانەی فرۆفێڵ و فریوکاریش ئەژمار دەکرێت.

مار لە کن عیلامییەکان پارێزەری ئاوە، ئاوەز و سامانە. لە ڕاستیدا هێمای وشیاری و ئاگاداریشە، لەبەر ئەوەی لە خەودا چاوی کراوەیە و بە زۆری لە تەنیشت کانی و جۆگەکاندا دەبینرێت، وەکو پارێزوانی ئاو و خەزێنەش ئەژمار دەکرێت. لە کلتووری عیلامیدا ڕۆڵی دوورخەرەوەی وزە شەیتانییەکان دەگێڕێت. لە ڕاستیدا مارەکان لە عیلامدا گەیشتبوونە سنووری خودایی. هەروەها لەگەڵ خودا شیفا بەخشەکانیشدا پێوەندی هەیە و لە هونەری میسریشدا پەیوەستە بە ئافراندنەوە. لە شارستانیەتە مارپەرستەکاندا، مار بێ برانەوە لەگەڵ ڕەمزەکانی ژیان، ماوەی تەمەن و نەمریدا پێوەندی هەیە. لە ڕاستیدا ئەوە مارە کە لە ئەفسانەکاندا بە ئاو، یان گیای نەمری دەگات و داخی نەمری و هەرمان بوون دەنێت بە بان دڵی مرۆڤەوە. مار هەمان ئەو ئەوربرۆیە (ئەوربرووس) کە لە دیرۆکی یۆناندا بە دەور دونیادا پەپکەی داوە (هی ٣٥٠٠ ساڵی پێشە) یانی هەڵلووشەری کلکی خۆی، هێمای تەڤکۆ و تەواو بوونە، وەکو ماندالا لە هێندستاندا. چونکە مار ڕەهەندی ئاژاوەگێڕیی گەردوونیشی لەخۆ گرتووە، ڕۆڵی نەرێنیشی هەیە، لە لاتیندا کائۆس (Chaos) واتە ئاڵۆزی و پشێوی جیهان، ئاژاوەی ئەزەلی و کاولکاریی یەکەم. کائۆس، کە لە لای یۆنانییەکان خائۆسە بریتییە لە ئاڵۆزی یەکەمی گەردوون. لە دیرۆکەکانی یۆنان و مێسۆپۆتامیادا، پێش زریانی نووح و ئافراندنی ئادەم، جیهانی سەرەتایی تووشی ئاڵۆزی و پشێوی دەبێتەوە، کە خودایەک بەناوی مەردووک، یان دوموزی (لە سوومەر)دا تەکووزی پێ دەبەخشێت. لە ئوستوورەکانی کەوندا هەمیشە دوو بەرەی چاک و خراپ هەبوونە. مەردووک خودای گەورە و تیامەتیش مەزنەدێوێ بووە، کە دونیا تێک دەدات و بەردەوام لە نێوان ئەم دوو کەسەدا شەڕ بووە. لە یۆناندا خائۆس دونیا دەشێوێنێت و خودای کات، واتە کرێنووس دووبارە ڕێکی دەخاتەوە (iran – tourism.ir)

### دیرۆکی ژنی مارشێوە:

مرۆڤ بۆ زاڵ بوون بەسەر زیانی بوونەوەرە زیانکارەکاندا، بەردەوام لەو بڕوایەدا بووە، کە خۆی بەهێز و زاڵ بەسەر ئەم بوونەوەرنەدا نیشان بدات. کەوایە بە گوێرەی ئەم بابەتە مرۆڤ هەمیشە وشیار بووە، هەتا لە لایەن گیانلەبەرانی، وەکو شێر، مار و هتدەوە ئازاری پێ نەگات و بە تێکەڵکردنی ئەم ئاژەڵانە لەگەڵ خۆیدا بە دووی ڕۆڵی دەستەمۆکردن و هێمای هێزەوە بووە لە هەمبەریاندا. بەم جۆرە پێوەندی مرۆڤ و ئاژەڵ چووەتە قۆناغێکی نوێوە، کە مرۆڤەکانی لە هەمبەر ئاژەڵەکاندا بە جۆرێ پاراستووە. ئەم پێوەندی و ئاوێتەبوونە هەتا جێگایێ دەڕوات، کە مار دەبێتە بەشێک لە وجوودی مرۆڤ و پێکەوە بوونەوەرێکی هیبریدی دروست دەکەن. پێوەندییەکە بە دوای پاراستنی زیاتری مرۆڤەوە بوو و هەتا ماوەیەکی دوور و درێژیش لە ژێر ڕکێفی مرۆڤدا بووە، پاش ماوەیەک بە تەواوەتی دەگۆڕدرێت، بە جۆرێک ئیدی لەو بوونەوەرە زیانکار ومەترسیدارەی ڕابردوو هیچ باسێک نییە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەمەیە، کە لەو پەیکەرە هیبریدیانەدا زۆرتر جەستەی ژن و مار ئاوێتەبوونە و لەم واتایەشدا ئیدی مار بوونەوەرێکی زیانکار نییە، بەڵکو هێمای زانایی، خێروبێر و پاراستنی گفت و پەیمانە، تەنیا لە

هەندێک نموونەدا شەڕ و خراپەیان لێ دیارە. (مەسروور و هەڤاڵانی،١٣٩٨: ٩٠)

لەنێو کەلەپووری پێشینیاندا نیشانەی زۆر و زەوەند لە بوونی مار لە تەنیشت خاتوو خوداکانەوە بینراوە کە بە لێکدانەوەی ئەم ئاسەوارانە، دابەشیان کردووە بەسەر چوار دەستەدا: ١- مرۆڤ بە جەستەی مارەوە ٢- مرۆڤێکە مار وا بە دەستییەوە ٣- مرۆڤێکە لەسەر مار دانیشتووە ٤- مرۆڤێکە لەسەر مارێ ڕاوەستاوە، کە لەم بەشەدا لەنێو کلتوورە جیاوازەکاندا تیشکی تایبەت خراوەتە سەر ئەو مرۆڤەی جەستەی مارە. کۆنترین نموونەی خاتووخوداکانن، کە سەریان وەکو مارە، پەیکەرەکانی دکتۆر (عوبەیدە) کە بۆ هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پ.ز دەگەڕێنەوە. لە دیرۆکی ئافراندنی دوواوانداا، خودا سەرەتاییەکان بە جەستەی وەکو مارەوە خۆ دەنوێنن، پاناوی یەکەمی ئاوە سوێرەکان و یەکەم دایکخودای ئافرێنەر لە ئوستوورەکانی سۆمەریدا وەکو مارێکی گەورە دەردەکەون. دیرۆکی ئافراندنی بابلی «ئەنوومەئەلیش» ئاماژە بەوە دەکات، کە تیامەت مندالگەلێکی لە شێوەی مار هەبووە، لە سەردەمی پێش زنجیرە پاشایەتییەکانەوە لە میسردا پەیکەرگەلێ ژنانە کە سەریان وەکو مارە، بینراوەتەوە، کە ڕەنگە هێمای خاتووخودای پەرەستێنراوی ئەو سەردەمە بێت، بەتایبەت نموونەی لە نیوەی دووهەمی هەزارەی چوارەمی پ.ز لە گردی مێعماریەدا دۆزراوەتەوە (تاهێری،١٣٩٤: ٢٨) هاڵیش لە توێژینەوەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە خاتووخودا (ڕنە نووتت) بەشێوەی نیوە مار و نیوە مرۆڤ دەردەکەوت (هاڵ، ١٣٨٠: ٩٨)

ئەو، خاتووخودای خۆراک و خەرمان بوو، میسرییەکان بۆ ئەوەی دەخڵ و دانیان بەپیت بێت پەرستشیان دەکرد و ڕنەنووتتیان وەکو ژنێک، کە سەری مار بوو دەنەخشاند (تاهێری،١٣٩٤: ٢٨) لە یۆنانیشدا مێدوسا کە نێوەکەی بە واتای پارێزوانە و بەڕای هەندێک لە توێژەران هەزارەی دووهەمی پێش زایین لە خاتووخوداکانی کۆنی یۆنان بووە، بەتەواوی کەسایەتییێکی ئەهریمەنی لەخۆ دەگرێت. بەسەر ئەم جەستەوە مارگەلێ، وەکو پرچ ڕواون، بە سەیرکردن هەر



جامێک لە بەردی سابوون نەخشێنراو بە نیگارەی ژنی مارشێوە – ٢٥٠٠ هەتا ٢٧٠٠ پ.ز – www.profs.aui.ac.ir

گیانلەبەرێک دەیکات بە بەرد (Graves, ١٩٥٥, ١٧) لە کوردەواریدا کە جوگرافیاکەی بە سەر ئێران و تورکیا و عێراق و سووریادا دابەشبووە، دیرۆکی شاماران (سەری ژن و جەستەی مار) لە نیگار و ئاسەوارە کۆنەکاندا؛ وەکو هێمای خێروبێر، زانایی و ئاشتی دەبینرێت.

بە ئاماژە بە هەندێک لەم خاتووخودایانە و بە سەرنجی تایبەت بە بوونی چاک و نفرینکراویان بە دووی ئامانجی لێکدانەوەی ڕۆڵی هەردوو دیرۆکی شاماران و مێدوسادا دەگەڕین، لەنێو فەرهەنگ و هونەردا، بە شرۆڤەی گێڕانەوەکان و کاریگەرییان بە سەر ئاسەوارە مێژووییەکان و کاتی ئێستەوە، هەروەها توێژینەوە مەیدانییەکان کار لەسەر تاوتوێکردنی کاریگەرییەکانیان دەکرێت.



وێنەی شاماران – نیگارە – www.Flickr.com

### شرۆڤە و لێکدانەوەی هەر دوو دیرۆکی ژنی مارشێوە (شاماران و مێدوسا)

گەنجێکی باڵابەرز و کەڵەگەت، کە لە ڕێگەی داربڕینەوە بژێوی ژیانی پەیدا دەکرد وەکو هەموو ڕۆژانی دی، دەڕواتە سەر کارەکەی، لەنیوەی ڕێدا پای دەخلیسکێ و دەکەوێتە نێو چاڵاوێک، هەرچەند هەوڵ دەدات خۆی لەو چاڵاوە دەرباز بکات، بێ ئاکام دەبێت، گەنجەکە کە نێوی (تاماسپ) دەبێت، بەبێ هیوایەوە سەری هەڵدەبڕێت بەڵکو ڕێگایەکی دەربازبوون بدۆزێتەوە، لەسەر دیواری چاڵاوەکە چاوی بە کوونێک دەکەوێت. تاماسپ بە چەقۆ کوونەکە گەورەتر دەکات، کە سەیری نێوی دەکات، دەبینێت ئەوسەڕی کونەکە پەیوەستە بە ئەشکەوتێکی پان و بەرینەوە. دەچێتە نێو ئەشکەوتەکەوە، بەڵام بەهۆی هیلاکی زۆرەوە خەو دەیباتەوە کاتێک چاوەکانی دەکاتەوە هەزاران مار دەبینێت، کە چاویان تێبڕیوە، تاماسپ بۆ پاشەوە دەکشێت و مارەکانیش لێی وەپێش دێن، لە گیانی خۆی بێ هیوا دەبێت و چاوی دەنووقێنێت و لە دڵەوە نزایەک دەکات. پاش ماوەیەک، کە چاوی دەکاتەوە، کچێکی شۆخ و شەنگ دەبینێت، کە بەشێ لە جەستەی مرۆڤ و بەشەکەی دی مارە.

کچەکە پێی دەڵێت: خەمت نەبێت ئازارت نادەم، من پاشای مارەکانم، من شامارانم، تۆ ئێستە ماندوویت بنوو سبەی دێمەوە سەردانت، پاش ئەم قسانە (تاماسپ)ی ماندوو خەوی لێ دەکەوێتەوە. ڕۆژی دوایی کە چاوەکانی دەکاتەوە، شاماران دەبینێت بەرەوڕووی دانیشتووە و نانی بەیانی ئامادە کردووە. تاماسپ لە جوانی شاماراندا ڕادەمێنێت و چاوی لێ هەڵناگرێت، پێکەوە نان دەخۆن. شاماران کە بەهەموو ڕاز و ڕەمزێکی دونیا دەزانێت، چیرۆکی ئافراندنی مرۆڤ بۆ تاماسپ دەگێڕێتەوە و بیرەوەرییەکانی خۆیشی بۆ باس دەکات. هەموو ڕۆژێک چیرۆکێ بۆ (تاماسپ) هۆگر دەگێڕێتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تاماسپ زیاتر شەیدای شاماران دەبێت.

پاش ماوەیەک تاماسپ بیری بنەماڵەکەی دەکات و دڵکەنە دەبێت، بەڵام شاماران ناهێڵێت بڕوات، چونکە ئەویش حەزی لێ دەکات، کاتێک پێداگری تاماسپ دەبینێت ئیزنی دەدات، بە مەرجێک ئەم باسە، لای کەس باس نەکات و قەت لەپێش

**«زۆربەی نووسەران لەو باوەڕەدان، کە دیرۆکەکان گێڕانەوەگەلی پیرۆزن و وەکو نەخشی هەڵکۆڵدراوی کۆمەڵگەکان ماونەتەوە»**

**ئەو شتەی، کە ئەمڕۆ بە کلتووری دەزانین، لە سەردەمی کۆندا لەگەڵ ئوستوورە و ئاییندا یەکسان بووە**

چاوی خەڵکدا نەڕواتە نێو ئاو، چونکە ئەگەر ئاو لە جەستەی بکەوێت وەکو مار کاژ دەخات و نهێنییەکەی ئاشکرا دەبێت، تاماسپ مەرجەکانی قبووڵ دەکات و ئەشکەوتەکە بەجێ دەهێڵێت. هەتا ساڵانێک ئەم نهێنییە لای کەس باس ناکات، تا ڕۆژێک هەواڵی پێ دەگات، پاشا نەخۆشیێ کەسکونی گرتووە. وەزیری پاشایش تەنیا خواردنی گۆشتی شاماران بە دەرمان دەزانێت، مەبەستی وەزیر لەم کارە دۆزینەوەی شاماران و زاڵبوونە بەسەر هەموو ڕەمز و نهێنییەکانی دونیا. فەرمان بە گەنجەکان دەکات بۆ دۆزینەوەی شاماران، چی ئەستێر و ئاو هەیە هەڵیگۆزن، کە نۆرەی تاماسپ دەگات لە ترسی ئەوەی جەستەی کاژ بخات ناوێرێ بچێتە نێو ئاو و ئەستێرەوە، بەڵام بە زۆر ناچاری دەکەن ئەم کارە بکات، کاتێک پیاوانی حکومەت دەبینن تاماسپ کاژ دەخات قۆڵبەستی دەکەن و دەیخەنە ژێر ئەشکەنجەوە، هەتا جێگای شامارانیان پێ بڵێت. ئاخری تاماسپ نهێنیەکە دەدرکێنێت و جێگای شامارانیان پێ دەڵێت، شاماران دەهێنن بۆ کۆشک و ئەویش دڵنەوایی (تاماسپ)ی شەرمەزار دەداتەوە چونکە دەزانێت بە زۆر قسەیان پێکردووە. شاماران بە دەنگی بەرز دەڵێت: هەرکەس کلکی من بخوات ئاگاداری هەموو ڕاز و نهێنییەکانی دونیا دەبێت، هەرکەسیش جەستەم بخوات شیفای دەدات و چاک دەبێتەوە، هەرکەسیش سەرم بخوات خێرا دەمرێت. وەزیری چاوچنۆکیش، کە ئەم قسانەی شاماران دەبیستێت فەرمان دەدات شاماران بکەن بە سێ بەشەوە و خۆی کلکی دەخوات و سەریشی بە تاماسپ دەدات، جەستەشی دەکەن بە کەباب بۆ پادشا. وەزیر خێرا دەمرێت، ئاخر شاماران ڕاستییەکەی نەوتبوو، پادشا چاک دەبێتەوە و (تاماسپ)یش ئاگاداری هەموو ڕاز و نهێنییەکانی دونیا دەبێت (ڕەمەزانی، ١٣٩٨: ٥٠-٢٣)

*** سەرچاوەکانی ئەم بابەتە لەگەڵ بەشی دووەمیدا بڵاودەکرێتەوە**



# دیدار

# ساماڵ مانیی

نەمتوانی بۆ مردنی باوکم
فرمێسک بڕێژم



## ساماڵ مانیی:

# لەگەڵ کتێبە تەرجوومەکراوەکاندا گەورە بووم

دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم

ژنێک بە جل و بەرگی پیاوانەی باوکییەوە چەکی شەڕەفی کوردایەتی دەکاتە شانی، هەر جامانەکەی ئەویش لە ملی دەئاڵێنیت، هەر ئەو ڕادیۆیەشی بە بنا گوێیەوەیە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی و باوکی لێیەوە گوێیان بۆ دەنگی (بی بی سی)یەکەی لەندەن ڕادێراوە و لەڕێی ڕابی دایکیشیەوە ئاشنای دەنگە بەسۆزەکەی فەیرووز بووە.

بەڕاستی ئەوە سەختە، دوای هەموو ئەوشتانە، کاتێک ئەو باوکەت دەمرێت فرمێسکێک بە چاوانتدا نێنەخوارێ، بۆیە وەک خۆی دەڵێت: تەنیا بۆ یەک ڕۆژ خۆی دەکاتەوە بەشاردا، بۆ ئەوەی دواماڵاوایی لەو باوکە بەخشندەی بکات. بەدەست خۆم نەبوو، نەمتوانی دوای خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافەی دیدارەکەی دکتۆرە ساماڵ، منیش دوو فرمێسک نەبارێنم (دوای مردنی باوکم، بەترس و لەرزەوە، بۆ یەک ڕۆژ، بەدزییەوە خۆم کردەوە بەشاردا، بە پێویستم زانی بۆ ماڵاوایی لێی، بچمەوە ماڵی باوکم.

لەوێ، بۆیان باسکردم، کە مردووە، ئەوەی لە گیرفانیدا بووە، بەشی ناشتنی خۆی نەکردووە، بۆ ناشتنی، خەڵکی گەڕەک پارەیان بۆ کۆکردووەتەوە، خۆم پێ نەگیرا و تێرتێر بۆ نادادپەروەری ژیان گریام)

زۆرن ئەوانەی ژیانیان پڕە لە ئەندێشە و ڕووداو و بەسەرهاتی شەڕەفمەندانە، بەڵام بێ ئاگاین لێیان.

ئەو لە کۆشی خێزانێکی گەرم و گوڕەوە سەر هەڵدێنێ و باوەش بە ژیاندا دەکات، بێ ئاگا لە سەختی و کوێرەوەرییەکانی ئەو ژیانە، کاتێک چاو و گوێکانی دەکرێنەوە لەگەڵ نادادیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بێ ئاگا لەوەی ئەو هەردەبێت بەو خەیاڵەوە بە هەوراز نشێوییەکانی ئەم مەملەکەتەدا هەڵگەڕێت و چۆک دانەدات، بەڵکو ئەمە خوایە دەستی لە لقە گەڵایەک گیر بێت.

من تا ئەوکاتەی بڕیارم نەدابوو ئەو دیدارەی لەگەڵدا بکەم، ئەو ژنەم نەناسی بوو، کاتێک چەند لاپەڕەیەکی ژیانیم هەڵدایەوە، تێگەیشتم ژنی وەهامان زۆر کەمن.

ژنێک لەو کوێرەوەرییەی پێشمەرگەیەتی و شاخ و داخی پڕ هەڵدێری کوردستانەوە بۆ لەندەن و دونیای فەلسەفە.

من زۆر پرسیاری دیکەشم، بەتایبەتی لە بواری فەلسەفەوە لێکرد، بەڵام ئەو هەر ویستی هێندە وەڵام بداتەوە.

**- ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە، لە پێشمەرگایەتی و شاخ و داخەوە بۆ دونیای فەلسەفە، ئەمە چ ڕێکەوتێکە؟ سەرەتای خوێندنەوەت، بە چی و لە کوێوە دەست پێدەکات؟**

+ هەم لە گەڕەکێکی هەژار و هەم لە گەڕەکێکی دەوڵەمەندندا بەخێوکرام، ئەم ئەزموونە بۆ من زۆر گرنگ بوو، هەم بۆ چاوکرانەوەم، هەم بۆ تێگەیشتن لەژیان و بینی (نادادپەروەری) لەگەڵ چاوکردنەوەمدا، بەر لەوەی تێبگەم، لە سەرەتای شەستەکاندا دیتم و ئەزموونم کرد، بینیم دوو ژینگەی تەواو جیاواز هەیە، لەناو یەک کۆمەڵگەی شارییدا.

باوک و دایکم لەو کەسە دەگمەنانە بوون، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، ئەودەم لەناو جەرگەی شارەوە، لەسەرشەقامەوە گواستیانەوە و چوونە گەڕەکی شێخ محێدین و ئەوێیان ئاوەدان کردەوە. لەوێ بە ئێمەیان دەگوت (ماڵە شارییەکە) لەناو کچەکانی ئەو گەڕەکە بەس من بۆم هەبوو بچمە قوتابخانە، ئەوانی دی لایان پەسەند نەبوو کچ بنێرنە قوتابخانە، کوڕەکانیشیان زۆرکەمیان دەنێردرانە قوتابخانە. ئەوکات ئەو گەڕەکە، کە کەوتبووە کۆتایی شاری سلێمانی، هەموو ڕۆژێک، باوکم منی بەپێ دەبرد و دەیهێنامەوە، بۆیە من هەر لەمنداڵییەوە، زوو ئاشنای نادادپەروەری جێندەریی بووم، ئەوەش وایکرد لەوبارەیەوە باش بخوێنمەوە و خوێندمەوەش.

دیتن و ئەزموونکردنی نادادپەروەری هەژاریی و نادادپەروەری جێندەریی، پێکەوە وایانکرد هەر لە منداڵییەوە بخوێنمەوە، زۆر بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی لەو نادادپەروەریانە تێبگەم، هەتا زیاترم دەخوێندەوە ڕوونتر دەمبینین. زۆر بەرلەوەی ببم بە سیاسیکار و پێشمەرگە، لەگەڵ کتێبە تەرجوومەکراوەکاندا گەورە بووم، ئەو کتێبانەی لە ئینگلیزی و فەڕەنسی و ڕووسی و ئەڵمانی و زمانە بیانیەکانی دیکەوە وەردەگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی و لە بەیرووت چاپدەکران، لە عێراقیش، یان قەدەغە بوون، یان نەخوازراو، بەڵام لە شەقامی (ئەلموتەنەبی) لە بەغدا بوێرانە دەیانفرۆشتن و من پەتیا پەتیا دەمکڕین، بە پارەی باوکم و سامیەخانی خوشکم و دکتۆر ماجدی برام و ست سروەی خوشکم، دەمهێنانەوە بۆ سلێمانی و دەمخوێندنەوە.

بۆیە تۆ جگە لەوەی لەگەڵ کەسێک قسە دەکەیت، کە لە ڕەگەزی مێینەی کوردە، لە هەمان کاتدا تۆ لەگەڵ ژنێکدا قسە دەکەیت، کە بە منداڵی خوێندەوار بووە، بەر لە چوونە قوتابخانە، لەبەر ئەوەی دایک و باوکم سیاسیکار بوون، بە کردەوەش ماڵی ئێمە، کە ئەوکات کەوتبووە قەراغی شار بارەگای پێشمەرگە بووە، پێشمەرگەکانی سەرەتای شەستەکان بە قاچاغ لە ماڵی ئێمە دەمانەوە، بەر لەوەی بچمە قوتابخانە، سەرەتا ئەوان، وەکو مامۆستای تایبەت، کە لە ماڵمان دەمانەوە، فێری ئەلف و بێ و نووسین و خوێندنەوە و ژماردن و خوێندەوارییان کردم.

من شانسم هەبوو، لە خێزانێکی زۆر باش چاوم کرایەوە، ئەوەش زەمینەیەکی لەبار و هاندەر بوو. لەگەڵ چاوکرانەوەم بە دونیادا، بینیم خاتوو ڕابی دایکم خانمێکی گەنجی بوێر و جوان و سەلار و بەڕێز و سیاسیکار و داکۆکیکاری یەکسانی جێندەرییە. بینیم باوکم پیاوێکی بوێر و پڕ کەرامەت و لەسەرخۆ و ڕێزدار و سیاسیکار و پڕ لە گێڕانەوەی شاکارە ئەدەبیەکان و داستانە مێژوویەکانە. ئەو سەربەرزییەیان، لە کوردپەروەریدا، وای کردبوو خەڵکی ڕێزی زۆریان لێ بگرن، بۆیە منیش هەر لە منداڵییەوە

> **ئەو ساڵانەی بەکالۆریۆسم دەخوێند لە زانکۆی لەندەن، هیچ پیاوێکی خۆرهەڵاتیی، یان کوردمان لە ناودا نەبوو، چ جای ژنێکی خۆرهەڵاتی، یان کوردا**





**ڕابی و ئەحمەدی نەژاد ئاغا**




فێربووم ڕێزیان لێ بگرم، بەپێچەوانەوە منداڵی من ڕق هەڵگرتن نەبوو بەرانبەر بە دایک و باوک.

لە خێزانە چکۆلەکەماندا، بینیم سامیە خانی خوشکم زۆر جوان و ئەنیق بوو (دیزاینەری فەرش) بوو لە کۆمپانیایەک کاری دەکرد، لە بەغدا لەگەڵ عوسمان ڕەزای هاوسەری دەژیا، کە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی بیانی بوو، پێم وابێت کۆمپانیاکە هۆڵەندی بوو، دواتریش سامیە خان بوو بە هونەرمەند ئیشی بە سیرامیک دەکرد. دوکتۆر ماجدی برام دکتۆری پێست بوو، عیادەی تایبەتی هەبوو لەگەڕەکی گۆیژە، کوڕێکی زۆر خۆشەویستی ناو شاری سلێمانی بوو یەکجار جوان و ڕێکپۆش بوو، لەبیرمە کچان هەموو حەزیان لێکردبوو. هەر لەمنداڵییەوە بینیم مامۆستا سروەی خوشکم چەند جوان و ئەنیق و میهرەبان و قسەخۆش بوو، مامۆستای ماتماتیک بوو، لەدوای مردنی دایکمەوە لە ١٩٦٩، ئەو منی بەخێوکرد، هاوژینی مامۆستا ئەوڕەحمانی مەلا محەمەیی کوردی بوو مامۆستای پەیمانگەی سەناعە.

ئەم خێزانانە هەموویان پێکەوە کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، هەموویان پێکەوە پەروەردەیان کردم، بەو کاریگەریانەی کە دەمبینین و نە گوتراو بوون، بە گوتنی ئەوەی دەیانگێڕایەوە و باسیان دەکرد، بە ڕێنماییەکانیان لە پەروەردەکردنمدا.

هەموو ئەم کاریگەرییانە و کاریگەریی تێگەیشتنم لەو هەموو خوێندنەوانەی، کە زۆربەی کاتەکانی ژیانمی گرتبوو، ئاڵوودە بووم و تێکەڵ بە سیاسەت بووم. بۆیە سەیر نەبوو، لەگەڵ گەیشتمە لەندەن کردمە ماڵ و چوومە ناو بازنەی فەلسەفە.

کە دەڵێم هەر لە منداڵییەوە زۆرم دەخوێندەوە، بەشێکی زۆر لەو خوێندەوانەم لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابووردوو (فەلسەفەی سیاسی) بوو، ئەوانیدی، فێمینیزم و ئابووری و کۆمەڵناسیی و ئەدەبی ئینگلیزی و مێژوویی بوون، ئەمە مانای وایە لە فەلسەفە دوور نەبووم، هەر لە سەرەتاوە. هەموو ئەم خوێندنەوانە و ئەزموونی سیاسیی دایک و باوکم لەگەڵیدا، بیرکردنەوەی منیان بە ئاراستەی سیاسەت و پێشمەرگەیەتی جوڵاند.

کە لە شاخ بووم، فەلسەفەی سیاسیم دەزانی و لە سیمینار و کۆبوونەوەکانی بارەگادا دەمگوتەوە، بەڵام هەتا لە شاخەکانی کوردستانەوە بەڕێ نەکەوتم بۆ هەندەران، نەمتوانی لە ڕووی ئەکادیمییەوە بچمە ناو فەلسەفەوە.

لە گەڵ گەیشتنم بە بەریتانیا، یەک ڕۆژم بە خەسار نەدا، بۆ خۆ پەروەردەکردن و خوێندن، بەر لە چوونە زانکۆ لە لەندەن خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم بووم، جگە لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی، کۆرسی زۆریشم بە زمانی ئینگلیزی خوێندبوو، لەوانە: مێژووی هونەری نوێ، بەڕێوەبردن، کۆمپیوتەر، جۆرنالیزم، نووسینی تێکستی شانۆیی، جێندەر، وەرگێڕان، هتد.

دەبینیت؟ چەندە زەمینەیەکی فراوانم هەبوو

پێش بوونم بە سیاسیکار و پێشمەرگەیەتی، لەوەش گرنگتر، هەموو ئەوەی لە کوردستان هەمبوو پاشخانێکی فیکریی و ئەزموونێکی باش بوو، زەمینەیەکی فراون بوو، بۆ بیرکردنەوە و گۆڕانکاریی فیکریی، بەر لەوەی لە ساڵی ١٩٩٣دا بۆ خوێندنی فەلسەفە بچمە زانکۆ، ئەو گۆڕانکارییە فیکرییانە لە شێوازە ترادیشناڵەکەیدا کۆتاییان بە سیاسەتکردنم هێنا بوو، دەستپێکی قوڵبوونەوەم بوو لە فەلسەفە و پیشەی ئەکادیمی بووندا.

**– ئاشنایی و تێکەڵاویت لەگەڵ سیاسەت و پێشمەرگە و شاخ لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە کێ بوون ئەوانەی لە ژیانتدا کاریگەرییان بەسەرتەوە هەبوو؟**

+ماڵی دایکم و باوکم، بە فیعلی بارەگای پێشمەرگە و سیاسەتکردن بوو، ماڵێکی ئاسایی نەبوو، چەند کەسایەتیەکی ناو خێزانەکەشمان، کە خێزانێکی کراوەبوو، سیاسیکار بوون.

ئەوکات هەموو ئەوانەی سیاسی بوون و بۆ کورد تێدەکۆشان، لە چوارچێوەی یەک حزبدا بوون، لەوانە مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و زۆری دیکەش، هەموویان پێکەوە بوون، هەروەها دایکم و باوکم لە هەمان حزبدا، لەگەڵیان بوون.

نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا، کە ئەویش برام بوو، بەڵام لە دایکم نەبوو، ئەگەرچی لە براکەی خۆم بە نزیکترم دەزانی، لەبەر ئەوەی سیاسیکار بوو. دوکتۆر ماجدی برام کە لە دایکی خۆم بوو، سیاسیکار نەبوو، بەڵام یارمەتی کوردی دەدا، لەسەر ئەو یارمەتیدانەی گواسترایەوە بۆ باشووری عێراق، کە پەیماننامەی (١١ی ئازار) تێکچوو، دوکتۆر ماجد بەڕێوەبەری بەشی سەربازیی نەخۆشخانەی سلێمانی بوو.

دوای پەیماننامەی ١١ی ئازار، کاک نەژاد وەکو گوتم برا بوو، ئەمانە هەردووکیان کوڕی ئەحمەدی عەزیز ئاغا بوون، دایکم دەوری هەبووە لە بەخێوکردنی منداڵی ژنەکەی دیکەی ئەحمەدی عەزیز ئاغا، وەکو چۆن ئەو ژنەی دیش دەوری هەبووە لە بەخێوکردنی منداڵەکانی دایکم، دەیان ساڵ پێکەوە، لەیەک ماڵدا ژیاون. هەتا هاتمە لەندەن کاک نەژادم ڕووبەڕوو نەدیبوو، چونکە هەمیشە، یان خۆی شاردووەتەوە، یان لەدەرەوەی




وڵات بووە، ئەو لە مێژبوو لەناو عێراق نەدەژیا، لە منداڵیمدا دایکم پێی گوتم لە قوبرس دەژی، دواتریش زۆر پێش من هاتبووە لەندەن لەوێ دەژیا.

کاک نەژاد یەکێک بوو لەو کەسایەتیە سیاسیکارانەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، لەو تاکە حزبەی جاراندا لەگەڵ مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانی دیکە، مەبەستم لەو باڵە چەپەیە کە دوورخرانەوە. دوای ڕاپەڕینیش کاک نەژاد بوو بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان، لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، خۆی بۆی باسکردم، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێکهاتنەوەی مام جەلال و مەلا بەختیار و گەڕانەوەی (ئاڵای شۆڕش) بۆ ناو یەکێتی، پاش جیابوونەوەیان لە شاخ.

مام جەلال لە شاخ بۆی باس دەکردم کە چەندە هاوڕێی نزیک بوون لەگەڵ کاک نەژاد، دەیگوتە من دڵم دەکرێتەوە کە دەتبینم، ئەگەر ئاوا بێ منەت خۆت بە کوشت بدەیت، من چی بە کاک نەژاد بڵێم دوایی؟ مەبەستی لەوە بوو گوێم نەدەدا بە مەترسییەکان و چوونە شەڕەکان، هیچ گرنگ نەبوو لام دەکوژرێم، یان نا، چونکە پێم وابوو ئەوەی کە دەیکەم بایی ئەوەندەیە، کە کۆمەڵگەی کوردیی دوای من باشتر بژی و بەلای کەمەوە

**“ نەژاد ئەحمەدی عەزیز ئاغا، خۆی بۆی باسکردم، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێکهاتنەوەی مام جەلال و مەلا بەختیار و گەڕانەوەی (ئاڵای شۆڕش) بۆ ناو یەکێتی ”**

**نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا، کە ئەویش برام بوو، بەڵام لە دایکم نەبوو، ئەگەرچی لە براکەی خۆم بە نزیکترم دەزانی**



**محەمەد موکری، سامال مانیی، قوبادی جەلیزادە، مەدحەت کاکەیی**

یەکسانی جێندەریی و لابردنی هەژاری بەرقەرار دەبێت و کورد دەبێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وەکو چۆن دایک و باوکم سیاسەتیان بۆ دەکرد پێش من.

کەسێکی دی لە خێزانەکەمان، لە تەرەفی باوکمەوە، کە بە منداڵی و لەڕێی باسکردنییەوە پێی ئاشنا بووم، هەم لای دایکم و هەم لای باوکم شەهیدبوونی زۆر بە ئازار بوو، ئەویش مامۆستا ئیسماعیل بوو، کە لە مێژوودا زۆر ناسراوە، خزمی نزیکی باوکم بوو، یەکێک بوو لەو چەند مامۆستایانەی لە سەرەتای شەستەکاندا لە سلێمانی، بە زیندوویی زیندە بەچاڵکران.

> «لە گەڵ گەیشتنم بە بەریتانیا، یەک ڕۆژم بە خەسار نەدا، بۆ خۆ پەروەردەکردن و خوێندن»

هەموو ئەمانە و زۆرکەسی دیش لە خێزانەکەمدا و لەنێو کەسوکارمدا، هەر لەمنداڵییەوە کاریگەرییان هەبوو لە تێگەیاندن و پێگەیاندم لە سیاسەت.

**- چی شتێکی سەرەتای منداڵیت لە بیرە و بەردەوام بە بیرت دێتەوە؟**

+ زۆر ڕووداو هەن، هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە، مێشکیان ڕاهێناوم بە کۆکردنەوەی یاد و تۆمارکردنیان، هەمووشیانم لە بیرە. یەکەم تۆماربوونی یاد لە منداڵیمدا، کە پێشتریش لە چاوپێکەوتنی دیکەدا باسمکردوە و دەکرێت بە یەکەم یاد ناوبنرێت، لە ڕۆژنامەکانیش بە ناوونیشانی (گێڕانەوەی یەکەم گریان) بڵاوکراوەتەوە، ئەمەیە:

یەکەم جاری ئاشنا بوونم بە ئەگەری کوشتن لەسەر شارێی جادەیەکی خۆڵی قەراغی شار بوو، لە ترسی کوشتنی باوکم یادەوەری زوو دەستی بەتۆمارکردن کرد، منیش بەو ئاشنا بوونە ئەژنۆ چکۆلەکانم ئەلەرزی و ڕەنگم پەڕیبوو. یاریەکانی منداڵیی پێش ئەم بەسەرهاتەم لە یاددا جێگیر نییەو نەدەبوایە ئەمیش لە یادەوەریمدا تۆمار ببووایە، هێشتە زۆر زوو بوو بۆ تۆمارکردنی ئەزموونی ژیان.

لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، پێش تەمەنی چوونە قوتابخانەم بوو (بە شەش ساڵی خرامە مەکتەب) لە بازگە چۆڵەکەی (گردی شێخ فەتاح)ی قەراخ شار، قرچە قرچی نیوەڕۆیەکی گەرم بوو، خرمەی میل هێنانەوە و دەنگدان بە زمانی عەرەبی دڵی داخورپاندم و لە قەڵادۆشکانی باوکمەوە ئاوڕم دایەوە چەند سەربازێکی تفەنگ بەدەست لە ناوقەدی گردەکەوە، بە ڕاکردن دەهاتنە خوار بەرەو ئێمە و بە دەنگە دەنگەوە باڵیان لێ ڕائەوەشاندین، بوەستین، باوکم بە هێواشی دایگرتم، بێ ئەوەی من هیچ بڵێم، گوتی: مەترسە باوکە، هیچ نییە. لەتەنیشت خۆیەوە توند نوساندمی بە خۆیەوە و بە توندی دەستمی لەناو دەستی خۆیدا گرتبوو، ئیدی پێموابوو خۆم لەناو دەستی باوکما شاردۆتەوە و هیچ کەس نامدۆزێتەوە.

باڵام، کەم و زۆر لەئاستی ئەژنۆی باوکم بوو، پیاوەکان کەسیان منیان نەدەبینی، من ورد ورد لە خوارەوە سەرم بەرزکردبۆوە و سەیری هەموویانم دەکرد، ئەمبینین، چواردەوری من و باوکمیان دابوو، دەنگەدەنگیان بە زمانێکی دی هێندە بەرز بوو هەردوو گوێم کپ ببوو و هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، جاروباریش لە ناوەندی دەنگە دەنگەکەدا یەک دوو پاڵیان بە سنگی باوکمەوە دەنا، لەگەڵ باوکم، منیش لەترێکم دەدا و وەکو باوکیشم هەوڵم دەدا خۆم بگرمەوە و نەکەوم.

کە بە پاڵ باوکمیان برد، دەستم لەدەستی باوکم دەرهات و نەمتوانی بیگرمەوە، ئینجا ترس دایگرتم، بەدڵ دەمویست بەدوای باوکمدا ڕاکەم، بەڵام نەمتوانی، تەنیا چاوەکانم بەدوای باوکمەوە بوون، دوریان دەخستەوە بەرەو دەشتاییەکە هەر چاوم لێ بوو، جگە لەباوکم هیچی دیم نەدەبینی.

ئەو ڕۆژە من و باوکم و پیاوی خاوەن ئێسترەکە بووین کە باوکم بەکرێی گرتبوو بارە ئازووقەکە بگەیەنێت بۆ شیوەکەی (کەنەکەوە) و لەوێ

ڕادەستی پێشمەرگەکانی بکات کە چاوەڕێی گەیشتنی ئازووقەیان دەکرد. ماڵەوەشمان بەقەد بارەگایێک خواردنی لێ دەخورا، باوکم زوو زوو ناچار دەبوو برنج و ڕۆن بکرێت و خۆی بە سەیتەرەکاندا دەربازی دەکرد. لە ڕێگاکە بە قەڵادۆشکانی باوکمەوە بووم، گوێم لە قسەکردنی نێوان باوکم و خاوەنی ئێسترەکە بوو، باوکم دەیگوت: ئێستە کاتی نانخواردنیانە، نیوەڕوانە سەیتەرەکە چۆڵە، لەمیان نەجاتمان ببێت سەیتەرەکەی دوای ئەو زۆر گرنگی بە پشکنین و لێپرسینەوە نادات. ئەگەر پرسییان دەڵێم فەردە برنج و تەنەکە ڕۆنەکە بۆ ماڵی خۆمانە و میوانی لادێی زۆرم دێن و لەماڵەوە زوو سەرف دەبێت، کە لەتۆشیان پرسی بڵێ وایە دەیانناسم زۆر میواندارن. پێش ئەوەش گوێم لێ بوو ئەو بە باوکمی دەگوت: من بە شەو نایبەم، دەبێت هەموو ڕێگەکەش خۆت لەگەڵم بێیت.

دواتر کە لە بازگەکە ڕایانگرتین، کابرا لە ترسا حاشای لێکردین و گوتی « من نایانناسم، من بەس خاوەنی ئێسترەکەم و بەکرێیان گرتووم، ئاگام لە هیچ نییە، کە وازیان لێهێنا بێدەنگ بوو و لای منەوە وەستا و لەمن زیاتر ڕەنگی پەڕیبوو.

کاتێک کە دڵنیا بوو باوکمیان بە پاڵ برد بیکوژن، بەزەیی بە باوکمدا هاتەوە، چەند سوکە پاڵێکی بە شانمەوە نا و گوتی: (برۆ، برۆ دەستی ئەو ضابطە ماچ بکە با باوکت نەکوژێت، دەی خێرا ڕاکە، دەستی ماچکە، با نەیکوژێت) گەرچی زۆر بەزەییم بە باوکمدا دەهاتەوە بەدەستیانەوە، وەکو کچە منداڵە نازدار و لاسارەکەی باوکم ڕق گرتمی بەرانبەر بە ئەفسەر و سەربازەکان و پیاوە درۆزنەکەی تەنیشتم، پێم دا بە ئەرزا و گوتم: (نا، دەستی ماچ ناکەم)

بەدەستی خۆم نەبوو ئەو ڕقە، هەمووحاڵەتەکە پێکەوە خراپ دایگرتم، لەتاو ترسی کوشتنی باوکم و یارمەتی نەدانی، ئیدی خۆم پێ نەگیرا و هەردوو ئەژنۆم شکا و لەسەر ڕێگە خۆڵەکە دانیشتم و بەدەنگی بەرز و منداڵانە دەستم کرد بە گریان. دوای ئەوەم بیر نایەت، چی بوو و چۆن بوو و چی ڕوویدا، هیچی دی ئەو ڕۆژەم لا تۆمار نەبووە.





ڕۆژانی دواتر، دایکم بە باوکمی دەگوت: (کچەکە زۆر منداڵە، نابێت دیسانەوە لەگەڵ خۆت بیبیەت) دواتر باوکم بە دایکمی دەگوت: (ئەو کچە منداڵە، مەیبە لەگەڵ خۆت بۆ کۆبوونەوەکان نەوەک بگیرێن)

ماڵەکەمان هەمیشە پیاوە پێشمەرگە بریندارەکانی تێدا دەمانەوە، هەتا چاک دەبوونەوە نەدەڕۆشتنە دەرەوە، دەکرا هەردەقەیەک ئاشکرا بووایەو هەموومانیان بگرتایە، یان هەر لەماڵەوە بیانکوشتینایە. لەماڵەوە بەجێیان نەدەهێشتم، ئەوەی رووی دەدا دەمبینی، بێ ئەوەی بمەوێت تۆمار دەبوون و ئامادەیان دەکردم بۆ سیاسەت.

**- (خاتوو ڕابی) کێ بوو؟ ئەی بەکێ دەگوترا بووکی کوردستان؟**

+ خاتوو ڕابی کچی شێخ عیسای کانەبی ئاغایە،



**هاوڕێ سامال (ڕابی)، شەهاب عوسمان، ژنە تێکۆشەرێکی ڕۆژهەلاتی کوردستان - ساڵی ١٩٨٢ - تووژەڵە**

**"**
**کەجاری دووەم چوومەوە شاخ، باوکم زانی یەکجارییە، ڕادیۆ سێ مەوجەکەی خۆی دامێ و لەگەڵ جامانەکەی و دوو شەرواڵی خۆی و کراسێکی، کە ڕەنگیان خاکی بوو. لە شاخ کە جلی باوکمم لەبەردا بوو، هەستم بە دووری نەدەکرد**
**"**



ساماڵ مانیی لەنێو پێشمەرگە پیاوەکاندا

ژنە داکۆکیکاری پرسی جێندەریی بووە، هەر لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، دوای ئەوەش سیاسیکار و پێشمەرگەی ناوشاری سلێمانی بووە، لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا هەموو ئەوانەی ناوداربوون، لەو حزبەدا پێکەوە بۆپرسی کورد خەباتیان دەکرد. ئەو ژنە مەزنە دایکی منە. من لە سیاسەت و پێشمەرگایەتیمدا ناوی ئەوم هەڵگرت، بۆ ڕاگرتنی ناوی ئەو و بۆ پێزانین و شانازییەک بۆ خاتوو ڕابی.

یەکەم لەبەر ئەو ناوم (هاوڕێ ڕابی) بوو لە سیاسەت و پێشمەرگەیەتیمدا، من (ڕابی دووەم) بووم.

گرنگی ئەو ژنە لە ژیانی مندا تەنیا ئەوە نەبوو، کە دایکم بوو، بەڵکو لەوەوە فێری سیاسەت و پرسی جێندەریی بووم. خاتوو ڕابی لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا، بووە هاوژینی (ئەحمەدی عەزیز ئاغا) و کوڕێک و دوو کچیان دەبێت. ئەحمەی عەزیز ئاغا یەکێک لە مامۆستایانی (قوتابخانەی سەعادەت) بووە لە سلێمانی، کچە گەورەکەی ناونابوو (سەعادەت) جگە لەوەی ئەرکی نووسینەوەی ئەلف و بێی کوردی گرتووەتە ئەستۆ، یەکێک بووە لە بەڕێوەبەرانی ئیداریی شاری سلێمانی، لە سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، کە دایکمی خواستوە، ئەوکات لە خۆشەویستی نازناوی (بووکی سلێمانی) لێدەنرێت، لەبەر ئەوەی منداڵێکی سەلار و ژیر و جوانکیلە بووە و ئەحمەدی عەزیز ئاغا عاشقی بووە.

> **“ فەلسەفە لەکوردستان هێشتە لە سەرەتادایە، ساڵانێکی زۆر زیاتر و نووسینی زۆر زۆر زیاتری پێویستە، چەندین کەسی دیکەی وەکو منی پێویستە، بۆ ئەوەی ئاراستەی دیکە دروستبکەن ”**

**– تۆ منداڵ بوویت دایکت مردووە، ئایا باوکت ژنی دیکەی هێنایەوە، بۆ لای باوکت نەژیای؟**

+ بەڵێ وایە، منداڵ بووم کە دایکم بە دڵشکان لە ژیان و ئەوەی چاوەڕێی دەکرد، هەر بە گەنجی مرد، ئەحمەی عەزیز ئاغاش پێش چلەی دایکم مرد، بە دوای دایکمدا، ئەڵبەت دوای جیابوونەوەی لە ئەحمەدی عەزیز ئاغا، دایکم ببوو بە هاوژینی باوکم، پاش دایکم، وەکو وەفایەک بۆ دایکم و بۆ ئەوەی من نەکەومە بەردەستی باوەژن، باوکم ژنی نەهێنایەوە، هەتا گەورەبووم و چوومە ماڵی خۆم، نەک هەر ئەوەندە، کە باوکم بڕیاریدا ژن نەهێنێتەوە هەتا دەچمە ماڵی خۆم، بەڵکو دوای مردنی دایکم، لە بەرژەوەندی بەخێوکردنی مندا باوکم و خوشکێکم (ست/ مامۆستا سروەی خوشکم) کە مامۆستای ماتماتیک بوو، بڕیاریاندا، کە لای ئەو خوشکەم بژیم، بەڵام هەرکاتێک بیری باوکم بکردایە، یان باوکم بیری بکردمایە دەهاتمەوە لای باوکم و بە مانگ و دوومانگ لەلای دەمامەوە و لەگەڵیدا دەژیام. بڕیارەکە بۆ ئەوە نەبووە لای باوکم نەبم، بەڵکو بۆ ئەوە بوو بەو منداڵییەم، بە تەنیا نەبم، جگە لە باوکیشم خوشکەکانم و براکەم لەگەڵ باوکمدا سەرپەرشتیاری بەخێوکردنم بوون، بۆ ئەوەی لە بەخێوکردنمدا، جێگەی دایکم پڕ بکەنەوە، ماڵی خوشکەکەشم لە عەقاری ڕێک بەرانبەر بە ماڵی دکتۆر ماجدی برام بوو، ئەو قەرەباڵغییە خێزانیە لەدەورم ژینگەیەکی گونجاوبوو بۆ بەخێوکردنم.

**– ئێوە وەک بنەماڵە تێکەڵی پێشمەرگەیەتی بوون، ئایا باوکت پەیوەندی هەبوو، کەی بوو تۆ یەکەمجار ناوی پێشمەرگەت بەر گوێ کەوت؟**

+ بەڵێ وەکو بنەماڵە سیاسیکار و خەباتکار بووین، هەتا گەورە بووم وام دەزانی دکتۆر ماجدی برام ناوی (مەلیک)ە چونکە لەبەر خۆشەویستی شێخ مەحموود-مەلیک مەحموود، هەموو خێزانەکەمان دکتۆر ماجدی برامیان بە مەلیک بانگ دەکرد.

باوکم لەگەڵیاندا لەهەمان حزبدا ئیشی کردووە، وەکو باسمکرد هەموویان لەیەک حزبدا بوون، ئەوکات هەریەک حزبی سەرەکی کوردی هەبوو، بەڵام کە من چاوم کردووەتەوە، باوکم ناسیوە، باوکم چی دی حزبی نەبوو، سیاسیکارێکی کوردپەروەری سەربەخۆ بوو، هەموو

حزبیەکانیش گوێیان لێدەگرت و پرس و ڕایان پێدەکرد، دایکم هێشتا هەر لەهەمان حزبدا ئیشی سیاسی دەکرد، کە من منداڵ بووم، ئەوەم لەبیرە، کە دایکم لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ کۆبوونەوەکان، لە کۆبوونەوەکانی دایکم دەنگی (حونجەکردن)ی خۆمم بیردێتەوە، کە بەیانەکانم بۆ ئەوچەند کەسە دەخوێندەوە، کە لەگەڵی لە کۆبوونەوەکە دانیشتبوون.

**- باسی ئەوە دەکەیت کە باوکت هەمیشە لەهەر کارێک کە کردبێتی تۆی لەگەڵ خۆی بردووە، بۆ؟**

+ وایە، وابوو، باوکم و دایکم هەرگیز نە لە ماڵەوە بەجێیان دەهێشتم، نە لای خەڵکی دی، بەشێکی لەبەر ئەوە بوو، زۆریان خۆش دەویستم و بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ زانینی پەروەردەی باش، بەشێکیش لەبەر ئەوەی ماڵەکەمان خەتەربوو، هەمیشە پێشمەرگەی بریندار ومەخفی تیا بوو، ئەوەندە پێشمەرگەی لێ بوو، بە منداڵی وام دەزانی هەموویان بەشێکن لە خێزانەکەمان، زۆر هۆگریان دەبووم، کە یەکێکیان چاک دەبووەوە و دەڕۆیشت، یان یەکێکیان خۆشاردنەوەی تەواو دەبوو چالاکییەکەی سەرکەوتووانە دەکرد و دەڕۆیشت، هەتا چەند ڕۆژێک بەدوایدا دەگریام، دایک و باوکم بۆ ئەوەی بەدوای پێشمەرگەکاندا نەگریم، بەچکە پشیلە و کەروێشک و سمۆرەیان بۆ دەکڕیم و بەخێویان دەکرد و لە باخی حەوشەکەماندا یاریم لەگەڵ دەکردن.

دایک و باوکم زۆریان خۆشدەویستم، دوو کەسی تێگەیشتوو بوون، تێگەیشتنی باشیان هەبوو لە پەروەردەکردنی منداڵدا، یان هەر خۆڕسکی دەیانزانی چۆن منداڵ پەروەردە بکەن.

**- ئەوکات کە پێشمەرگە بوویت کتێبت دەخوێندەوە، یان چی کتێبێکت دەخوێندەوە؟**

+ بەڵێ، زۆر زۆرم دەخوێندەوە، لە پێشمەرگایەتی شاخ دا، لەبەر ئەوەی سیمینارم بۆ پێشمەرگەکان دەکرد لەسەر ئەم بابەتانە: فەلسەفەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵناسیی، پرسی جێندەر، مێژوو،هتد. ئەمانەش پێویستی بە خوێندنەوەی بەردەوام هەبوو، وەکو ڕیسێرچ. ئەوکاتانەی جێگیر دەبووم لە شوێنێک/ بارەگایێک، ژوورێکیان بۆ بەکرێ دەگرتم، هەموو جارێک لە ماڵێک، کە ڕێک بەرانبەر بە بارەگا دەبوو. بۆ نموونە: لە هەڵەدن ماڵی (پوورە حەبێ) ماڵەکەیان لوتی بە لوتی بارەگەکەمانەوە بوو، لەماڵی ئەوان کە بەرانبەرمان بوو، ژوورێکیان دابوومێ، تێدا دەنووستم، پاش پاسەوانیی، دوای نیوە شەوەکانم، لەو ماڵانەدا، بەتایبەتی لە ژوورەکەمدا کتێبخانەم هەمیشە هەبوو، ئەو کتێبانەی، کە سەبارەت بە و بوارانە

> باوکم هەر لەمنداڵییەوە لە ئەوەڵی شەستەکاندا، بەیانیان زوو کە هەڵدەستا گوێی لە هەواڵەکانی ئیزگەی (بی. بی. سی) دەگرت، منیش دەنگی میوزیکی پێشەکی و دەنگی بێژەری هەواڵەکان، کە دەیگوت (هنا اذاعە بی بی سی) خەبەری دەکردمەوە



**کوردیپێدیا - قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت ١٩١٩ - ١٩٢٢ لە ڕاستەوە: زیوەر، سەعید کابان، خواجەئەفەندی، ڕەشید زەکی کابان، عەبدوڵڵا سەبری، عەبدولڕەحمان نەسیب، ئەحمەد عەزیز ئاغا**




بوون لای من دەست دەکەوتن، هەندێک جار پێشمەرگەی دیکەی خوێنەریش، یان کادر دەهاتن و کتێبیان دەبرد و هەرگیزیش نەیاندەهێنایەوە، بەڵام ئەوکاتەی، کە لە شاخەوە بەڕێ کەوتم بۆ هەندەران کتێبی کتێبخانەکەمم هەمووی بەخشی بە کتێبخانەی بارەگەکەی (شێخ عەلی) کە پیاوێکی سورکەلەی سەروو چل ساڵی بوو، دڵنیا نیم بارەگەکەی لە سورداش بوو، یان لەو دێیەی دەکەوتە سەروو سورداش.

**– ئەوسەردەمە ڕادیۆ چی بەهایەکی هەبوو بۆ ئێوە، ئەو ئێستگانەی گوێتان لێدەگرتن چی ئێستگەیەک بوون؟**

+ باوکم هەر لەمنداڵییەوە لە ئەوەڵی شەستەکاندا، بەیانیان زوو کە هەڵدەستا گوێی لە هەواڵەکانی ئێزگەی (بی. بی. سی) دەگرت، منیش دەنگی میوزیکی پێشەکی و دەنگی بێژەری هەواڵەکان، کە دەیگوت (هنا اذاعـه  بی بی سی) خەبەری دەکردمەوە. لەگەڵ باوکم دادەنیشتم و بە چاوی خەواڵوەوە، کە هێشتە زۆر منداڵ بووم و هیچ لە هیچ تێنەدەگەیشتم، کە خەو دەیبردمەوە جارێکی دی لە باوەشی باوکمدا بەگوێگرتن لەو هەواڵانەی تێی نەدەگەیشتم، دیسانەوە خەبەرم دەبووەوە، بە دەنگی گۆرانییەکانی فەیرووز ئاشنا بووم، ئەمجاریان دایکم بوو، گوێی لە ئێزگەی بەغدا دەگرت، بەتایبەتی بەیانیان، کە گۆرانی فەیرووزی پەخش دەکرد، هەرئەوەش وایکرد، هەر بە منداڵی هەموو گۆرانییەکانی فەیرووزم لەبەر بێت، پێم وایە ئەوە یەکەم  ئاشنا بوونم بوو بە گوێگرتن لە ئاواز و بەستەی گۆرانی و دەنگ لە ژیانمدا، بەتایبەتی گۆرانییە ئەندەلوسییەکانی.

بەڵام کە گەورە بووم، لەگەڵ باوکم پێکەوە گوێمان لە هەواڵەکانی (بی بی سی) دەگرت و بۆچوون و ڕاکانمان لەسەری دەگۆڕیەوە. دواتریش لەکاتی سیاسەت و پێشمەرگەیەتیدا، گوێمان لە دەنگی ئێزگە دەگرت، هی خۆمان و ئێزگەی بەغدا چ کوردی و چ عەرەبی و گۆرانیەکانیان و هەواڵەکان.

کەجاری دووەم هاتمەوە شاخ، باوکم زانی یەکجارییە، ڕادیۆ سێ مەوجەکەی خۆی دامێ و لەگەڵ جامانەکەی و دوو شەرواڵی خۆی و کراسێکی، کە ڕەنگیان خاکی بوو. لە شاخ کە جلی باوکمم لەبەردا بوو، هەستم بە دووری نەدەکرد، لەوێ کە تەیارە بەسەر بارەگا و شوێنەکەماندا دەسووڕانەوە بە (ئێف ئێم) دەنگی قسەکردنەکانیانم لە ڕادیۆکەی باوکمەوە وەردەگرت، زانیاریەکانم وەردەگرتن، بۆ ئەوەی بزانین ئەوان چی دەکەن و بەتەمای چین، هەروەها بۆ ئەوەی بزانین ئێمەش چی بکەین باشە.

**– ناخۆشترین ڕووداو لە ژیانی پێشمەرگەیەتیت چییە؟**

+ زۆرن ئەو ڕووداوانـــەی کە ناخۆش بوون، پێشمەرگایەتی گەرچی لەناو چیای جوان و سەرکەش دابوو، دەوروبەرت پڕ بوون لە هاوڕێی باش و دڵسۆز، بەڵام گەشتوگوزار نەبوو.

لەگەڵ جۆش و خرۆشی سیاستکردندا، سوور دەمزانی ئەگەری زۆرە شەهیدبم و کەسوکارم نەبینمەوە، بەتایبەتی من دوو کوڕی منداڵی شەش و حەوت ساڵانم (دیاری و ئاری) لەشار لای باوکیان بەجێهێشتبوو، دوور لە بەخێو دەکران، زۆرجار پڕ دەبووم لە باوەڕ بەوەی جارێکی دی دوو کوڕەکەم نابینمەوە، دایکم نەمابوو، بەڵام باوکێکی زۆر زۆر خۆشەویستم هەبوو، دوو خوشک و برایەکم لە سلێمانی جێهیشتبوون.

ناخۆشترین ڕووداو لە ژیانی پێشمەرگەیەتیمدا، ئەوەبوو، هەر پێشمەرگە بووم، کە باوکم مرد. هەتا چەند مانگێک نەمزانیبوو، لێی بێ ئاگا بووم. من هێشتە چاوەڕێ بووم بێت بۆ سەردانم وەکو خۆی گوتی دێت بۆ لام، ئەوە زۆر زۆرناخۆش بوو، زۆر نارەحەتی کردم، کە من پێشمەرگە بووم و باوکم مرد و لای نەبووم، لەهەمان کاتدا تورەی کردم.

مام جەلال و کاک نەوشیروان و ئەوانی دی، سەرکردایەتی و پێشمەرگەکان سەرەخۆشییان لێدەکردم، بەڵام  هیچ نەمتوانی بۆ مردنی باوکم یەک فرمێسک بڕێژم، گریانم نەدەهات لە ڕق و تورەییدا، دەمبینی ژیان غەدارە.

> “ که باوکم مردووە، ئەوەی لە گیرفانیدا بووە، بەشی ناشتنی خۆی نەکردووە، بۆ ناشتنی، خەڵکی گەڕەک پارەیان بۆ کۆکردووەتەوە ”

دوای مردنی باوکم، بەترس و لەرزەوە، بۆ یەک ڕۆژ، بەدزییەوە خۆم کردەوە بەشاردا، بە پێویستم زانی بۆ ماڵئاوایی لێی، بچمەوە ماڵی باوکم.

لەوێ، بۆیان باسکردم، کە باوکم مردووە، ئەوەی لە گیرفانیدا بووە، بەشی ناشتنی خۆی نەکردووە، بۆ ناشتنی، خەڵکی گەڕەک پارەیان بۆ کۆکردووەتەوە، خۆم پێ نەگیرا و تێرتێر بۆ نادادپەروەری ژیان گریام.

**– با بێینە بەشی دووەمی ژیانت، ژیانی دوای سیاسەت و پێشمەرگەیەتی، ژیانی ناو فەلسەفە. کەی و لە کوێ دەستت کرد بە خوێندنی فەلسەفە؟**

+ ژیانی ناو فەلسەفەم زۆر زیاترە، بەڵام ئەوانەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکەن ئەوەندەی سیاسەت گرنگە لایان، فەلسەفە هێندە گرنگ نییە، بۆیە هەتا ئێستە هەر پرسیارەکانیان سەبارەت بەسیاسەتکردنم و پێشمەرگەیەتییە، نەک بیرکردنەوە و نووسینە فەلسەفییەکانم.

من لە ساڵی ١٩٩٣وە (٣٠) ساڵێک لەمەوبەر بۆ خوێندنی فەلسەفە، لە زانکۆی لەندەن وەرگیرام، هەر ئەو ساڵە بەیەکجاریی وازم لە سیاسەتکردن هێنا، دەستم کرد بە خوێندنی فەلسەفەی (ئەنەلەتیک) لەسەر مەسرەفی خۆم و وڵاتی بەریتانیا، بەوجۆرە بەکالۆریۆسم تەواوکرد و ماستەریشم هەر لە هەمان زانکۆ خوێند. دواتریش لەسەر مەسرەفی خۆم و ئەوروپای یەکگرتوو، دوکتۆراکەمم تەواوکرد، ئەمە بەتەواوی بەرچاویان ڕوونتر کردم، هەردوو بەشی (ئەنەلەتیک و کۆنتینانتاڵی) یان بۆ کردم بە ماڵ.

کە من دەستم بە خوێندنی فەلسەفە کرد، سی ساڵ لەمەوبەر، لە کوردستان هیچ بەشێکی فەلسەفە نەبوو، بەلای کەمەوە لە باشوور، ئەگەر نەڵێم لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، تاک و تەرا لە پیاوان هەبوون فەلسەفەیان خوێندبێت.

ئەو ساڵانەی بەکالۆریۆسم دەخوێند لە زانکۆی لەندەن، هیچ پیاوێکی خۆرهەڵاتیی، یان کوردمان لە ناودا نەبوو، چ جای ژنێکی خۆرهەڵاتی، یان کورد! ئێمە باسی (٣٠) ساڵی ئەکادیمی پێش ئێستە دەکەین، ئەوکات بە زۆرینە ئەو خوێندکارانەی لەگەڵ مندا فەلسەفەیان دەخوێند ئینگلیز بوون لە ژن و پیاو، تاک و تەرا بە ڕەگەز لە وڵاتانی ئەوروپایی خۆرئاواییەوە وەرگیرابوون و لەگەڵیان دەخوێندین.

**– ئەو بەرهەمە فەلسەفیانەی نووسیوتن بە کوردی چین؟**

+ هەتا هەموو پلەکانی خوێندن و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و تێز و نووسینەکانمم تەواو نەکرد، لە فەلسەفەدا بە کوردی نەمنووسیوە، دوای هەموو ئەوانە جارێکی دی بەربەستەکانی بەردەمم لە کوردستان ڕوخاند و دەستم کرد بە نووسینی فەلسەفە بە کوردی، بە بەرنامە و ئاراستەیەکی تایبەت لە فەلسەفەدا. کاتێک٣٠ ساڵ لەمەوبەر دەستم کرد بە خوێندن لە بواری فەلسەفەدا بەو مەبەستە بوو، کە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و بەشی فەلسەفە بکەمەوە و زەمینەی فەلسەفە داڕێژم. نووسینەکانم بریتین لە داڕشتنی پایەکانی فەلسەفە لەکوردستان و بەو مەبەستەش دەیاننووسم.

فەلسەفە لەکوردستان هێشتە لەسەرەتادایە، ساڵانێکی زۆر زیاتر و نووسینی زۆر زۆر زیاتری پێویستە، چەندین کەسی دیکەی وەکو منی پێویستە، بۆ ئەوەی ئاراستەی دیکە دروستبکەن و بەرنامەی نووسینی بۆ دابڕێژن، هەتا زەمینەی بیرکردنەوەی فەلسەفی پتەودەبێت و بە زمانی کوردی سەرچاوەی زۆری فەلسەفی و ڕەوت و قوتابخانە جیا جیاکانی فەلسەفە بەتەواوی دەخرێنە بەر ڕۆشنایی، تەنیا ئەوکات کوردستان




**"لەگەڵ جۆش و خرۆشی سیاستکردندا، سوور دەمزانی ئەگەری زۆرە شەهیدبم و کەسوکارم نەبینمەوە، بەتایبەتی من دوو کوڕی منداڵی شەش و حەوت ساڵانم (دیاری و ئاری) لەشار لای باوکیان بەجێهێشتبوو"**

> "که من دەستم بە خوێندنی فەلسەفە کرد، سێ ساڵ لەمەوبەر، لە کوردستان هیچ بەشێکی فەلسەفە نەبوو"

وای لێ دێت خوڵقاندنی تێز و تیۆری نوێ لە فەلسەفەدا بهێنێتە بەرهەم، کە ئەمەش جۆرێکی دی خەباتکردنە، خەباتکردنی فەلسەفییە، لەبەرئەوەیە بەو هەموو بەربەستانەوە، کە لەڕێگەمدا هەیە و کراون و دەکرێن زۆر مەبەستمە ئەوەی دەمەوێت تەواویان بکەم، گەر تەمەن و تەندروستیم فرسەت بدات زیاتریش بنووسم.

نووسینە فەلسەفییەکانم هەتا ئێستە، بەوەی کە پێشتر بڵاوکراونەتەوە و بەوەوە کە دەبووایە ئێستا بڵاویان بکردایەوە، یان لە ناردندان بۆ چاپخانە بە زمانی کوردی، ئەمانەن:

١- کتێبی پیستیمۆلۆجی کلاسیک، ٢٠١٨ دەزگای مێخەک.

هەر هەمان ساڵ بۆ جاری دوەم لە لایەن دەزگای سەردەم لە چاپ دراوەتەوە.

٢- کتێبی سۆشیال پیستیمۆلۆجی، ٢٠١٨ دەزگای مێخەک.

(ئەم هەردوو کتێبانە جارێکی دی بۆ جاری سێەم لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٠١٩ دا لە لایەن دەزگای مادیار لە چاپ دراونەتەوە)

٣- کتێبی ژن و فەلسەفە، فەلسەفەی جێندەریی، ٢٠٢٠ دەزگای مێخەک.

ئەم سێ کتێبەم پرۆژە نوسینێکم بوون بە ناوی (هەگبەی زانین) و لە ٢٠١٨ دا تایبەت بوو بە داڕشتنی پایەیەکی گرنگی فەلسەفی، لە لۆجیک و فەلسەفەی زانست و مەعریفە/ زانین، یان وەک لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەڵێن پیستیمۆلۆجی.

لەهەمان کاتدا خەلقکردنی ئاراستەیەکی زۆر نوێم لە کوردستان، لەناو زەمینەی فەلسەفی، کە فەلسەفەی جێندەرییە داهێنا، کە پێشتر نەمانبوو، بە تەمام لە داهاتوودا کتێبی زیاتری لەسەر بنووسم. بەو مەبەست و ئاراستەیەدا لە ساڵی داهاتوو لە ٨ مارچ ٢٠٢٣ دا کتێبێکی نوێم لە فەلسەفەی جێندەریی بڵاودەکەمەوە لە ڕۆژی ژندا لە کوردستان.

دووەم پرۆژە نووسینم بەناوی (سەرزەمینی مانا)یە ئەمەیان بە ئاراستەی ئەوەیە کە پایەیەکی گرنگیتر لە فەلسەفە داڕێژم، کە فەلسەفەی زمان و مانایە. کتێبەکانیش ئەمانەن: (سەرزەمینی مانا، ٢٠٢٢) کواین، ٢٠٢٢) (مەحاڵبوونی مانا. ٢٠٢٢)



# هونەری

- ***بۆچی داهێنان لە هەولێر دەمرێت؟***

حەمەسوار عەزیز

- ***با جەستەی هونەر لەهەولێر زامدارتر نەکەین***

کەریمۆک غەفوور

- ***قسەیەک دەربارەی شانۆی کوردی***

نازم دڵبەند

# بۆچی داهێنان لە هەولێر دەمرێت؟



حەمەسوار عەزیز

هونەرمەند هەمیشە تەنیایە، خەمی هونەر و زمان و ئەدەب و کلتور و موزیکی نەتەوەکەی لەکۆڵناوە، کەچی نەکۆمەڵگە لەگەڵیەتی و نە خێزان و نە دەوروبەر و نەدەسەڵات،

بێجەگە لەوەی، ڕووبەڕووی تیر و توانج و زۆرجار، قسەی سووکیش بووەتەوە، جاری واهەیە ئەگەر جنێوی سووکیان پێنەدابن، زۆر بەئاسانی بەبڕوای من وەڵامدانەوەی پرسیارێکی بنچینەیی لەم چەشنە لە وتارێکی ڕەخنەیی کارێکی سەختە و ڕەنگە نەتوانرێت ئامانج بپێکرێت، بەڵام کاتێک دیاردەیەکی وا لەنێو شارێکی دێرین و داهێنەری وەکو هەولێر سەرهەڵدەدا و درێژە و بەردەوامی هەیە، لەم کاتەدا زۆر گرنگە ڕەخنە لەم ڕەوشە بگیرێت و بێدەنگ نەبین، هەوڵبدرێت ئەم باسە بکرێتە باسی ڕۆژەف، بۆ ئەوەی وردتر لە دەرهاوێشتەو دەرەنجامەکانی بکۆڵینەوە و هەوڵبدەین چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.

**شێرزاد حەسەن و تەڵعەت تاهیر و کاروان کاکەسوور نموونەی ئەوانەن، کە لەم شارە دەرچوون و بوون بە ناوی گەورە و داهێنانی گەورەیان کرد، کەسانی وەکو (فەرهاد پیرباڵ و تەڵعەت سامان و سەباح عەبدولڕەحمان)یش لەم شارە دەکوژێنەوە**

لەم وتارە کورتەدا هەوڵ دەدەم وەکو ڕەخنەگرێکی بواری شانۆ، لە ڕوانگەی هونەری شانۆوە ئەو ڕەوشە لێکبدەمەوە و بەشێوەیەکی لۆژیکی و دوور لە هەموو مەیلێکی نەشازی ناوچەگەرێتی و شارچێتی ئەو باسە وەکو خۆی و دەرهاوێشتە ترسناکەکانی بخەمەڕوو.

لای کەس شاراوە نییە هەولێر دێرینترین شاری کوردستانە، ئەو ناوچەیە هەمیشە ئاوەدان و مەڵبەندی شارستانییە جۆراوجۆرەکانی سەردەمانی خۆی بووە و مێژوویێکی پڕشنگداری هەیە، کە بۆ هەمووان مایەی شانازییە، ئەمە جگە لەوەی هەولێر لە ئێستادا پایەتەختی کوردستانە و شارێکە سەرنجی هەموو دونیای لەسەرە و وەکو سەنتەرێکی بازرگانی و گەشتیاری پێگەیەکی گرنگی ئابووری و سیاسی لە ناوچەکەدا هەیە، ئەو ئاوەدانی و بووژانەوە ئابوورییە و گەشانەوە بیناسازییەش وایکردووە هەولێر وەکو شارێکی جوان و تایبەتی ناوچەکە هەمیشە لەبەرچاو بێت و وێنەیەکی جوانی دەوڵەتداری کوردی نیشان بدات، بەڵام داخەکەم ئەم هەموو جوانی و ناوازەییەی هەولێر وای نەکردووە گەشتیاران و سەردانیکاران، کە دێنە ئێرە هەست بەو بۆشاییە کلتوورییە گەورەیە نەکەن، کە ئێستا هەولێر بەدەستییەوە گیرۆدە بووە.

هەولێر ئەگەر لە ئێستادا لە ڕووی ئابووری و بیناسازی و گەشتیاری و ئاسایشەوە، یەکێک لە شارە گەشەسەندووەکانی جیهان بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە لەڕووی کلتوورەوە لە ئێستادا یەکێکە لە شارە دواکەوتووەکانی جیهان و ناوچەکە و بزاڤی کلتووری و هونەری بەتەواوی لەم شارەدا دەستەمۆ بووە و خەریکە هەموو بەها کلتوورییەکانی لەدەست دەدات و دەبێتە شارێکی بێ کلتوور و بێ هونەر.

بۆ هەمووان ڕوونە، کە ئەم ڕەوشە تەواو

نامۆیە بە هەولێر، چونکە لە سەردەمانێکدا ئەم شارە لانکەیەکی گرنگی بزاڤی کلتووری و هونەر بووە، لە هەموو بوارەکاندا پێشەنگ و هاوشانی شارێکی گرنگی کلتووری وەکو سلێمانی بووە و بەیەکەوە وێنای بزاڤی هونەری و داهێنانیان لە کوردستان کردووە، لە کۆنەوە ئەم شارە نووسەر و هونەرمەندی گەورەی تیا هەڵکەوتووە و توانیویانە لەهەموو سێکتەرە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان وێنایەکی جوانی ئەم شارە بە ناوچەکە نیشان بدەن، بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی هونەری و ڕووناکبیریی ئەم شارە بکەین، هەموومان هەست بە شانازی دەکەین و لە پێگەی گرنگی هەولێر لەسەر نەخشەی کلتووری کوردی و ناوچەکە تێدەگەین.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە لە ئێستادا ئەم شارە بەتەواوی کپ بووە و هەموو داهێنانەکانی لەبواری بیناسازی و ئابووری کورتکراوەتەوە و خەریکە هونەری ئەم شارە دەچێتە قۆناغی بۆشایی و متبوونەوە، ئەو شارەی، کە جاران بینەرەکەی بۆ بینینی کارێکی شانۆیی بە بلیت دەرگای هۆڵەکانیان دەشکاند، ئێستا ئەوەندە لە شانۆکارانی شارەکە نائومێد بووە ، بە خۆڕاییش ناچنە دیار نمایشە شانۆییەکانیان، ئەو شارەی، کە جاران لەسەر نەخشەی شانۆی عێراقی قورسایی خۆی هەبوو، کارەکانی لە پایتەختی عێراقەوە خەڵاتیان دەبردەوە و دەبوونە مایەی سەرنجی هەمووان، ڕەخنەگری عێراقی باسی بایەخی کارە شانۆییەکانییان دەکرد، ئەم شارە، ئێستا بەشێوەیەک پەراوێز کەوتووە، چەندین ساڵە نەیتوانیوە کارێکی شانۆیی جیاواز و تایبەت پێشکەش بکات، کە جێی سەرنجی بینەرانی بێت، ئەو شارەی کە جاران بە داهێنانی نووسەرە شانۆییەکانی و ئەکتەرە داهێنەرەکانی و دەرهێنەرە بە ئاگاکانی دەناسرایەوە، ئێستا لە قەیرانێکی گەورەدایە، لەڕووی نووسەری شانۆییەوە بە تەواوی وێرانە، جاران (تەلعەت سامان و چەتۆ حەسەن)ی هەبوو، ئێستا ناتوانم ناوی نووسەرێکی شانۆیی دیاری ئەم شارە بنووسم، جاران وەکو ئەکتەر، دەیان ئەکتەری وەکو جەلال بەیار، سەعدون یونس، سەباح عەبدولڕەحمان، فەیسەل محەمەد، غازی غەفوور، زایەر عەبدوڵڵا، سەلام کۆیی، سوبحی کۆیی، بەکر مەعروف، وەلید مەعروف، شوکرڵڵا شێخانی، نەوزاد ڕەمەزان، جیهان ئەحمەد، دڵپاک تاهیر، سەمیرە عەبدۆک، سەوسەن سەعدون، شیرین سابیر، خەلیل یابە، عەلی ئەحمەد، دەیان ئەکتەری دیکەی هەبوو، کەچی ئێستا بەدەست نەبوونی ئەکتەرەوە دەناڵێنێت، تەنانەت ئەو گەنجە داهێنەرانەی، کە لەدوای ڕاپەڕین هاتنە نێو بواری هونەری، ماوەی چەندین ساڵە زۆرینەیان دوورکەوتونەتەوە و وازیان لە شانۆ هێناوە، بۆیە ئێستا هەولێر قەیرانی ئەکتەری هەیە، بەدڵنیاییەوە، دەتوانم بڵێم چەندین ساڵە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەر نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە و ئەکتەری تازە پێبگەێنن و بیانخەنە سەر تەختەی شانۆ، لەوەش سەیرتر هەموو ئەوانەی لە پەیمانگەو کۆلێژ دەردەچن، لە هونەر دووردەکەونەوە و ڕوودەکەنە بوارێکی دی، لە کاتێکدا لە شارێکی وەکو سلێمانی و هەڵەبجە و کفری، ساڵانە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، شانۆکارە تازەکان دەگەێنێتە نێوەندەکانی هونەری شانۆیی و ڕووخساری تازە بەدیار دەکەون.

لەڕووی دەرهێنانەوە سەردەمانێک ئەو شارە دەرهێنەری وەکو تەڵعەت سامان و سەفوەت

> “ **بزاڤی کلتووری و هونەری لەم شارەدا بەتەواوی دەستەمۆ بووە و خەریکە هەموو بەها کلتوورییەکانی لەدەست دەدات و دەبێتە شارێکی بێ کلتوور و بێ هونەر** ”


سەردەمانی زێڕینی شانۆ



> فەزای ئەم شارە لەژێر کاریگەری ئەو ڕەوشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەی، کە هەیە، هەمیشە ڕووبەڕێکی ئامادەیە بۆ کوشتنی بەهرە و داهێنان

جەڕاح و سەباح عەبدولڕەحمان و سەعدون یونس و فەتاح خەتاب و تەحسین شەعبانی هەبوو، دوای ئەمانەش کۆمەڵێک گەنجی وەکو هیوا سوعاد و ژیلوان تاهیر و یوسف عوسمان و نیهاد جامی و سلێمان گەلالی و مەهدی حەسەن و دیار عومەر و کارۆخ ئیبراهیم و سدیق حوسێن و کامەران حاجی ئەلیاس و حەمە جەمیلی هەبوو، کەچی لە ئێستادا و لەم چەند ساڵەی دوایی، جگە لە مەهدی حەسەن و هیوا سوعاد، هەموو ئەوانەی دی بە تەواوی بێدەنگن و وا دەردەکەون، وەکو ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر شانۆکاریش نەبووبن، لەڕووی کۆمیدیاوە سەردەمانێک باشترین ئەکتەرە کۆمیدییەکان لەم شارە بوون، وەکو سوبحی کۆیی، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، سەلام کۆیی، ئیبراهیم حەکیم، فەیسەل محەمەد، تەها ئاغا جان، فەرهاد شەریف، موئەیەد فەقێ، ئەیام ئەکرەم و دلڤین موحسین و گۆڤار ئەنوەر، ئێستا چەند موهەڕیجێک بەناوی کۆمیدیاوە خەریکن شاشەی تیڤییەکانی ئەو شارە داگیر دەکەن و هەموو سنوورێکی ئاکارو ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان تێکشکاندووە و هەوڵدەدەن بە زۆر ختوکەی خەڵک بدەن، لەم پێناوەشدا خۆیان وەکو غۆریلا بەهەموو شێوەیەک تاقیدەکەنەوە.

جاران نمایشی شانۆیی وەکو نەفرەت لێکراو، چڵپاو، هەبوونەبوو، گیچەڵەکانی حەمە وەی وەی، مەم و زین، قەڵای دمدم، شاری ئەوین، مرۆڤ و ئازارەکانی، لۆ تێم ناگەن، مۆزارت و سالێری، شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە، سەگەکەی جەنەڕاڵ، زەمبیل فرۆش، چۆلەکەیەک لەتاو ئازارەکانی سەما دەکات، سیزیف و مەرگ، تەنیا یەک شەو شالیر و چەندین نمایشی دیکەی شانۆیی، کە بینەری دەخستە سەر پێ، کەچی ئێستا و زیاتر لە چوار ساڵیش دەبێت، ژمارەی نمایشە شانۆییەکانی ئەم شارە لە ژمارەی پەنجەی یەک دەست تێپەڕ ناکەن، هەمووشیان بۆ ماوەی ڕۆژێک، یان دووان، لە هۆڵی بچووک نمایش کراون و ژمارەی بینەرانیشیان زۆر دیاریکراو بوون، لە کاتێکدا لەم ماوەیەدا لە شارێکی وەکو سلێمانی و هەڵەبجە، چەندین نمایشی شانۆیی پێشکەشکراون و چوونەژوورەوەش بە بلیت بووە، نمایشەکانیش لە دە ڕۆژەوە تا بیست و سی و چل و زیاتریش بەردەوام بوونە.

ئەگەر وەکو توێژەرێک هەڵوەستە لەسەر ئەم دیاردەیە بکەین، دەبینین لەڕووی ئابوورییەوە هەمان ڕەوش کە لە هەولێر هەیە، لە سلێمانی و شارەکانی دیکەیش هەیە و ڕەنگە لەهەندێک شوێن خراپتریش بێت، کەواتە هۆکار چییە و چۆنی لێکدەدەیتەوە، کە لە شارەکانی دی، ئەگەر وەکو پێویستیش نەبێت، کاری شانۆیی بەردەوامە و لە هەولێریش وەستاوە و متبووە، گەیشتووەتە ئەوەی، کە ژمارەی نمایشە شانۆییەکانی شاروچکەیەکی وەکو دەربەندیخان و کفری و کەلار لە هەولێر زیاتر بێت.

کێشەی گەورە لەم شارە ئەوەیە، کە هەمیشە ئەو ناوانەی دێنە شار ون دەبن و ئەوانەش، کە لێی دەردەچن دەگەشێنەوە، نمونەش زۆرە، شێرزاد حەسەن و تەڵعەت تاهیر و کاروان کاکەسوور نمونەی ئەوانەن، کە لەم شارە دەرچوون و بوون بە ناوی گەورە و داهێنانی گەورەیان کرد، کەسانی وەکو (فەرهاد پیرباڵ و تەڵعەت سامان و سەباح عەبدولڕەحمان)یش لەم شارە دەکوژێنەوە.

فەزای ئەم شارە لەژێر کاریگەری ئەو ڕەوشە

سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەی، کە هەیە، هەمیشە ڕووبەڕێکی ئامادەیە بۆ کوشتنی بەهرە و داهێنان، بەرپرسانی ئەم شارە ئەوەندەی شاگەشگە دەبن بە کەسێکی دەرەوەی شار، هەرگیز ئەو بەهرانە نابینن کە کوڕی شارن و دەیانەوێت لێرە گەشە بکەن و داهێنان بکەن، بە پێچەوانەوە، بە توندی هەموو دەروازەکانیان بەڕوودا دادەخەن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەهرەدارە نەبێتە کوڕی حزب و کۆیلەی دەربار، بۆیە هەمیشە ئەو پرسیارە دەکەم، بۆچی فەزای ئەم شارە بۆ هونەرمەندی جیدی و کارا فەزایەکی خنکێنەرە؟ بۆچی لەهیچ شوێنێکی ئەم شارە باسی ئەدەب و هونەر و داهێنان ناکرێت؟ بۆچی هۆڵە شانۆییە پەرپووتەکانی ئەم شارە چۆڵ و تاریکن؟ بۆچی شاری هەولێر لە عێراق و ناوچەکەدا لەڕووی هەبوونی مۆڵ و ڕیستۆرانت و کافتریاوە ژمارە یەکە ، کەچی لەڕووی هۆڵەوە دواهەمین شاری ناوچەکەیە؟ ئەو هەموو تیپ و گروپ و دەزگا هونەرییە حزبییە هەیە، کەچی توانای ئەوەیان نییە فشاری دروستکردنی هۆڵێک بکەن، بەدڵنیاییەوە هیچ ڕۆژێک ئەو پرسە لایان پرسێکی جیدی نەبووە و بەدروستی کاریان بۆ نەکردووە، ڕەنگە کاری لەپێشینەی دیکەیان هەبووبێت، تا هۆڵی شانۆیی. بۆچی زۆرینەی شانۆکارانی ئەو شارە میزاجیان نییە بچنە پرۆڤەی نمایشێکی شانۆییەوە؟ بۆچی کە وۆرکشۆپێکی شانۆیی بەڕێوەدەچێت، دە شانۆکار بەشداری ناکەن، بۆچی خەریکە دابڕان لەگەڵ خوێندنەوە دروست دەبێت؟ بۆچی هەموو داهێنانی هونەرمەندانی ئەم شارە بووەتە دۆمینە و ئۆکەی ئیسکان و مشتومڕی یانەی شەوانەی نووسەران و هونەرمەندان؟ بۆچی نووسەرەکان، جگە لە نووسینەکانی خۆیان تاقەتی خوێندنەوەی ڕستەیەکی دییان نییە؟ بۆچی ڕەخنەگرە شانۆییەکانی ئێرە هەمیشە بەوە تاوانبار دەکرێن، کە لەسەر نمایشە شانۆییەکانی شار نانووسن؟ لە کاتێکدا لەم شارەدا بوونی نمایشی شانۆیی و نمایشی شانۆیی داهێنەرانە بووەتە خەون و دە ساڵ جارێک بەدی دێت.

لە هەموو ئەوانەش خراپتر ئەو مۆدێلە شانۆییەیە، کە خەریکە لەژێر پەرچەمی شار و بە پاساوی سەیروسەمەرە، تەقدیسی حزب و سەکردە و ڕەنگی حزبەکان دەکات، هەندێک شانۆکار زۆر لە حزبییەک، تۆختر لەنێو شانۆ کاردەکەن، هەوڵدەدەن نمایشەکەی بکاتە مینبەری ململانێی نێوان حزبەکان و لەنێو نمایشەکەیدا، حزبەکەی و سەرکردەکانی پیرۆز دەکات، یاری لەنێو ڕەنگەکاندا دەکات و هەموو ڕەنگە نەیارەکان دەکات بە ڕەنگی شەیتان و ڕەنگی حزبەکەی خۆشی پیرۆز دەکات و وەکو ڕەسەنایەتی و مێژوو و حەقیقەت و نەتەوەیی بوون نیشانی دەدات، وەکو چۆن وەرزش بە حزبی کرا، بە هەمان

## لە هەموو ئەوانەش خراپتر ئەو مۆدێلە شانۆییەیە، کە خەریکە لەژێر پەرچەمی شار و بە پاساوی سەیرو سەمەرە، تەقدیسی حزب و سەکردە و ڕەنگی حزبەکان دەکات



شێوەش شانۆ و هونەرەکانی دی دەکرێنە کاڵای پڕوپاگەندەکردن بۆ حزب، شانۆکار هەیە لە بۆنەیەکی حزبی چوار پۆست دەکات، کەچی لەهەموو تەمەنیدا یەک پۆستی لەسەر هونەرەکەی نەکردووە، بەڕاست ئەوە وەزیفەی شانۆیە؟ وەزیفەی شانۆ ئەوەیە بەم شێوە ناشیرینە شۆڕبێتەوە نێو ململانێ حزبییەکان و خۆی بە حزبێکدا هەڵواسێت و پیرۆزی بکات؟ شانۆ بۆ ئەوەیە خەڵک گەمژە بکات و بیانخەوێنێت؟ شانۆ بۆ ئەوەیە ببێتە کاڵایەک نمایشەکانی بە بەرگی حزبدا بدرووێت؟ شانۆ بۆ ئەوەیە ببێتە سەنتەری ململانێی حزبایەتی و شکاندنی ئەویدی؟ شانۆ بۆ ئەوەیە ببێتە سەرچۆپی کێشی بۆنە حزبییەکان و خەڵک هان بدەن بۆ ئەوەی هەمیشە گوێڕایەڵ و دەستەمۆ بن؟

که شانۆ بەو شێوەیە دەکەن، دەبوو چاوەڕێی ئەوەش بکەن، کە بینەرێک هەیە سزاتان دەدات و پشتتان تێدەکات، بینەرێک ئامادە نابێت، بە خۆڕاییش بێت، بێتە دیدەنتان، بەڵام ئامادەیە پارە بدات بۆ بینینی نمایشێکی دیکە، چونکە بە هەموان واتان لە بینەر کرد ڕقی لە شانۆی شارەکەی ببێتەوە، ئامادە بێت چەندین کیلۆمەتر ببڕێت و لە شارەکانی دی بینەری شانۆگەرییەک بێت، ئەوە تەنیا بینەر نییە لە شانۆ تۆراوە، زۆرینەی زۆری ئەوانەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەر دەردەچن، نەک هەر کاری شانۆیی ناکەن، بەڵکو ئامادە نین وەکو بینەریش بێنە نێو هۆڵە شانۆییەکان.

ئەوەش یەک تێگەیشتنی هەیە، کە ئەوەیە، هاوکێشەیەکی هەڵە هەیە، سیستمێکی نەگونجاو هەیە، فێربوونێکی ناتەندروست هەیە و دەبێت هەموو ئەوانە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

ڕەنگە زۆر کەس باسی ئەوە بکات، کە ماوەیەکە پارە و بوودجە بۆ شانۆ لە هەولێر خەرج ناکرێت، ئەمە ڕاستە و ڕەنگە هەڵگری بەشێکی بچووکی ئەو ڕاستییە بێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو بیست و دوو ساڵەی ڕابردوو، ئەوە بە متمانەوە دەڵێم ئەو پارەیەی لەو ماوەیەدا لە هەولێر بۆ شانۆ خەرجکراوە، بۆ هیچ دەڤەرێکی دی کوردستان خەرج نەکراوە، دەی وەرن بە ویژدانەوە بەراوردێک بکەین بزانین لەو ماوەیەدا ئەو پارەیە چ بەرهەمێکی هەبووە، لەبەرانبەر ئەوەشدا لە شارەکانی دی بە پارەیەکی کەمتر لەوە، چی کراوە؟ لە ئێستادا، کێشەی شانۆ لە هەولێر لە پارە و بوودجە زیاتر و گەورەترە و هەرگیز بە پارەش چارە ناکرێت، لەم شارەدا بەهای هونەر کەوتووەتە بەرهەڕەشەی بچووکبوونەوە.

شارێک، کە زیاد لە پێنج سەد شانۆکاری هەیە و سی ساڵە پەیمانگەی لێیە و چەندین ساڵە خاوەنی کۆلێژی هونەرە جوانەکانە و لە نمایشەکانی پەنجا شانۆکار ئامادە نابێت، ئەمە جگە لەوەی هەرگیز توانای ئەوەی نییە بینەری تازە بۆ کارەکانی ئامادە بکات، هەموو نمایشەکانیشی وەکو ئەوەیە کۆبوونەوەی خێزانی بێت.

ئەمە هەرگیز نەبووەتە خەم و مایەی نیگەرانی بۆ زۆرێک لە شانۆکارانی ئەو شارە، چونکە بۆ بەشێکیان گرنگە، کە بەرپرسە حزبی و حکومییەکان لە نمایشەکەیان ئامادە بن و لە ڕیزی پێشەوەشیان دابنیشێنن، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە هەندێک جار بۆ پڕکردنەوەی هۆڵەکان پەنا بۆ بارەگا حزبییەکان دەبرێت، تا لە ڕێگەی ئەندامانی حزبەوە هۆڵەکانیان بۆ پڕبکرێتەوە.

لە کۆتاییشدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە ئەگەر لەم بیست ساڵەی دواییدا ئەم شارە لە بوارێک پێشەنگ بووبێت، ئەوە بێگومان بواری وتاربێژی و وتارخوێندنەوە بووە، بە متمانەوە دەڵێم ئەو هەموو وتارانەی لە بۆنە کلتوورییەکان پێشکەش کراون، ژمارەیەکی پێوانەییە و پیویستە بخرێتە کتێبی گینسەوە، چونکە لە هەموو بۆنەکاندا کاتی زێرین بۆ بەرپرسە وتاربێژەکانە و بەشێوەیەک بینەر بیری دەچێتەوە، کە بۆ کارێکی هونەری لێرەیە، نەک بۆ خوێندنەوەی ئەو هەموو گوتارە دووبارە و سەد بارەیە، کە هیچ لە واقیعی کلتووری ئەو شارە ناگۆڕێت.

ئێستا زانیتان بۆ داهێنان لە هەولێر دەمرێت؟

# با جەستەی هونەر لەهەولێر زامدارتر نەکەین

کەریمۆک غەفوور

لە سالانی (١٩٨٧-١٩٨٩) لە شانۆی (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە و سەگەکەی جەنەڕاڵ) ڕۆڵێکی جوانی بینی، ئەوکاتە تیپی شانۆی ئەزمونگەریی هەولێر کۆمەڵێ بەرهەمی ئاستبەرزیان نمایشکرد، ببووە جێگە سەرنجی ئێمەی گەنج، ئەوسا ئێمە بە وزە و عیشقەوە کارمان لە هونەری شانۆدا دەکرد، لەو ساوە (حەمەسوار) دەناسم، بەڵام لەو سالانەی دوایی لە نزیکەوە بەو پیاوە ئاشنا بووم، پێشتر وەکو هەر هونەرمەندێکی دی داهێنەر سەدان ناو و ناتۆرم لەسەری بیستبوو، بەڵام کە ناسیم ئاخێکی گەورەم هەڵکێشا، چونکە نەک ئەو وەسفانە ڕاست نەبوون، بەڵکو سەد دەر سەد پێچەوانەش بوون، لەوساوە تا ئێستە (حەمە سوار عەزیز) لای من وەکو ڕۆشنبیرێکی بوێر و بە وەفا و سەرڕاست و ڕاستگۆ، لە بەرانبەر پیشەکەی خۆی و هونەرمەندانی ئەو بوارە ڕەفتار دەکات و دەنووسێت، ئێستە نەک لەسەر ئاستی هەولێر، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو کوردستان و عێراقیش ناوێکی درەوشاوە و دیارە، بەڵام پێموانییە لە هەولێر وا بخوێنرێتەوە و ببینرێت!

ئەو هەمیشە بابەتی گرنگ لەسەر هونەر، بەتایبەتی شانۆ و دراما دەوروژێنێت، بەڵام هیچ جارێک نەمبینی بەشێوەیەکی لۆژیکی و دوور لە دروشم و بەرژەوەندخوازی تاوتوێی پرسیار و بۆچوونەکانی بکرێت. ئەمجارەش بە هەمان شێوە، کە لە والی فەیسبووکەکەی، دەنووسێت (بۆچی لە هەولێر داهێنان دەمرێت؟) نایەن بە ڕاستگۆیی و لۆژیکیانە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە و گفتوگۆی جدی لەسەر بکەن، دێن بابەتەکە بە سادە و ڕووکەشانە وەردەگرن و بە ئاقارێکی دادەبەن، کە نە خزمەت بە باری نالەباری هونەری لە هەولێر دەکات، نە بە دۆخی خراپی هونەرمەندان خۆیان.

ئەو لە خستنەڕووی ئەو پرسیارەدا ئاماژەی بەهیچ بوارێک نەداوە، بەڵام ڕوونە مەبەستی بواری هونەرییە بەگشتی، نەک ئەدەبیات و بواری دی، کە دەڵێین هونەر، بوارەکانی (شانۆ، سینەما، میوزیک، شێوەکاری) دەگرێتەوە، کە هەر هەموو ئەو بوارانەی هونەر، هیچیان دۆخیان لێکدی باشتر نییە. هەندێک هاوڕێی د ە ر ە و ە ی هەولێر، لە





کۆمێنتەکاندا نووسیان: (ڕەوشی هونەر لە شارەکانی دیش خراپە و وا بڕوات لە هەموو کوردستان بواری کلتور بەگشتی دەمرێت) قسەی ئەم هاوڕێیانە بەشێکی دەچێتە خانەی دڵدانەوە و بەشێکی لە دیدێکی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕاستە بواری کلتوری لە کوردستان کە مەبەستمان باشوورە، خراپە و دەسەڵات بەگشتی و وەزارەتی ڕۆشنبیری پلان و ستراتیژێکی ڕۆشن و تێگەیشتنێکی تەندروستیان بۆ مەسەلەی کلتور نییە، بەڵام بۆ دەبێت هەولێر، کە پایتەختی کوردستانە و بووەتە چەقی چاوتێبڕینی هەموو دونیا دوور لە مەسەلەی حزبایەتی و شارچییەتی، کە هێز و قودرەتی هەموو وڵاتێک لە پایتەختەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، شارێک بێت، باڵای باڵەخانەکانی، فراوانی و درێژی شەقامەکانی، سەدانجار لە هونەر و کلتورەکەی گەورەتر و لە پێشتر بێت؟!

با بپین لە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەو پرسیارەی حەمە سوارەوە، لەدوا وشەیەوە دەست پێبکەین، کە «مردن»ە. چەمکی (مردن) ئەوکاتە مانا پەیدا دەکات کە شتێک، بوونەوەرێک، بوونی هەیە، یان هەبووە بۆیە دەمرێت، هیچ شتێکی نا زیندوو، یان مردوو نامرێت، ئەگەر پێشتر لە جووڵە و ژیاندا نەبووبێت، لە مانای پشتەوەی ئەو پرسیارەدا تێدەگەین، کە شتێک لە ڕابردوودا هەبووە، بەڵام ئەوەتە دەمرێت، بەو واتایە هونەر لە شاری هەولێر خاوەن پێگە و بزاوتی خۆی بووە، کاری باش و داهێنەرانە کراوە، هونەرمەندی دڵسۆز و جدی و داهێنەر لە بوارەکەدا هەبوون، وەکو لە کۆمێنتی هونەرمەند (شوکروڵا شێخانی)دا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: (کاتی خۆی بۆ پرۆڤە و لە هۆڵی گەل لەسەر گیرفانی خۆمان، بە پێیان هاتووچۆمان، لەگەڵ مامۆستای کۆچکردو تەڵعەت سامان، کە هەموو شانۆگەرییەکانی بوومەلەرزە بوون، لە ژیانی هونەرییم یەک فلسم وەرنەگرتیە. کەچی داهێنان بەردەوام بوو) بەڵام لە ئێستەدا دۆخێک دروست بووە، هونەری تێدا دەمرێت. فاکت و هۆکارەکانی پوکانەوە و مردنی هونەر لەو شارە زۆرنین، بەڵام بوێری و لێکدانەوەی دەوێت، لە هەمووشی گرنگتر هێز و ئیرادەی چارەسەرکردنی دەوێت، ئەمەش بە ڕۆشنبیر و هونەرمەندی دڵسۆز و بوێر دەکرێت، کە ئەمە پرۆسەیەکە بە ڕۆژێک و دوان ئەنجام نادرێت، چونکە ئەو دۆخە چەقبەستووەی هونەر تا دەگاتە ئەو ئاستەی هاوڕێمان حەمەسوار پرسیار بکات و بڵێت: (بۆچی لە هەولێر داهێنان دەمرێت؟)

دۆخێکە مێژوویەکی درێژی هەیە، هەر لە دروستبوونیەوە، بەڵام ئەمڕۆ دەرهاویشتەکانی دەردەکەون و بە زەقی هەموومان هەستی پێدەکەین، ئەو هەستکردنە لەو بابەتەی حەمە سوار و چەندین پۆستی دی بەرچاو دەکەون، کە بۆ من جێگەی خۆشحاڵییە، چونکە هەموو نوژەنکردنەوە و گۆڕانکارییەک سەرەتا لە پرسیارەوە دەست پێدەکات، وەکو هونەرمەند وەلید مەعروف دەڵێت: (دەبێت لە خۆمان و لە هەمووان بپرسین)

بەڵێ دەبێت ئازایانە و دڵسۆزانە بپرسین، پاساوهێنانەوە و فڕێدانی دروشم و هاوسۆزی بە ناوی خۆشەویستی بۆ هەولێر تیماری برینەکان ناکات و زیاتر درێژە بە دۆخەکە دەدات.

لە پرسیاری دووەمدا کاک حەمە سوار دەڵێت: (بۆچی لە هەولێر داهێنەران ون دەبن؟) لە ڕاستیدا دەبێت ئەو پرسیارە بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە: (بۆچی هونەرمەندان کە خەونی گەورەیان هەیە و دەیانەوێت داهێنان بکەن، ناچار دەبن هەولێر جێبهێڵن؟) ئایا ژینگەی هونەری لە هەولێر بوار نارەخسێنێت، تا هونەرمەند لە شارەکەی خۆی خەونەکانی پراکتیزە بکات؟ فاکت و هۆکاری ئەم بزربوونە، یان ئەم ڕاکردن و جێهێشتنە چییە؟ لە سادەترین وەڵامدانەوەدا، ئەوانەی بە چاویلکەی بەرژەوەندی حزبی دەڕوانن، وەڵامی دەستبەجێیان پێیە و یەکسەر دەڵێن حزب بەرپرسە، بەڵام بە لێکدانەوەی من وەڵامێکی زۆر سادەیە و خۆدزینەوەیە لە هۆکارەکانی دی، من ناڵێم حزب هۆکار نییە، لە سەرجەم خراپی و نالەبارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لەسەرجەم پرسەکانی ئەم کوردستانە، حزبی کوردی بەرپرسیاری یەکەمە و دەسەڵات بەرپرسە لە دۆخ و قەیرانە نەخوازراوەکان، بەڵام دەبێت بپرسین بۆچی ڕێژە و ئاستی چالاکییەکانی شارێک بۆ شارێکی دی جیاوازە؟ بۆچی لە شاری دهۆک

گەورەترین «فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سینەمایی، کە ئەم ساڵ خولی نۆیەمی ئەنجام دەدرێت و بوجەی پێویستی بۆ سەرف دەکرێت؟ ڕەنگە ئەو شارە لە زۆر بواری دیش چالاکی هەمەجۆری هەبێت، ئایا دەسەڵاتداری شاری دهۆک هەمان ئەو دەسەڵاتە نییە لە هەولێر؟ بۆچی لە شاری سلێمانی تەنیا لەماوەی ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٢)دا واتە لەماوەی چوار ساڵدا، حەوت فیلمی درێژی سینەمایی و فێستڤاڵی نێودەوڵەتی ساڵانەی فیلم و دەیان کورتە فیلم و ئیڤێنتی جۆراوجۆر و چەندین نمایشی شانۆیی و کۆڕ و کۆبوونەوەی هونەری ئەنجام دراون و بەردەوامیش ئەنجام دەدرێن؟ خۆ زۆربەی ئەم کارانە بەپێی پلانی حزب بەڕێوە نەچوون و ناچن، بەشی زۆریان لەسەر بوجەی دەرەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دروستکراون، دیارترینیان شانۆی (دواڕۆژەکانی بابلۆ) بوو، کە هونەرمەندانی هەولێری بە جارێ وروژاند، ئەوەی دەرخست لە هەولێر کێشەی بینەر نییە، کە هەمیشە گرفت و قەیرانی هونەری لە هەولێر بە شانی بینەری قوڕبەسەردا هەڵدەواسن، بەڵکو کێشەی سەرەکی نەبوونی کاری باش و هونەرییە لە لایەک و بوێری و دەستبردن بۆ گرفت و خەمەکانی خەڵکە لە لایەکی دی، ئێستە چالاکی و بزاوتە هونەرییەکانی هەموو شارەکان، بەتایبەتی سینەما، لە شاری هەولێر باشترە، ئەگەر لە سلێمانی و دهۆک قسە لەسەر کوالێتی بەرهەمەکان بێت، ئەوە لە هەولێر قسە لەسەر مرداربوونەوەی هونەرە! ئەم دۆخەی هەولێر ئێستە تێیکەوتووە لەسەرەتاوە وانەبوو، هەر لە بواری سینەمادا کە بواری خۆمە، یەکەم فێستیڤاڵی فیلمی سینەمایی و یەکەم فیلمی درێژی سینەمایی و یەکەم گۆڤاری سینەمایی و یەکەم بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما، یەکەم کۆمەڵە و گرووپی سینەمایی و یەکەمین کۆلێژی هونەر و بەشی سینەما، لەدوای ڕاپەڕین لە شاری هەولێر سەریان هەڵدا و لە دایکبوون، ئەی کوان لە کوێن بۆ پوکانەوە و نەمان!

نەخێر خۆشیمان بێ و ترشیمان بێت، حزب هۆکاری سەرەکی سستی و پوکانەوەی هونەر نییە لە هەولێر، بەڵکو بە پلە یەک هونەرمەندانی دەستڕۆیشتو و بەرپرس و ئەوانەی بە شانوباڵیاندا هەڵدەڵێن، ئینجا سەرجەم هونەرمەندانی دی بەرپرسن، کە جگە لە پرتەوبۆڵەی شەرمنانە هیچ ناڵێن، وەکو هونەرمەند قاسم نوری دەڵێت: (داهێنان دەکوژن بۆ ئەوەی هەموو سەرکز و مات و بێ هەڵوێست بن، داهێنەری دەستوپێوەند و بووکەڵە دابهێنن) ئەگەرچی ئەم کۆمێنتەی ئەو هاوڕێیەمان بوێری باشی تێدایە، بەڵام پێویستی بە ڕوونتر و ڕاشکاوانەتر هەیە،

**حزب هۆکاری سەرەکی سستی و پوکانەوەی هونەر نییە لە هەولێر، بەڵکو بە پلە یەک هونەرمەندانی دەسترۆیشتو و بەرپرس و ئەوانەی بە شانوباڵیاندا هەڵدەڵێن، ئینجا سەرجەم هونەرمەندانی دی بەرپرسن**

کێن ئەوانەی داهێنان دەکوژن؟ دەبێت پەنجە بخەینە سەر پیتەکان و ڕاشکاوانەتر بین، ئەگەرچی دەزانم ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی باجی قورسی دەوێت، بەڵام هیچ ڕێگەیەکی دی لەبەردەم بوژانەوە و هەستانەوەی هونەر لە هەولێردا نییە، جگە لەوەی بە ڕەوانی گرفتەکان دەستنیشان بکەین، بەرپرسانی هونەریش کە هەر هەموویان خۆیان هونەرمەندن، دەبێت پێشەنگی ئەم گۆڕانکاریانە بن، دەنا دواڕۆژ دەکەونە بەردەم نەفرەتی مێژوو، پەشیمان بوونەوەش داد نادات.

لە بەشێکی ئەو پۆستەی حەمەسوار-دا کۆمەڵی ناو ڕیزکراون و دەپرسێت کوان ئەمانە لە کوێن، ڕاستی من ئەوەم بەکارێکی شیاو نەزانی، چونکە هەندێک وایان لە قەڵەمدا، ئەگەر ناویان نەهاتووە واتە حسابیان بۆ نەکراوە، دیارە ئامانجی ئەو پۆستەی ئەو، ئەوە نییە، ئەوەندەی مەبەست لە بوونی کاروچالاکی و بەردەوامی ئەو بەڕێزانەیە، دواتر ناو ریزکردن و بە شانوباڵدا هەڵگوتن هیچ سوودێکی نییە، ئەگەر دەزگا هونەرییەکانی ئەو شارە چاکسازی تیدا نەکرێت و خوێنی تازە و داهێنەر بۆ جەستەی شەکەتی هونەر نەگەڕێتەوە. ئەم بۆچوونانەی من جگە لە خەمخۆری هیچ نیازێکی دی لە پشتەوە نییە و خۆشم لەو بەرپرسیاریەتییە نادزمەوە، منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو شارەدا بە مێشکی پڕ لەخەونەوە هەنگاوم دەنا، بەڵام کەس گوێی لێ نەدەگرتم، ناچار بەرلەوەی ڕۆحم کرمی بیت و بپۆکێمەوە، ئەم شارەم جێهێشت، کە ڕەگم تێیدا داکوتاوە. ئێستە ئەگەرچی من لەوێ نیم، بەڵام بەشێک لەو کەمتەرخەمیانە، منیش دەگرێتەوە، وەرن با واز لە قسە و هۆکاری بێ بنەما بێنین، بە یەکەوە بیرێکی جدی لە ڕەوشی هونەری ئەو شارە نازدارە بکەینەوە، دەنا خراپتر دەبێت!

*** خوێندکاری ماستەر لە سینەما/ کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێر**

# قسەیەک دەربارەی شانۆی کوردی

(دوای ئـــەوەی حـــەمـــەســـوار عـــەزیـــز بــە نــاوونــیــشــانــی (بــۆچــی داهــێــنــان لە هەولێر دەمـریـت؟) ئەوباسـەی هێنایە گــۆڕێ (کــەریــمــۆک غــەفــووری)ش لە بـەدواداچـوونـێـکـیـدا بـۆ ئـەم بـابـەتـەی حەمەسوار بابەتێکی بۆ ناردین، بەباشمان زانـی ئـەم بـابـەتـەی (نـازم دڵبەند)یش کە نزیک بە ٤٣ سـاڵ بـەر ئـەمـڕۆ، لە ژمـارە (٤٤٠)ی ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١١ی ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە، کە ناواخنەکەی بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە ڕەوتی شانۆگەری کوردی لە هەولێر و ئەو پاشاگەردانییەی تێیکەوتووە، ڕێک وەکو ئەوە وایە ئەمڕۆ نووسیبێتی)

**دیوان**

(بێگومان شانۆی کوردی، وەک هەموو لقەکانی دی هونەری کوردی بە زۆر قۆناغدا ڕۆیشتووە و گەلێک جار کەوتووە و هەڵساوەتەوە، واتە وەک پێویست شانۆی کوردی هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو مەودایە، کە بڵێین شانۆیەکی تەواو پێ گەیشتوومان هەیە، هەتا ئێستاش شانۆی کوردی گاگۆڵە دەکات و هەنگاوی کرچ و کاڵ دەهاوێژێ)

لەو ساڵانەی دواییدا، شانۆی کوردی لەڕووی تەکنیک و هونەری شانۆیی و دەقی جیهانییەوە وەرچەرخانێکی باشی بەخۆیەوە دیوە و لەگەڵ ئەم گاگۆڵەیەش پاشەڕۆژێکی ڕوونی لێ بەدی دەکرێ و ئەگەر هەندێ شت هەیە بۆ شانۆی کوردی گونجا ئەوا بۆی هەیە ئەو قۆناغە ساوایە ببڕێ، ئەو بەرهەمانەی لەماوەی (٨)ساڵی ڕابردوودا، واتە دوای بەیانە مێژووییەکەی ئازاری ١٩٧٠ پێشکەش کراون، گەورەترین بەڵگەن بۆ هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی سەرکەوتوانەی شانۆی کوردی، ئەو دەست پێشخەرییەش زیاتر لە شاری سلێمانی خۆی وەدەرخستوە و توانیویەتی مەرجەکانی شانۆیەکی ڕاستەقینەی کوردی بەجێ بهێنێ.

بەڵام بەداخەوە لە هەولێر ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەش کراون لەچەند شانۆگەرییەک تێناپەڕن و بە پەنجەی دەستیش دەژمێردرێن، لە کاتێکا کە مەجالێکی ئێجگار فراوان لە بەردەم شانۆی کوردی هەبووە. خەڵک بۆی هەیە بپرسێ ئەو بێ موبالایەتییە لەمەڕ کێیە؟ جا با ڕاستەوخۆ وەڵامەکەی هونەرمەندە شانۆییەکان بدەینەوە.

دوورنەچین ئێستاکە لە شاری هەولێر چەند تیپێکی هونەری شانۆی هەن، هەر ڕۆژەی بە جۆرێک تەپڵ بۆ جەماوەر و شانۆی کوردی لێ دەدەن. ئەمڕۆ دەرهێنەرێکی لاو دێ کۆمەڵێک گەنجی ساویلکە بەناوی ئەکتەرەوە کۆدەکاتەوە و بە نیازی دەرهێنانی شانۆگەرییەک، هەر زوو بەزوو دێت دەقە شانۆییەکەیان پێ دەنووسێتەوە و یەک دوو ڕۆژ بەگەرمییەوە دەست دەکەن بە (پرۆڤە)کردن، کەچی خوا هەڵناگرێ بۆ سێیەم ڕۆژ چەند کەسێک نایەت و بۆ چوارەم ڕۆژ هەندێکی دی، بۆ ڕۆژی پێنجەم (ئاش بەتاڵی) لێ دەکەن، ئەمە لە کاتێکا دەقە شانۆیەکە (ئیجازەی) پێ دراوە لە لایەن فەرمانگەی لێپرسراوەوە. ئەمەوا

هەر لەبەر تیشکی ئەو کارە ناپەسندانەی هەندێک لەوانەی جڵەوی شانۆی کوردی-یان گرتوە. دووبارە لە تیپێکی دی دەقێکی شانۆیی دوای ئیجازە پێدانی دەرهێنەرێکی دڵ گەرم ئەم جارەیان ئەو زۆر بە گوڕەوە هەموو سەربردە و پێشنیاز و قسەکانی ئەوەی پێشوو ڕەت دەکاتەوە و ئەسڵەن هەر بە دەرهێنەری نازانێ (خۆ بەوەی نییە لە دەرچووانی ئامۆژگای هونەرە جوانەکان)ە ئەویش جەند کەسێک کۆدەکاتەوە بە نیازی پێشکەشکردنی شانۆگەری (فلان) ئەمیشیان کورد گوتەنی: (عەینی تاس، عەینی حەمام) ئەگەر لەوەکەی دی خراپتر نەکا باشتر ناکا. ناچار دیسان بڵاوەی لێ دەکەن و چالاکی ئەو تیپە دێتەوە سەر سفر.

ئەمەش سەرچاوەی ئەوەیە کەوا ساڵێکی ڕەبەقە کەس شانۆگەرییەکی بەچاوی خۆی نەدیوە، جگە لە موناسەبەی ڕۆژی شانۆی جیهانی دوو شانۆگەری و بەشێک لە شانۆگەری (پێشانگە) کە ئەمەیان لەڕووی

دەقەوە شتێکی باش و پیرۆزە پێشکەش کراون.

دەمەوێ لێرەدا بڵێم کوێر چەند بە ئاواتەوەیە بەچاوی خۆی هەنگاو بنێ و شەقامەکە ببڕێ. جەماوەری هەولێریش ئەوەندە بە ئاواتەوەن لە دەستی (٥) دەرهێنەری دەرچوانی ئامۆژگەی هونەرە جوانەکان شانۆگەرییەک ببینن. ئەمە لە کاتێکا کەوا چەند دەقێکی شانۆیی ئیجازەی پێ دراوە و لە (دۆلابی) تیپە هونەرییەکاندا کەوتوە.

جا ئەگەر سەیری ئەو لایەنە سەلبیانە بکەین کەوا هەندێک لە هونەرمەندان گرتوویانەتە بەر وەک دەڵێن ماڵ کاولی شانۆی کوردی بەدواوەیە لەجیاتی ئەوەی ئاوەدانی بەدواوە بێ ئەمیشیان دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆیەکی سەرەکی لە سەرووی هەموویانەوە:

١- یەک نەگرتنی هونەرمەندان
٢- لە جیاتی ئەوەی کە لە شوینێک کۆ دەبنەوە باسی بابەتێکی ڕۆشنبیری، جا چ شانۆیی بێ، یان هونەر بەگشتی بکەن. باسی یەکتر دەکەن (ئەو دەڵێ فلان کەس وەڵلاهی هیچ لە شانۆ نازانێ. فلان هەر دەیەوێ خۆی وەدەرخات)

ئیدی ئەو هەموو قسانە و بگرە زیاتریش ئەوەتا ئەنجامەکەی قوڕبەسەری شانۆی کوردی-یە

**کوێر چەند بە ئاواتەوەیە بەچاوی خۆی هەنگاو بنێ و شەقمەکە ببڕێ. جەماوەری هەولێریش ئەوەندە بە ئاواتەوەن لە دەستی (٥) دەرهێنەری دەرچوانی ئامۆژگەی هونەرە جوانەکان شانۆگەرییەک ببینن**

و ئەگەر هەروا بڕوا، ئەوە لە شاری هەولێر ناوی شانۆی کوردی نەهێنرێ باشترە، بەڵام لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دەڵێم با نقابەی هونەرمەندان ئاوڕێک لەو گێژاوە سەختە بداتەوە، کە شانۆی کوردی لە هەولێر تێی کەوتووە و چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ بدۆزێتەوە و ئەو لاوە هونەردۆستانەی دەیانەوێ ئاستی هونەر بەرز بکەنەوە و بەشداری لە بەرەوپێشەوەچوونی شانۆی کوردی-دا بکەن ڕزگار بکرێن.

**نازم دڵبەند**
**١٩٧٦/٩/١١**



قسەیەک دەربارەی شانۆی کوردی

بێگومان شانۆی کوردی ،وەك هەموو لقەکانی تری هونەری کوردی بە زۆر قۆناغدا ڕۆیشتوەو گەلێك جار کەوتوو هەڵساوەتەوە ، واتەوەك پێویستە شانۆی کوردی هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو مەودایە کە بڵێین شانۆیەکی تەواوو پێگەیشتوومان هەیە ، هەتا ئێستاش شانۆی کوردی گاگۆڵە دەکاتو هەنگاوی کرچو کاڵ دەهاوێژێ .

وێنەی بڵاوکراوەی بابەتەکە، ژمارە (٤٤٠)ی ڕۆژنامەی هاوکاری، ١٩٧٨/٩/١١

# چەند وێنەیەکی سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی لە هەولێر















# خوێندنەوەی کتێب

- **لە بەهاری کورد  منی پێشمەرگە گیانم دەبەخشم**

نازەنین عوسمان

- **چاوشینەکەی دەرسیم .. هەڵکۆڵینی حەقیقەت و گێڕانەوەی مێژوو لە چوارچێوەی ئەدەبدا**

مەسعودی مەلا هەمزە



## لە بەهاری کورد

# منی پێشمەرگە گیانم دەبەخشم

ئازەنین عوسمان

د. ئەحمەد بامەڕنی ئەو کتێبەی لەساڵی ١٩٩٩ بە زمانی فەرەنسی نووسی و لە ڕێگەی دەزگای چاپی بەناوبانگی فەرەنسی (ڕەمسە) بڵاوکرایەوە، کتێبەکە باس لەمێژووی ساڵەکانی پێش ١١ی ئازار، تا ساڵی ١٩٩٩ دەکات، کە بریتییە بیرەوەرییەکانی خۆی.

چۆن بەشداری سیاسەتی کردووە؟ ئەو قرناغانەش، کە خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدار نەبووە تێدا، وەکو چیرۆک لەزمانی هەندێک کەس گێڕاویەتیەوە.

د. ئەحمەد تا خۆی لەژیاندا بوو، من قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە، ئەو کتێبەی بکەمە کوردی، چونکە خۆی بە نیازی ئەوەبوو، بیرەوەرییەکانی بە کوردی بنووسێتەوە و تەواوکەری ئەو کتێبە بێت، شتی زیاتر بنووسێت کە لەو کتێبەدا نەینووسیوە، ئەو کە کوردێکی ناوچەی بادینان بوو، زمانی کرمانجی بەباشی دەزانی، ئەمە وایکردبوو تێکەڵاویەکی تایبەتی لەگەڵ کوردەکانی تورکیا و هەموو پارچەکانی کوردستان هەبێت، بۆیە زۆر کوردانە بیری دەکردەوە، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەموو حزبەکان هەبوو، لەبەرئەوەش، کە زۆربەی کات لە دەرەوەی کوردستان ژیابوو، نەکەوتبووە ناو ململانێی سیاسی و توندڕۆی حزبایەتی ناوەوە، زۆر کوردستانیانە و کوردانە بیری دەکردەوە، ئاگاداری هەندێک ڕووداوی تایبەتی بوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانە نەبنە مایەی زیانگەیاندن بە ڕێکخراوە کوردییەکان و دوژمن نەیقۆزێتەوە، هەڵیگرتبوو بۆ دواڕۆژ، حەزی دەکرد لە دواڕۆژدا ئەوشتانە بنووسێت، هەندێک شتیشی لەسەر کۆمپیوتەرەکەی چاپ کردبوو.

من خۆشم لەناو زۆربەی ئەو ڕووداوانەدا ژیاوم، کە لەم کتێبەکەدا هەیە، نەک لەبەرئەوەی هاوسەری د. ئەحمەد بووم، بەڵکو خۆشم ئەندامێکی پێشکەوتووی یەکێتیی بووم و پێشمەرگە بووم و ئاگاداری زۆربەی ئەو ڕووداوانە بووم، کە لەم کتێبەدا باسیان دەکات، دەتوانم بڵێم زۆر ڕاستگۆیانە و واقیعیانە مێژووەکەی باسکردووە، بۆیە یەکێ لە گرنگییەکانی ئەو کتێبە لەوەدایە، کە ڕاستگۆیانە نووسراوە.

ئەم کتێبە سێ پێشەکی، لەلایەن سێ کارەکتەری فەرەنسییەوە بۆ نووسراوە، هەرسێکیان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە، بەتایبەتی (مەدام دانیال میتران و بیرنارد کۆشنەر) هەموومان دەزانین ئەو دوو کەسە، ڕۆڵی زۆر گەورەیان هەبووە بۆ کورد، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان. خۆشم پێشەکییەکی کورتم نووسیوە، جگە لەوەش (پاتریس فرانیسکی) کە مێژوونووس و سینەماکار و فلیمسازە و زۆر شارەزایی لەسەر کوردستان هەیە، پێشەکی بۆ نووسیوە.

***ئەم کتێبە سێ پێشەکی، لەلایەن سێ کارەکتەری فەرەنسییەوە بۆ نووسراوە، هەرسێکیان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە، بەتایبەتی (مەدام دانیال میتران و بیرنارد کۆشنەر)***

جگە لە وەرگێڕانەکەی هەندێک شتی دیکەمان بۆ کتێبەکە زیاد کردووە، کە بریتییە لە بەشێکی وێنەکانی د. ئەحمەد، کە بۆ ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە، کە لەناو کتێبەکەدا باس کراون، بەتایبەتی سەردەمەکانی ساڵی ١٩٦٨ تا ساڵی ١٩٩٩ هەروەها بەشێک لەو نامانەشی، کە لەنێوانماندا هەبووە و گۆڕیومانەتەوە، ئەوکاتەی کە لە کوردستان بوو، تێدا باسی ئێرەی بۆ کردووم، نەک تەنیا لەبەرئەوەی هاوسەرم بوو، بەڵکو من خۆشم تیایدا بووم، ئەو بەشانەم لەنامەکان هەڵگرتووە کە تایبەت بوون بە باری تایبەتی خۆمان، وەکو ژن و مێرد، بۆیە تەنیا ئەو بەشانەی نامەکانم بڵاوکردووەتەوە، کە شتی گشتین و باسی کوردستان و ڕای خۆی لەسەر ڕووداوەکان نووسیوە، کە زیاتر لە چل نامە دەبن، ئەوەش دوای ئەوە دێت، کە فەڕەنسا بەجێدێڵێت و لەکوردستان دەبێتە ئەندامی پەرلەمان.

چۆن واز لەپەرلەمان دێنێت؟ دیارە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بوو، بەهۆی ئەم شەڕەوە زۆر هەستی بە ئێش و ئازار کردووە، چونکە ئەو بەخەیاڵێکی دی هاتبووە کوردستان، بەڵام ئەمری واقیع شتێکی دی پێدەڵێت هەست دەکات، بێتوانایە لەڕاگرتنی ئەو شەڕە و بێ هیوا دەبێت و دەست لەکار دەکێشێتەوە و دەگەڕێتەوە.

بەهۆی ئەوەش، کە کتێبەکە بەزمانی فەرەنسی نوسراوە، بۆ خوێنەری فەرەنسییە، لەبەرئەوە بەپێی کلتوری نووسین بێ شک جیاواز دەبێت لەگەڵ کوردییەکەیدا، بۆ نموونە ناوی بەتەنیا هێناوە نووسیویەتی مەسعوود، یان نەوشیروان، یان بەبێ ئەوەی پاشگری بەڕێز، یان کاکی پێوە بلکێنرێت، منیش دەستکاریم نەکردووە، گەرچی لەهەندێک شوێن کاک و بەڕێزیشی تێدایە،

لەبەرئەوەش، کە بۆ خوێنەری فەرەنسییە، هەندێک زانیاری باس کردووە، بۆ ئێمەی کورد شتێکی وانییە، بەڵام بۆ خوێنەری فەرەنسی گرنگ بووە، بۆیە پێویستی کردووە، کە زانیاری لەسەر ئەو شتانە بدات، کە ڕەنگە بۆ ئێمە ئاسایی بێت.

ئەوانەی گەورەن و لە تەمەنی ئێمەن، ئاگاداری مێژوون، بەڵام کتێب بۆ مێژوو، بۆ نەوەکانمان دەمێنێت، ئەمە یاریدەدەرە بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا لە زۆر شت تێبگات، مێژووش وایە، دەبێت لە چەند لایەکەوە نووسینەکان هەبن، بۆ ئەوەی مێژوونووسی دواڕۆژ، بتوانێت ڕاستییەکان لەو نووسینانە وەربگرێت، چونکە هەرکەسە و بەدیدی خۆی دەینووسێت، کە سەر بەچ لایەنێکە، ئەمەش وادەکات، مێژوونوس هەندێک جار سەری لێ تێکبچێت، بۆیە زۆر گرنگە ئەو کتێبانە هەبن. ئەو بیرەوەریانەی ئێستە دەنووسرێن یەک لە یەک بەنرخترن، بۆ دواڕۆژی خۆمان، نەک هەر بۆ ئێستە، بۆ دواڕۆژیش.




**"**

***د. ئەحمەد تا خۆی لەژیاندا بوو، من قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە، ئەو کتێبەی بکەمە کوردی، چونکە خۆی بە نیازی ئەوەبوو، بیرەوەرییەکانی بە کوردی بنووسێتەوە و تەواوکەری ئەو کتێبە بێت***

**"**

*** ئەم قسانەی سەبارەت بەم کتێبە، لێرەدا خراوەنەتەڕوو، پووختەی ئەو قسانەی نازەنین عوسمانە، کە ڕۆژی ٢٠٢٢/٩/١٧ لە ساڵۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، سەبارەت بە کتێبی (لە بەهاری کورد، منی پێشمەرگە گیانم دەبەخشم) کە بریتییە لە بیرەوەرییەکانی د. ئەحمەد بامەڕنی و لە لایەن ڕەوەست نەوزاد-ەوە خراوەتە سەر کاغەز.**



## چاوشینەکەی دەرسیم

# هەڵکۆڵینی حەقیقەت و گێڕانەوەی مێژوو لە چوارچێوەی ئەدەبدا

مەسعودی مەلا هەمزە

ڕۆمان بە یەکێک لە کاریگەرترین ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، کە دەتوانرێ ڕاوی حەقیقەت و گێڕانەوەی مێژووی تێدا بکرێت، پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوە کاریگەرە مێژووییەکان لەدووتوێی خەیاڵ و ئەندێشەدا، نووسەر بەخوێنەر بگەیەنی و دواجار بیکەیتە دیکۆمێنت.

لەوانەیە گێڕانەوەی وشکی ڕووداوە گەورە مێژووییەکان کارێکی ئاسان نەبن و خوێنەر وەکو پێویست وەریان نەگرێت، بەڵام لەچوارچێوەی بەرهەمێکی ئەدەبی و خەیاڵ و فەنتازیای نووسەردا دەکرێت ئەو ڕووداو و کارەساتانە زیاتر ڕۆبچنە ناوناخی خوێنەر و دواجار وەکو بەرهەمی نەمر بمێننەوە.

> «خاڵی هەرە جەوهەری و سەرنجڕاکێشی نێو ڕۆمانەکە، فاشییەت و توندڕۆیی کەسایەتی گەلی چەوسێنەرە»

نەبەز گۆران یەکێکە لەو نووسەرانەی، لەم دواییانەدا ڕووداوە مێژووییەکانمان لەچوارچێوەی ڕۆمانی دانسقەدا بۆ دەگێڕێتەوە، لەوانەیە زۆربەمان ناوی نەبەز گۆرانمان وەکو ڕۆژنامەنووسێکی یاخی و دژە دەسەڵات و ڕەخنەگر بیستبێت، بۆیە کە ناوی دەبینین وەکو کەسێکی یاخی لە بەرهەمەکانی دەڕوانین، لێ دەتوانم بڵێم، کە بەرهەمەکانی نەبەز گۆران دەخوێنیتەوە، دەبینی چ خەمێکی گەورەی لەکۆڵ ناوە و چۆن خەریکە مێژوومان لە چوارچێوەی ڕۆماندا بۆ دەنووسێتەوە، ئەوسا تێدەگەین ئەم نووسەرە، چۆن لە خەمی مێژووی ئەم گەلەدایە، بەدیوێکی دیدا دەمەوێت بڵێم نەبەز گۆران وەکو ڕۆژنامەنووس بەردەوام نەبوو، نەیتوانی درێژە بە کاروانی ڕۆژنامەنووسی بدات و کەموکورتییەکانی ئەم گەلە بگەیەنێت و بەشێک بێت لە چارەسەر، بۆیە لە گۆشەیەکی دیکەوە دەیەوێت بەردەوام بێت و خزمەت بکات.

نەبەز وەکو ڕۆماننووس و شاعیر خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبییە، لە ماوەکانی ڕابرووداا بە وتارێک خوێندنەوەم بۆ ڕۆمانی «مازیاری شەنگالی» کرد، کە ئەم ڕۆمانە باسی کارەساتی سەر ئێزیدییەکان و ئەو جینۆسایدە دەکات کە بەسەریان هات.

ئەمجارە لەم وتارەدا دەمەوێت باسی ڕۆمانی «چاوشینەکەی دەرسیم» بکەم، کە ڕۆمانێکی دی نووسەرە و لەچاپێکی قەشەنگ و بە دیزاینێکی جوان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

نەبەز گۆران لە بەرگی دواوەی ڕۆمانەکە نووسیویەتی (بۆ من یەکێک لە ئەرکەکانی ئەدەب هەڵکۆڵینە، لەژێر خاک و لەناو مێژوودا شوناسێک، بوونێک، چەندین ڕووداو و چیرۆک شاراونەتەوە، لە سەردەمی مۆدێرنەدا فاشیزم کردەی شاردنەوەی ئەم تاپیانە ئەنجام دەدات، نایەوێت نە شوناسەکە، نە بوونەکە، نە چیرۆکەکان، نە شوێن پەنجەکانی دەرکەون، ئەدەب بە شێوازە نەرمەکەی خۆی دێت کردەی هەڵکۆڵین ئەنجام دەدات، شوێن پەنجەی فاشیزم لەسەر کردەکە دەناسێنێتەوە و شوناسە شاراوەکە و چیرۆک و بوونەکان زیندوو دەکاتەوە، ئەدەبەکە بەبێ ئەوەی بانگەشەی دژە فاشیزم بکات، ڕاستەوخۆ دەبێتە دژە فاشیزم).

هەر لەو نووسینەدا و لە وەسفی ڕۆمانەکەیدا، زیاتر نووسیویەتی «لەم دەقەدا لەسەر بنەمای ئەو کنەکردنە ئیشکراوە، ئەرکی دەقەکە سەرلەنوێ زیندووکردنەوە و مانا دانە بە کردەیەک، فاشیزم ئەنجامی داوە و کاردەکات بۆ نەبینینی، ئەشێت

لەم مانابەخشینەدا دەق هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەند و فرەدەنگی و جیاوازی بێت، هەرچۆن خاوەن کردەکە هێزی خۆی بەگەڕ دەخات بۆ شاردنەوەی ئەو دەنگانە و جیاوازییەکان، دەقەکە دێت جارێکی دیکە دەنگە شاراوەکان دەخاتەوە ناو ماڵی زمان، زمانی گێڕانەوە دەبێتە ماڵێک بۆ زیندووکردنەوەی بوونێکی داپۆشراو، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە ڕەنگی دیکە و جیاوازی دیکە زمان لە ماڵەکەی خۆیەوە ئاوەدانی بخاتەوە ناو ژیان)

بە خوێندنەوەی ئەم کورتە نووسینە و تەواوی ڕۆمانەکە تێدەگەیت نەبەز گۆران لەم ڕۆمانەیدا نەرم نەرم لەرێگای ئەدەبەوە کاری لەسەر کارەساتی دەرسیم و کۆمەڵکوژی دەرسیم و چەوساندنەوەی کورد و ئەرمەنییەکانی دەرسیم کردووە.

نووسەر لە زۆربەی ڕووداوەکانی دوای ئەم کارەساتە و منداڵە ڕزگاربووەکان، هاتووە منداڵ و کەسایەتی چاوشینی کردووە بە ڕەمزێک بۆ دووبارە ناساندنەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ناوی ڕۆمانەکەی «چاوشینەکەی دەرسیم» بێت.

بەشێکی دی ڕۆمانەکە، کە نووسەر زۆر بەوردی کاری لەسەر کردووە کلتوور و داب و نەریتەکانی خەڵکی ناوچەکەیە، لەنێو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا نەبەز گۆران هەوڵی داوە کلتوورە جیاوازەکانی دەرسیم و گوندەکانی دەوروبەری بگوازێتەوە و دووبارە زیندوویان بکاتەوە، کە ئەمەش دەکرێت، بنەمایەک بێت بۆ ئەوەی هەرچەندە هێرش و فشارەکان دڕندانە بن، بەڵام نەتەوەیەک هەمیشە هەوڵی پاراستنی شوناس و کلتوورەکەی خۆی دەدات.

وەکو هەمیشە لەنێو ڕووداوەکانی گەلی کورد بەتایبەتی و گەلانی ناوچەکە بەگشتی، خیانەت و خۆفرۆشی بەشێک بووە لە هاوکارییەکانی دوژمن و داگیرکەر، لەنێو ئەم ڕۆمانەدا نەبەز گۆران دێت و دووبارە پیشانمان دەداتەوە کە لە کارەساتی دەرسیمدا، خیانەتکاران و خۆفرۆشان چ ڕۆڵێکی خراپیان بینیوە و چۆن بوونەتە داردەستی داگیرکەران، لە کۆتاییشدا لەلایەن داگیرکەرانەوە وەکو ئەوانیان لێڕوانیون و هەمان چارەنووسی خەڵکی دەرسیمیان هەبووە.

بەشێکی دی گرنگی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، قوتابخانەکانە، ئەو قوتابخانانەی لەنێو سەربازگەکاندا بۆ منداڵە ڕزگاربووە دەرسیمییەکان کراونەتەوە، کە ئامانجی سەرەکی لە کردنەوەی ئەم قوتابخانانەش بە تورککردنی منداڵەکان و شووشتنەوەی مێشکیان و دووبارە پەروەردەکردنەوەیانە، وەکو تاکی تورک، نووسەر لەنێو ڕووداوەکاندا بۆمان دەگێڕێتەوە، کە چۆن سەربازەکان و مامۆستاکان و پزیشکەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر خوێندکارەکان و شەوانی سووری خۆیان پێ دەڕازێننەوە، کە ئەم ڕووداوانەش دەبنە هۆی ئەوەی چەندین خوێندکار خۆیان بکوژن و نەتوانن ئەوە هەزم بکەن، کە دەستدرێژیان کراوەتە سەر، لە بەرانبەر ئەوانیشدا هەندێکیان ڕاهاتوون و حەزیان لەم جەوانە بووە و خۆیان داوایان کردووە بەردەوام شەوانە میوانی سەربازەکان بن، کە ئەمەیان ئامانجێکی دی نووسەرمان نیشان دەدات و دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو قوتابخانانە توانیویانە کەسایەتی بەشێک لەو منداڵانە بڕوخێنن و کەسایەتی لادەریان لێ دروست بکەن، هەروەکو بەشێکیش لە خوێندکارەکان، تا کۆتایی ژیانیان هەر بەدەست ئەم ئازارەوە دەتلێنەوەو دەناڵێنن.

لەدونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا، قورسە باوەڕ بکەیت هێشتە ژیان هەیە بە کۆیلایەتی و مرۆڤی نمرە دوو هەیە، لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆمانی «چاوشینەکەی دەرسیم»دا تێدەگەین سەرباری ئەو هەموو فشار و



"چیرۆکی هەرە سەرنجراکێشی نێو ڕۆمانەکە، ڕزگاربووانی دەرسیمن، نووسەر لە کۆمەڵێک چیرۆک و کەسایەتی جیاوازدا توانا شاراوەکانی منداڵە ڕزگاربووەکانی دەرسیممان پیشان دەدات ڕووداوەکانی دوای ئەم کارەساتە و منداڵە ڕزگاربووەکان، هاتووە منداڵ و کەسایەتی چاوشینی کردووە بە ڕەمزێک بۆ دووبارە ناساندنەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە"

تاوانانەی بەرانبەر خەڵکی دەرسیم کراوە، هێشتە ڕزگاربووانی ئەم کارەساتە و خەڵکی دەرسیمیش بۆیان نییە هەموو جۆرە ئیشێک بکەن، تەنیا بۆیان هەیە وەکو مرۆڤی پلە دوو کاری خزمەتکاری لە ماڵە تورکەکان بکەن و بە بەردەوامیش لەلایەن خاوەن ماڵەکان دەچەوسێنرێنەوە و بە چاوێکی سووک تەماشا دەکرێن.

چیرۆکی هەرە سەرنجراکێشی نێو ڕۆمانەکە، ڕزگاربووانی دەرسیمن، نووسەر لە کۆمەڵێک چیرۆک و کەسایەتی جیاوازدا توانا شاراوەکانی منداڵە ڕزگاربووەکانی دەرسیممان پیشان دەدات، خاڵی هاوبەشی نێوان هەموویان چاوی شینە، دەرسیمییەکان لەنێو قەرەباڵخی و ژاوەژاوی ئەستەنبوڵدا بە چاوی شین یەکدی دەناسنەوە، هەریەکەیان موعاناتێکی جیاوازی هەیە و بە چیرۆکێکی جیاوازی سەرنجراکێشەوە ڕزگاری بووە و ژیانێکی جیاوازتری هەیە و چەوساندنەوەی بەردەوامە، کە بەمەیان نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێ هێشتا کارەساتەکە و چەوساندنەوەی گەلە جیاوازەکان لە تورکیا بەردەوامە.

خاڵی هەرە جەوهەری و سەرنجراکێشی نێو ڕۆمانەکە، فاشییەت و توندڕۆیی کەسایەتی گەلی چەوسێنەرە، کە نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوەی سوپاو حکومەتی وڵاتەکە جێبەجێی کردووە بریتییە لە واقیعی کەسایەتییەکانیان، کە هەموویان بە چاوێکی زۆر سووک و خراپ سەیری ڕزگاربووەکان و خەڵکی ناوچەکە دەکەن و دەیانەوێت پێمان بڵێن ئێمە مرۆڤی پلە یەکین و ئەوانە پلە دوون و مافی ژیانێکی شایستە و شەرەفمەندانەیان نییە و دەبێت هەر وەکو خزمەتکار کاربکەن، کە بەداخەوە بەشێک لەو نەهجە تا ئێستەش بەردەوامە!

جیاواز لەم چیرۆکە جیاوازانە و کاراکتەری سەرەکی و پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکە، چاوشینەکەی دەرسیم شانسی هەیە، کە لە قوتابخانە دەبێت سەرۆک لە تەنیشتی دەوەستێت و سەرسامی خۆی پێ دەردەبڕێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کچۆڵە نازدار و جوانە لەزۆر تاوان و دەستدرێژی ڕزگاری بێت، تەنانەت دوای تەواوبوونی خوێندنیش لە ماڵی جەنەڕاڵێکی گەورە دەبێتە خزمەتکار، ئەمەیان وەکو پاداشتێکە و هێشتا لەترسی وێنەکەی لەگەڵ سەرۆک ناوێرن زۆر بیچەوسێننەوە، ئینجا ژیانەکەی ژیانێکی کولەمەرگییە.

چاوشینەکەی دەرسیم هەمیشە لە هەوڵدایە ژیانێکی خۆش بۆ خۆی دابین بکات، هەموو ڕێگەیەک بۆ ئەمە دەگرێتەبەر و بەرەوڕووی خاوەن ماڵەکە و منداڵەکانی دەبێتەوە، تا دواجار دەزانێت، کە ژنی خاوەن ماڵەکە ئەسڵی ئەرمەنی بووە و شاردوویەتییەوە، بۆیە دوای مردنی کە ئەم بابەتە ئاشکرا دەکات لەترسی ئابڕووچوونی خۆی خاوەن ماڵەکە بەهەموو شتێک ڕازی دەبێت، تەنیا لەپێناو ئەوەی ئاشکرا نەبێت، کە ئەو جەنەڕاڵەی بەشدارێکی سەرەکی بووە لە کارەساتی دەرسیم ژنەکەشی بە ئەسڵ ئەرمەنی بووە.

قورسترین کاتەکانی ژیانی چاوشینەکەی دەرسیم ئەو کاتانە بووە، کە خاوەن ماڵەکەی لەگەڵ هاوڕێکانی دانیشتووە و باسی قارەمانێتی خۆیان کردووە، هەموو قارەمانێتی و چالاکییەکانیشیان لە کارەساتی دەرسیمدا بووە، کە ئەمە بۆ چاوشینەکەی دەرسیم مردنێکی هەمیشەیی ئەو تاوانانە بووە، کە بەرانبەریان گیراوەتە بەر و نەشیتوانیوە قسە بکات و هەستەکانی دەرببڕێت، بەڵام هەمیشە لە تۆڵەکردنەوە گەڕاوە.


بەکورتی، ئەم ڕۆمانەی نەبەز گۆران «چاوشینەکەی دەرسیم» ڕێک ئەو ئامانجەی پێکاوە کە لەدوا بەرگی کتێبەکەی نووسیویەتی و ئاماژەی بەوە کردووە، کە کاری ئەدەب هەڵکۆڵین و گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە، کە فاشیزم دەیەوێت بیانشارێتەوە، ئەو زیرەکانە و ئەدیبانە هاتووە ڕووداوەکانی نێو کارەساتی دەرسیمی بۆ لەنێو ڕۆمانێکدا تەوزیف کردووین.

ماوەتەوە بڵێین زۆر گرنگە بایەخی زیاتر بەم بابەتە بدرێت و ڕۆمان بەکاربێنین بۆ گێڕانەوە و تەوزیفکردنی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتوون، ئەوەی مایەی دڵخۆشییە بەردەوامی ئەم هەوڵانە خزمەتێکی گەورە بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد و نووسینەوە و بەدیکۆمێنتکردنی مێژووەکەی دەکات.

# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان ( بەشی ١٠ )**

د. ئەرسەلان بایز




# ئەو لەکێوان



د. ئەرسەلان بایز

(١٠)

(تۆژەڵە) دۆڵێکی سەختی پڕ لەکانی و کانیاو و ڕەز و باخی دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. لە سێ لاوە بە چیای سەخت و قوتەی بەرز دەورە دراوە. لە دامێنی دۆڵەکە گوندێک بە هەمان ناو هەبوو کە ژمارەی خانووەکانی سی چل ماڵێک دەبوون. لە قووڵایی دۆڵەکە کەپرێکی جوان بە دارچنار و چرۆی درەختی بەڕوو دروست کرابوو. لە سێ لاوە کورسی قوڕینەی لێ دروست کرابوو، کورسییەکان بە کومبار داپۆشرابوون. سۆندەیەکیش ئاوی سازگار لە کانییەکەی سەرەوەی دۆڵەکەی بۆ ڕاکێشرابوو. هەر بەدەم کەپرەکەوە چادرێک هەڵدرابوو، گوتیان ئەمە شوێنی (مام جەلال)ە بە نیازە لەو چەند ڕۆژەی دادێت لە گەشتی دەرەوەی وڵات بێتەوە. شیاوی باسە (مام جەلال) ساڵانە بەمەبەستی ناساندنی مەسەلەی کورد بە دەوڵەتان و مسۆگەرکردنی پشتیوانی و دروستکردنی پێوەندی چەند جارێک گەشتی دەرەوەی وڵاتی دەکرد. لەوچەند سەد مەترە تەختاییەی بەردەمی کەپرەکەی (مام جەلال)یش (مام ئەحمەدی دادی) کە تێکۆشەرێکی بە تەمەن و هاوڕێی دەیان ساڵەی (مام جەلال) بوو بێستانێکی جوانی (تەماتە، ئاروو، بامیە، باینجان... هتد) چاندبوو. بارەگای ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش لەمبەر و ئەوبەری یاڵەکان هەندێک بە کەپر و هەندێکیش بە چادر دروست کرابوون، لە دامێنی خواری خوارەوەش بارەگای مەکتەبی عەسکەری و سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی بوو. ڕێگای هاتن و چوونیش تەنیا لە دامێنی دۆڵەکەو بە بەردەمی سکرتاریەت و مەکتەبی عەسکەریدا بوو.

دوای دابڕانی مانگ و نیوێک و شاد بوونەوەیان بە هاوسەرەکانیان ماوەی سەعاتێک پشوویاندا و باس و خواسی جەولەکە و (تۆژەڵە) بوو. دواتر لەسەر شۆرک (حەمام)ە بە دار و گونیە دروستکراوەکە پاک پاک خۆیان شووشت و جلێکی پاکیان لەبەرکرد. ئینجا چوار چمکی لێی دانیشتن. ئێوارە برنج و شلەی بامیە و مریشکیان خوارد، کە ماوەیەکی زۆربوو لێی بێ بەش بوون.

دوای دوو سێ ڕۆژ پشوودان و پێشوازیکردن لە میوانان عەسرانێک (کاک نەوشیروان) بەرەو چادرەکەی ئەوان هات (ئەو) و (شارا)ش بە گەرمی پێشوازییان لێکرد. دوای عەسرە چایەک ڕووی لە (ئەو) کرد، ماوەیەکە ڕادیۆکەمان وەکو پێویست کارناکات. تۆش دەرچووی بەشی کوردی و سەروکارت لەگەڵ نووسین هەیە و ئاشنای ڕۆژنامەگەریت. لە یادتە کاتێک لە زیندان بووی ناوی تۆم دابووە چەندین ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانی جیهان، تاکو فشار بخەنە سەر ڕژێمی عێراق ئازادت بکەن (لە ڕاستیدا هەر لەسەر ئەو هەوڵەی کاک نەوشیروان، دەیان نامەی ڕێکخراوە مرۆیی و ڕۆژنامەگەرییەکانی دونیا بۆ (ئەو) چوو بووە زیندانی ئەبو غرێب) ئێستاش پێم باشە لێرە بمێنیتەوە و لەگەڵ برادەران ڕادیۆکە بەکاربخەنەوە. ئەو تا ئەوساتەوەختەش، کە زیاتر لە شەش مانگ بوو هیچ کارێکی فەرمی پێ نەسپێردرابوو (ئەو)یش سەرباری سوپاسگوزاری لە وەڵامدا گوتی: (ئاخر ماوەی چەندین ساڵە وازم لە کاری ڕۆژنامەنووسی هێناوە و بڕواناکەم هەروا بە ئاسانی دەرەقەتی ئەو کارە بێم، ئینجا زیاتریش حەزم لە پێشمەرگایەتی خوارەوەیە. لەکاتی گەڕانەوەشم لە گەشتەکە بەڵێنم بە برادەرەکانم داوە بگەڕێمەوە بۆ لایان) لەو سەریشەوە (شارا) پشتیوانی لە قسەکانی (ئەو) کرد، ئینجا کاک (نەوشیروان) گوتی: بەقسەم بکە و کاری ڕادیۆکە زیاتر بۆ تۆ گونجاوە. دڵنیاشبە

به هەموو توانای خۆم پشتیوانیت لێدەکەم. دوای سەعاتێک دانیشتن و گفتوگۆ و بگرە و بەردە (ئەو) پێشنیازەکەی کاک (نەوشیروان)ی قەبوڵ کرد. هەر تەنیا دوو ڕۆژ دواتر بە بڕیاری کاک (نەوشیروان) (ئەو) کرا بە لێپرسراوی ڕادیۆی شۆڕش.

مامۆستا (موحسین عەلی ئەکبەر) لە کتێبی (نەمریی بیرەوەری) نووسیویەتی: (ئەو ئێزگەیەی کە دامەزرێنرا، بەلای کەمەوە، ساڵێک دوو ساڵ لەوەوبەر، لەلایەن تەڵعەت گلی (ئاشتی)یەوە، کە ئەندازیاری ئەلکترۆنێک بوو. خەڵکی کەرکوک و ئەندامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو. لە کوێت کاری دەکرد. ئەو لەکاتی خۆیدا ئەم دەزگایەی پەسەند کردبوو، یان کڕیبوویان و ڕەوانەی وڵاتیان کردبووەوە. لەبەرئەوەی کە شۆڕش ئەوکاتە بارەگای جێگیری نەبووە. نەیانتوانیوە دایبمەزرێنن، بۆیە بە کۆڵی وڵاخێکەوە شاخەوشاخ و دۆڵاودۆڵ و ناوچە بە ناوچە لەگەڵ خۆیاندا گێڕاویانە، تا ئەوکاتەی کە دوای شەڕەکانی شێنێ لە پاییزی (١٩٧٨) لە (ناوزەنگ) و دەوروبەری

**ئەو ساڵانە هەفتەنامەی (هاوکاری) وەکو (مەحمود زامداری) نووسەر و خوالێخۆشبوو دەیوت (قوتابخانە)یەک بوو بۆ نووسەران و پێگەیاندنی گەنجەکان**

جێگیردەبن و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی و شۆڕش و دام و دەزگاکانی دیش بەپێی پێویست دادەمەزراێندرێن. کە یەکێکیان دەزگای ڕاگەیاندن و ئێزگەکە دەبێت.

دوای گەیشتنی (تەڵعەت گلی) بۆ (ناوزەنگ) لە بەرزاییەکانی پشتی نۆکان، شوێنێکی گونجاوی بۆ دیاری دەکرێت. بە هاوکاری (ئیحسان نەجم ـ ئەبو شهاب) کە پێشتر کرێکاری نەوت بوو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک و سەروکاری لەگەڵ میکانیک و کارە ئەلکترۆنیەکان هەبوو. لەگەڵ (کۆکەز عوسمان) کارە





تەکنیکییەکانی دانانی ئەنتێن و ستۆدیو و ماتۆڕی کارەبای بۆ تەواو دەکەن. لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی (١٩٧٩) پەخشی ئەزموونی دەستی پێکرد. لە ژێر ناوونیشانی (دەنگی شۆڕشی عێراق، دەنگی ئەو پێشمەرگانەیە کە (ی.ن.ک) ڕابەرایەتیان دەکات. بەشی هەرە زۆری ئەرکی نووسین کەوتبووە ئەستۆی مامۆستا (جەعفەر) بەڕادەیەک دەتوانم بڵێم لە سەدا شەست و بگرە زیاتریش ئەو دەینووسی. دوای ئەویش (پشکۆ سەعید ناکام) بوو، کە توانایەکی باشی لە نووسیندا هەبوو. بەتایبەتی لە شێوازی تەنز ئامێزدا. بابەتی زۆر جوانی ئامادە دەکرد. سەربار‌ی ئەوەش دەنگێکی باشی هەبوو. بێژەرێکی سەرکەوتوو بوو، ئەگەر ئەو هێندە خەسڵەتە تایبەتییەی نەبوایە کە تەمەڵ و (پیس و پۆخڵ و زمان خراپ) و گونجاو نەبوو، زوو زوو خیشی دەکرد و کارەکانی بەجێ دەهێشت، یەکێک بوو لە کادیرە لێهاتووەکان. منیش مامۆستا (موحسین) کۆمەڵە بابەتێکم لە ئەستۆ گرتبوو. ئامادەکردنی هەواڵ، چالاکی پێشمەرگە، هەندێک وردە بابەت و کاری وەرگێڕان لە کوردی بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەوە.

بەرنامەی (کاڵا بە قەد باڵا)یە بەرنامەیەکی تەنز ئامێز بوو، ناوەکەی لەلایەن مامۆستا (موحسن)ەوە پێشنیاز کرابوو (پشکۆ سەعید ناکام)یش لەسەری ڕەزامەند بوو هەرخۆشی بەدەنگەکەی خۆی پێشکەشی دەکرد. لە ڕاستیدا ئەو کۆمەڵە هاوڕێیەی سەرەوە کە باسم کردن هەوڵی دڵسۆزانەیاندا بۆ دامەزراندن و بەکارخستنی سەرەتای ئێزگەکە، بەڵام بەهۆی نالەباری ئەو ساڵانەی بێ کادیری و نەبوونی پارە و کەم ئەزموونی لە بواری ڕادیۆدا. بەهۆی گۆڕا و گۆڕەی شوێنی پەخش کردن و لەبارنەبوونی شوێنەکان ماوەیەک ڕادیۆکە لەکارکەوت، تا ئەوساتەی ڕادیۆکە گوازرایەوە تەپۆلکەکانی (توژەڵە) بەرانبەر گوندی (توژەڵە) ی دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئینجا سپاردنی کاری سەر لەنوێی ڕادیۆکە بە (ئەو)

(ئەو) لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێک خوێندکاری بەشی کوردی زانکۆی بەغدا بوو، هەفتانە لە هەفتەنامەی هاوکاری کورتە گوتار و وەرگێڕان و جارجارەش ڕەخنەی ئەدەبی بڵاودەکردەوە. لەو ساڵانەدا کاک (حلمی عەلی شەریف) سەرنووسەری هەفتەنامەکە بوو. نووسەرە گەورەکانی وەکو شەهید (ئارام–شاسوار جەلال، جەلالی میرزا کەریمی شاعیر، حوسێن عارفی چیرۆکنووس، سەلاح شوانی شاعیر، عەبدوڵڵا عەباس، سامی شۆڕش، محەمەد زادەی خۆشنووس) کارمەندی ڕۆژنامەکە و لە دەستەی نووسەران بوون، لەگەڵ چەندین نووسەری دی دەرەوەی هەفتەنامەکە، کە بەرهەمەکانیان لەوێ بڵاودەکردەوە. بەکورتی ئەو ساڵانە هەفتەنامەی (هاوکاری) وەکو (مەحمود زامداری) نووسەر و خوالێخۆشبوو دەیوت (قوتابخانە)یەک بوو بۆ نووسەران و پێگەیاندنی گەنجەکان.

(ئەو) کاتێک لە هاوکاری کاری دەکرد. بەمەبەستی پاراوکردنی زمانی نووسینەکەی هەفتانە دەچووە لای (کاک حوسێن عارف) بۆ پاکنووس کردنی ئەو وتارانەی (کاک حوسێن) بەسەریاندا دەرۆیشتەوە و ڕاستی دەکردنەوە. چونکە زمانی

نووسینی (کاک حوسێن) چ لە چیرۆکەکانی، چ لەکاتی قسەکردنی کوردییەکی ڕەسەن و زۆر پاراو بوو.

کاتێک (ئەو) کرا بە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری ڕادیۆی (ی.ن.ک) (مامۆستا جەعفەر- فازل کەریم) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بوو. (مامۆستا جەعفەر) پیاوێکی گەنجی ڕووناکبیری هێمن و ڕۆژنامەنووسێکی بە سەلیقە و لەسەرخۆبوو، بەڕەچەڵەک خەڵکی (خانەقین) و لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕ بوو. هەرچەند ساڵێک پێشتر برایەکی قارەمان و ڕووناکبیری بەناوی (غاندی) لە زیندانەکانی بەعس لەسێدارە درابوو (مامۆستا جەعفەر) لە گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو (کاک مەلا بەختیار، کاک سالار عەزیز، مامۆستا جەعفەر، کاک ئازاد هەورامی.... هتد) لەڕاستیدا کاک (ئازاد) بەهۆی نەرم و نیانی و لێهاتوویی و بیرکراوەیی لەگەڵ هەموو گروپەکانی ناو کۆمەڵە نزیک بوو، کۆمیتەی هەرێمەکان لەگەڵ کاک (نەوشیروان) زۆر تەبا نەبوون.

(ئەو)یش لە گروپی زیندانە سیاسییەکان بوو

**لەکاتی تۆمارکردنیش دەبوو لە دوورەوە دوو پێشمەرگە لەملاو ئەولای چادرەگە دابنرێن، بۆ ئەوەی نەهێڵن پیادە و مەڕو ماڵات بەوێدا بڕۆن و دەنگیان لە بەرنامەکان دەربچێت**

(فەرەیدون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلی، جەبار فەرمان، عەلی بچکۆڵ، ئەنوەر حەسەن، ئاسۆ شێخ نوری....هتد) گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان و گروپی زیندان لەسەر کۆمەڵێ شت لەگەڵ یەکتر ناتەبابوون. بۆیە کاتێک گروپی زیندان ئازادکران هەرزوو لەسەر داواکاری (مام جەلال) پێوەندییان بە شۆڕشەوە کرد لە ناوزەنگ (مام جەلال و کاک نەوشیروان) زیاتر باوەشیان بۆ کردنەوە. ئینجا کاتێک کاک (نەوشیروان) (ئەو)ی





به لێپرسراوی ڕادیۆ دانا نەیوت (تۆ) بەشێکی لە دەزگـای ڕاگـەیـانـدن و (مامۆستا جەعفەر) لێپرسراوتە. بەڵکو وای تێگەیاند کە ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی خۆیەتی، لەڕاستیدا (ئەو)یش ئەو جۆرە پێوەندییەی پێ خۆشتر بوو، بۆیە هـەرزوو جۆرێک لە دڕدۆنگی و گلەیی کەوتە نێوان (ئەو)و (مامۆستا جەعفەر) (ئەو) لە دوای دەست بەکاربوونی لە ڕادیۆ بۆ هەموو کار و پێداویستی و ڕێنماییەک بۆ لای کاک (نەوشێروان) دەگەڕایەوە، ئەمەش (مامۆستا جەعفەر)ی نیگەران کردبوو.

+ + +

چەند ڕۆژێک دواتر (ئەو) کەوتە سۆراغی کەل و پەلەکانی ڕادیۆ، بۆیە سەردانی کەرتی پاراستنی ئێستگەکەی کـرد، کە هـەڤاڵ (شێرکۆ جـدی) لێپرسراوی بـوو (مـام عەلی و هێمن) (خەڵکی ماوەت) جێگری بوون. دەزگای پەخشی ڕادیۆکە لە یەکێ لە یاڵەکانی بەرانبەر گوندی (توژەڵە) بوو، ئالێرێکی بەرز بە دوو دارچنار بەسترابوویەوە. هـەر لە خـوار ئالێرەکە و بەقەدپاڵی یاڵەکەوە دوو ژووری بچووکی لە چەشنی ژێر زەمین دوو ئامێری پەخشی لێدانرابوو. ئەو ژوورانە بە جۆرێک دروستکرابوون ئامێرەکانی پەخشی لە بۆردوومانی فڕۆکەکانی ڕژێم دەپاراست، دوو ئەندازیاری کارەبای بەڕەچەڵەک کەرکووکی بەناوی (ڕەنجە-ڕێبوار) لێپرسراوی پەخشەکە بـوون، لـە نزیک گـونـدەکـەش کـەلوپـەلـەکـانی تۆمارکردنی بەرنامەکان لەژێر چادرێک دانرابوون و چەند پێشمەرگەیەک پاسەوانیان لێدەکرد، کە پێشتر چەندین هەڤاڵی وەکو (مەلا بەختیار، مامۆستا جەعفەر، مامۆستا محسن عەلی ئەکبەر) سەروکاری ئەو کارەیان کردبوو، بەڵام بەهۆی گۆزەگۆزی شوێن و سەرقاڵیان بە کاروباری دیکەوە زۆر نەپرژابوونە سەر ڕادیۆکە، بەڵام بە هەرهۆیەکەوە بووبێت، ڕادیۆکە لە پەخش کردنەکەی بەردەوام نەبوو.

ئەوانەش، کە کاریان لە ڕادیۆکەدا کردبوو. یان هەر لەسەر میلاکی ڕادیۆکە بوون، بەمەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەکانی، لەوانە گەورە نووسەر (بورهان قانیع) کە پیاوێکی بەسەلیقە و بەتەمەن بوو (فەرید ئەسەسەرد) ئینجا (ئازاد خانەقینی) دەنگ خۆش و براکەی (شەهاب عوسمان) (هشیار عابد) (پشکۆ سەعید ناکام) لەگەڵ چەندین کەسی دی.

سەرەتا (ئەو) لەگەڵ هەموو ستافی ئامادەکردنی بەرنامەکان و ئەندازیارەکان کۆبووەوە، دواتر لەسەر دەست بەکاربوونەوەی ڕادیۆکە ڕێککەوتن، پێش کۆتایی مانگی ئاب (ئەو) بە شێوەیەکی فەرمی لە ئێستگەی ڕادیۆی شۆڕش دەستبەکار بوو. تۆمارکردنی بەرنامەکان لە ژێر چادرێکی نزیک گوندی (تۆژەڵە) بوو ئامێری تۆمارکردنەکانیش بەهۆی دوو (مسجل)ی سادەی بچووکی ئەوسا، بە نرخی (١٧) دیناری عێراقی بوو، بەرنامەکان لەسەر کاسێت تۆمار دەکران، لەکاتی تۆمارکردنیش دەبوو لە دوورەوە دوو پێشمەرگە لەملاو ئەولای چادرەکە دابنرێن، بۆ ئەوەی نەهێڵن پیادەو مەڕو ماڵات بەوێدا بڕۆن و دەنگیان لە بەرنامەکان دەربچێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار دەنگی کەڵەشێرو مەڕو ماڵات لە دوورەوە دەردەچوون. لەبەر ئەوەی ئەو ساڵانە شۆڕش توانای دارایی زۆر خراپ بوو، بۆیە گەلێک جار لەبەر نەبوونی پارە بۆ کڕینی کاسێت سەد دیناریان لە (حاجی ڕەسوڵ)ی گوندی تۆژەڵە قەرز دەکردو سەری مانگان دەیان دایەوە. جارجارەش کاسێتە کۆنەکان دەسڕانەوە و سەر لە نوێ بۆ تۆمارکردنی بەرنامەکان بەکار دەهێنرانەوە، ئەوکارانەش هەندێک جار دەبووە هۆی دروستکردنی گرفت لە دەنگی بەرنامەکان.

ئیدی بەو کولە مەرگییە و بەو بێ پارەییە کارەکانیان دەست پێکرد، سەرەتا بۆ (ئەو) گەلێک سەخت بوو، نووسینی گوتاری سیاسی ڕۆژانە و ئامادەکردنی بەرنامەکان، شارەزایی و توانایەکی باشی دەویست، بۆیە بۆ مێژوو مامۆستا (بورهان قانیع) و (فەرید ئەسەسەرد) و ستافەکەی ڕادیۆ دەوری زۆر باشیان هەبوو لە هاوکاری و ئامادەکردنی بەرنامەکان.

(ئەو) دوای چەندین ساڵ دابڕان لە نووسین. پێش ئەوەی یەکەمین گوتار بۆ ڕادیۆکە بنووسێت، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی (کۆمەڵە و بزوتنەوەی سۆسیالیت) و (ی.ن.ک)ی خوێندەوە. ئینجا زۆر بە ترسەوە دەستی دایە قەڵەم و گوتاری نووسی. دوای چەندین لاپەڕە نووسین و دڕاندن و سەر لەنوێ نووسینەوە، ئینجا وتارەکی نارد بۆ خوێندنەوە، بۆ ڕۆژی دواتر سەردانی (کاک مەلا بەختیار و کاک فەرەیدون و کاک نەوشێروان) و چەندین برادەری دی کرد، تاکو هاوکاری بکەن و گوتاری سیاسی ڕۆژانە بۆ ئێستگەکە بنووسن. هاوکاری و ڕێنمایی ئەوان هاندەر و پشتیوانیەکی زۆر باش بوو، تاکو ئەو کەوتە سەر ڕێگای نووسین، لەڕاستیشدا (ئەو) کاتێک لە سەردەمی خوێندکاری گوتارەکانی لە هەفتەنامەی هاوکاری لە بەغدا بڵاودەکردەوە، زیاتر ئەدەبی بوون، نەک سیاسی، بۆیە نووسینی گوتاری سیاسی ڕۆژانە بۆ شۆڕشی میللەتێک هەروا ئاسان نەبوو، بەتایبەتی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورەی وەکو (مام جەلال و کاک نەوشێروان) ڕابەرایەتیان دەکرد و چاودێری وردی بەرنامەکانیشیان دەکرد، تاکە سەرچاوەی هەواڵیش ڕادیۆکان بوون، چونکە نە ڕۆژنامە و نە گۆڤاریشیان دەست نە دەکەوت، ئەگەر دەستیشیان بکەوتایە زیاتر لە پانزە ڕۆژی بەسەردا دەڕۆیشت و هەواڵەکان کۆن دەبوون،

**گەلێک جار لەبەر نەبوونی پارە بۆ کڕینی کاسێت سەد دیناریان لە (حاجی ڕەسوڵ)ی گوندی تۆژەڵە قەرز دەکرد و سەری مانگان دەیان دایەوە**

هەواڵەکانی شاریش کاتێک بە شێوەی چوکلێتی دەگەیشت ئەوانیش درەنگ دەگەیشتن.

دە پانزە ڕۆژێک دواتر دیسان کاک (نەوشێروان) ناردیەوە بە دوایدا، کاتێک چوو بۆ لای پێیگوت: برادەرێکی کوردی سوریا لە ئەوروپا هاتۆتەوە و دەیەوێت لە ڕادیۆ کارتان لەگەڵدا بکات، کاتێک (ئەو) گوێی لەناوی ئەوروپا بوو هەندێک داچڵەکی بۆیە گوتی: کاک نەوشێروان! ئێمەی سک دڕاو، لە کوردستان زیاترمان نەدیوە، ئێستا ئەو لە ئەوروپاوە هاتووەتەوە، نە سەرمای دیوە، نە گەرما، چۆن دەتوانێت لەگەڵ ئێمەدا ئیدارە بکات؟ کاک نەوشێروان گوتی: کوڕەکە لە خێزانێکی ناسراوی کوردەکانی سوریایە، بۆ خوێندن چووەتە وڵاتی (یۆگسلافیا) ئێستە خوێندن و

هەموو شتێکی جێ هێشتووە و هاتووەتەوە بۆ پێشمەرگایەتی و خزمەتی گەلی کورد، دڵنیاش بە پیاوێکی خاکی و خزمەتگوزار و هەتا بڵێی گونجاو و باشە، زۆر هاوکار و پشتیوانتان دەبێت. ئەو پیاوە ناوی (یوسف زۆزانی) بوو، هەر لە تەمەنی زوو دوای چوونی بۆ ئەوروپا دۆستایەتی لەگەڵ (مام جەلال و کاک نەوشیروان) پەیدا کردبوو، هەر لە شەستەکانەوە ڕێبازی سیاسی (مام جەلال)ی پەسند کردبوو، ئینجا هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خوارووی دەزانی، زمانی عەرەبیشی زۆر باشبوو، بۆیە هاتنی بۆ ڕادیۆ هاوکار و مامۆستا و ڕێپیشاندەرێکی گەورە بوو. هەتا بڵێی خاکی و خزمەتگوزار، لە پێشمەرگەکان زیاتر ئاگاداری کاروباری ڕادیۆ و بارەگاکە بوو، ئینجا ئەڵقەیەکی توندوتۆڵی نێوان (ئەو) و دەزگای ڕادیۆ و (مام جەلال و کاک نەوشیروان) بوو،

**بۆ مێژوو مامۆستا (بورهان قانیع) و (فەرید ئەسەسەرد) و ستافەکەی ڕادیۆ دەوری زۆر باشیان هەبوو لە هاوکاری و ئامادەکردنی بەرنامەکان**

چونکە ئەوان زۆر ڕێزیان لێدەگرت و گوێیان لە گوتە و پێشنیازەکانی دەگرت.

بە هەزار شەڕە شەق و دەردە سەری و نەداری بووبێت، هاوینەکەیان بەڕێ کرد. لە ناوەڕاستی پایز هەر لە خوار ژوورەکانی پەخش و ئالێرەکە، بە چەند سەد مەترێک لە قەدپاڵی گردەکە و لە تەنیشت مەکتەبی ڕاگەیاندن دوو ژووریان بۆ کارمەندان و ستۆدیۆی ئێستگەکە دروستکرد. ژوور و هەیوانێکیش بۆ ماڵی (ئەو) دەرگا و پەنجەرەکانی خانووەکان بە نایلۆنی ئەستووری سپی و بەتانی ڕەش داپۆشرابوون، زۆپایەکی داریش لە ناوەڕاستی ژوورەکان دانران، هەر لەگەڵ چوونە ناو ئەو خانووانە دەستیان بە بڕینی داری وشکی دەوروبەری خۆیان کرد و بۆ زەخیرەی خۆگەرم کردنەوە و چێشت لێنانی زستان هەڵیان گرت، ئەو زستانە هەموویان (ئەو) و (یوسف زۆزانی) و (شارا) و کارمەندەکان سەرباری نووسین و تۆمارکردنی بەرنامەکان دەبوو بە نۆرە خەفارەت بگرن، بۆ چێشت لێنان و شووشتن و پاک کردنەوەی ناندین و قاپ و قاچاغ، لەو کارەیاندا دوو ئەرک گەلێ قورس بوون، یەکەمیان هێنانی دار بە کۆڵ و شکاندنی دار لە ڕێی (تەور) چونکە وریای خۆت نەبوای (تەور)ەکەت بە قاچی خۆتدا دەکێشاو خوا نەخواستە قاچی خۆت بریندار دەکرد، کاری دووەم ئاگر کردنەوە و چرە دووکەڵی داری وشک لەکاتی چا لێنان و خواردن دروستکردندا. ئەو چرە دووکەڵە هێندە تیژبوو دەتگوت تیزابە تەڕایی چاوەکانتی دادەچۆڕاند، داگیرساندنی ئاگر دەبوو سەرەتا چەند چیلکەیەکی وشک لەگەڵ چەند پەڕە کاغەزێک بخەیتە سەر یەک و ئاگر بکەیتەوە، نەوت زۆر دەگمەن بوو، تەنیا بۆ ڕووناکی شەوان دەکرایە فانۆس و لامپاکان، ئینجا تۆ ئەوە بێنە پێش چاوی خۆت. ئەو هەموو ئەفەندییەی شار (شارا)ی کچە نازداری بنەماڵەیەکی ناودار و دەوڵەمەندی شاری سلێمانی، دەبێت چەند ئازار و ناڕەحەتیان چەشتبێت، تاکو ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندبێت و لێڕاهاتبن.

خواردنی بەیانیان یەک کوپ چاو پێنج گوێز یان دوو پارچە پەنیر بوو لەگەڵ دوو نان. جارجارەش بەیانیان لە گوندی تۆژڵە جامە ماستێکیان دەکڕی. نەدەبوو چای زیاتر بخۆیتەوە، هەفتانە دووجار گۆشت بوو. هەموو ئێوارانیش نیسک، نۆک، پەتاتەی کوڵاو یان شلە، جارەجارەش مەعکەڕۆنی بوو، بە دۆشاوی تەماتە، تۆ باسی سەرما و سۆڵە و بەفری زۆری ئەو ساڵانەی کوێستانی تۆژڵە هەر مەکە، کە جاری واهەبوو نیو مەتر زیاتر بەفر دەباری، ئینجا سەربان پاک کردنەوە و باگوردان گێڕان و جارجارە تکەتکی دڵۆپەی نیوەی شەوان، ئەی کاتێک سۆندە ئاوەکەی لە کانیاوە دوورەکە ڕاکێشرابوو دەیبەست، ئەبوو تا نیوەڕوانان بە ئاوی گەرم سۆندەکە بکەیتەوە تاکو ئاوی خواردنەوە و چێشت لێنان پەیدا بکەیت. باسی خشەخش و جلیت بازی مشکەکانی سەر نایلۆنی بنمچەکانیش لەولاوە کە شەوان خەویان دەزڕاندی.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (مەسعوود پەرێشان)
- یەکەم بابەت (هێمن موکریانی)
- گۆشەی دیوان
- حەیرانبێژ محەمەد پیرڕەشی

هاشم حاجی علی شەناغەیی

- شابالەکەی بەخشندەیی ئاغا واحد بەگ هیرانی

کۆسرەت خۆشناو

- نازناوی بەختیار

ڕەسوڵ بەختیار

- سالۆنی لاپەڕە (٩)




# یەکەم دیوانی شیعرت چۆن چاپ کرد؟

زۆرجار باسی ئەوە کراوە، کە ئەز یەکەمین شاعیر بوویمە، کە لە تەمەنێکی بچووکدا، دیوانە شیعرم چاپکردووە. بەڵام قەت بەدرێژی نەخۆم باسم کردووە و نە لە دیمانە ئەدەبییەکانیشمدا کراوەتە پرسیار. بۆیە کە کاک سمکۆ عەبدولکەریم ئەو پرسیارەی لێکردم، خۆشحاڵ بووم بەوەی، دەتوانم سەربردەی چاپکردنی ئەو دیوانە خۆشەویستەم بۆ گۆڤاری دیوانی ئازیز بگێڕمەوە و بۆ یەکەمینجاریش وردەکارییەکان بڵاوبکەمەوە.

هەر لە یەکەم ساڵی هۆگربوونم بەشیعرەوە، سەرباری خوێندنەوە، حەزێکی زۆرم لەوە بوو، لەنزیکەوە شاعیرەکانیش بناسم و ئەوەی بەردەستم بکەوێت، سەردانی بکەم و لەوەش بگەم چۆن لەو دونیایە جوانەدا ئاڵاوە و چۆن دەستی پێکردووە و چۆن شیعر دەنووسێت و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە، کە هەندێکیان ڕەنگە بۆ ئەوسا پرسیاری نەکردەش بووبن، بەڵام بۆ من گرنگ بوون، ئەوانیش ئەگەر خۆیان لە وەڵامەکانیشم بدزیبایەوە، قاندرپیان دەبووم و هیچ جۆرە شەرمێکیشم لێ نەدەکردن و تا وەڵامە دروستەکانیشیانم وەرنەگرتبایەوە، وازم لێنەدەهێنان. کە ڕەنگە هاوتەمەنەکانی خۆم ئەو ئەزموونەیان نەبێت، بەوەی ئەوسا وەچەی ئێمە، زیاتر شەرمی بەسەردا زاڵ بوو، بەو هۆکارەی لەخوێندندا، مامۆستاکانمان لەگەڵ قوتابییەکانیاندا توندوتیژ بوون، تا ئەندازەی لێدان و سەرکزۆڵە کردن. بەڵام من قوتابییەکی زیرەک بووم و لەوانەکانیشم بێمنەت بووم، بۆیە هەم لەو توندوتیژییە بەدوور بووم، هەمیش ڕووهەڵماوتر و بوێرتریش. سەرباری ئەوەی لەنووسینی دارشتندا هەمیشە لەهەرە باشەکان بووم، کە زانیشیان خەریکی نووسینی شیعرم، زیاتر هانیان دەدام و ئەو دەرگایەیان زیاتر بۆم دەکردەوە.

> "هەر لە یەکەم ساڵی هۆگربوونم بەشیعرەوە، سەرباری خوێندنەوە، حەزێکی زۆرم لەوە بوو، لەنزیکەوە شاعیرەکانیش بناسم"

بۆیە کە شیعرم نووسی، بۆ ئەوسا شیعری خراپم نەدەنووسی و هیچ جارێکیش نەکەوتمە (پۆستەی خوێنەران)ەوە.

یەکەم شیعریشم، دوای دوو هەفتە لە ناردنی، لە ژمارە (٨)ی ڕۆژی (١٩٧٤/٣/٨) لە ڕۆژنامەی (ڕۆشنبیریی نوێ) بڵاوکرایەوە، خودا شاهیدە یەک تۆز مابوو لە خۆشیان باڵ بگرم، کورە هەر خەنی بووم، وامدەزانی نیوەی دونیایان لەسەر تاپۆ کردووم، بۆیە دە دانەم لەو ژمارەیە کڕی و هەمیشە یەکێکیانم لەبن هەنگڵیدابوو، وامدەزانی هەموو خەڵکی تەماشام دەکەن و دەشزانن شیعرێکی من لەدوا لاپەڕەی ئەم ژمارەیەدایە. کە لە ڕاستیدا نەکەس تەماشای دەکردم و نە کەسیش بەوەی دەزانی. خۆ ڕەنگە ئەگەر بیانزانیبایە، بە نیمچە شێتیشم تێبگەن بەوەی ڕۆژنامەکەی بن هەنگڵم لەنێو ئارەقەی جەستەمدا خەریک بوو پەڕەکانی دەبوونەوە ئەو هەویرەی کاغەزەکەی لێ دروست دەکرێت.

دواتر وردە وردە شیعری دیکەم بڵاوکردنەوە و هەندێک نووسینی ئەدەبیشم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری ناردن و ئەوانیش بڵاوکرانەوە،

بەخێرایی بوومە ناوێکی ناسراو. چونکە ئەوسا ناسران هێندەی ئێستا ماندووبوونی پێویست نەبوو، بەهۆکاری ئەوەی یەک ڕۆژنامەی سەرەکی و یەک دوو گۆڤار هەبوون، ئەگەر بابەتت لە هەموویان بڵاوکرابانەوە لە هەموو کوردستان دەناسرایت، چونکە هەموو کورد دەیاخوێندەوە و پەخشکردنیشیان هەموو عێراقی دەگرتەوە. بۆیە کە جاڕی میهرەجانی دووەمی شیعری کوردی لە هەولێر لێدرا، ئەز لە یەکەمین ڕۆژی میهرەجانەکەدا ناوم هاتەوە، کە دوو ڕۆژ بەردەوام بوو و چوار کۆڕیشی گرتەخۆی، لەوێش لەگەڵ چەپکێک شیعردا کە شیعری (لەیلا)م خوێندەوە کە بۆ (لەیلا قاسم)م نووسیبوو، لە چەپڵانانیان بزر کردم و لەسەر ملانیان هەڵگرتم و فرمێسک و زەردەخەنەی من و جەماوەرەکەش بە جۆرێک تێکئالان، دەتگوت شینی حەسەن و حوسێنان دەکەین و خۆشی و شاگەییەکەشمان لەوەدابوو، گەیشتینە ئەوپەڕی بێمنەتی دەسەڵات و لەوکاتەدا پڕ بەدڵ حەزم دەکرد، ئەمنەکان بمگرن، بەڵام وەکو سەفینی مەلاقەرە دەیگێڕێتەوە، ئەوان بەبێئاگادری من ژێرەوژێر پاسەوانی ئەوساتەی منیان کردووە و خواخوای ئەوەیان بووە شتێکی ناجۆر ڕووبدات، تا ئەوان بیتەقێننەوە و جامی غەزەبی خۆیان بەسەر پیاوانی دەسەڵاتدا بڕێژن، کە ئەوان لەوپەڕی ئامادەباشیدا بووینە، بەڵام دەسەڵاتی بەعس لە ئێمە بەئاگاتر بوو، بەوەی یەکێکیان هاتە لای من و پێی گوتم: (ئەگەر دار خورماش لەسەر سەرت بڕوێ ناتگرین و ناتکەینە پاڵەوان هەی غەشیم!.)

بڵاوبوونەوەی شیعرەکانم و ئەو میهرەجانەش بوونە هۆکاری ئەوەی چاپکردنی یەکەمین دیوانە شیعر لە کەللەم بدات کە بۆ ئەوسای تەمەنی بەندە زیاتر لە خەیاڵەوە نزیک بوو، نەک لە واقیع، چونکە نە پارەم هەبوو، نە هیچ زانیارییەک لەبارەی چاپی کتێب و نە شارەزایی سەفەری بەغداش، بەوەی چاپی کتێب زیاتر لە بەغدا دەکرا، بەڵام من



مەسعوود پەرێشان

خەیاڵەکەم کردە ڕاستی، چۆن؟

هەرجارەی کە (مەحموود زامدار)ی ڕەحمەتی ماوەی هەفتەیەک مادۆنی وەردەگرت و دەگەڕایەوە هەولێرێ گەنجەکان وەکو پوورەی هەنگ تێی دەئاڵان و لە دەوری کۆدەبوونەوە. ئەویش بەڕاستی هاندەرێکی زۆرباش بوو، بۆ ئامۆژگاری و بڵاوکردنەوەی بەرهەم و وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک کە وەڵامەکەی لەلای ئێمەدا نەبوو.

سەرەتای ساڵی (١٩٧٧) بۆ یەکەمجار لە چاپخانەی (عەبۆ) زامدارم ناسی، ئەویش دیاربوو حەزی دەکرد لەنزیکەوە بمبینێ و لە یەکەمین دانیشتنیشماندا، دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا کردم و لەگەڵ ئەو وێنەیەم بڵاوی کردەوە کە بەسەر و کڵێتە و جلوبەرگی کوردی لە میهرەجانە شیعرییەکەی هەولێر بۆیان گرتبووم. ئەم دیمانەیە کە یەکەمین جارم بوو لە ژیانمدا لەگەڵمدا ساز بدرێ هەم دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، هەمیش منی خستە سەر دووڕییانی چاپی یەکەمین دیوانە شیعرم کە بەخێرایی سانسۆری تێپەڕاند و ئامۆژگاری ئەوەیشی کردم، کە سەردانێکی (محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) بکەم و ناونیشانەکەشی بەجوانی بۆ وێنە کردم. ئەزیش بەسواری ئامانە و بەو نەشارەزاییەی لەبەغدای ئەوسادا هەمبوو، گەیشتمە کۆڕی زانیاری کورد و لەنزیکەوە بەدیداری کاکە حەمە شادبووم. ئەویش وەکو ئەوەی برازایەکی خۆی ببینێت، زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم و تێی گەیاندم، کە جارێ لەلای هێروە، ئەم دیوانە شیعرە دەورووبەری سەد و بیست دیناری تێدەچێت و گوتیشی سەرەتا عەرەبوونێک دەدەین و کە کتێبەکەش تەواو بوو، باقی پارەکەی دەدەینێ، پێشی گوتم تا چاپخانەیەکیشت بۆ دەدۆزمەوە تۆش برۆ مشووری خۆت بخۆ.

ڕۆژی پێشتر پەنجا و هەشت دیناری پاداشتی شەش بابەتی بڵاوکراوەی خۆمم وەرگرتبوو کە دوو شیعرم لە ڕۆشنبیریی نوێ بڵاوببوونەوە و دوو شیعری دیکەو دوو

> **یەکەم شیعریشم، دوای دوو هەفتە لە ناردنی، لە ڕۆژنامەی (ڕۆشنبیریی نوێ) بڵاوکرایەوە، خودا شاهیدە یەک تۆز مابوو لە خۆشیان باڵ بگرم، کورە هەر خەنی بووم**

وەرگێڕانیشم لە هاوکاری بڵاوکرابوونەوە. زامدار بەڵێنی ئەوەی پێدام، کە شیعرێکم بۆ لە گۆڤاری (بەیان) بڵاوبکاتەوە و بەخێراییش پاداشتەکەم بۆ سەرف بکات. بە کورتییەکەی تەنیا لە پارەی ئەو پاداشتانە حەفتا دینارم دەستکەوت و پەنجا دینارم کەم بوو، کە بۆ ئەوکاتە زۆر بوو، وا بە ئاسانیش بەدەست نەدەهات. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، بەدزی هەموو کەسێک قسەم لەگەڵ دایکی ڕەحمەتیم کرد و داوام لێی کرد، گوارە زێڕە حەفت گۆیەکەی خۆیم بداتێ،تا لای حاجی سدیقی زێڕینگر بە ڕەهن دایبنێم و پەنجا دینارەکەی لێوەربگرم. دایکیشم زۆر بە ئاسانی گوارەکەی خۆی بۆ پێچامەوە و دایە دەستم. ئەزیش دوو پێم هەنە دووانی دیکەشم قەرزکردن و زۆر بەخێرایی خۆم گەیاندە لای حاجی سدیق و لە کێشە و گرفتەکەی خۆمم گەیاند. خوا هەڵناگرێت، ئەویش بەڕووێکی زۆر گەشەوە چەکمەجەکەی پێشە خۆی کردەوە و پەنجا دیناری دامێو گوارەکانیشی هەر لەوێدانا. ئەزیش لە خۆشیان خەنی بووم و پێش ئەوەی بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان، چوومە ماڵی مام حاجی ڕەفعەتی ڕەحمەتی باوکی نەوزادی شاعیر، کە ئەوسا نێرینێکی هەژدە نەفەری هەبوو، هاتوچۆی بەغدایێ پێدەکرد. گوتی سبەینێ سەعات چواری بەیانی لەپێش دەرکەی خۆتان ئامادەبە و خوا پشتیوان بێت دەورووبەری سەعات (دە) دەگەینە بەغدایێ.

دوای گەیشتنمان و دانانی نەفەرەکانی دیکە مام حاجی ڕەفعەت منی گەیاندە بەر دەرگای کۆڕی زانیاری کورد. گەیشتمە کاکە حەمە و دوای سڵاو و دانیشتن، یەکسەر پارەکەم دایێ، ئەویش سەری سوڕما و گوتی جارێچ پەلەتە و بۆ پارەکە دەدەیتە من. ئەدی پێم نەگۆتی چۆن پارەکەی دەدەینێ. گوتم کاکە حەمە با ئەو پارەیە ئەمانەتی تۆ بێت، چونکە لای خۆم بێت دەترسم سەرفی بکەم و لەدەستم بچێت، بەتۆبزی پارەکەم دایێ، ئەویش خۆی کۆکردەوە و دوای تەلەفۆنێک، بە تەکسییەک منی بردە چاپخانەی (جامیعە) کە باشی دەناسین، لەبەر خاتری ئەو بڕیاریاندا بە چوار مانگ بۆم تەواو بکەن.

دوای سێچوار سەردانی دیکەی بەغدا و هەڵەچنی خۆم و کاکە حەمە، دوای شەش مانگ دیوانە شیعرم بەناوی (هەنگاو کەویت ناکات) بە چاپکراوی هێنایەوە هەولێرێ، دیوانم بەسەر کتێبخاناندا دابەشکران، ناکرێت ئەوەشم لەبیر بچێت، کە ئەحمەدی ڕەحمەتی خاوەنی کتێبخانەی (تەئمیم) زووتر ڕیکلامی بۆی کردبوو، کۆمەڵە دانەیەکیشی پێشەکی فرۆشتبوو. سەرباری هەندێش (ئیسماعیل بەرزنجی) و (ئومێد ئاشنا)ی ڕەحمەتی کە هەرسێکمان تازە لە ئامۆژگەی ئامادەکردنی مامۆستایان وەرگیرا بووین. پۆل پۆل گەڕان و کۆمەڵێک دیوانیان بۆ فرۆشتم و بەسەر کۆیانەوە بوومە خاوەنی زیاتر لە سەد دینار.

سەرباری خەنی خۆشیم لە چاپکردنی و فرۆشتنی و پیرۆزبایی بردەران، جارێ لە خەمی ئەوەدا بووم پێش هەموو شتێک پارەکەی حاجی سدیقی بگێڕمەوە و گوارەکەی دایکمی لێوەربگرمەوە، بۆیە خۆم گەیاندە لای و دوو دانە لە دیوانەکەم پێشکەش کرد و داوای لێبوردنیشم لێی کرد، کە کەمێک لە وادەی خۆم دواکەوتووم، ئەویش زۆر بەخۆشەویستییەوە لە ئامێزی گرتم و پیرۆزبایی لێکردم و گوتی: گرنگ ئەوەیە ئاواتەکەی من و تۆش هاتەدی! ویستم دەست بۆ گیرفانم ببەم و پارەکەی بۆ دەربێنم، یەکسەر دەستی گرتم و بە لەهجەی هەولێرییان پێی گوتم: (ئەوە چ دەکەی بێعەقر، لۆ ئەتوو وا دەزانی ئەمن بە قەردوقۆر پارەی دەدەمە کوڕە مەلای خۆمان! کوڕە ئەتوو برازای منی و بابیشت برا گەورەی هەموو گەڕەکێیە، دوایێ با لەوەشت بگەیینم، هەرکە پارەکەت لێوەرگرتم، یەکسەر لەبۆ هێوارێ گوارەکەم لۆ داکە مەلاژنێ بردیتەوە مارێ و پێشم گۆت بە مەسعوودی نەرێی هەتا کتێبەکەی چاپ دەکاتن) دواتر گوتی پاداشتی من لۆ کتێبەکەت ئەو پارەیە نییە، بەڵکو سترە و پانتۆڕەکی نوێیە و لەکن حاجی فەتاحی بەڕادانی دەدەین. بەهەرحاڵ چاکەت و پانتۆلیشم بۆ دروا و قەرزیشم لەسەر نەما.

هەروەها دەبێت ئەو هاوکارییە ماددییەی (ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و لاوان)ی ئەوساش لەیاد نەکەم.

بەڵام دوای چی؟ دوای هەموو ئەو کەین بەینەی باسم کرد، دەبووایە دوای تەواوبوونی چاپکردنەکە و پێشکەشکردنی (١٠٠) دانەی کتێبەکە پێیان، هاوکارییەکە وەربگرم، کە بڕی (٦٠) دینار بوو، دوای بینە و بەردەیەکی زۆر وەرمگرت، چونکە بەهۆی ئەوەی لەسەر بەرگەکەی نووسیبووم بە هاوکاری ئەمینداریەتی ڕۆشنبیریی و لاوان (ناوچەی کوردستان) لە چاپ دراوە و نەم نووسیبوو (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) کێشەیان بۆ درووستکردم، ئەوەش بەهاوکاری کەسانی دڵسۆز تێپەڕی بوو، بەمشێوەیە بوومە خاوەنی یەکەمین دیوانە شیعری چاپکراوی خۆم، کە تا ئەوسا لەو تەمەنەی مندا، هیچ کەسێکی هاوتەمەنی خۆم دیوانە شیعری چاپکراوی نەبوو! ئەوەش باری قورستر کردم و بەرپرسیاریەتی نووسینیشم ئەستەمتر بوو.

**مەسعوود پەرێشان**




**بەرگی دیوانەکە**

**"دوای سێچوار سەردانی دیکەی بەغدا و هەڵەچنی خۆم و کاکە حەمە، دوای شەش مانگ دیوانە شیعرم بەناوی (هەنگاو کەویت ناکات) بە چاپکراوی هێنایەوە هەولێرێ"**

(یەکەم بابەت گۆشەیەکی دیکەی گۆڤاری دیوان دەبێت، تێدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)




# هێمن موکریانی: یەکەم شیعری من لە ژمارە دووی نیشتماندا بەناوی (م.ش.هێمن) بڵاوکرایەوە

هێمن موکریانی وەک بۆخۆی لە پێشەکی (تاریک و ڕوون)دا بەناوونیشانی (لە کوێوە بۆ کوێ) باسی کردووە، یەکەم شیعری لە ژمارە دووی ساڵی ١٩٤٣ی گۆڤاری نیشتمان، کە بڵاوکراوەیەکی ڕێکخراوی (ژ.ک) بووە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان بڵاوکردووەتەوە، ئەگەرچی هێمن ئاماژە بە شیعرێکی دەکات، بەڵام لەو ژمارەیەدا، بابەتێک و دوو شیعری بڵاوبووەتەوە. بابەتێکی بەناوونیشانی (خۆت بناسە) و دوو شیعری دیکەی، یەکێکیان بە ناوونیشانی (کوردمو) ئەوەی دیکەیان بێ ناوونیشان بڵاوکردووەتەوە.

(ڕۆژی ٢٥ گەلاوێژ ١٣٢١ / ١٦ی ئابی ١٩٤٢) کۆمەڵەی ژ.ک دامەزرا. ئەوانی ئەو کۆمەڵەیان دامەزران دۆستانی پێشووی من بوون. من لەوسەروبەندەیدا لە تەورێز بووم و لە ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەدا حزوورم نەبوو. کە هاتمەوە بەهۆی زەبیحی، کە لەمێژساڵ بوو دۆست بووین، بە کۆمەڵە ناسێندرام، لە ماڵی یەکێک لە دۆستەکانی خۆم، کە پاشان زانیم ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵەیە و بەڕاست تێکۆشەرێکی بەجەرگ و ئازا و نەبەز و کۆڵنەدەر بوو، بە قورئان و بە ئاڵای کوردستان و بەشەرەفی خۆم و بە شمشێر سوێندیان دام، کە بەزمان، بە قەڵەم و ئیشارە خەیانەت بە نەتەوەی کورد و ئەندامی کۆمەڵە نەکەم. ناوی نەهێنی حزبیم (هێمن) بوو، ژمارەی ئەندامیەتیم (٥٥)

من هەقم نەبوو هیچ لەوان بپرسم، بەڵام ئەوان ئەوەندەیان متمانە بە من هەبوو، پێم بڵێن (هەژار)یش ئەندامی کۆمەڵەیە و خۆت لە کن ئەو مەشارەوە، بەو ڕادەگەنین.

بەوجۆرە من لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبیمدا پێم نایە قۆناخێکی نوێ.........)

(داهاتی کۆمەڵە تەنیا مانگانەی ئەندامان و فرۆشی چاپەمەنیەکان و داهاتی تیئاتر و نمایشەکانی بوو. کەچی زۆر بەباشی بەڕێوە دەچوو.

هۆی ئەوە بوو، هەموو کەس بەوپەری دڵخۆشیەوە مانگانەی دەدا و جاپەمەنی کۆمەڵەی بە چەند هێندەی نرخی دیاری کراو دەکڕی. من خۆم دیومە ژمارەی (نیشتمان)یان بە ٢٠٠ ئەوەندەی نرخەکەی کڕیوە.

نیشتمان قەت دانەیەکی نەدەماوە. کۆمەڵە لەپێشدا کتێبێکی بچووکی شیعری بڵاوکردەوە، بەناوی دیاری کۆمەڵەی ژ.ک کە شیعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادر و مەلای گەورەی کۆیە و هەژار و شێخ ئەحمەدی حیسامی تێدا چاپ کرابوون و دەسبەجێ تەواو بوو، دوایە گۆواری نیشتمانی وەک ئۆرگانی کۆمەڵە چاپ کرد.

یەکەم شیعری من لە ژمارە دووی نیشتماندا بەناوی (م.ش.هێمن) بڵاوکرایەوە و ئیتر بوومە

ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆوارە و لە هەموو ژمارەکانیدا شیعر و وتارم بڵاوکردەوە.

زەبیحی سەرنووسەری نیشتمان بوو و بەڕاستی لە چاپ کردنی ئەو گۆوارەدا زەحمەتی کێشا و وریایی نیشان دا جگە لە زەبیحی و چەند کەسی باوەڕپێکراوی تر، کەس دەستەی نووسەرانی نیشتمانی نەدەناسی و نەیدەزانی ئەو گۆوارە لە کوێ چاپ دەکرێ.

ئەندامی کۆمەڵە وەک ئەندامی حیزبێکی نەهێنی و بە دیسیپلینی توند هەر ئەوەندەی دەزانی کە پێویست بوو بیزانێ.


لە بیرمە نیشتمانم بۆ بابم دەخوێندەوە. بەتایبەتی شیعرەکانی خۆم و دەیگوت: (کوڕە ئەو هێمنە کێیە؟) لە دڵی خۆمدا پێدەکەنیم، بەڵام نەدەکرا بڵێم ئەو کەسەیە کە تۆ دەفتەری شیعرەکانیت لە تەندووری بەکەمران هاویشت.


کۆمەڵە گۆواری (ئاوات)یشی چاپ کرد و من لە وێشدا نووسیم.

**کوردمو...**

م.ش. هێمن

***کوردمو داوای حقوقی پایەماڵی خۆم دەکەم***
***ماڵی خۆمە ملکی کورد، داوای ماڵی خۆم دەکەم***
***ملکی کوردستان ارثی بابو باپیری من***
***ادعای حەققو میراتی حەلالی خۆم دەکەم***
***هەروەکو باران لەچاوم دێتە خوارێ ئەشکی خوێن***
***هەر زەمانێک بەرژەوەندێکی لە حالی خۆم دەکەم***
***گەرچی لای آغا خەیاڵی خاوە فیکری میللیەت***
***من لە لام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم***
***من لەدەس بێگانە قط ناکەم شکایەت ئەی ڕەفیق***
***گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام و خاڵی خۆم دەکەم***
***ناصحا بەس پێم بڵێ فیکری محالە فیکری تۆ***
***نصحەتم ناوێ ئەمن فیکری محالی خۆم دەکەم***
***ڕۆژێ شێخم دیتو پێم گوت هەتبی حیسی میللیەت***
***پێی گوتم من چم لەوانە داوە سواڵی خۆم دەکەم***
***من ایتر ماهوتو شاڵی ئەجنەبی ناکەم لەبەر***
***ڕانکو چۆغەی خۆم لە ڕەنگی شاڵی خۆم دەکەم***
***چیدیکە زەحمەت لەبۆ منداڵی خەڵکی ناکێشم***
***علم و زانست و هونەر فێری منالی خۆم دەکەم***
***یا دەڕێژم خوێنی پاکی خۆم لەسەر ئەم مەقصەدە***
***یانە فیکرێک بۆ برای ڕوتوڕەجالی خۆم دەکەم***
***چاوەدێری ڕۆژی خۆشی جێژنی سەربەستیم ئەمن***
***گەر مداری وادەگەڵ ئەم ڕۆژی تاڵی خۆم دەکەم***





- ١٦ -

کوردمو...

م. ش. هێمن

کوردمو داوای حقوقی پایەماڵی خوم دەکەم
ماڵی خومە ملکی کورد؛ داوایی ماڵی خوم دەکەم
ملکی کوردستان ارثی بابو و باپیری منە
ادعای حەققو میراتی حەلالی خوم دەکەم
هەروەکو باران لەچاوم دیتە خواری ئەشکی خوین
هەر زەمانێك بەرژەوەندیکی لە حالی خوم دەکەم
گەرچی لای آغا خەیالی خاوە فیکری میللیەت
من لەلام باشە هەتا ماوم خەیالی خوم دەکەم
من لەدەس بیگانە قط ناکەم شکایەت ئەی رەفیق
گەر شکایەت کەم لە چەنگی ماموخالی خوم دەکەم
ناصحابەس پیم بلی فیکری محالە فیکری تو
نصحەتم ناوی ئەمن فیکری محالی خوم دەکەم
روژی شیخم دیتو پیم گوت هەتبی حیسی میللیەت
پیەی گوتم من چم لەوانە داوە سوالی خوم دەکەم
من ایتر ماهوتو شالی ئەجنەبی ناکەم لەبەر
رانکو چوغەی خوم لەبوزوی رەنگی شالی خوم دەکەم
چیدیکە زەحمەت لەبو مندالی خەلکی ناکیشم
علم و زانست و هونەر فیری منالی خوم دەکەم
یادەریژم خوینی پاکی خوم لەسەر ئەم مەقصەدە
یانە فیکریك بوبرای روتورەجالی خوم دەکەم
چاوەدیری روژی خوشی جیژنی سەربەستیم ئەمن
گەرمدارا وادەگەل ئەم روژی تالی خوم دەکەم

دەقی شیعرەکە لە گۆڤاری نیشتمان

# کتێبخانەکانی هەولێر لە ڕێی گۆڤاری گەلاوێژەوە

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٤ بەدواوە، گۆڤاری گەلاوێژ، لە بەرگی دواوەی گۆڤارەکەدا، لیستێک بەناوی (باوەڕپێکراوەکانی گەلاوێژ) بڵاودەکاتەوە، کە بۆ ئەمڕۆ دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشتی پێببەسترێت، سەبارەت بە بوونی کتێبخانە لە شار و شارۆچکەکانی ئەوسەردەمی کوردستان.

یەکەم کتێبخانە لە شاری هەولێر، کە وەکو کتێبخانەی باوەڕپێکراو ئاماژەی بۆ کراوە، کتێبخانەیەکە بەناوی (مەکتەبەی شمال) کە لە بەرانبەریدا ناوی (حوسێن موختار) نووسراوە. کە تا کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤، هەر ناوی ئەو کتێبخانەیە نووسراوە، بەڵام دواتر ناوی ئەم کتێبخانەیە نامێنێت و هیتر دەنووسرێت، جا هۆکارەکە چی بووە دیار نییە، لە شوباتی ساڵی ١٩٤٥ تەنیا نووسراوە هەولێر–بەرامبەر هەراجخانە – مەلا عەبدولڕەحمان عطار، کە تاکو تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥، هەر ئەو ناوە بووە.

دوای ئەوە بووەتە (مەکتەبەی هەولێر) بەناوی شێخ محەمەد، لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ تاکو تشرینی یەکەمی ١٩٤٦.


دواجار ناوی ئەو کتێبخانەیەش نامێنێت و ناوی کتێبخانەی دی دەنووسرێت، بەناوی (مەکتەبەی سەربەستی) کە خاوەنەکەی ڕەئوف مەعرووف-ە

ناوی ئەم کتێبخانەیە هەر بەسەر گۆڤارەکەوەیە، لە شوباتی ١٩٤٧ تاکو کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨، واتە تا دواژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ، کە ئیدی چیتر دەرناچێت.

دەکرێت بڵێین ئەو باوەڕپێکراوانەی گەلاوێژ بۆ ئەو سەردەم، وەکو نووسینگەی ئێستە وابوونە.

هەر بە پێی ئەو لیستەی بڵاوکراوەی گەلاوێژ، دەکرێت لەوە ئاگاداربین کە لەو ساڵانەی ناوڕاستی چلەکان بەدواوە ئەو کتێبخانەش لەو شارانەی دیکەش هەبوونە، وەکو (زاخۆ، خانەقین، ئامێدی، ڕواندز، کۆیە، کفری، ئاکری، هەڵەبجە) ئەمە جگە لە شارەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی کەرکوک و موسل-یش.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە هیچ ژمارەکیدا ئاماژە بە هیچ کتێبخانەیەکی دهۆک نەکراوە، ئەگەرچی بەیناوبەێن ناوی چەند شارێکی خۆراوای کوردستانیش نووسراون، وەکو (سنە، کرماشان، سابلاخ).



باوەڕپیکراوەکانی گەلاویژ

لە

سلیمانی : ابراهیم محمدی مەلا ابراهیم : مەکتەبەی یەکیەتی

کرکوک : ناوبازار : م. صدیق بلوکینی

خانقین : شەقامی گەورە : ملا عارف عەتار

کویسنجق : مکتبەی حاجی قادر : ظاهر سعید

هەولیر : مکتبەی سەربەستی : رؤف معروف

جانیە : کوارتر ماستد : علی سید عزیز (B) (بی) کومپانی

رواندز : علی عبداللە . مکتبەی پیشکەوتن .


عقرە : محامی فریق عقراوی

کفری : صابر حاجی فتح اللە عەتار

موصل : محلە باب الجدید : امامی مزگەوتی عمری : ملاصبغة اللە مزوری

هەر کەس ایشیکی ئەبی لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بسەدا یا ناوونیشانی بگوری یابی بە آبونە ، لە وولاتی خویەوە راستەو خو لەم شوینانەی سەرەوە آگادار بکا .

چاپخانەی معارف ـ بەغدا



باوەڕپیکراوەکانی گەلاویژ

لە

سلیمانی : عمر قەزاز وابراهیم مەلا مارف

کرکوک : علوەی امام قاسم : تکیەی شیخ خضر : شیخ طە شیخ سعید

خانقین : شەقامی گەورە : ملا عارف عطار

اربیل : مکتبەی هەولیر : شیخ محمد

سابلاخ : محمد صدیق حیدری

حبانیە : تریننگ کومپانی : کوارتر ماستد عبداللە عزیز

رواندز : علی عبداللە . مکتبەی پیشکەوتن .

کفری : صابر حاجی فتح اللە عەتار


کویسنجق : مکتبەی کویە

موصل : محلە باب الجدید : امامی مزگەوتی عمری : ملاصبغة اللە مزوری

عقرە : شوکت طاهر

هەر کەس ایشیکی ئەبی لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بسەدا یا ناوونیشانی بگوری یابی بە آبونە ، لە وولاتی خویەوە راستەو خو لەم شوینانەی سەرەوە آگادار بکا .

چاپخانەی معارف ـ بەغدا



باوەڕپیکراوەکانی گەلاویژ

لە

سلیمانی : عمر قەزاز وابراهیم ملا مارف ـ لە جادەی تازە .

کرکوک : گەرەکی پیریادی : مزگەوتی ملا رضا : ملا خورشید سیامە لصوری

هەولیر : بەرامبەر هەراجخانە : ملا عبدالرحمن عطار .

خانقین : شەقامی گەورە : ملا عارف عطار

زاخو : حسین حاجی رشید .

سابلاخ : محمد صدیق حیدری

عقرە : شوکت طاهر عقراوی

عمادیە : بولس امین آمیدی


رواندز : علی عبداللە . مکتبەی پیشکەوتن .

کویسنجق : عثمان عونی حاجی ملا

موصل : محلە باب الجدید : لە دوکان نوتنچی ملا طاهر عمادی : ملا صبغة اللە مزوری

هەر کەس ایشیکی ئەبی لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بسەدا یا ناوونیشانی بگوری یابی بە آبونە ، لە وولاتی خویەوە راستەو خو لەم شوینانەی سەرەوە آگادار بکا .

چاپخانەی معارف ـ بەغدا



باورپی کراوەکانی گەلاویژ

لە

سلیمانی : عمر قەزاز وابراهیم ملا مارف ـ لە جادەی تازە .

سنـە : شهاب الدین محی : ادارەی دارائی

کرکوک : ملا خورشید : مزگەوتی قاضی لە گەرەکی حەلواجی .

هەولیر : حسین مختار : مکتبەی شمال .

تاران : ابراهیم وکیل . دانشگاه حقوق . سالی سە .

خانقین : عبدالعزیز نورمحمد

کرماشان : ابراهیم نادری . خیابان سپە . سلمان خادم .

زاخو : حسین حاجی رشید

هەمەدان : کاك یوسف یوسفی . خیابان عباس آباد . کفاشی آرا کس .

عمادیە : بولس امین آمیدی .

رواندز : علی عبداللە مکتبەی پیشکەوتن .

کویسنجق : عثمان عونی حاجی ملا

هەر کەس ایشیکی ئەبی لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بسەدا یا ناوونیشانی بگوری یابی بە آبونە ، لە وولاتی خویەوە راستەو خو لەم شوینانەی سەرەوە آگادار بکا .

چاپخانەی معارف ـ بەغدا

# حەیرانبێژ محەمەد پیرپەشی

هاشم حاجی علی شەناغەیی

ناوی تەواوی (محەمەد سەعید قادر عەبوڵڵا)یە لە ساڵی (١٩٥٠) زاینی لەگوندی پیرپەش لە دایکبوە. گوندی پیرپەش دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەولێری سەر بە شارەدێی (کەسنەزان) حەیرانبێژ لە هۆزی (نانەکەلی)یە و هەر لەو گوندەش ژیاوە و خەریکی کاری جووتیاری بووە، لەساڵی (١٩٦٥) دەستی بە حەیران گوتن کردووە و شارەزایەکی باشی لێی هەبووە، زۆر حەزی لە دەنگی حەیرانبێژان (حەمەدبەگی و عوسمان حەیران و عەلی پیرپەشی) بووە، لەساڵی (١٩٧٣) ژیانی هاوسەری پیکهێناوە و پێنج کوڕی هەیە، بە ناوەکانی (عەلی- سەرباز-سەنگەر-وەلی-جاسم) یەکەم کاسێتی لە تۆمارگای هەولێر تۆمارکردیە، کە خاوەنەکەی ناوی (عەلی قادر) دۆرەبەکرەییە، ئەو کاسێتە حەیرانەی کە من نوسیتمەوە، حەیرانبێژ بەخۆی تۆماری کردیە. خۆی باسی کرد گوتی: لەساڵی (١٩٧٩) لە شاری هەولێر لە بینایەک پاسەوانی شەوبووم، تەسجیلەکم هەبوو، شەوێ هەربەتەنیا حەیرانەکانم دەگۆت و هەر بەخۆشم تۆمارم دەکرد، حەیرانبێژ ئێستە لەژیاندا ماوە و لە گەڕەکی بەستەپیازەی شاری هەولێر دەژی.


**ناسینی حەیرانبێژ**

ئەوحەیرانبێژەم نەدەناسی ساڵی (١٩٨٥) باوکی ڕەحمەتیم، مام حاجی عەلی شەناغەیی کاسێتەکی حەیرانی لەبازاڕ کڕی بوو، چونکە زۆر حەزی لەحەیران بوو، لەبەر ئەوەی خۆی حەیرانبێژەکی زۆر باش بوو، دیارە لە دەڵاڵخانە گوێ لە دەنگی ئەو حەیرانبێژەی ببوو، یەکسەر کڕی بوی، گۆتی: (وەڵڵا نازانم لە بازاڕ گوێم لێی بوو بە نزمی غەریبی حەیرانی دەگۆت، گوتم بادانەکی بکڕم).

ئەوکات ساڵی هەشتایەکان لە دەڵاڵخانەی شاری هەولێر هەرکەسە و مێزێکی دادەنا و کاسێتیان دەفرۆشت، نەیاندەزانی کێیە و کێ نییە، ناویان لەسەر کاسێتەکان نەدەنوسرا، کە گوێمان لێی ڕاگرت زۆر بەغەریبی حەیرانی دەگوت.

دوای ساڵێک ڕێک لە ٢٧-٢-١٩٨٦ دەستم کرد بە نووسینەوەی ئەوحەیرانانەی سەر ئەو کاسێتەی، نزیکی مانگیک، هەتا کاتژمێری ٣ی دوای نیوە شەوان خەریکی نووسینەوەی ئەو حەیرانانە دەبووم، هەتا تەواوم کرد، من پێشتریش حەیران و بەستەکانی باوکم (مام حاجی عەلی شەناغەیی) هەموویم نووسیبووەوە، ئەوکات خولیای نووسینەوەی دەنگی سەرکاسێتم هەبوو.

من ئەو حەیرانبێژەم هەر نەناسی و ئەودەست نووسەشم لەلا مایەوە، هەتا لە ٢٤-٧-٢٠١٠ چوومە لای (سابیر ئەحمەد گەردی) کە لە ساڵانی شەستەکانەوە تۆمارگەی هەبوو، بەناوی تۆمارگەی (خانزاد) لێم پرسی ئەو حەیرانبێژە



محەمەد پیرپەش

کێیە؟ گوتی ئەوە دەنگی حەیرانبێژ محەمەد پیرڕەشی-یە دوای ئەوە لە ٢٦-٧-٢٠١٠ لەگەڵ فۆلکلۆرپەروەر (سەعدوڵلا شێخانی) چووینەماڵی حەیرانبێژ (عەلی پیرڕەشی) لە گوندی پیرڕەش، کە باسمان کرد گوتی: ئەوە خزمە، ماڵی لە گەڕەکی بەستەپیازەیە، لە نزیک مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب، لەگەڵ حەیرانبێژ (عەلی پیرڕەشی) چووینە گەڕەکی بەستەپیازە، کە گەیشتینە ماڵی حەیرانبێژ (محەمەد پیرڕەشی) لە ماڵ نەبوو، لە مزگەوت بوو، چوونە دوای و هاتەوە.

پیاوێکی جوامێر، باڵا مام ناوەندی، دەموچاو سوور، زۆر بە ڕێزەوە بەخێرهاتنی کردین و چاوپێکەوتنەکمان لەگەڵ کرد، باسی ژیانی خۆی کرد و گوتی: (ئەو کاسێتەی کە لەلای تۆیە بەخۆم لەساڵی ١٩٧٩ تۆمارم کردیە، شەوان پاسەوانی بینایەک بووم، مسەجەلەکم هەبوو، هەربەخۆم حەیرانەکانم تۆمار دەکرد، ئەوها، بەوجۆرەی (مام محەمەد)مان دیتەوە.

ئەوەش چەند حەیرانێکیتی، کە لەسەر کاسێتی نووسیتمەوە:

(١)

***بابە دەرێم حەیران حەیرانە***
***ئەنگۆ نازانن دەرمانی هەموو دەردانە***
***شەوێ لەسێ باری نیوە شەوێدا***
***وەڵلە مەمک گوشینە بابە چ بکەم شەو ڕاموسانە***
***ئامان سەدئامان دەرێم لە عالەمێ گوندێ مە یارگرتنە کەیفە لەگەر سەیرانە***
***ئەوە دەرێم بە دوایێ سارێ لەمن و بەژنەکا باریک و زەندەێ بە بازن قامکەکی بە ئەنگوستیلە دووچاوی ڕەش و بەرەک بە خودای تازە دەست لێک بە***

(٢)

***ئای دەرێم براینە ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ***
***ئەو سار بەوێ سبیانێ دەرێم ئەستێرەکم لێ هەرات لە لای پشتدەرێ***
***ئامان سەد ئامان هەموو سبەینان شەوق و شەبەقی خۆی دەداوە***
***لە باغی مەمەندی دەرێم لەسەر و پەرچەمێ نازدار ئەسمەرێ***
***ئەوە کیژ جوابان دەنێری دەیگۆ مێتیمە لاوە***
***ئەمن ئەو سارەکینێ وەمزانیە دەچییەوە وراتێ غەرییبیان پیرە سەفەرێ***

***خۆمن خەناوکەکی گەلە جوانم هەیە دەتدەمێ هەموودانی سبیەنان***
***لەبۆ کەیفی درێ خۆت باوێ وەسەر گوێی خەنجەرێ***
***هەتا لە سەفەرێ دێیەوە مەگرە چ یاران ئەمنیش شەرتێ دەکەم هەتا***
***لە سەفەرێ دێیەوە لە دەست کەس نەنێم جۆتە شەمامەی باغەرێ***

(٣)

***ئای دەرێم براینە ئەنگۆ بەوێ سبیانێ بە چاوێ من برۆننێ***
***ڕۆژەکی موبارەکم لێ هەرات گەزەنگان داوێ***
***ئامان سەد ئامان شەوق و شەبەقێ خۆی دەداتەوە لە قەراتێ پیرە هەولێرێ***
***ئەوە لە مەڕوماراتی عارەبان لە جۆتە گومەتی پیردودی گۆچان***
***شەخسێ حوسێنی غازی سوڵتان عەولای عارەبی***
***ئەرێ هێوارە گەلە درەنگە ئەنگۆ بە چاوێ من برۆننێ***
***چەندە شیرن دەشکێنێ قەسرێ شەمامکێ***

(٤)

***حەیرانە ئەوە دەرێم حەیرا هەمینە***
***ئەوە دەرێم گەردەنی کێلە شینە ڕوومەتی بەفر و خینە***
***سەرێ مەمکانی شەکرە کچێ لۆت نەمام بنیان هەنگیینە***
***ئەرێ بابە دەرێم ئێمەنی سۆرە گوریبەی چەلینە بەژنێ***
***حەیرانێ دەبا لۆ من بمینێ باشترە نەمامەکانی وەکی ئەولی مانگی دەرە بواران شین دەبی لە باغی کاکی***
***میرانێ دەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ بە دوایێ سارێ پەلک وەرییینە***

(٥)

***دەرێم برادەرینە چەندی گاز دەکەم دەرێم وەی نایێ***
***ئەمن پیر نەبووم ئەوسارەکینێ سەری چەند سارە***
***بابە پیریان کردم غەمێ حیزە دنیایێ***
***ئەمن دونێ دانی هێوارێ لەدەراوێ کانی لە کانی بەر ماران***
***دەگەیشتمەوە جوانیەی بێ پەرە ئەرێ مارت وێران بی***
***شەوێ لەسێ بارێ نیوە شەوێدا دریژگەم هەر بە تەمایە ئای دەرێم***
***براینە بە خودای حەیرانەکەی من گەلەک بێ شەرتە بە خودای لە ژوانێم نایێ***

کۆسرەت خۆشناو


# شاباڵەکەی بەخشندەیی

# ئاغا واحد بەگ هیرانی

دەریایە بێسنوورە بەخشندەکەی ناوچەی خۆشناوەتی (ئاغا واحد بەگ) ناوی تەواوی (عبدالله بەگی کوڕی واحد بەگی کوڕی عبدالله بەگی کوڕی ئیسماعیل بەگی کوڕی حەمەد بەگی کوڕی خدربەگ)ە لە (١٩٢٠.١٠.٧) لەشارەدێی هیران لە دایکبووە.

لە تافی منداڵییەوە بە شیری چاکە و بەخشندەیی فرچک دەدرێت، لەلایەن چەند مامۆستایەکی ئایینی مزگەوتی شارەدێی هیران فێری نووسین و خوێندنەوە دەبێت. باوکی ئومێدیکی زۆری لێ بەدیدەکات و گرنگییەکی تایبەتی پێدەدات و دەبێتە کڵاورۆژنەی دیوەخانەکەی، لەتەمەنێکی زۆر زوودا هاوسەرگیری دەکات و دەبێتە خاوەن خێزان و ئەرکی بەڕێوەبردنی دیوەخان و بنەماڵەکەی دەگرێتە ئەستۆ. دوای کۆچی دوایی باوکی واتە (واحد بەگ) کە لەساڵی (١٩٥٣)کۆچی دوایی دەکات. بەتەواوی ئەرک و کاروباری بنەماڵە و دیوەخان بە جوانترین شێواز و خزمەت بەڕێوەدەبات. ئاغا واحد بەگ هیرانی خودان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی کارا و بەهێزبووە، توانیویەتی چەندین ئاگری دووبەرەکی بکوژێنێتەوە و ئاژاوە و کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەربکات.

بەردەوام بەڕوویەکی گەش و دەم بەپێکەنینەوە پێشوازی لە میوانان و دۆست و خزم و هاوڕێکانی کردووە و خزمەتی کردوون، هەمیشە یارمەتی و دەستباری هەژاران و نەداران و کەسانی ئاوارە و لێقەوماوانی کردووە، خزمەت و چاکەکاریی و بەخشندەیی و میهرەبانی خستووەتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتی و شەخسییەکانی و بەرژەوەندی بنەماڵەکەی، بەرێک پۆشی و جل و بەرگی جوان و ناوازە ناسراوە، لە دیوەخانەکەیدا کە بە (سەرجۆگە) ناسراوە و بەناوبانگە، مەجلیسەکەی لێوانلێو بووە لە قسەی خۆش و بەسەرهاتی پەندئامێز، هیچ کەسێک لەدانیشتنی (مجلس)ی ئەم کەڵە پیاوە جوامێرە هەستی بەبێزاری و نامۆیی



واحد بەگ هیرانی

نەکردووە. لەبزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا دەرگـای دیوانـەکـەی هەمیشە لـەسـەر پشت بووە، بۆ یارمەتیدان و نانپێدانی پێشمەرگەکان بەبەردەوامی و بەبێ جیاوازی هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە. شەهیدی فەرماندە (ملازم خولەی دزەیـی) کە یەکێک بـووە لە فەرماندە دیار و ئازا و قارەمانەکانی سەردەمی خەباتی شاخی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان خۆیی و پێشمەرگەکانی چەندین جار لەلای میوان دەبن و یارمەتیان دەدات، ئازوقە و خۆراک و جل و بەرگ و هەمووجۆرە هاوکارییەکیان پێشکێش دەکـات. ڕۆژێکیان باوکی شەهید ملازم خولە دزەیی، کە فەرماندەی تیپی (٨٣)ی هەورێ بووە، سنووری چالاکییەکانی ناوچـەی خۆشناوەتی بووە (عەزیزی فەرحان ئاغای گەڕەسۆری) دوای دووری و دابڕانێکی زۆر لە کوڕەکەی ڕوودەکاتە دیوانی (ئاغا واحد بەگ) داوای لێدەکات بۆچەند چرکەساتێکیش بێت کوڕەکەی ببینێت (ئاغا واحد بەگ) هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکات و لەگەڵ چەند پیاوێک بەنهێنی دەینێرێت بۆ گوندی نازەنین بۆ بینینی کوڕەکەی، بێ گومان لەو سەردەمدا، کە ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام فەرمانڕەوایی دەکرد ئەم جۆرە کار و هەڵوێستانە کاری هێندە سانا نەبوون، هونەرمەندی ناسراو و دیاری بواری نواندن و شانۆ (بەکر مەعروف) لە دیمانەیەکدا ئاماژە بەدوو هەڵوێستی زۆر کوردپەروەرانەی ئەم میرخاسە دەکات و دەڵێت: دوو لە جوانترین هەڵوێستە کوردپەروەرانەی ئەم کەڵە پیاوە جوامێر و بەخشندە و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرە، کە هەرگیز لەبیرییان ناکەم و پێویستە بەزێڕکفت لە مێژووی بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا بنووسرێنەوە.

**(بەکر مەعروف) لە دیمانەیەکدا ئاماژە بەدوو هەڵوێستی زۆر کوردپەروەرانەی ئەم میرخاسە دەکات**

ساڵی (١٩٨١) لـەگـەڵ چـەنـد هـاوڕێـیـەکدا بەسەردانێکی تایبەت و کارێکی پێویست چووین بۆ لای میرانی ئاغا واحد بەگ و پێشوازییەکی گــەرم و گــوڕی لــەڕاددەبــەدەری لێکردین، داوامان لێیکرد فریای (نازم گەردی) بکەوێت و ڕزگاری بکات و بینێرێت بۆ شاخ، کە لە یەکێک لەسەربازگەکانی ڕژێمی دکتاتۆری سـەددام حوسێندا سـەرباز بـوو، بە نهێنی هـاوکـاری و یارمەتی بێسنووری پێشمەرگەکانی ڕێکخستنی نهێنی ناوشاری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەکرد و تەسریحی دەکردن لە فەرمانی گرتن و بەسەربازکردندا، ئەویش یەکێک بوو لەوان، بەڵام لەلایـەن ڕژێـمـەوە ئاشکرا بـووە و واپێویست دەکات بەزووترین کات دەربازبکرێت، چونکە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچـووە. ئەمیش بەوپەڕی خۆشحاڵیی و بوێری و دڵسۆزی و کوردپەروەرانەوە ئەم کارەی ئەنجامدا و دەربازی کرد و ناردی بۆ شاخ، لە هەموو مەترسییەکی دوورخستەوە.

هەر لە هەمان ساڵدا هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (ئەسعەد عومەر) کە بەیەکەوە کاری هونەری و شانۆییمان دەکرد، خەڵکی شاری کەرکووک بوو، بەڵام لەشاری هەولێر دەژیا، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە سەر بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بوو، دوای ئەوەی لەسەر کاری سیاسی دەستگیردەکرێت، بۆ ماوەی دووساڵ لە زیندانی ئەبوغرێب بەند دەکـرێـت، لێخۆشبوونی گشتی ئـەوسـاکـەی ڕژێمی بەعس گرتییەوە و ئـازاد بـوو، بـەڵام هەمیشە دەکـەوتـە ژێـر چاودێر و هـەڕەشـەی هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس و کێشە و

**ئاغا واحد بەگ، ئاشنایەتییەکی پتەوی لەگەڵ ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا هەبوو، بەتایبەت زۆر هۆگری ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی بوو**

سەرئێشەیان بۆ دروست دەکرد، ئێمەش ناچاربووین جارێکی دیکە پەنا ببەینە بەر ئەم میرە لە خۆبردە و پێشمەرگە دۆست و گەورەیە، جەنابییان بەشانازییەوە ئەمیشی نارده شاخ.

هەروەها کاک سمکۆی تاهیر ئاغای دزەیی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: لە ساڵی (١٩٨٢) ئەوکات سەرتیپی(٩٠)ی کۆیە بووم، لەکاتی پێشمەرگایەتی کە دەچوینە هیران، لەماڵی ئەو نانی ئێوارەمان دەخـوارد، یـان چایـەک و دوایـی دەڕۆیشتین. ئاغای واحد بـەگ پیاوێکی زۆر قسەخۆش و ئاوەدان و خانەدان بوو، کەسێکی کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەر و پێشمەرگە دۆست بوو. ناوبراو ئاشنایەتییەکی پتەوی لەگەڵ ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا هەبوو، بەتایبەت زۆر هۆگری ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی بوو، دیوانەکانی هەردوو گەورە شاعیرانی فارسی (حافیزی شیرازی و سەعدی شیراز)ی زۆر بەباشی خوێندبوونەوە.

ئاغا واحد بەگ دۆستێکی نزیکی سەرۆک (مام جەلال) بوو. چەندین جاریەکترییان بینیوە، گەلێک قسەی خۆش و نەستەق و بەسەرهاتی جوان و خەندەئامێزیان لە نێوانیاندا بـووە. هاوڕێی سەرکردەی ئازا و دلێر (کاک کۆسرەت)بووە، لەنزیکەوە ئاشنایەتیان هـەبووە و سـەردانی یەکدییان کردووە. دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەکی گیانی بەگیانیش لەنێوان کەسایەتی ناوبراو و خوالێخۆشبوو (شێخ جەنگی)دا هەبووە. تەنانەت (شێخ جەنگی) چەندین شەو لە دیوەخانەکەیدا ماوەتەوە و بەیەکەوە بوونە.

بـەڵام چەرخی زەمانـە تاسـەر بۆهیچ کەسێک نـەخـولاوەتـەوە، لـەڕێکـەوتی (١٥. لـەسـەر ١٦. مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٩) گیانە میهرەبان و بەخشندەکەی بەرەو ئاسمانی پیاوچاکان دەفڕێت و ماڵئاوایی لەژیان دەکات. ئەمەی خوارەوەش یەکێکە لە نموونەی شیعرەکانی کە لەسەر زەمانە نووسیویەتی:

***دەبا بمرین لە بۆ خۆمان لەداخی حیزە دنیایێ***
***کە چەند کەس بوون بە تاجیر و ئێمەش ماوین لەسەحرایێ***
***ئەوەل گەنجین ئەوا رۆیی بەپیریش تازە بۆن نایێ***
***لە دەستن چوو دین و دنیا بە غەوسی مار لە بەغدایێ***
***گەلێ ماندی و مشەقەت بووین لە فرت و فێری دنیایێ***
***ئەوا ئیمرۆ کە زانیمان لەو ئیشانە چ دەرنایێ***
***زەمان ئیمرۆ لەگەڵ پێشوو وەکو جاران بەکارنایێ***
***ئەگەر نەتبێ پارە و پول ئەسڵ و نەسەب بەکەلک نایێ***
***مەڵێ خزم و کەسم زۆرە بەقیمەت یەک فلس نایێ***
***ئەگەر هەتبێ خزم زۆرە ئەگەر نەتبێ بۆ لات نایێ***
***فکر لێکە لەهەر لایێ یەکێ پیاو بوو چی بۆ نایێ***
***لە نامەردیش چ دەرنایێ دیناری بێ وەکوو کایێ***
***برۆ (ئاغا) بۆخۆت دانیش تەماشاکە لەمەودوایێ***
***لەعەسری ئەو زەمانەیدا پیاوی موفلیس بەکەلک نایێ***

## سەرچاوەکان


١.لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، زنجیرەی دووەم، حاجی مەمۆ، ٢٠١٨.

٢. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٧.

٣. چەند زانیاریەک دەربارەی ناوچەی خۆشناوەتی، مەلا خالید فریزی، ٢٠٠٦، هەولێر.

٤. گۆڤاری خازر (کەسایەتی دیاری دەڤەری خۆشناوەتی ئاغا واحد بەگ هیرانی) ئەیار ئەلباشا، ژمارە ٢٠٠، تەمموزی ٢٠٢٢

٥. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (شارەدێی هیران و بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد) داریان خۆشناو، ژمارە (٨٥٠٤) یەکشەممە، ٢٠٢١.١١.٧

٦. ڕۆژنامەی خەبات (هیران شارەدێیەکی گەشتیاری و سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری) ئامادەکردنی، عەبدولخالق کەریم، ژمارە ٦١٨٦، چوارشەممە ٢٥ی ئاب ٢٠٢١


٧. دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو و بەناوبانگی بواری شانۆ و نواندن( بەکر مەعروف)، ئامادەکار ، کۆسرەت خۆشناو، لە بەرواری ٧ ـ ٧ ـ ٢٠٢٢.

# نازناوی (بەختیار)

لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەناوی (ڕەسوڵ عەزیز محەمەد) لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان بابەتەکانم بڵاودەکردەوە، لەدوای ڕاپەڕین، وەک هەمووان حەزم دەکرد، نازناوێکم هەبێ، بەڵام بڕیارمدا لەهەمووان جیابم، نازناوێک نەبێ، خەم و پەژارە و ناخۆشی و ترسی پێوە دیار بێ، نەک وەک زۆربەیان، نازناوەکانیان جۆرێک لە نیگەرانی دەنوێنێ، یاخود نازناوی خێڵ و تیرە و ناوچە بێ، بۆیە نازناوی (بەختیار)ە، دوور لەهەموو ئەو بابەتانەیە، هۆیەکی دیکە لەدوای ئەم نازناوە لەڕاپەڕیندا چەند گەنجێک لەشارەکانی کوردستان ناویان (بەختیار) بوو لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێمی ئەوکات شەهید بوون، ئەوکات تەمەنم (٢١) ساڵ بوو، زۆر خەمبار بووم بەشەهید بوونی ئەو گەنجانە، ئەمەش هاندەرێک بوو، تا ئەو نازناوە هەڵگرم، لەسەرەتادا (باوکم) پێیناخۆش بوو، لەدوای ناوی خۆم (بەختیار)م داناوە، دواتر بەهۆی سەرنج ڕاکێشی ناوەکە باسی نەکردەوە، لەم دوایەدا دووبارە کتێب و وەرگێڕانەکانم بەناوی (ڕەسوڵ عەزیز محەمەد) بڵاو دەکەمەوە.



ڕەسوڵ بەختیار



نازناوی (بەختیار)

لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەناوی (ڕەسول عەزیز محەمەد) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانا بابەتەکانم بڵاو دەکردەوە، لەپاش ڕاپەڕین وەک هەمووان حەزم دەکرد، نازناوێکم هەبێ، بەڵام بڕیارمدا لەهەمووان جیابم، نازناوێک نەبێ خەم و پەژارە و ناخۆشی و ترسی پێوە دیار بێ، نەک وەک زۆربەیان نازناوەکانیان جۆرێک لە نیگەرانی دەنوێنێ، یاخود نازناوی خێڵ و تیرە و ناوچە بێ، بۆیە نازناوی (بەختیار) دوور لەهەموو ئەو بابەتانەیە، هۆیەکی دیکە لەدوای ئەم نازناوە لەڕاپەڕیندا چەند گەنجێک لەشارەکانی کوردستان ناویان (بەختیار) بوو، لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێمی ئەوکات شەهید بوونا، ئەوکات تەمەنم (٢١) ساڵ بوو، زۆر خەمبار بووم بەشەهید بوونی ئەو گەنجانە، ئەمەش هاندەرێک بوو تا ئەو نازناوە هەڵگرم، لەسەرەتادا (باوکم) پێی ناخۆش بوو، لەدوای ناوی خۆم (بەختیار)م داناوە، دواتر بەهۆی سەرنج ڕاکێشی ناوەکە باسی نەکردەوە، لەم دوایەدا دووبارە کتێب و وەرگێڕانەکانم بەناوی (ڕەسول عەزیز محەمەد) بڵاو دەکەمەوە.

ڕەسول بەختیار

**ڕەسوڵ بەختیار**

**٢٠٢٢/٩/٨**

# سالۆنی لاپەڕە (٩)



## شەممە ٣-٩-٢٠٢٢

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبونی نوسەران و ڕۆشنبیران، کۆڕێکی بۆ دکتۆر جەمیل عیسا بەناوونیشانی دیدێکی دیکە بۆ هەرزەکاری و ناساندن و پێشکەشکردنی کتێبی هەرزەکاری بەبێ کێشە سازکرد، کتێبەکە لە نووسینی (جۆزیف صابر) و وەرگێڕانی د. جەمیل عیسا-یە



## شەممە ١٠-٩-٢٠٣٣

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەڕە (٩) ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) کۆڕێکی بۆ پارێزەر سەنگەر عەبدولسەمەد بەناوونیشانی (خۆکوشتن لە ڕوانینی ویژدان و شەرع و یاسادا) سازکرد.



## شەممە ١٧-٩-٢٠٢٢

سالۆنی لاپەڕە (٩) ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن بەئامادەبونی نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان کۆڕێکی بۆ نازەنین عوسمان بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (لەبەهاری کورد منی پێشمەرگە گیانم دەبەخشم) سازکرد، کە وەکو بیرەوەی لە لایەن دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی نووسراوە و نازەنین عوسمان لە فەرەنسییەوە کردوویەتییە کوردی.



## یەک شەممە ١٨-٩-٢٠٢٢

ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی دهۆکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەئامادەبونی ژمارەیەک لە نووسەران و ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیران، مەراسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (حەمید ڕەشاش و تولەڕێیەکانی کوردایەتی) کە بڵاوکراوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لە لایەن ستار محەمەدئەمین ئامادەکراوە، بەڕێوەبرد.

# ماوە، یان نەماوە؟!



دوو ڕۆژ لە ناوەڕاستی مانگ تێپەڕی بوو، شۆڕم کردەوە ژێر قەڵا و سەریێکم لەڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبفرۆشی سیروان دا، پاش چاکوچۆنی و پرسینی فرۆشی کتێبەکانی خۆم، گوتم: ئەی گۆڤاری دیـوان؟ گوتی ٣٠ دانەم هێنابوو تەواوم کرد! لێم پرسی ئەی بۆ داوا ناکەی هی دیکەت بۆ بهێنن، خۆ تازە ناوەڕاستی مانگە؟ گوتی تەلەفۆن دەکەم، بیهێنن.

کەواتە ئێستاش ئەگەر گۆڤار و ڕۆژنامەی باش هەبن، خوێنەر هەیە! ڕاست نییە، کە دەڵێن ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیای کاغەز بەسەرچووە و کەس نایانخوێنێتەوە؟ بێگومان ئەوەش ڕاست نەبوو، کە دەیانگوت بینەری شانۆ نەماوە! نمایشی شانۆیی (دوا ڕۆژەکانی بابلۆ) لەشارەکانی هەرێم، ئەم قسەیەی بەتاڵ کردەوە!

ئەگەر کاری جددی و سەردەمییانە و واتادار هەبن، خوێنەر و بینەر زۆرن! بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە، هەر نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شانۆکاران خۆیان، بانگەشەی نەمانی خوێنەر و بینەر دەکەن! لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر ئەسپ نەبێت، چ پێویستمان بەهەبوون و چێکردنی ئاخوڕ هەیە! بەواتایەکی دیکە، ئەگەر خوێنەری میدیای کاغەز و بینەری شانۆ نەمابن، ئەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شانۆکار و دراما و فیلمساز، هەبوونیان چ واتایەک دەگەیەنن و زەروورەتی مانەوەیان چەندە پێویستە؟!

ئەم قسانەم لەمیانی دەمەتەقێیەک لەگەڵ هاوڕێیەکدا کرد: نووسەر و شانۆکار و وەرزشوان و هونەرکار و هەموو خودان کارەکان، دەبێت هەمیشە لەهەوڵی تازەگەری و ئەپدێت بوونەوەدا بن، تاکو بەپێی سەردەم داهێنان و خۆگونجان لەپیشەکان، هونەرکاری و تێکستە ئەدەبییەکاندا بکەن. نموونەیەکم ترنجاندنە نێو قسان و گوتم: ئێستا بەهۆی داونلۆتکردنی کتێب و هەرزانی لەبازاڕدا، خەڵک کەمتر دەچنە کتێبخانەکان، کەواتە دەبێت چیبکەین؟ کتێبخانەکان داخەین، یان بەجۆرێکی دیکە خەڵکی بۆ ڕاکێشین؟ ئاماژەم بە بەڕێوەبەری کتێبخانەی کۆیە (ئارام ساڵح) کرد، کە ئێستا لەڕێگەی بەستنی کۆڕەکاندا، بەجۆرێکی دیکە توانیویتی خەڵک بهێنێتەوە ناو کتێبخانە!



بەبۆچوونی بەندە، گرفتی سەرەکی لەئاراستە و جێگرتنی توێژی بژاردە (نوخبە) دایە، ئەوان عیشقیان بۆ کار و پیشەکە نەماوە، جاران بەرژەوەندی تایبەت و ماددە بچووکترین کێشەی بژاردە بوو، بەڵام ئێستا ستراتیژ و ئامانجی کاریانە! جاران نوخبە نوێنەری چینی هەژار و بەشمەینەت بوو، بەڵام ئێستا زۆربەیان لەبەرەی دەسەڵات گیرساونەتەوە و بوونەتە موبەلیغی دەسەڵات!

دەکرێت ئەو هەماهەنگی و ئاوێزانەی نێوان بژاردە و خوێنەر و بینەر، لەئەدەبیات و هونەری ئێرانی درک پێبکەین! نووسەری گەورەی ئێرانی (سادق هیدایەت) حەفتا ساڵەک لەمەوبەر لە (پاریس) زۆرخۆش دەژیا، بەڵام لەخەمی بۆ کۆمەڵی ئەوکاتی ئێران خۆی خنکاند! هەرچەند ڕۆژەک لەمەوبەریش بوو، کە هونەرمەندی گەورەی ئێران (داریوش) لەشاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکا، لەپێشەوەی خۆپیشاندەران دابوو!

هەر لەوچەند ڕۆژەشدا، ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەند و سینەماکار و نووسەری ئێرانی، بەبێ جیاوازی بوونەتە پاڵپشت و دەنگی چینی هەژارانی ئێران. هونەرمەندی کورد (ناسری ڕەزازی) و فیلمساز (بەهمەنی قوبادی) هاوشان لەگەڵ هونەرمەندان و فیلمسازانی فارسی کە ناسراوترینیان (کەتایۆن ریاحی) بوو، کە لەزنجیرە درامای یوسفی پەیامبەر ڕۆڵی زولێخای دەگێڕا، بە خۆدەرخستنی بەبێ حیجاب ئەو خانمە ئەکتەرە دڵنەوایی و پرسەی خۆی بەخێزانی ژینای ئەمینی راگەیاند.

دەرهێنەری ناسراوی ئێران (مەسعود کیمیایی) ئەویش لای خۆیەوە ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە و گوتی «ڕۆژگارێکی باروتی دەگوزەرێنین، وا لەخەڵک مەکەن، وا لەخەڵک مەکەن، خەڵک خۆیان بڕیار دەدەن».

لێرەدا تێدەگەین کە تاکو ئێستا هونەر و ئەدەبی ئێرانی بۆچی لە لوتکە دایە، چونکە توێژە نوخبەکەی هێشتا لەبەرەی گەلدایە و گەلیش دەیخوێنێتەوە و سەیری دەکا و ڕێز بۆ کارەکانی دادەنێت!

محەمەد گوران